

کتێبی ژنەفتن
٢٧

# وەهمی مرۆڤی ئەکادیمی
## و
## چەند وتارێک لەبارەی قەیرانەکانی میتۆد، ناسنامە و گێڕانەوەی مێژوویی

حەیدەر لەشکری

کتێبی ژنەفتن

٢٧

# وەهمی مرۆڤی ئەکادیمی

# و

# چەند وتارێک لەبارەی قەیرانەکانی میتۆد، ناسنامە و گێڕانەوەی مێژوویی

حەیدەر لەشکری

وەهمی مرۆڤی ئەکادیمی

# وەهمی مرۆڤی ئەکادیمی

# و

# چەند وتارێک لەبارەی قەیرانەکانی میتۆد، ناسنامە و گێڕانەوەی مێژوویی

حەیدەر لەشکری

وەشانی ژنەفتن
jineftin.krd
ناونیشان:
وەهمی مرۆڤی ئەکادیمی و چەند وتارێک لە بارەی
قەیرانەکەنی میتۆد، ناسنامە و گێڕانەوەی مێژوویی
بابەت: توێژینەوە
نووسینی: حەیدەر لەشکری
دیزاینی: گەیلان عەبدوڵا
مێژووی بڵاوکردنەوە:
هەولێر، ئەیلوولی ٢٠٢٦
چاپی یەکەم: ئەلیکترۆنی
٣٠٩ لاپەڕە
Email: jineftin@jneftin.krd

مافی لەچاپدانەوەی ئەلیکترۆنی و کاغەزی پارێزراوە.
بڵاوکردنەوەی پاژ یان بەشێک لە وتار و کتێبەکان تەنیا بە ئاماژەدان بە سەرچاوەکە ڕێ پێدراوە.

# پێڕست

**ڕوونکردنەوەیەک و پێشەکییەکی کورت.......................ل١٠**

**قەیرانی مێتۆد لە کوردناسیدا؛ چەند تێبینییەکی نائەکادیمی...........................................................ل٢٢**

کوردناسی وەک سیستەمێکی سەربەخۆ

تیۆریزەکردنی کورد

ناسینی دەرکییانەی کورد یان بە بابەتکردنیان

پێکهاتەی دەزگای ئەکادیمی وەک بەربەستێکی کاری کوردناسی

لەبەردەم ئەگەری دامەزراندنی دەزگای ئەکادیمیی نوێ بۆ کاری کوردناسی

**وەهمی مرۆڤی ئەکادیمی لە زەمینەی ئێمەدا..................ل٦٨**

کارابوون یان ناکارابوونی مرۆڤی ئەکادیمی

پاشخانی مێژوویی دەزگای ئەکادیمی – نەریتی ئەوان و دۆگمای ئێمە

مرۆڤی ئەکادیمی و تەماهیکردن لەگەڵ وێنای ڕۆشنبیر

بەربەستەکانی بەردەم دەربازبوون لە وەهم

**مەرگی زانستە مرۆڤایەتییەکان و ژیانەوەیان لە بواری ئەکادیمیدا...............................................................ل١٢٢**

پرسە سەرەکییەکانی بەردەم زانستە مرۆڤایەتییەکان

زانستە مرۆڤایەتییەکان لە خزمەت دەسەڵاتدا

زانستی گێڕانەوە گەورەکانن

زانستی بێ بازاڕ

زانستەکان بۆ ئەوەی نەمرن... سوودی گشتی

ئەگەر دەیانەوێت نەمرن

کاریگەری و کاری ئاوێتە دیسپلینن!

**ناسنامە و مێژوو لە سەردەمی دیجیتاڵیدا؛ لە خۆنواندنەوە بۆ وەرچەرخان لە کۆیادی کوردەکان.........................ل١٦٢**

پاشخانی تیۆری؛ کۆیاد و کەتواری مێژوویی لە زەمەنی دیجیتاڵیدا

یادەوەری و ناسنامە و فەزای گشتی

شێوەگیربوونەوەی یادەوەریی کوردی لە جڤاکی تۆڕییانەدا

ئامادەبوون لە هەنووكە و نەبوون لە مێژوودا

**بۆچی هەمووان دەیانەوێ قۆرخی ڕابردوو بكەن؟ ئەو دەمەی مێژوو دەبێتە گوتار نەک زانین.......................ل٢٢٣**

ئاگاییی مێژوویی و قەیرانی قۆرخكردنی ڕابردوو

ئاگاییی نەریتییانە و ڕابردووی پەندئامێز یان بەئایدۆلۆژیكردنی مێژوو

مێژووی ئاكادیمی؛ هەبووە نائامادەكە

**سەرچاوەكان.............................................................ل٣٠٤**

## ڕوونکردنەوەیەک و پێشەکییەکی کورت

ئەم کتێبە چەند توێژینەوەیەکی زانستی سەربەخۆ نییە، بەو مانا باوەی نووسینی ئەکادیمی هەیەتی. کۆمەڵێک لێکۆڵینەوەش نییە، کە لە چوارچێوەی یەک پڕۆژەدا ئەنجام درابن. بابەتەکانیش بەشێوەیەک دانەڕێژراون، وەڵامی یەک پرسیاری دیاریکراو، بەپێی مێتۆدێکی تایبەتمەند، بدەنەوە. بەڵکوو هێندێک وتارن، لە ناوەڕۆکدا خوێندنەوەی چەردێک دیاردەی مەعریفین، لە کات و ساتی جیاجیادا نووسراون. ئەوەی دواییان نەبێت، ئەوانیتر لەنێوان ساڵانی ٢٠٢٢-٢٠٢٦، لە گۆڤار و سایتی هزری (ژنەفتن، خاڵ، ڕامان) بڵاو کراونەتەوە. هەرچەندە وتارەکان، وا خۆ دەنوێنن بە ڕۆحێکی ئەکادیمییانە و نەفەسێکی ڕەخنەییانە نووسرابن، بەڵام زێتر تێبینیکردنن، چاودێری و تێڕامانن. لێوردبوونەوەی کەسین، پەیوەستن بە ژیان و کارکردنی چەندین ساڵە لە بواری ئەکادیمیدا، لە کاری کارگێڕییەوە بگرە تا بە نوسین دەگات، وردتر لە بواری نووسینەوە و لێکۆڵینەوەی مێژووییدا. ویستوومانە، بەپێی زەین و

تێگەیشتنی کەسی و ئەزموونکردنی دۆز و تێڕامان لە ڕەوشە جیاجیاکانەوە، بە زمانێکی سادەتر لە زمانی ئەکادیمی، وەڵامی پرسیارگەلێک بدەینەوە، کە لە ژیانی زانستیدا سەریان هەڵداوە و پەیوەست بوونە بە: ناسنامە و مەودای کاری مرۆڤی ئەکادیمی، سروشتی بەرهەمهێنانی زانینی مێژوویی دەزگاییانە سەرەدەری لەگەڵ ڕابردوو و چۆنیەتیی گێڕانەوەی غەیرە ئەکادیمییانەی.

ئەم چوارچێوە هەمەکییە، شرۆڤەی ناوونیشانی کتێبەکە دەکات؛ وەهمی مرۆڤی ئەکادیمی. مەبەست لە وەهمیش نکۆڵیکردن نەبووە لە بەهای ئەکادیمیا لەخۆیدا یان کەمکردنەوەی شکۆی ئەو مەعریفە زانستییەی هەمانە. بەڵکوو پرسیارە لەبارەی چۆنیەتیی گەڵاڵەبوونی وێنەی ئەوەی ناونراوە "مرۆڤی ئەکادیمی"، لە بەستێنی ئێمەدا: دەبێ چۆن بووبێت؟ چی بەرهەم هێنابێت؟ ئەکادیمیبوون چی پێداوە؟ ئەرێ دەبێ ئەو کاغەزەی بڕوانامەی لەسەر چاپ دەکرێت، ئەو پلە و پایە زانستییەی لەنێو دامەزراوەیەکی زانکۆییانە هەیەتی بەسە بۆ ئەوەی – بە مانا ڕەخنەییەکە - مرۆڤێکی بەرهەمهێنی مەعریفە بێت؟

یاخود ئەکادیمیا، لە هەندێک لە بەستێنەکانی ئێمەدا، تەنیا وێنەیەکی کۆمەڵایەتی و دەسەڵاتێکی ڕەمزییانەیە، پتر لەوەی چەشنێک بێت لە پێڕەوی مەعریفی، کە بنەماکەی پرسیار و ڕەخنە و پێداچوونەوەیە؟

هەندێک لەم پرسیارانە ڕاستەوخۆ وەڵام نەدراونەتەوە، بەڵکوو لە سەرەدەری ئەم کارەکتەرە لەگەڵ چەند پرسێکی فراوانتر، تاوتوێ کراون. لەو وتارەی ناونراوە **قەیرانی مێتۆد لە کوردناسیدا**، پرسیارە سەرەکییەکە لە چۆنیەتیی لێکۆڵینەوەی کوردیدا چڕ نەبۆتەوە، بەڵکوو لە چیەتیی کوردناسی وەک کایەیەکی مەعریفی، لەگەڵ ئەو بونیادەی مەعریفەی پەیوەست بە کوردی لەسەری ڕاوەستاوە، ئینجا پەیوەندیی نێوان خۆناسین و ناسینی ئەوی تر بۆ ئەم خودە. لەگەڵ توانای دامەزراوە ئەکادیمییەکانمان لە بەرهەمهێنانەی بوارێکی سەربەخۆی مەعریفی و فرە مێتۆدەوە. پرسیار لەبارەی کوردناسی، لەم بەستێنەدا، بۆتە بەشێکی پرسێکی گەورەتر: ئەوە کێیە مەعریفە لەسەر خۆی بەرهەم دەهێنێت؟ کێ مافی ناساندنی بابەت و دیاریکردنی چەمکەکان و سنوور و

پرسیارەکانی هەیە؟ لە هەمووی گرنگتر ئەرێ ئەو میتۆدەی تا نها کاری پێ کراوە، لەبارە بۆ ئەم پرسەی خۆناسین یان لەبارچووە و چەرخەکانی ڕێبازی کارکردنەکەی سواون و بەهایەکی زانستییانەی ئەوتۆیان نەماوە.

پرسیارەکان دەمانبەنە سەر دۆزێکی دی، کە ئەویش قەوارەی مینۆکییانەی کارەکتەری نێو دەزگای ئەکادیمییە لەخۆیدا؛ ئەو مرۆڤەی زۆرجار خۆی لەنێو چەند وێنەیەکدا دەبینێتەوە: وێنەی توێژەر، وێنەی ڕۆشنبیر و وێنەی قسەکەر لەبارەی دۆخی گشتی. مەرج نییە ئەم وێنانە هاوشێوە دەرچن، چونکە لەنێوان وتاردانی ڕۆشنبیرییانە و توێژینەوەی زانستی مەودایەک هەیە، کە نابێت پشتگوێی بخەین. هاوکات ناشبێ خۆمان بەوە ڕازی بکەین ئەوەی سەر بە دەزگایەکی ئەکادیمی بوو، هەر دەبێت پەیڕەوی لە هزری زانستیی - ڕەخنەگرانە بکات. خۆ ڕەنگە گرفتێکی هەرە بنچینەیی ئەکادیمیا لە بەستێنی ئێمەدا ئاوێتەکردنی نێوان بەرهەمی مەعریفی و ئەوانەن کە وەک وتەبێژی ئەکادیمی ناو دەردەکەن؛ واتا تێکەڵکردنی خەسڵەتی

ئەکادیمیبوون و خاوەندارێتیکردنی ئامرازەکانی هزری زانستی.

دیارە قەیرانەکە هەر بە کارا یان دەزگاکانیان ناوەستێت، بەڵکوو پەڕیوەتەوە بۆ خودی زانستە مرۆڤایەتییەکانیش، پێگەی لەنێو جیهانێکدا کە زۆر بەخێرایی دەگۆڕێت و تێیدا زانین بە پارسەنگی سوود و قازانج و بازاڕ دەپێورێت؛ توانای گەیشتن بە دەرنجامی ئەوتۆ کە بۆ بەکاربردن لەبار بێت، سەنگی مەحەکی گرنگ بوون و نەبوونی کایەی زانستییە. هەربۆیە یەکێک لە وتارەکانی ئەم کتێبە، تەرخانکراوە بۆ **مەرگی زانستە مرۆڤایەتییەکان و ژیانەوەیان لە بواری ئەکادیمیدا**. بێگومان نەک بە مانای مەرگی تەواو و ڕاستەقینە، بەڵکوو وەک پرسیارێک کە شیاوی لێوردبوونەوە و تێهزرینە؛ دەبێ چی بەسەر ئەو زانستانەدا بێت، کە بەهایان پەیوەست نییە بە بەهاکانی بازاڕەوە؟ چ شتێک لە مێژوو، فەلسەفە، ئەدەبیات و زانستە مرۆڤایەتییەکانی دی دەمێنێتەوە، ئەگەر هاتوو ئاوا مەعریفەمان بەپێی سوودی ڕاستەوخۆ پێوی؟ ئەرێ زانستە مرۆڤایەتییەکان دەشێن جارێکی دی، لەمیانەی

پێناسەکردنەوەی پەیوەندییەکانیان بە جڤاک و ژیانی گشتییەوە، هەروەها خۆگرێدان بەو پرسانە، کە هەرگیز بازاڕ بەخۆی ناتوانێت وەڵامیان بداتەوە، گرنگی هەبوونی خۆیان بگێڕنەوە؟

خۆ ئەگەر مەعریفەی ئەکادیمی ئالەنگاری پرسە تایبەتەکانی خۆی بۆتەوە، ئەوا لە بەرامبەردا ناسنامە ڕووبەڕووی وەرچەرخانی قووڵی سەردەمی دیجیتاڵی بۆتەوە. ئەو وتارەی تایبەتکراوە بە **ناسنامە و مێژوو لەسەردەمی دیجیتاڵیدا،** تاوتوێی چۆنیەتیی پەڕینەوەی گوتار، لە خۆنواندنەوە بۆ وەرچەرخان لە کۆیادی کوردەکان دەکات. لێرە دامەزراوەی ئەکادیمی و کارەکتەرەکانی دەکەونە نێو فەزای گشتی، دەبنە بەشێکی گشتێک، کە لە بەرهەمهێنانی مەعریفەوە پەڕیونەتەوە بۆ شێودان بە کرۆکی یادەوەری. خۆ لەو سەردەمەمان چیدی کۆیاد لە ڕێگەی دەق و قوتابخانە و دامەزراوەی فەرمییەوە دروست نابێت، بەڵکوو ئەوە تۆڕە دیجیتاڵییەکانن بوونەتە ئەو فەزا فراوانەی تێیدا وێنە و ڕەمز و حەکایەتەکانی پەیوەست بە دوێنێ دەنەخشێنرێن و دەگێڕدرێنەوە. ئیدی

لەو فەزایەدا ناسنامە و یادەوەری تێکەڵ بە یەکدی دەبن، هێڵی نێوان ڕابردوو و ئێستا کاڵ دەکرێتەوە، وای لێ دێت تەنیا ئەوەی لە کایەی دیجیتاڵی ڕەواجی پێ دەدرێت دەگێڕدرێتەوە، با ئەو پەیوەندییەی لەگەڵ مێژووە ئەکادیمییەکەشدا هەیەتی ئاڵۆزتر بێت.

دوای ئەمە، ئەم کتێبە بە پرسیارە زۆر ڕاستەوخۆکە گەیشتووە: **بۆچی هەمووان دەیانەوێ قۆرخی ڕابردوو بکەن؟** گەڕانەوە بۆ مێژوو کێشەیەک نییە لەخۆیدا، هەموو جڤاکێک پێویستی بە ڕابردووی خۆیەتی تا باشتر لە ئێستای بگات. بەڵام گرفتەکە ئەو دەمە سەرهەڵدەدات ئەگەر ڕابردوو لە بوارێک بۆ ڤەکۆڵین و شرۆڤەوە دەبێتە سەرچاوەیەک بۆ ڕەوایەتیدان یان ئەو دەمەی مێژوو دەبێتە گوتارێکی داخراو بەسەر خۆیدا. ئەو دەمە پرسیارەکە ئەوە نابێت چی روویداوە؟ چۆن ئەوە بزانین کە ڕوویداوە؟ بەڵکوو دەبێتە ئەوەی: ئەوە کێیە مافی قسەکردنی بە ناوی ڕابردوو هەیە، ئەدی کێ دەسەڵاتی شرۆڤەکردنی هەیە؟

بەو مانایەش بێت، مێژوو لەگەڵ ئاگایی بە مێژوو مەرزەکانی یەکتر دەبڕن. کوردی ئێستا، لە ڕێگەی وێنە و

لێکدانەوە و دەستەچینکردنی ڕووداوەکانەوە، سەرەدەری لەگەڵ ڕابردوودا دەکات. بەهۆی ئەم پرۆسانەوە مانا بەم ئێستایەی دەبەخشێت و هەر ئەوانیش ئاراستەی ڕوانین و دیدگای بۆ داهاتووش دەکەن. لەبەر ئەوە، کێشەکە لە ئامادەییی مێژوو لە گوتاری سیاسی و ڕۆشنبیریدا نییە، بەڵکوو لەو شێوازەدایە کە بەهۆیەوە ئەم ئامادەیییەی دەبێت، هەروەها لە جۆری ئەو ئاگایییەی کە پێیەوە پابەند دەبێت. لە ئەزموونی دەستەبژێری کوردی، ئەوەمان هەڵێنجاوە، کە مێژوو ئەگەر دەبێتە ئایدیۆلۆژیا، وادەکات ڕابردووی کوردی لەبری ئەوەی بوارێک بێت بۆ پرسیارکردن، دەبێتە کەرەستەیەک بۆ بەرهەمهێنانی یەقین. تەنانەت، هەر لە بەستێنە کوردییەکە، دەق یان گێڕانەوەیەکی تاکەکەسی، بەسانایی دەکرێنە هەڵگری حەقیقەتی ڕەها، یادەوەری دەبێتە جێگرەوەی ڕەخنە. ئاواش بەستێنی مێژوویی تەنها پاشخانێک دەبێت، بانگهێشت دەکرێت بۆ دووپاتکردنەوەی هەڵوێستێک کە پێشتر وەرگیراوە.

لێرەوە هاتووین قسەمان لەبارەی بەستێنی مێژوویی و گرنگییەکەی کردووە. ئەگەر دەمانەوێ باشتر لە ڕابردووی کورد بگەین، ئەوا هەر گێڕانەوەی کەتوارەکان و یادکردنەوەی کەسێتی و ڕووداوەکان بەسن؟ یان پێویستمان بەوەشە هەریەک لەمانە لەنێو مەرجە مێژوویی، کۆمەڵایەتی و هزرییەکانی خۆیان دابنێینەوە؟ ڕەنگە دابڕینی ڕووداوێک لە بەستێنەکەی و بەکارهێنانی لە بەستێنێکی سەردەمییانەی جودا، هێزێکی ڕەمزییانە بە گوتار بدات، بەڵام ئایا بەهای مێژوویی پێ دەدات؟ لێرەوە یەکێک لەو دۆزانەی لە وتارەکان، بەتایبەت لەوەی دواییان، چەندبارە بۆتەوە پێویستی ئێمەیە بە جیاکردنەوەی ڕابردوو وەک چۆن بووە، لەگەڵ ئەوەی دەیگێڕینەوە و ئەوەش لە گوتارسازیی هەنووکەییدا بەگەڕی دەخەین. ئەم بابەتەش جارێکی دی ئێمەی بردۆتەوە سەر ئەکادیمیا و کارەکتەرەکانی و هاتووین هەڵوەستەمان لەسەر ئاگاییی ڕەخنەیی لە نێو گێڕانەوەی ئەکادیمیدا کردووە.

ئەم وتارانە، هەرچەندە لە بابەتدا جودا بن، لەوەدا هاوبەشن کە لەبەردەم یەک پرسیاردا خۆیان بینیوەتەوە؛

ئەرێ ئێمەی کورد چۆن مەعریفە، جا مێژووییەکەی، بەرهەم دەهێنین و چۆنیش بەکاری دەهێنین؟ پرسەکە لە ئەکادیمیاوە دەست پێ دەکات، بە زانستە مرۆڤایەتییەکاندا تێدەپەڕێ و دەگاتە ناسنامە، یادەوەری و مێژوو. لە هەریەک لەم وێستگانەش چەشنێک لە گرژی و ئاڵۆزی لەنێوان زانین وەک مەشقێکی ڕەخنەیی و زانین وەک دەسەڵات یان ناسنامە یاخود گوتاردا هەیە. هەربۆیە ئێمە لەم کتێبە نە سەرەدەری لەگەڵ ئەکادیمیا وەک فەزایەکی تەواو بێلایەن دەکەین، نە لەگەڵ مێژووش وەک گەنجینەیەکی تژی بە ڕاستییەکان، نە لەگەڵ ناسنامەش وەک دراوێکی نەگۆڕ و جێگیر. بەڵکوو تەماشای هەموو ئەوانە وەک بواری ئەوتۆ دەکەین، کە تێیاندا ماناکان شێوە دەگرن، گێڕانەوەکان کێبڕکێ دەکەن و زانین لەگەڵ دەسەڵات و یادەوەری و ئینتیمادا، تێکهەڵکێش دەبن.

**دواجار!**

لەبەر ئەوەی ئەم وتارانە لە کاتی جیاوازدا و بۆ مەبەست و بەستێنی جودا نووسراون، بۆیە ئاساییە هەندێک لە بیرۆکە و تێڕوانینەکان دووبارە ببنەوە. هەر خۆمان ڕێگەمان بە مانەوەی هەندێک لەم تێکهەڵچوونانە داوە، چونکە وا تێدەگەین ئەمە ڕەنگدانەوەی یەکێتیی ئەو پرسیارانەیە، کە ئێمەی سەرقاڵ کردووە و هۆکار بووە بۆ ئەم نووسینانە. لەگەڵ ئەوەشدا وتارەکان لەم چاپەدا چاویان پیدا خشێنراوەتەوە و هەندێکیان سەرلەنوێ – بێ دەسکاری تێزە بنەڕەتییەکان - دارێژراونەتەوە، بەتایبەتی لەوەی پەیوەندی بە یەکخستنی چەمک و زاراوەکان، باشترکردنی پێکهاتەی ڕێزمانی، دەربڕین و ڕێنووسەوە هەیە. ئەمە سەرباری زێدەکردنی چەند پەرەگرافێک لێرە و لەوێ، بۆ ڕوونکردنەوەی زێدەتری ئەو بۆچوونانەی بە ناڕوونی باس کرابوون. لەبەر ئەوە خوازیارین دووبارەبوونەوەی هەندێک بیرۆکە وەک دووبارەبوونەوەیەکی پەتی نەبینرێت، چونکە ڕەنگە هەبوونی هەمان بیرۆکە، لە زیاتر لە وتارێک، لە گۆشەیەکی

جیاوازەوە خرابێتە ڕوو. یان لە بەستێنێکی دیدا جێی کرابێتەوە، کە ڕێگەی بە پەرەپێدانی هزرە بنەڕەتییەکە یان سەرلەنوێ بیرلێکردنەوەی دابێت.

**کۆیە**

٢٠٢٦

# قەیرانی مێتۆد لە کوردناسیدا

## چەند تێبینییەکی نائەکادیمی

## ١

## كوردناسی وەک سیستەمێكی سەربەخۆ

تێگەیشتن لە كورد و دیاریكردنی خەسڵەت و تایبەتمەندییەكانی، ئەو پێناسە گشتییەیە، كە بە بیستنی چەمكی "كوردناسی" بیری لێ دەكەینەوە و ڕایدەگەیەنین ئەمە ئەو چوارچێوەیەیە كە تیایدا دەتوانین بەسەر ڕەهەندەكانی كوردبووندا ڕابگەین و لە دووتوێی "نواندن Representation" –مان بۆ گرووپە مرۆییەكان و لێكدانەوەمان بۆ ڕەوتی ڕووداوەكان پێگەیان بخەملێنین. بەڵام تێگەیشتنێكی ئاوا كورت دێنێ، ئەگەر پێمانوابێ تەنیا بریتییە لە خوێندنەوە و لێتوێژینەوەیەكی پەتی و سەربەخۆ، كە دەخوازێ لەڕێگەی دیاریكردنەكەوە وەسفی كوردمان بۆ بكات. بەڵكوو بریتییشە لە بینینی كورد لەخۆیدا و لەنێو جیهاندا، بێ ئەوەی تەنیا پرسی ڕاستی و دروستیی ئەو بینینە بەهەند وەربگرین، بەڵكوو ئەو قەوارەیە بۆ ئێمە گرنگە كە بەهۆی پرۆسەی بینینەوە بۆ كورد دادەڕێژرێت و دەستنیشانی مەرزەكانی هەموو تێگەیشتنێک و دیاریكردنێک و تەنانەت نواندێک دەكات.

بۆیە ئەگەر بخوازین پڕ بە مەودای ئەو گشتگیرییەوە جارێکی تر پێناسەی "کوردناسی" بکەینەوە، دەبێ ئەوەمان لەبیر بێ کە کورد وەک دیاردەیەکی مرۆیی، بۆچوون و تێڕوانین و وێنا و تەنانەت خەیاڵی فرەچەشنی لەبارەوە بەرهەم هاتووە، بە چەندین چەمک و دەستەواژە و دەلالەتی زمانی گوزارشتی لێ کراوە. بە کۆی هەموو ئەمانە "کوردناسین" وەک سیستەمێکی سەربەخۆ گەڵاڵە بووە و لەنێو جیهاندا لەسەرەدەریکردن لەگەڵ ئەم دیاردەیەدا کاری پێ دەکرێ. لە داڕشتن و چێکردنی ئەم سیستەمەشدا هەم کورد و هەم "ئەواني تر" بەشدار بوون و کۆمەڵی کوردی، ئەگەر دەستەواژەی کورنەلیەس کاستۆریادیس1 (٢٠٠٣) بەکار بهێنین، خەیاڵییانە خۆی بەرهەم هێناوە و ئەواني تریش بەرهەمیان هێناوەتەوە. بونیادنانی خەیاڵییانەی جڤاک، لەم بەستێنە، بەمانای ئەوەیە ئەم جڤاکە هەر تەنیا بەپێی پێداویستییە ماددییەکانی یان بە پشتبەستن بە دەزگا و یاسا و ڕێسا بابەتییەکان شێوە وەرناگرێت، بەڵکوو دێت خۆی بەپێی سیستەمێکی تایبەتی

1 Cornelius Castoriadis

مانا، وێنا و ڕەمز کە خۆی دایهێناون و بەها و دەلالەتی پێداون، دادەمەزرەنێت. ئاواش، هەر بەپێی تێگەیشتنە کاستۆریادیسەکە، جڤاک دەزگایەکی خەیاڵکراوە؛ مرۆڤەکانی بە کۆ مانا دروست دەکەن و ئەوە دیاری دەکەن کە ڕاستییە، پیرۆزە، ڕەوایە و گرنگە. ئەم مانایانەش هەر وەهم و خەیالآتی تاکەکەسییانە نین، بەڵکوو دەبێتە دەزگا و ڕێسا و ناسنامە و پەیڕەوی کردەکییانەی کۆمەڵایەتی. لەم بەستێنەشدا "نەتەوە"، "قەوارەی سیاسی"، "میللەت"، "ڕابردووی هاوبەش و "ناسنامە"، شتگەلێکی سروشتی دەرەوەی مرۆڤ خۆی نین، بەڵکوو مێژوویییانە لە میانەی ئەو مانا کۆمەڵایەتییانەی جڤاک خۆی پێیان دەدات، دروست دەبن.

بێگومان ئەم بیرۆکەیە بۆ تێگەیشتن لە کوردناسی وەک بونیادێکی مێژوویی و کوردبوون وەک بناخەی ناسنامەی نەتەوەی، گرنگی خۆی هەیە. چونکە دەشێ هێنانی ڕابردوو بۆ ئێستا، وەک لە دوا بەشی ئەم کتێبە وردتر قسەی لەبارەوە دەکەین، چەشنێک بێت لە بەرهەمهێنانی ماناکانی ئێستای کوردبوون. خۆ ئەگەر دێین

ڕابردوو بەپێی چەمکگەلی وەک **"ڕەسەنێتی"**، **"بێهاوتایی"**، **"شکۆ"** و **"بەردەوامێتیی مێژوویی"** ڕەگەزە مرۆییەکە دادەڕێژینەوە، ئەوا ڕابردووی کورد نییە لەخۆیدا سەرەدەریمان لەگەڵ کردووە، بەڵکوو وێنە خەیاڵکراوەکەیەتی کە بەهۆیەوە خودی کورد و پێگەی لەنێو مێژوودا دیاری کراوە. بە جۆرێک کەوا ناسینی بەم خەیاڵەوە بەند دەبێت و بەستێنە مێژوویی و کۆمەڵایەتییەکان، لەگەڵ پێکهاتە ڕەمزییەکان، تێکەڵی یەکتر دەبن و سروشت و دەرکەوتەکانی سیستەمەکە بەرزەفت دەکەن و ئاڕاستەی دەکەن، تا بەهۆیانەوە "کوردبوون" و ئینتیمای تاکەکان بۆ ئەو هەبوونە، لەو ڕووتەختە جیۆ — کولتوورییەی تێیدان، مانای خۆی هەبێت و ڕەوایەتی پێویستی پێ درابێت.

به هەر حاڵ، وەنەبێ ئەو سیستەمەی کوردناسین ساکار بێت و بتوانین بە سانایی بیگۆڕین یان هەوڵ بدەین دەستکاری دەرکەوتەکانی بکەین. بەڵکوو بە حوکمی بەردەوامێتیی خواروخێچی مێژوویی و ئامادەییی شێواوی هەنووکەییانەی دیاردە مرۆییەکە، کۆمەڵێک خەسڵەتی

نەگۆڕی وەرگرتووە و ڕەهەندی دیار و نادیاری ئەوتۆی بۆ دروست بووە، کە هەر هزرێک ویستبێتی لە دیاردەکە ڕابمێنێت سنووربەند کردووە و تێزەکانی ناسینەکەش نەگۆڕ دەردەکەون. ئیدی بیرکردنەوە لەنێو ئەو ڕەهەندانە پەرش دەبێتەوە و ناسێنەری کورد ناتوانێت بەسانایی خۆی کۆ بکاتەوە؛ هەندێکجار پێی وایە تەواو کوردی ناسیوە، کاتێک – بۆ نموونە – باس لە سروشتی کۆمەڵایەتییانەیان دەکات و بە ئاسانی و بە گەڕانەوە بۆ میتۆدی بەراوردکارییانە، بە سروشتگەلی هاوشێوەیان دەچووێنێ و وەک سیستەمێکی دیار بەرجەستەی ناسنامەکەیان دەکات. هەندێکجاریش وا هەست دەکات شوناسی کوردانە پڕیەتی لە ڕەگەزی نادیار و دابڕانی ئەوتۆ لەگەڵ دەوروبەر، کە بە میتۆدە باو و ناسراوەکانی بیرکردنەوە و توێژینەوە لە زەمینەی ئێمە، تێگەیشتنێکی دروستی لەبارەوە چێ نابێ، بەتایبەت کاتێک لە کایەی ئایینیی کوردی دەکۆڵێتەوە و ڕەگەزی ئەوتۆی تێدا دەبینێ کە دەگمەن و کەم هاوتان، یان لەنێو سیستەمی کولتووری باوەڕی ئەوتۆی ئایینی هەن کە لە ئێستادا سۆراخێکیان

نییە، یانیش تەنانەت دارِشتنەوەیەکی تەواو جیاوازی جیهانبینیی باوەڕە ئایینییە باو و ناسراوەکانن.

لەلایەکی ترەوە، ئەو چەمک و دەستەواژانەی یەکەکانی سیستەمەکەیان بە یەکەوە گرێداوە، هەموو بیرکردنەوە و تێڕامانێکی جیاواز و هەمەچەشن لەخۆدەگرن و لەنێو سیستەمەکەدا وا دایدەڕێژنەوە کە ڕەوایەتی ببەخشییێتە ناسینە هەمەگیرەکەی کورد. بەمەش ئامێرییانە کار بۆ وەلانان و نەهێشتنی دژایەتی لە بۆچوون و تێڕامان و هاوشێوەکردنی بیرکردنەوەکان، تەنانەت ئەگەر هی دوو ئاڕاستەی تەواو پێچەوانەی نواندنی کورد بن، دەکەن. بۆ نموونە: لەنێو ئەو سیستەمەدا خەسڵەتی ڕووبەڕووبوونەوە لە کەسێتیی کورد و ئەو توانا نێوخۆیییەی بۆتە بەشێکی شوناسیان، لەلای هێندێک – بەتایبەت ئەواني تری نەیار بە بوونی کورد – وەک یاخیبوون، ڕێگری و جەردەیی (لە کۆندا) و ئەنارشیەت و دەرچوون لە دەسەڵاتی شەرعی (لەم سەردەمە) و...هتد دەخوێنرێتەوە، بەڵام لەلای کەسانی تر – زیاتر کورد خۆی و دۆستانی – بریتییە لە ڕۆحی شۆڕشگێڕی و هەوڵی ڕەوا لەپێناو سەربەخۆیی و

جەختکردنەوەی لەسەر قەوارەی نەتەوەیی و بونیادنانی و...هتد.

ئەم دوو تێزە – کە لە ڕووکەشدا وەک دوو ناسینی تەواو جیاوازی کورد دەردەکەون – لە کرۆکی سیستەمەکەدا، تەنیا یەک ڕاڤەن بۆ ئەوەی پێی دەڵێن سروشتی کۆمەڵگای کوردی و دەخوازن شرۆڤەیەک بۆ ئەم سروشتە بکەن کە لەگەڵیدا ڕەوایەتی ببەخشێتە وێنای دیاردە مرۆییەکە لەنێو یادەوەریی چەسپیوی ناسێنەردا، بۆیە دوو تێزەکە هەمان ئاکامی نادیارییان هەیە، کە لەنێو یەک بەستێنی زمانی و یەک سیستەمی دەلالەتکردندا دەردەکەوێ، ئەوەتا لەهەر دوو باردا وێنەی کورد وێنەی مرۆڤێکی توندوتیژ و نائارام و سەرڕەقە (لشكري، ٢٠١٨). بەمەش هەردوو تێز کە دەبنە گوتاری سەربەخۆ ئەم خەسڵەتانە وەک نەگۆڕی ناسنامە دەسەپێنن و لەبەر پابەندبوونیان – دیارە مەبەستم گوتارەکانە – بە بەرجەستەکردنی ناسینە نەگۆڕەکەی کوردەوە، دەبن بە یەک. پرۆسەی ناسینیش لە خولگەی خۆیدا دەخولێتەوە و وێناکان دەچنە سەرووی زەمەن و لەنێو کولتوورە

هەمەچەشنەکان بەردەوامیان پێ دەدرێت. تۆ تەماشای دەقە ئەرمەنی و سریانی و عەرەبی و فارسی و تورک و میللەت و گرووپە ئیتنییەکانی تری دەوروبەر بکە، هەر لە سەدەکانی ناوەڕاستەوە تا ئەم سەردەمەمان و بە جیاوازیی ئەو دەسەڵات و گرووپانەی لەگەڵ کورددا بەریەککەوتنیان هەبووە، کورد وەک ڕێگر بۆتە حەکایەتێکی ئەزەلی، کە بەبێ جێکردنەوەی لەنێو دەقە نووسراوەکاندا، کوردناسین مانای دروستی خۆی وەرناگرێ. بەهەمان شێوە شانازیکردن بە ئازایەتیی کورد و **"بزووتنەوەی نەپچڕاوەی ڕزگاریخوازیی کوردی"** سەردێڕی دەقی کوردییە و بووەتە ناسنامەیەک کە تیایدا هەم جۆری دەق و هەمیش ڕاگەیشتن بەسەر بەستێنەکەی سنووربەند کردووە و لە هەندێک باردا چۆتە سەررووی ماقوڵیەتی مێژوویی و دان بە زەمەنی مێژوویی و تایبەتمەندی و دەرکەوتەکانی نانێت. تا وای لێ دێت دەگوترێ مرۆڤی ئەشکەوتی شانەدەریش هەمان ئەو تێڕوانین و هەڵوێستانەی هەبووە، کە ئێستا هەمانە!!

بێگومان ئیشکردنی میتۆدییانە لەسەر ئەو سیستەمە تۆکمەیە و وردکرنەوەی مانا و گوزارشتەکانی پشت چەمک و دەستەواژەکانی ناساندن، کارێکی فرە ئەستەمە؛ زۆربەی جار نە کورد خۆی و نە ئەواني تریش قەبوڵی ئەم جۆرە ئیشە ناکەن، پێیان وا دەبێ ئەمە نەک هەر هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی کوردناسینە، بەڵکوو ڕووخاندنی شوناسێکیشە کە بوونی کوردی لەنێو جیهاندا پێ دیاری دەکرێ، بوونێک کە خراوەتە نێو بۆتەی ئەو حەکایەتانەی جومگە بنەڕەتییەکانی سیستەمەکە پێکدێنن و کەسێتی وەرگری ناسینەوەکەی پێ داڕێژراوە، تا ئاستێک کە گێڕانەوەی ئەو حەکایەتانە بۆ کوردان و بۆ ئەوانی تریش قەبوڵکراو و ئاسودەبەخشە. دەستپێک و کۆتایی و ڕووداوەکانیان ڕوون و ئاشکران، لەبەر ئەوەشە بەردەوام دەگێڕدرێنەوە، بەڵام نەک بۆ دروستکردنی هۆشیارییەک لەبارەی کوردەوە، بەڵکوو بۆ هێشتنەوەی گوێگر لەو حاڵەتی متبوونەی لە بەرامبەر بە ناسینی کورددا هەیەتی و پارێزگاریکردن لە سیستەمی ناسینەکە. دیارە کە کورد بە جۆرێک و ئەواني تر بە جۆرێکی تر دەیگێڕنەوە، بەڵام هەموویان ئەوەندەیان گێڕاوەتەوە کە بوونەتە ئامرازی

خەواندن و بێئاگاکردن، ئەمەش وادەکات مەبەستی پشت حەکایەتەکان، جا گێڕەرەوەکەی کورد بێ یان عەرەب یان فارس یان...تادوایی، بێتەدی.

تا ئەوکاتەش حەکایەتەکانی ناساندنی کورد وەک خۆیان بمێننەوە ئەوا سیستەمەکە وەک خۆی دەمێنێتەوە و کاریگەری دەبێ بەسەر هێشتنەوەی ڕەوتی ڕووداوەکان بە چەقبەستوویی، کە – بۆ نموونە – لە پەیوەندی گرێدانی نەتەوەکانی دەوروبەر بە کوردەوە بریتی دەبێ لە ڕووبەڕووبوونەوە؛ ڕووبەڕووبوونەوەیەکی کلاسیک کە هەمان ئەو بیانوو و بەهانانەی لەپشتە پێشتر هەبووە و تا ئەوکاتەی گێڕانەوەی کورد وەک خۆی بمێنێتەوە ئەگەری سەرهەڵدانەوەی دەمێنێ، چونکە دوورە لەو مانایەی لە جیهانی مۆدێرندا ڕووبەڕووبوونەوەی گرووپە ئیتنییەکان هەیەتی. هەر بۆیە هەر گۆڕانکارییەک لەم گێڕانەوەیە، لە دەستپێکەکەی، ناوەڕۆکەکەی، ئاکامەکانی، وێنای پاڵەوانەکانی و ئەو حەماسەتەی بەرهەمی دەهێنێ و...هتد، ڕاستەوخۆ گوێگرە خەوتووەکان بێدار دەکاتەوە، بێزاریان دەکات و دووچاری دەردە بێخەوییان دەکات. بۆیە تا

نەتوانی حەکایەتێکی تر دابڕێژی و بە جۆرێکی تر کورد بناسێنیٚ، ئەستەم دەبیٚ گۆڕانەکانی نێو حەکایەتە ئۆرگینالەکە قەبوڵ بکریٚ. خۆ دارشتنی حەکایەت بە مەبەستی ناسین و ناساندن کارێکی ئاسان نییە، زەمەنێکی دوور و درێژ و هەڵوەشاندنەوەی خەیاڵدانێکی کەڵەکەبووی پێویستە، لەمەش گرنگتر سڕینەوەی وێناکان و وردکرنەوەی چەمک و دەستەواژەکانی پێویستە. کە ئەمە تائێستا نەکراوە، ئیدی کوردناسی لە چوارچێوەی ئاڕاستە باوەکانەوە خۆی هێشتۆتەوە و زنجیرەی پەیوەندی بە زەمینە کۆمەڵایەتییەکان نەپساندووە.

بە گەڕانەوەی بۆ بابەتی بنەڕەتی دەڵێین ئەو ئاڕاستانەی تا ئێستا لە بواری کوردناسیدا چالاک بوونە زۆرن و سەرچاوە و پاشخانی جیاوازیان هەیە، بەشێکی کەمی بەرهەمەکە نێوخۆییە و بەشە زۆرەکەی پەیوەستە بەو جوگرافیا مرۆیی – کولتوورییەی کوردی تێدا دەژی و لەنێویدا پەیوەندییە تێکچڕژاو و هەمەچەشنەکان، بەتایبەت پەیوەندی نێوان سەنتەرێک کە خۆی بە پێشکەوتوو دادەنیٚ لەگەڵ کەنارێک کە وەک تەنێکی ناجێگیر دەرکەوتووە،

پرۆسەی وێناکردن و نواندنی یەکتری فراوان کردووە. بەڵام کە لە تەواوی کولتووری بەرهەمهاتوو لەسەر کورد ورد دەبینەوە، درک بەوە دەکەین کە دەشێ تێز و بۆچوونەکان لەنێو دوو میتۆدی زۆر گشتیدا جێگەیان بکرێتەوە، یەکێکیان قسەکردن بووە لەسەر کورد لەنێو کورددا یان ئەو بازنەیەی تێیدا کوردێنی هەژموونی کردووە، کە دەخوازێ لە میانەی بینینی ئەم دیاردە مرۆییە و ژیان لەگەڵی و تەنانەت بەهۆی ئینتیمای ناسێنەر بۆ کوردبوون و تێبینیکردنی بزاوتی لەنێو شوێنکاتەوە، بیخوێنێتەوە، ئەمەش بە هەوڵی تیۆریزەکردنی کورد ناو دەبەین. ئاڕاستەکەی تر ویستویەتی – یان وای نیشان دەدا – لە دەرەوەی کوردبوونەوە چاودێریی ئەو دیاردە مرۆییە بکات و مەبەستیەتی حەقیقەتیان بزانێ، بۆیە واخۆی دەردەخات کورد لەلای ئەودا تەنیا بابەتێکە، وەک هەر بابەتێکی تر، جێگەی بیرلێکردنەوە و بەرهەمهێنانەوەیە.

٢

## تیۆریزەکردنی کورد

ئەگەر تیۆری بریتی بێت لە تۆڕێکی ڕێکخراو و تێکچڕژاوی بیروڕا، کە هەوڵی شرۆڤەکردن و ڕاڤەکردن و تەنانەت وێناکردنی حەقیقەت دەدا، ئەوا بێگومان تیۆریزەکردنی کورد خۆی لە داڕشتنی تۆڕێکی ئاوا دەبینێتەوە، کە هەوڵ دەدا لە میانەی گرێدانی تێز و بۆچوونە جیاوازەکان لەبارەی ماهیەتی کورد بەیەکەوە، مانایەک بە حەقیقەتی ئەم گرووپە ئیتنییە لەخۆیدا بدۆزێتەوە. بە دەستەواژەیەکی تر، تیۆریزەکردن دۆزینەوەی ئەو ڕەگەزە پێکهێنەرانە دەبێ، کە بە هۆیانەوە کوردبوون وەک جیاوازیی مانا دەبەخشێ و پرۆسەکە لە خوێندنەوە و بەیەکەوەگرێدانی ئەو جیاوازییە و تایبەتمەندییەکانی، وەک – بۆ نموونە – لە ئاستی زمان، بوون لەنێو مێژوودا، سروشتی خێڵەکییانە، دەرکەوتەی باوەڕییانە، تێگەیشتن لە دەسەڵاتداریێتی، ململانێی نێوخۆیی وەک ڕاڤەکاری ڕەوتی مێژووییيان، فرەچەشنی لە یەک چەشنیدا و...تادوایی، دەردەکەوێت. بەمەش لەبەردەم بە

حەقیقەتێک خۆمان دەبینینەوە، کە پێشتر زۆربەی کات، بەهۆی نوێنەرایەتیکردنی ئەواني تر بۆ کورد، یان تەنانەت ونبوونی دەرکەوتەکانی بەهۆی گواستنەوەیان – لەچوارچێوەی گوتارێکی هەژموونگەراوە – بۆ پانتایی بیرلێنەکراوە، ئەمەش لەڕێگەی جەختکردنەوە لەسەر پەراوێزێتی کورد بۆ چەندان سەنتەری دەسەڵاتی و ئیتنی ترەوە، پەنهان و شاردراوە بووە.

کاتێک دەڵێین جیاوازی و جوێکردنەوەی کورد، مەبەستمان دابڕینیان نییە لەو دەوروبەرە جوگرافی – کولتووری – مرۆییەی ئەوانی تێدایە و لەگەڵ ئەواني تردا تۆڕێک پەیوەندیی تێکچڕژاویان چنیوە، ئەوەندەی مەبەستمان درک کردنی ئەو خەڵکەیە بە مانا دیار و نادیاری جیاوازبوونیان، کە دەشێ هێندێک لەو مانایانە ڕەگەزپەرستانە بێت و هەندێکیشیان پەیوەست بن بە خۆناسین و ئەوي ترناسین و پەیوەندیی نێوانیان. ئیدی لێرەوە – بە بۆچوونی ئێمە – تیۆریزەکردنی کورد بریتی نابێ لە دیاریکردنی سنوورەکانی جیاوازی و بێهاوتاییی ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی بوونی کوردی، ئەوەندەی

ناساندنەوەی ئەم گرووپە ئیتنییە دەبێ لەنێو جیهاندا، لەگەڵ دەستنیشانکردنی کاراییان لە چوارچێوەی بەردەوامێتیی مرۆڤانەدا .

بێگومان ئەمە کارێکی سانا نییە، بەڵکوو ئاڵۆز و تەنانەت لەلای هێندێک لەوانەی ڕووکەشییانە کاریان لەسەر کردووە ئاکامی سامناکی لێکەوتۆتەوە، وەک بە کوردکردنی چەندان شارستانیەت و ژیاری جیهانی کۆن! خۆ بەگشتیش، بە تێڕوانین لە ئەزموونی ئەواني تر و بێ جیاوازی لەنێوان کولتووره دینامیک و کولتووره میکانیکییەکانەوە، دەردەکەوێ خوێندنەوەی ئاوا بەرەو ڕەگەزپەرستی و بەئایدۆلۆژیبوونی گوتاری بەرهەمهاتوو دەڕوا، تا ئاستی سەنتەرگیری ڕەگەزي یان ناوچەیی. بەڵام ئەوکاتەی مەبەست لە تیۆریزەکردن هەم ناسینەوەی حەقیقەت و هەمیش پێگە دیارکردن و قەوارەبەخشین و بەبابەتکردنی جیاوازییەکان بێ، ئەوا بوار دەڕەخسێ بۆ خوێندنەوەیەکی جێگیر بەڵام ڕەخنەگرانە، بەرهەمهێنی هزر بەڵام نائایدۆلۆژییانە، گوتارێکی هەمەگیر بەڵام ناهەژموونگەرا.

هەرچۆنێک بێت، تیۆریزەکردنی کورد لەپێناو ناسینی پرۆژەیەکی نویَ نییە، بەڵکوو مێژوویەکی هەیە و لە سەرهەڵدانی گوتاری نوێی سیاسی – ڕۆشنبیریی کوردی لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەوە کەم تا زۆر ئیشی لەسەرکراوە؛ بەڵام لە خوێندنەوەی ئەو ئەزموونەی خۆناسیندا، شتگەلێک دەبینین کە دەریدەخەن پرۆژەی ئاوا ئەگەر هێڵە بنەڕەتییەکانی دادەڕێژرا، لە زۆربەی کاتدا لە دەرەوەی خوێندنەوەی دروستی کایەی کوردییەوە بووە، وەک هەوڵدان بۆ ڕەوایەتیبەخشین بە ناسنامە یان جێکردنەوە لەنێو ناسنامەی هەمەگیردا (ئاری بوون، هیندۆئەورووپی بوون، زەردەشتیبوون). بەڵام هێڵی هاوبەشی نێوان پرۆژەکان، بڕیارێکی پێشینەیە، ئەویش داکۆکیکردن – زانستی و نازانستی – لەوەی کەوا **"کوردبوون"** بریتییە لە **"ئەوی ترنەبوون"**، بەتایبەت ئەوي ترێکی هاوسیَ کە سەرەدەرییەکی سیاسی و کولتووریمان لەگەڵدا هەیە و پتر ململانیَ لەگەڵ پرۆژەی خۆناسینی ئەو ڕەنگرێژی دەرکەوتە و کاراییەکانی مێژووی مۆدێرنمانی کردووە، دیارە کە مەبەستمان پرۆژەی هەر یەک لە تورک و فارس و عەرەبە. زۆربەمان ئەو چڕکردنەوەی ناسین لە

ئەویتر نەبوون، لەنێو دەقە نووسراوەکانی سەدەی بیست لە دەسپێکییەوە بینیوە، بەتایبەت دەقەکەی محەمەد ئەمین زەکی کە بۆتە سەنگی هیستۆریۆگرافیای هاوچەرخی کوردی و تارادەیەکی زۆر میتۆد و ئاراستەکانی مێژوونووسي دیاری کردووە، کاتێک دەڵێ:

> جێگەی تەعبیری عموومیی لەدوی ئەمە کە لە عوثمانی، لەفظی (تورک) و (تۆرانی)، لە تورکیادا باوی سەند، بە طەبیعەت، وەک ئەفرادی میللەتەکانی تر، منیش لەناو ئەو کۆمەڵەدا غەیرییەتی خۆم چاکتر حیس کرد و غرووری قەومی مەجبوری کردم کە لە هەموو فورصەتێکدا ئەم حیسسەی خۆم ئیظهار بکەم؛ بەڵام دەرحەق بە ئەصڵ و تەئریخی قەومەکەم، هیچم نە ئەزانی، چونکە تا ئەو وەقتە نە لە مەکاتیبدا فکرێکی وامان درابوویە و نە لەدواییشدا ضەرووڕەتی تەدقیقی تەئریخی کوردمان دیبوو و کەلیمەی "جامیعەی عوثمانلی"، ئەعصابی قەومییەی هەموومانی تا دەرەجەیەک خاوکردبووەوە. بارها ئەو سوئالەم

لەخۆم ئەکرد: قەومی کورد لە چ نەتەوەیەکە، چیی بەسەرهاتووە ( ئەمین زەکی، ٢٠٢١: ١٩/١)

بێگومان ئەم دەقەی باوکی دووەمی مێژوونووسانی کورد قسەی زۆر هەڵدەگرێ، کە دەشێ لە بۆنەی تردا بچینەوە سەری، لێرە تەنیا ئەوەندە دەڵێین کە نووسەر دەخوازێ بڵێ ئەو کاتە کوردناسي بوونی دەبێ کە ئێمە بتوانین لەو ئەوی ترانە دابڕێین و لەوێوە بە گەڕان بەدوای ناسنامەی پێچەوانە بگەڕێینەوە سەریان. بێگومان ئەمە ڕێگە بۆ هەمەگیری خۆش دەکات، نەک بەمانای هەمەگیرکردنی ڕەگەزیی کوردی، بەڵکوو بە مانای ڕاگەیشتنی کورد بەسەر شوێن و کاتێکی جیاوازەوە؛ شوێنێک کە خەسڵەتی ئەزەلی وەردەگرێ و دان بە گۆڕانە سروشتییەکان (بۆ نموونە گۆڕانی دیمۆگرافی ویستراو یان نەویستراو) نانێت ( کوردستان)، لەگەڵ کاتێک کە شکۆمەندی و نەگۆڕی ڕەگەزەکان و ستەمکاری هەمیشەییی ئەوي تر و...هتد، ڕوخسارەکانی دیاری دەکەن ( مێژووی کورد).

لەڕاستیدا تائێستاش ئەم دیدگایە بەشێکی ئەو گوتارە ڕۆشنبیرییە کلاسیکییە پێک دێنێت، کە دەسەڵاتی سیاسی – بەبێ جیاوازی لەنێوان ئاڕاستەکانی و ئاست و جۆری دەسەڵاتدارێتییەکە – خۆی لەپشتدا ون کردووە و لە ڕووبەڕووبوونەوە نێوخۆییەکانی – ئەوکاتەی پێویستی بە بەیانکردنی ناسنامە بۆ هەڵگرانی هەیە – دەگەڕێتەوە سەری. ئەمە پەیوەستە بە زەمینەیەکی دەسەڵاتییانە کە دەخوازێ ڕۆڵی یەکلاکەرەوەی لە ئاڕاستەکردنی خەیاڵی کۆمەڵایەتیدا هەبێ، بۆ ئەوەی وەک هێزێکی فشار بۆ سەر ناوەندە کۆمەڵایەتییەکە و ئەواني تری ململانێکار بەکار بهێنرێ. بۆیە ئەم تێگەیشتنە لە خۆناساندن کەمتر ڕێگە بە بەخۆداچوونەوە و هەڵوەشاندنەوەی توێکڵە پێکهێنەرەکانی ناسین دەدات، تەنانەت ئەگەر ناچار ببێ تەنیا ڕووپۆشی دەرەوەی دەگۆڕێ یان ڕێگە بەو ئاستەی گۆڕین دەدات.

ئەمە لەکاتێکدا هەڵسەنگاندێکی سەرپێییانەی ئەو پرۆژەیە پێمان دەڵێ، جەختکردنەوە لەسەر ئەوي تر نەبوون هاوکار نەبووە لە ناسینەوەی کورد ئەوەندەی ئەوي تری پێناساندووین (بڕوانە وێنای تورک و فارس و

عەرەب لەنێو خەیاڵە كۆمەڵایەتییەكە)، كە لە زۆربەی كاتدا ناسینێكی پەرچەكردارانە و كرچ و كاڵە و تەمبەڵی عەقڵی پێوە دیارە، بەڵام بووەتە پێوەر بۆ قسەكردن لەسەر خود. بەمەش ماهیەتی كورد پەنهان بووە لەبەردەم خوێندنەوەیەكی میتۆدییانە، كە بخوازێ لەدەرەوەی ئەوي تر نەبوون لە ڕەگەزەكان بدوێ و وردەكارییەكانی كەڵەكەبوونی ئەم خودە بدۆزێتەوە.

٣

## ناسینی دەركییانەی كورد یان بە بابەتكردنیان

هەر پرۆژەیەكی ناسین، ئەگەر بخوازێ ڕەگەزە دیار و نادیارەكانی ناسێنراو بخاتە ژێر ڕكێفی خۆی، پێویستی بەوە دەبێ لە هەنگاوی یەكەم ئەو بازنە میتۆدییەی بۆ بدۆزێتەوە كە لەنێویدا دەشێ ناسێنراو سیستەمە تۆكمەكەی خۆی شل بكاتەوە، تا هەر دوو جۆرە ڕەگەز و یەكە پێكهێنەرەكانیان مانا دروستەكانی خۆیان بەدەستەوە بدەن، ئەمەش ئەو كاتە دەبێ كە مەودایەك

لەنێوان ناسێنەر و ناسێنراو هەبێ و ڕێگە بۆ بابەتگەرایی لە پرۆسەی لێتوێژینەوە خۆش دەکات، دواتریش ناسێنراو دەبێتە ئەو بابەتەی پەیوەندی بە لێکۆڵەر پەیوەستە بەو ویستی زانینەی پێناسەی لێکۆڵیاری پێداوە.

بە بابەتکردنی کورد بۆ ناسینەوەی، کردەیەکی کۆنی نوێیە؛ کۆنە چونکە لەگەڵ بوونی مێژووییاندا دەستی پێ کردووە، بەڵام لە زۆربەی بار و کاتدا پرۆسەیەکی ناتەواو و پەیوەست بووە بە پاشخانی کولتووری و ئاستی تێگەیشتن و پێگەیشتنی بەرهەمهێنەرانی ناسینەکە، بۆیە دەبینین دابڕاو و پچڕپچڕە، هێندێک جار تەواو ونە، هێندێک جاریش – بەتایبەت لە ساتی بەریەککەوتن لەگەڵ پانتاییی کوردی – دەردەکەوێتەوە و گوزارشت لە هەڵوێستە ئاشکرا و پەنهانەکان دەکات.

بەڵام لە سەردەمی نوێ، بە حوکمی ئامادەییی کارایانەی کورد – نەرێنی یان ئەرێنی – و دروستبوونی بابەتێک لەنێو گوتاری سیاسیی نوێ و هاوچەرخ بە ناوی "دۆزی کورد"، لەو پانتاییە جوگرافییەی ئەوانی تێدایە، هەروەها بە حوکمی جێکردنەوەی لەنێو تێگەیشتنی

ڕۆژئاوای مۆدێرن بۆ ڕۆژهەڵاتی کلاسیک، دووراییی فرەچەشنی بۆ پەیدا بووە و قسەکردن لەسەر کورد جۆرێک لە بەرداومی پێوە دیارە، بێ ئەوەی ئەمە بە مانای گەیشتن بە ئاستێکی بەرزی بابەتگەرایی بێت، کە بە هۆیەوە کوردناسیی مۆدێرن توانیبێتی لە بڕیارە پێشینەکان و پاشخانە کولتوورییە کۆن و نوێییەکان دابڕێ و میتۆدە هاوچەرخەکانی بواری زانستە مرۆڤایەتییەکان تەواو تاقەتیان بەسەر پرۆسەی بە بابەتکردنەکەدا شکابێ.

ڕەنگبێ بەشێکی ئەو کەمایەتییە بگەڕێتەوە بۆ مانەوەی کورد لە دەرەوەی دەقی نووسراو، چ دەقی خۆماڵی بێ یان هی ئەوانی تر. بە بابەتکردنیش، تا ئەو کاتەی پەیوەستە بەو میتۆدە فیلۆلۆژییەی تا ئێستا هەژموونی بەسەر لێکۆڵینەوەی کوردیدا کردووە، سەرەدەری لەگەڵ دەقە نووسراوەکاندا دەکات و تەنیا لەنێو دەقدا حەقیقەتەکان دەناسێتەوە. کە کوردیش کەمترین دەقی نووسراوی هەبێ، ئەوا دەرکەوتنی لەنێو گوتاری ڕۆژهەڵاتناسیدا – بە بەراورد لەگەڵ دەوروبەرەکەی – سنووردار دەبێ، ئەوەی کە هەیە پتر سەرنج و بینینی

گەڕیدەییبیانەیە، ئەمەش وادەکات ئەو کایە زانستییەی زاڵ دەبێ، ئەتنۆگرافیا و ئەنترۆپۆلۆژیا بێت، بە هەموو ئەو قەیرانە بونیادییانەی وەک زانستی سەربەخۆ لەخۆیان گرتووە.

ئەو کولتوورە زارەکییە دەوڵەمەندەی کە کورد هەیەتی و بەشێکی بنەڕەتی ناسنامەکەیانی تێدا جێگیر بووە و لەلای بەرهەمهێنەرانیدا پارێزراوە و یادەوەرییانی پێکهێناوە و لە هەندێ شوێنیشدا بووەتە دەقی ئایینی و پیرۆز کراون، زۆرکەم لە ناسینەوەی بابەتییانەی کورد سوودی لێ بینراوە. تەنانەت لەنێو گوتاری ڕۆشنبیریی کوردیدا بە بێبایەخ زانراوە و مەدای ئیشکردنی ئەم گوتارە کەمترین جێگەی بۆ کراوەتەوە. چونکە کاتێک ئەم گوتارە بانگەشەی بە بابەتکردنی کورد دەکات، کارەکەی پتر تێبینیکردنی سەرپێیی دیاردە ئێستاییبیەکانە و ناگەڕێتەوە سەر یادەوەرییە زارەکییەکە، تەنانەت هەندێکجار ناگەڕێتەوە سەر کولتوورە نووسراوەکەش. بۆیە خەسڵەتی سەرەکی‌ی ئەم گوتارە حەماسەتێکی زاتییانە دەبێ و بریتی دەبێ لە هەوڵی خۆناسین (خودگەرایی)، بەڵام بە بیانووی

کوردناسییەوە (بابەتگەرایی). تا ئەوکاتەش حەماسەتێکی ئاوا لە پشت خوێندنەوە بێت، کەمتر هزر وەک سیستەمێکی پەتی گوتاری بەرهەمهێنراو لەخۆ دەگرێ. هەر بۆیە دەبینین تێز و هەڵوێستەکانی ئەم دەستەبژێرە لە ناسین هەنووکەییە و ڕەنگە بەیانی – لەلایەن خۆیانەوە – بە ئاگایی و بێئاگایی بونیادەکەی هەڵبوەشێننەوە، نەک بۆ دووبارە داڕشتنەوەی بەڵکوو بەهۆی لاوازی کەرەستەکانی بونیادەکەیان، بۆیە دەبینین ئەم گوتارە بە ئاسانی دەبێتە گوتاری سیاسی، میدیا، جەماوەر، بەڵام گوتاری ئەکادیمی پێ دروست ناکرێ. بەمەش کوردناسین لەو ناوەندەدا کەڵەکەبوونێکی نابێ و ئەگەر گوتارێکی نوێ سەرهەڵبدات دەبێ لە خاڵی سفرەوە دەست بە ناسینەوە بکات، ئەگەرنا دەبێ لەنێو هەمان بازنەی حەماسەتییانە بخولێتەوە و هەمان چەمک و دەستەواژەش بەرهەمبهێنێتەوە و چاوەڕێی ئەوەی لێناکرێ ڕوانگەیەکی نوێ بخاتە سەر کوردناسییەوە .

ئەو شوێنەی لەنێوخۆدا چاوەڕێی ئەوەی لێ دەکرێ لەچوارچێوەی گوتارێکی ئەکادیمی سەرەدەری لەگەڵ

كوردناسیدا بكات؛ سیستەماتیكانە لە كورد بكۆڵێتەوە و میتۆدێكی ڕوون بیركردنەوەی و تێڕامانەكانی ئاڕاستە بكات، ئەوەیە كە پێی دەگوترێ دەزگای ئەكادیمی كوردی (زانكۆ، پەیمانگا، ئەكادیمیا، سەنتەری توێژینەوەی زانستی و...تادوایی).

ئەو كاتەی خوێندنی ئەكادیمی لە زەمینەی كوردیدا سەرهەڵدەدا و بە پشتبەستن بەو كولتوورە ئەكادیمییە ڕۆژئاواییەی لە پانتاییی ڕۆژهەڵاتیدا – بە تێگەیشتنێكی جیاواز – دادەڕێژرێتەوە، دەست بە كاری توێژینەوەیی دەكات، بەتایبەت لە بواری زانستە مرۆڤایەتییەكاندا، پشت بەو پاشخانە میتۆدییە دەبەستێ، كە لەو قۆناغی گواستنەوەیەدا باو بوو. دیارە مەبەستمان هەر میتۆدە فیلۆلۆژییەكەیە و كۆڵەگەی بنەڕەتی كاركردنە لەسەر دەق و توێژینەوەی چۆنیەتیی پێكهاتن و شێوەگیربوونیەتی.

لە كایەی ئەكادیمی ئێمەدا، لە زوویەكەوە ئەم میتۆدە – بە كۆمەڵێك كەم و كوڕییەوە – پەیڕەوی لێ كراوە، بەڵام لە قۆناغی سەرهەڵدانیدا و تا درەنگانێك پتر كاری تاكەكەسییانە و پەیوەست بوو بە كۆمەڵێك

توێژەرەوە، کە ئەگەرچی زۆربەیان دەرچووی قوتابخانەی سۆڤییەتی بوون و پاشخانی ئایدۆلۆژی ئەم قوتابخانەیە و تاڕادەیەک حەمەساتێکی نەتەوەگەرا، لە چوارچێوەی باوەڕبوون بە دروشمی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلانی ژێردەستە، زۆربەیانی بەیەکەوە کۆ دەکردەوە، بەڵام دامەزراوەیەکی سەربەخۆی ئەکادیمی کۆی نەدەکردنەوە و پاشخانەکە بەشی هەرە زۆری – ئەگەر نەڵێین تەواوی – حەقیقەتی کوردی لە زۆربەیان پەنهان کردبوو، بە جۆرێک کە باسیان لە کوردێک دەکرد، تەنیا لەنێو ئەو پاشخانەدا دەناسرێتەوە و مانای هەبوو. هەر بۆیە ئەو کاتەی ئەم پاشخانە ئایدۆلۆژییە خۆی لاواز بوو یان بۆ هێندێک لەو کەسانە ڕەونەقی جارانی نەما، ئەو حەقیقەتەی بە کورد درا بوو، لای چەند کەسێکیان نەبێ کە تا ئێستا کوردناسی خەمی زانستییانە، ماناکانی پێشووی نەما.

هەرچۆنێک بێت، قوتابخانەی سۆڤیەتی بۆ کوردناسی خوێندنەوەی زۆر لەمە قووڵتری پێویستە، کە لێرە دەرەقەتی نایەین. ئەوەندە دەڵێین، کە کاتێک سیستەمی ئەکادیمی کوردی، لە نەوەدەکان، لەم بەشەی کوردستان

برەودەسەنێ، ئەم کەسانە زوو لەنێویدا جێگەیان دەبێتەوە و دەبنە بەردێکی بنەڕەتی کایەی کوردناسیی ئەکادیمیی کوردی و تاڕادەیەکی زۆر دەستنیشانی هزر و میتۆدی ئەم کایەیان کردووە. بەڵام لەنێو ئەو دەزگا تازە دامەزراوانە، هەر لە بواری کارکردن لەسەر کورد، پاشخانە گشتییەکە زیاتر پشت ئەستور دەبێ بە گوتارێکی سیاسی کە دەخوازێ ببێتە گوتارێکی هەژموونگەرا و حەماسەتێکی نەتەوەگەرا – بەدەر لە ڕاستی و ناڕاستیی تێگەیشتن لە نەتەوە – بۆ دۆزینەوەی کورد لەنێو زەمەن و دەرکەوتەیان لە چوارچێوەی کایە هەمەچەشنەکانی بوارە مرۆڤایەتییەکان (زمان، ئەدەب، مێژوو، جوگرافیا، یاسا، سۆسیۆلۆژیا، ئەنترۆپۆلۆژیا، سایکۆلۆژیا و...هتد). بەهەمان حەماسەت توێژەرانی سەر بەو دەزگایانە هانایان بردە بەر میتۆدە باوەکە (فیلۆلۆژی)، تا لە ڕووی تەکنیکییەوە هەوڵە کوردناسییەکانیان فۆرمی ئەکادیمی وەربگرێ، لەڕووی ناوەڕۆکیشەوە بتوانن جێگیرییەک لەنێو پرۆسەی دامەزراندنەوەی شوناسی کوردی، بەپێی تێگەیشتنی پابەند بە گوتار و حەماسەتەکە، بدۆزنەوە. دیارە مەبەستمان لەمەش دۆزینەوەی قەوارەی کوردە لە دووتوێی

شرۆڤەکردنی دەقەکانی پەیوەست بەو کایە زانستیانەی ناومان هێنان. بەڵام شرۆڤەکردنی دەقەکانی بەردەست هەر تەنیا بۆ دۆزینەوەی "تاکە مانای ڕاستەقینە"ی پشت دێڕەکانیان نییە، وەک لە میتۆدی فیلۆلۆژیدا باوە و کرۆکی میتۆدەکە پێک دێنێ، بەڵکوو مەبەستێکی تریشیان هەیە، ئەویش خۆماڵیکردنی دەقەکانە؛ تا بوونە مێژووییەکەی ناسێنراو بچەسپێت و لە بەستێنی گشتیدا ڕەوایەتی هەبێت. بێگومان ئاکامی ئەمەش هەر پابەندبوونە بە میتۆدەکە، بەوەی جەخت لەسەر سەروەری و بێهاوتایی کولتوور و گرۆیە مرۆییەکان دەکاتەوە، بە پشتبەستن بە دەرکەوتنیان لەنێو دەقدا.

## ٤

## پێکهاتەی دامەزراوەی ئەکادیمی وەک بەربەستێکی کاری کوردناسی

بۆ تێگەیشتن لە بەرهەمی کوردناسیی دامەزراوەی ئەکادیمی، هەر ئەوەندە بەس نییە ستراتیژیەتی میتۆد لە

دارشتنی ناسینەکە بخوێنینەوە، بەڵکوو ئەوەی هاوکارێکی زۆر باشمان دەبێ، تەکنیکی دروستکردنی توێژەری کوردناسە لەلایەن ئەوانەوە، چونکە – وەک کەمێکی تر دەبینین – هەمان ئەو تەکنیکانەن کە بۆ کوردناسییەکە دامەزراوەکە پەیڕەویان لێ دەکات، تەنانەت بۆ دەرەوەی خۆشی گوزارشتی خەسڵەتەکانی ناسینەکەی پێ دەکات.

دامەزراوەی ئەکادیمی، هەر لە دەستپێکەوە، توێژەر دەخاتە ژێر باری سیستەمی پەیوەندییەکانی خۆیەوە (توێژەر و دەزگا، توێژەر و وانەبێژی پسپۆڕ، توێژەر و سەرپەرشتیار، توێژەر و بنەما دۆگماکانی ڕێبازی لێکۆڵینەوەی پەیڕەوکراو)، کە ئەو پەیوەندییانەش، لە سادەترین هەڵسەنگاندندا دەردەکەوێ، ڕێگە بە سەرهەڵدانی "تاکگەرایی ئەکادیمی" نادات، ئەگەر وا ئەو فۆرمەی تاکگەرایی بناسێنین کە مەبەست لە دروستکردنی توێژەری ئەکادیمی داهێنانی زانستی و بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەیە، کە وادەکات ئەم توێژەرە کەسێتیی زانستییانەی سەربەخۆی هەبێت و چاوەڕێی ئەوەی لێ بکرێت جیاواز لە هاوپسپۆڕییەکانی لە دیسپلینەکەی خۆی بدوێت و تیم و

پرسیارەکانی دابڕێژێت. کەچی ئەوەی لەو دەزگایانەدا تێبینی دەکرێت، ئەگەر سۆسیۆلۆژییانە لێی ڕابمێنین، جەختکردنەوەیە لەسەر "هاوشێوەبوونی ئەکادیمی" توێژەران لە بوارە پسپۆڕییە هاوشێوەکاندا، بە تایبەتیش کە میتۆدی پەیڕەوکراو ئەم تێزە پشتئەستور دەکات، تا وای لێ دێت بەهای زانستی توێژینەوەکان لەو هاوشێوەیییەدا بێ، چونکە پێوەرەکانی هەڵسەنگاندنی ئەو کارانە نەگۆڕن و عەقڵیەتی ئەکادیمیی دامەزراوە کۆنترۆڵی کردوون. هەر ئەمەیە وادەکات، ئەو ئاکام و دەرئەنجامانەی توێژینەوەکانی بواری کوردناسی لە کایە هەمەچەشنەکاندا پێی دەگەن، زۆر لەیەکتر بچن و بە دەگمەن نەبێ هەست بە جیاوازیی کەسێتیی توێژەرەکانیان نەکرێ. لەبەشی دابێت وردتر ئەم بابەتە ڕوون دەکەینەوە.

هەرچۆنێک بێت، بەرهەمی توێژەرەکان – لە ئاکامدا – جۆرێک لە کەڵەکەبوونی پێوە دیارە، بەڵام – تا ئەو ڕادەیەی میتۆدی پەیڕەوکراو ڕێگە دەدا – بریتییە لە کەڵەکەبوونی زانیاری لەبارەی کوردەوە نەک ناسینیان. کۆکردنەوەی زانیاریش بە مانای گێڕانەوەی میتۆدییانەی

هەواڵی کوردانە (هەواڵی جوگرافی، مێژوویی، سۆسیۆلۆژی، ئەدەبی و...هتد)، چونکە ئەم جۆرە پەسەندکراوەی توێژینەوە پتر بریتییە لە پۆلێنکردن و فۆرمبەندکردنی زانیارییەکان، بۆ ئەوەی بخرێنە سەر بەستێنێکی ئەوتۆ، تەواوکەری هەمان ئەو پرۆسەی حەکایەتکردنەی کوردە کە پێشتر باسمان کرد. هەر لەبەر ئەوەیە زۆرجار لە پشت ئەو زانیارییە پۆلێنکراوەنەدا کرۆکی بابەت، کە کوردناسییە، پەنهانە و قەوارەی سەربەخۆ وەرناگرێت و پرۆسەی ناسینی دیاردەی لێکۆڵراوەش لە دەرەوەی توانای عەقڵی و میتۆدییەکانی توێژەر دەبێت، با بە باشیش پابەندی "ڕێساکانی ڕێبازی لێکۆڵینەوەی زانستی" بووبێت.

لێرەدا – بەر لەوەی قسەمان لەسەر کوردناسیی ئەکادیمی تەواو بکەین – دەبێ ئاماژە بەوە بدەین ئێمە قسە لەسەر ئەو توێژەرانە دەکەین، کە لەنێو دامەزراوە ئەکادیمییەکان ویستی زانین پاڵنەری کارکردنیانە و بەو ڕووتەختە کەمەی بۆ بیرکردنەوە ڕەخساوە، خەریکی توێژینەوەن و دەخوازن کەسێتیی ئەکادیمییان – بەدەر لە

ڕازیبوون یان ڕازینەبوونی ئێمە بەو کەسێتییەیان – سەنگی هەوڵەکانیان بێت، نەک ئەوانەی لە ڕەحمی دامەزراوەکانەوە بە شێواوی لەدایکبووینە و بوونەتە بارێکی زۆر قورسی سەرشانی ئەکادێمیایی کوردی و کارە توێژینەوەکانیان! دوور و نزیک پەیوەندیان بە کوردناسییەوە نییە، ئەوەندەی بەکاربەری کەمە زانیارییەکی سەرپێیی و کرچ و کاڵن و لەگەڵ سادەترین بنەمای میتۆدی زانستی پسپۆڕییەکەیان ئاشنا نین، ئەگەرچی هەندێ جار "تەئلیفاتەکانیان" – بە حوکمی پێگەی وەهمییانە و سەرمایەیەکی ڕەمزی ساختە لە ناوەندی ئەکادیمی و سیاسیدا – وەک بەرهەمی گەورە و ناوازە بانگەشەیان بۆ دەکرێت و "دەخرێنە بەر باس و لێکۆڵینەوە!" و "بەرز دەنرخێنرێن!"، بەڵام دوای بەکارهێنانی وەک ئەو سەرمایەیە بۆ بەرژەوەندییەکی دیاریکراو، ئەو "شاکار"انە زوو ون دەبن و ئەوەی دەمێنێتەوە هەڵوێستی ڕۆژانەی ئەم کەسانەیە نەک تێز و بیروبۆچوونەکانیان. ئیدی بە مانەوەی ئەم بارە قورسە، چارەنووسی زانستی زۆرێک لەو دەزگایانە لە ناوەندی ئەکادیمی ناوچەیی و جیهانیدا بە نادیاری دەمێنێتەوە و کولتووری کوردناسیش کەم دەکات و زیاد نابێ.

دێینەوە سەر پابەندی توێژەری ئەکادیمی بە دەق و ئەرکی کۆکردنەوە و پۆلێنکردنی زانیارییەکان و دەڵێین کە ئەو میتۆدە جۆرێک لە غروری نائەکادیمی بۆ بڕێک لە توێژەرانی ڕیزی پێشەوە لە بواری کوردناسی دروست کردووە و وای لێ کردوون شانازی زانستییان لەوەدا چڕ ببێتەوە زانیاریی تازەیان دەستکەوتووە، یان کتێبێکی دانسقەیان هەیە، یاخود بەڵگەنامەیەکی ناوازەیان بۆ هاتووە، یانیش دەستنووسێکی نەبینراویان بینیوە!، کە ئەمەش دەبێتە دەرکەوتەی سەرەکیی کەسێتییە ئەکادیمییەکەی، ئیدی ئەو دەستنووس و بەڵگەنامە و کتێب و زانیارییانە دەبنە سەرمایەی زانستی – ڕەمزی ئەو لە ناوەندەکەدا ( تەنانەت زۆرجار دەبینین بە توێژەر و پسپۆڕانی تری بوارەکەی نادەن، ڕەنگە پێیان وابێ بەمە ڕازی پسپۆڕێتیان ئاشکرا دەبێ!)، کە بوونی خۆی لەنێویاندا دەبینێتەوە، پتر لەوەی چەندە توانیویەتی ڕەهەندە هەمەچەشنەکانی دەقەکان شرۆڤە بکات. بێگومان ئەم قۆرخکردنەی دەقیش جەختکردنەوەی توێژەر و لە پشت ئەویشەوە دامەزراوە ئەکادیمییەکەیەتی بۆ قۆرخکردنی

حەقیقەت و ئەو پانتاییەی دەیخولقێنێ بۆ دەرخستن یا شاردنەوەی ئەم حەقیقەتە.

لە حاڵەتی ئاوادا، جۆرێک لە پیرۆزی بە بەر دەق و زانیارییەکان دادەبڕێ و هەموو کەس بە شایستەی ئەوە نازانرێ قسە لەسەر بابەتەکانی نێویاندا (دەرکەوتەکانی کوردبوون) بکات. ئیدی "باوەڕ"ێکی نائاسایی، ئایکۆنێک بۆ کوردان لە خەیاڵدانی ئەکادیمییدا دادەتاشێ، کە ڕەنگە پتر وێنای کورد بێ نەک حەقیقەتەکەی بەپێی ئەو ستراتیژییەتەی لە گوزارشتکردن لەوێدا حەقیقەت پەیڕەو دەکرێ. ئەمەش ئایکۆنێکی پیرۆزە و کاتێک دەچێتە ئاستە میللییە بەسیاسییکراوەکەی ناسین، دەپەرسترێ و (بە مانای قەدەغەبوونی پرسیارکردن لە چیەتی و چۆنیەتیی خۆنواندن) کەمترین گفتوگۆی نائاسایی بۆ ناسینێکی تری کورد حەماسەتە میللییەکە دەوروژێنێت، چونکە دەقەکان دەبنە گەواهیدەر و ڕەوایی بەو سیستەمە دەبەخشنەوە، کە کوردی تێدا داناسێنرێت، لەگەڵیشیدا دەشێ ناسینی جیاواز وەک تێکشکاندنی پیرۆزی و "کوفر" چاوی لێ بکرێ.

لەلایەکی ترەوە، کێشەی ئەو میتۆدە، بۆ توێژەرانی نێو دامەزراوە ئەکادیمییەکانی ئێرە، لەوەدایە کە کەمی دەق – تەنانەت نەبوونیان لە هەندێ بواردا – ڕێگە بە بینینی هەمەگیرانەی ئەوەی لە میتۆدەکەدا پێي دەگوترێ "بەردەوامیێتیی پێشکەوتنگەرا" نادا، کە ئێستای قەوارەی کوردی – دیسان دەڵێین بە پێی بەرجەستەبوونی لە چوارچێوەی سیستەمی پێکهێنەری کایە زانستییە جیاوازەکان – لەنێو دوێنێیدا دەدۆزێتەوە. بەڵام ئەگەر توێژەر دێ و دەخوازێ بەهۆی پابەندبوونی بە میتۆدەکە ئەم کارە بکات(یان دەیکات!)، دەبینێ ئەم دوێنێیە جومگە هەرە بنەڕەتییەکانی نادیارە و کەمترین دەرکەوتەی دەقانەی هەیە، نەک هەر نائومێد دەبێ بەڵکوو لە گێژاوی میتۆدەکەدا خۆی ون دەکات و لە بری ئەوەی کوردناسێکی لێ چێ بێت، بێئەوەی درکی پێ بکات جۆرە وەهمێکی تر دەخاتە سەر وەهمەکانی ناسینەکە.

لەبەر ئەوەی حەماسەت و ڕوانگەیەکی سیاسییانە هاندەری کارکردنی توێژەری بواری کوردناسییە، بۆیە ئەگەر دەقی خۆماڵی لەبەردەستدا نییە، لە دەقەکانی ئەواني

تردا بەدوای وەسفێکی قەبوڵکراویاندا دادەگەڕێ، بە هەموو ئەو بڕیارە پێشینە و پاشخانە کولتووری و زەمینە سیاسی و کۆمەڵایەتی و هزرییەی کۆنترۆڵی وێنای ئەم "ئەوي تر"ەی بۆ کورد کردووە. لێرەدا کەمجار توێژەر شرۆڤەی ئەم پاشخانە دەکات، ئەوەندەی خەریکی هەڵاوێردکرنی زانیارییەکان دەبێ، تا ئەوەیان هەڵبژێرێ، کە وێنەی جوانی کورد دەنەخشێنێت و گەرەنتی بەردەوامی پێشکەوتنگەرایان دەکات، لەکاتێکدا پرۆسەیەکی ئاوا ڕێگە بە تێگەیشتن لە زەینی ئەوي تر و تواناکانی خەیاڵکردنی کورد لە کولتوورەکانی تر نادات، هەروەها توێژەر دەخاتە حاڵەتی پەرچەکردارانە و ناجێگیری بیرکردنەوە بە حوکمی ڕێکنەهاتنەوە – بەڵکوو دژ بوونی ڕەها – ی ئەو وێنایەی ئەو بۆ کوردی هەیە لەگەڵ باسی ئەواني تر بۆیان.

لەلایەکی تر هەندێ لە توێژەران، لەبەر پسپۆڕییەکەیان یان کارنەکردنی ئەوانیتر لەسەر کورد لەو بوارەدا، دێن خۆیان دەق دروست دەکەن، ئەمەش لەڕێگەی هانابردنە بەر تەکنیکی تایبەتمەندکردنی گشتگیرەوە؛ بۆ نموونە تایبەتمەندکردنی تیۆرییە ئەدەبی، زمانەوانی،

سۆسیۆلۆژی، سایکۆلۆژییەکان، بۆ ئەوەی ڕێک لەگەڵ قەوارە کوردییەکەدا بگونجێ، یان لایەنی کەم ماقوڵیەت و ڕەوایەتی ببەخشێتە خوێندنەوەی ئەم قەوارەیە.

ڕەخنەگرتن لە میتۆدی فیلۆلۆژی، لە هەژموونی بەسەر لەکۆڵینەوە مرۆڤایەتییەکان لە جیهانی ئێمەدا، بە مانای بێبەهاکردنی نییە. بەڵکوو وەک هزرڤان محەمەد ئەرکۆن2 (٢٠٠٤) ڕایدەگەیەنێت، لەوەدایە کە مەیلی بەلای چڕکردنەوەی لێکۆڵینەوەی کولتوورە لە لێکدانەوەی دەقەکان، ڕێکخستنەوە چەمک و واژەکانیان و دیاریکردنی مانا زمانەوەنییەکانیان و بەرجەستەکردنەوەی ئەو کەتوارانەی لە پشت بەرهەمهێنانی دەقەکەن، بێ ئەوەی درێژ بێتەوە بۆ لێکۆڵینەوەی ئەو مەرجە مێژوویی، کۆمەڵایەتی و ئەنترۆپۆلۆژیانەی ڕۆڵیان لە بەرهەمهێنان و شێوەگرتبوونی گوتار و بەردەوامبوونی هەبووە. ئەرگۆن پێی وا نەبوو گرفتەکە لەو ئامرازانە بن کە فیلۆلۆژیا خۆی بەکاریان دەهێنێت، بەڵکوو لەوەدا بووە بکرێن بە چوارچێوەیەکی مێتۆدییانەی داخراو بەسەر خۆیەوە، کە

2 Mohammed Arkoun

دیاردە هزرییەکان لە بونیادە دەقی و زمانییەکەیدا قەتیس دەکات، وەک تا ئێستا لە کوردناسیی نێوخۆیدا وایە. بەلای ئەم هزرڤانە ئەو جەختکردنەوە زۆرە لەسەر خوێندنەوەی زمانیانەی دەق و سنووردارکردنی ڕەخنە بە شێوازە نێوخۆیی و دەرەکییەکەی هەڵسەنگاندنی دەقەکان و بەرهەمهێنەرانیان، بەس نین بۆ تێگەیشتنی کولتوور وەک دیاردەیەکی ئاڵۆز و تێکچڕژاوی مێژوویی، هزری و کۆمەڵایەتی.

لێرەوە ئەگەر دەمانەوێ کوردناسی، چیتر لە تەحقیقی دەقەکان و گەڕان بەدوای مانا ڕەسەنەکانیان چڕ نەبێتەوە، دەبێت بەدوای پرسی مێژووییبوونی دەقەکان، مەرجەکانی بەرهەمهێنان، مۆدێلەکانی ئەو هزرینەش بین، کە وای کردووە بەم چەشنە هەبن و کاریگەری بەسەر ئاگاییی دەستەجەمعی لە خۆناسیندا دروست بکەن. ئەمە میتۆدێکی پێویستە بۆ دۆزینەوە و بینینی چینە کەڵەکەبووەکانی سەر ئەوەی ناومان نا قەوارەی کوردی، چونکە تا ئەوکاتەی بوونی کورد لە زۆر ڕەهەندییەوە لەنێو زەمەندا نادیارە، ئەوا میتۆدەکە – ئەگەر دروست و

لەچوارچێوەی ترادیسیۆنێکی تۆکمەی ئەکادیمییەوە بەکاربهێنرێ – هاوکارێکی باشمان دەبێ لە بینینی هێندێک لە یەکە پێکهێنەر و بنەڕەتییەکانی ئەم بوونە؛ ڕەهەندی ئەوتۆمان بۆ کەشف دەکات کە لە بەرهەمەکانی قۆناغەکانی پێشووتری کوردناسیدا نەبینراو بوون و کاریگەریشیان بەسەر داڕشتنی ئەو گوتارەوە نەبووە کە لە ئاکامی ناسینەکەدا بەرهەم دەهێنرا و کاری پێ دەکرا. ئەمە سەرباری ئەوەی – وەک بینیمان – میتۆدەکە جێنشینکردنی کوردی لەنێو دەقەکانی ئەواني ترەوە بۆ خستینەڕوو و ئەگەر توێژەر کەمێک پابەند دەبێ بەو فەزا ڕەخنەییەی میتۆدەکە دەیڕەخسێنێ (ڕەخنەی دەرەکی و ناوەکی دەق)، ئەوا دەشێ وردەکارییەکانی ئەم جێنشینکردنە ببینێت و چاودێری کاریگەرییەکانی بڕیارە پێشینەکان و چۆنیەتیی کارکردنی سیستەماتیکانەی پاشخانە کولتوورییەکان لە وێناکردن و هێشتنەوە یان نەهێشتنەوەی ڕەگەزەکانی شوناس لەنێو یادەوەریی دەستەجەمعی و نووسراودا بکات.

٥

## لەبەردەم ئەگەری دامەزراندنی دەزگای ئەکادیمیی نوێ بۆ کاری کوردناسی

لە ئێستادا هەڵوەشاندنەوەی ئەو سیستەمەی ئەکادیمی کوردی بەقەد هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی کوردناسی ئەستەمە، بەهەمان شێوە دارِشتنەوەیشی زەحمەتە؛ ئەزموونی چەند ساڵەی ڕابردوو دەریخست ئەو سیستەمەیە ئەوەند تۆکمەیە و لەنێوخۆیدا دەژی و مانایەکی بۆ خۆی دارِشتووە، کە هەر پرِۆژە و تەنانەت بیروبۆچوونێکی دەرکی – ئەگەر لە سەرووی خۆشیەوە – بەسەریدا بسەپێنرێ، زوو ماڵی دەکات و لەگەڵ ئەو پێکهاتەیەی خۆیدا دەیگونجێنێ، بەڵام دوای ئەوەی لە ناوەرِۆکەکەی بەتاڵی دەکاتەوە و دەیکاتە فۆرمێکی بێ ناوەرِۆک و وا ئارِاستەی دەکات کە خۆی دەیخوازێ، تارِادەیەک کە نەک هەر بۆ ئەندامانی نێو سیستەمەکە، بەڵکوو بۆ چاودێری دەرەکیش وەک پرۆژە و بیروبۆچوونی بێ بەها دەبینرێن و پیادەکردنی بە زیاد دەزانرێت.

ئەگەر ئەم لەخۆگرتنە و دواتر نامۆکردنە لە ئاستی تەکنیکی و لە چوارچێوەی پێناسی دامەزراوەکە (وەک شوێنی بەرهەمهێنی زانست) ئاوایە، ئەوا لە ئاستی کرداری ئەو بەرهەمهێنانە و کارێکی توێژینەوەیی پەتی وەک کوردناسیدا، زۆر زەقتر دەردەکەوێ و قەبوڵکردنی گۆڕین – هەم لە میتۆدی بیرکردنەوە و هەمیش لە شێوازی ئیشکردن – ئەستەمتر و لەبەردەم هەوڵی نوێدا بەرنگاربوونەوەی زیاتر و بڕێکجار توندوتیژ دەنوێنێ (وەک ئەوەی ئەم تەرزە توێژەرە مەبەستێکیان هەیە و دەیانەوێ لە بەرژەوەندی نەتەوەیی بدەن)!

بەڵام خۆ لە دوا وێستگەدا، هەردەبێ پێداچوونەوە بە کاری کوردناسیدا بکرێ و وەک کایەیەک لەنێو دامەزراوەی ئەکادیمیدا بخرێتە چوارچێوەی سیستەمێکی زانستی، کە تیایدا ڕێگە بە گۆڕینی میتۆدە باوەکە و ئەزموونکردنی میتۆدی نوێ و گونجاو خۆش بکرێ. ئەگەر بمانەوێ دەست بە شتێکی ئاوا بکەین دەبێ بیر لە جێگرەوەیەکی دامەزراوەکانی ئێستا بکەینەوە؛ ئەرگومێنت لەبارەی سەنتەری ئەوتۆی لێکۆڵینەوەی کوردناسییانە

بخەینەڕوو، تا بزانێ چۆن و بە چ پێوەرێک لەم بوارەدا کار دەکات. بە بۆچوونی ئێمە پرۆژەی ئاوا ئەوکاتە ئاکامی دەبێ کە دابڕانێکی تەکنیکی و مەعریفی و تەنانەت وجودی لەگەڵ سیستەمی پێشوودا هەبێ و بە تێگەیشتنی جیاواز و تەکنیکی جیاوازەوە بونیاد و پاشخانە هزرییەکەی دابڕێژرێ. بەڵام لەو کاتەشدا پابەندبوون بە بنەما کلاسیکییەکانی دروستکردنی کەسێتیی توێژەر و کوردناس (وەک ئێستا باوە)، تەنانەت کەسێتیی ئەوانەیش کە لە دەرەوەی دامەزراوەکانن، بەڵام زادەی فەزای باوی ڕۆشنبیریی کوردین، بەو هەموو ناجێگیرییە میتۆدییەی ئەو فەزایە لەخۆی گرتووە بێ جیاوازیی نێوان ڕەوتە باو و ناباوەکانی، ئەوا بەرهەمی دەزگای تازە دامەزراو و تەنانەت پرۆژە تاکەکەسییەکانیش هەمان ئاکامیان دەبێ کە دامەزراوە و پرۆژەکانی تر هەیانبووە.

بۆیە بەر لە هەموو پرۆژەیەک و بەرنامەیەکی ڕەونەقدار کە تێیدا بانگەشەی گۆڕینی میتۆد و تێز و بۆچوون لەبارەی ناسینی کورد بکەی، تا کارەکە نامۆ نەیەتە بەرچاو و وەک تەنێکی بێزراوی پانتاییە گشتییەکە

سەرەدەری لەگەڵدا نەکرێ، پێویستت بە دارِشتنەوەی کەسێتی مرۆڤی ئەکادیمی و ماناکانی دەبێت. ئەگەرنا وەک فۆرمە کۆنەکانی ئەم کەسێتییە زوو بە پشتبەستن بە مەعریفەی بەرهەمهێنراو دەسەڵاتێکی ئەوتۆ پەیدا دەکەن، ڕێگە بە خۆیان بدەن جارێکی تر کوردناسی لە قالبێکی تر بدەن و چەقبەستووی بکەن و خۆیان وەک تاکە لایەنی ڕێگەپێدراوی ناسینەکە بنوێنن، وەک دەبینین پتر هەندێک لە دەستەبژێری ڕۆشنبیری، بە حوکمی ئاگادارییەکی زانیاریگەرایانەیان بە میتۆدە هاوچەرخەکان بەردەوام جەختی لەسەر دەکەنەوە و ئەوانیش سەرمایە ڕەمزییەکەیانیان لەسەر بونیادناوە. بەڵکوو ئەو کەسێتییە نوێیە دەبێ بتوانێ کوردبوونی خۆی و ئەو بڕیارە پێشینانەی ئەو فۆمەی بوون بەسەریدا دەسەپێنێ، لە دەروەی کورد لە خۆیدا و وەک دیاردەیەک ببیبینێ و ببێتە بابەتێک بۆ بیرکردنەوەیەکی پەتی و پرۆژەی توێژینەوەکانی، لەسەرووی هەموو گوتارێکی دەزگایی – سیاسییەوە. واتا تاکە پێوەری توێژەر بوون ویستی بەرهەمهێنانی مەعریفە بێت، ئەگەر کوردیش دەشێ

مەعریفەی لەسەر بەرهەم بهێنرێت، ئەوا لەلای ئەودا شیاوی بەبابەتکردن و تەنانەت تیۆریزەکردن دەبێت.

ئەوکاتە ئەگەر دامەزراوەی ئەکادیمی دەخوازێ بە سیستەمێکی نوێ لە کورد تێبگات و ببێتە سەرچاوەیەک بۆ ئەو چەمک و دەستەواژانەی هاوکارمان دەبن لەو تێگەیشتنە، ئەوا دەبێ بەسەر ئەو گەشەسەندنە میتۆدییەدا کراوەبێ کە لە دەزگا هاوشێوەکانی، لە ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتی ئەم جیهانەدا ڕوویانداوە، بەتایبەت گۆڕانە بەردەوامەکانی میتۆد لە کایە مرۆڤایەتییەکاندا، تا بەمە ڕێگەی تیۆریزەکردن بۆ توێژەران خۆش ببێت. ئەگەرنا تا ئەوکاتەی ئیشی کەسی ئەکادیمی جێکردنەوەی کورد بێ لە چوارچێوەی سیستەمی باوی بیرکردنەوەی زانستییەوە، ئەوا کوردناسی بە چەقبەستوویی دەمێنێتەوە و کەینونەی کوردی ڕووبەڕووی پرسیاری جیدی نابێتەوە و لەو تۆڕە پەیوەندییە ناگەین کە بەهۆیەوە کوردبوون (لە ئاستی تاک و کۆمەڵدا) مانا بە خۆی و بە جیهان دەبەخشێ. میتۆدی کارکردن ئەوکاتە کارایە کە بتوانێ وامان لێ بکات دوورایییە دیار و نادیارەکانی عەقڵییەتی کوردی و

چۆنیەتیی ئیشکردنی ببینین، ئەمەش لەمیانەی پەیوەندییەکانی ئەو عەقڵییەتە بە هەریەک لە یادەوەری و خەیاڵکردن کە لە هەردوو کولتووری زارەکی و نووسراوی کوردیدا هەژموونگەرایانە ئامادەن و لەنێو هەموو چالاکییەکی عەقڵی – بە دەر لە کایە و ڕووتەختی چالاکییەکە – کەم تا زۆر بەرجەستە دەبن و ئاڕاستەی دەکەن. ئەمە مانای داهێنانی میتۆدی نوێ نییە بۆ خوێندنەوەی کورد، ئەوەندەی دابڕینی میتۆدە باوەکانە لە پاشخانەکانیان و گونجاندنیانە لەگەڵ پاشخانی کوردی. ئەگەر وابکەین، بەجۆرێکی تر شوناسی کوردی دەبینین و لەسەرووی هەموو وێنا و بڕیارێکی پێشینەی ئەم و ئەوەوە ئەم دیاردە مرۆییە دەناسرێتەوە.

# وەهمی مرۆڤی ئەکادیمی لە زەمینەی ئێمەدا

# ١

## کارابوون یان ناکارابوونی مرۆڤی ئەکادیمی

ئێستای ئێمە ئەوەند بابەتسازە بۆ هەر کەسێک، لەنێویدا بێ یان لە دەرەوەی، بەردەوام بوارێکە بۆ ئەوەی بەرهەمهێنی گوتار بێ. ڕووداوەکان، گێڕانەوەکان، دیار و نادیارەکانی کەتواری کوردی، نائاساییی دەرکەوتنی حاڵەتە ئاساییەکانی نێو ئەم واقیعە، خۆنواندن یانیش هەبوونمان لەگەڵ ئەوانی تر و...هتد، زۆر کارەکتەری فەزای ئێمەیان بە قسە هێناوە. خۆ قسەکردن لەسەر خۆمان و بە گوتارکردنی، نەریتێکە پێشتر زارەکییانە و ئێستاس لە ئاستی نووسینەوە، خزاوەتە نێو ئەو دابەشبوونە کرۆکییانەی لە خودی ئێمەدا بوونی هەیە و، وەک لە باسی پێشوو بینیمان، لە ناسنامەسازیدا بەرجەستە بووە و قسەکەرانیش بەسەریدا دابەش بوونە. زۆرترینی ئەوانەشی دەردەکەون و دەدوێن: یان پێیاندەگوترێ ڕۆشنبیر و نووسەر یانیش مرۆڤی ئەکادیمی؛ پسپۆڕ لە بوارێکی دیاریکراو و گوتارخوێنی بەردەم بەردەنگەکانیان.

کەم تا زۆر، قسە لەسەر ڕۆشنبیریی کوردی و ستراتیژییەتی گوتارەکانی و چۆنیەتیی کارکردنی کارەکتەرەکانی و فۆرمی بە میللیی بوونەوەی تێزەکانیان لە فەزای گشتیدا کراوە و لە ئێستادا بەشەکی زۆری جێکەوتەکانی بینراون. بەڵام کارەکتەرەکەی دی، مرۆڤە ئەکادیمییەکە، کە لەم سی و چەند ساڵەی دوایی بە ژمارە زیادی کردووە و ویستوویەتی وەک کارایەکی فەزاکە خۆی بنوێنێت، هێشتا کەمتر دان بەم کارایییەی نراوە و کەمتریش لە فەزاکەدا وەک بەرهەمهێن خۆی سەپاندووە. ڕەنگە ئەمەش لەبەر چەند هۆکارێک بووبێ، لەسەرووی هەموویانەوە و بە سادەیی دەتوانین بێژین، نەیتوانیوە گوتار دابڕێژێ. ئینجا لە ناوەندی رۆشنبیرییشدا کەمتر دانی پێدانراوە و بۆچوونەکانی بەهەند وەرنەگیراوە، تا ئەو کاتەی زمانە ڕۆشنبیرییەکەی لەخۆ نەگرتووە و ئەوەی بەرهەمی هێناوە، لەنێو ئەو چەمکانەدا جێی نەکردۆتەوە کە ئەوان پێی ئاشنان.

لەوانە گرنگتر ئەوەیە کۆی گرۆی ئەکادیمییان، وەک گرۆیەکی بێ ناسنامە ماونەتەوە و کەمتر توانیویانە

پڕ بە پێستی ناوەکەیان بن. ئەگەریش بە دەنگ هاتوون، ئەوا پتر بەدەنگهاتنێکی میدیایی دەبێ و زۆرتریش لە خولگەی گوتارێکی سادەوە دەخولێنەوە. وتارێک، زۆرجار، شەقامییانە مژارەکان بەرجەستە دەکاتەوە، شەقامێک کە بڕیارە پێشینەکان و هەڵوێستی ڕۆژ و پرۆسێسی کۆنترۆڵکارییانەی دەسەڵات (ئەوەی دەدوێت، جا هەر کەس یان گرۆیەک بێت و هەر پێگەیەکی هەبێت) دەیجوڵێنێ، نەک هزرکردنە مێتۆدییەکە. لە پشت دکتۆری قسەکەر، پسپۆڕی بواری قسەلەسەر کراو، هەست بە جیاوازیی بیر و لێکدانەوە و شرۆڤەکارییەکانی ناکەین، تەنانەت ئەو چەمک و دەستەواژانەی بەکاریشیان دەهێنێ سادەییان پێوە دیارە؛ سادەیی لەو مانایەی بە چەمکەکانی دەدا. زمانی ئاخاوتنیشی زمانێکی ساکارە و درک بەو قووڵایییە مەعریفییە ناکەی کە ئەکادیمیبوون دەیخوازێ. زۆرجار تەنانەت دەرەقەتی زمانە باوەکەی ناوەندی رۆشنبیریی کوردیش نایەت و دوو ڕستەی لەسەر یەک نییە. ئەرێ بۆ وایە؟ بۆ مرۆڤی ئەکادیمیمان ونە؟ ئەگەریش دەردەکەوێ بۆچی خۆی نانوێنێ، ئەوەندەی کەسی تر دەنوێنێ؛ ڕۆژنامەنووس، هەواڵخوێن، نووسەری نائەکادیمی،

بەرجەستەکاری گوتاری باو (بەتایبەت ڕۆشنبیری و سیاسی)؟

مرۆڤی ئەکادیمی، وەک چەمکێک، ئەو مرۆڤە دەناسێنێ، کە پسپۆرە لە بوارێکی زانستی و بەرهەمهێنی زانینە لە چوارچێوەی دیسپلینێکی دانپێنراوی نێو کایەی ئەکادیمی. پسپۆڕێتی و بەرهەمێک، کە کۆمەڵێک بەها و فۆرمی زانین و لێهاتوویی و توانای نواندن لە کەسەکەدا جێ دەکاتەوە و، لە ڕووی سۆسیۆلۆژیای مەعریفەوە، وەک ئەندامێکی سەر بە گرۆیەکی خودان کولتوور، دەری دەخات. بەو مانایەش بێ، پسپۆڕێتی و مۆدێلی زانستی بەرهەمهێنراو، کارەکتەری مرۆڤە ئەکادیمییەکە ڕەنگڕێژ دەکەن. ئیدی وەک کۆیەکی خودان فرە لق و پۆپ، دەردەکەون.

ئێمە لەم کورتە وتارەدا، باس لە هەموو مرۆڤێکی ئەکادیمی ناکەین، لەوانەشیان نادوێین سەر بە دیسپلینە زانستییە پەتییەکانن. بەڵکوو پتر مەبەستمان ئەو مۆدێلەیانە، کە لە کایە و دیسپلینە مرۆڤایەتییەکانەوە کاردەکەن؛ وەک دەزانین ئەوانەی لە بواری زانستە مرۆڤایەتییەکان

کاردەکەن، ئەوانەن میتۆدییانە ئیش لەسەر دەق دەکەن، وەک سەرچاوەی حەقیقەتی دەبینن. جا ئەو دەقە پەیوەست بێ بە ڕابردووەوە یان هەنووکە، بەڵگەنامەیەکی فەرمی بێت، یان قەسیدەیەک. یاداشتێک بێ یان ڕۆمانێک.

ئەمانە لەنێو دەزگا زانستیی و ئەکادیمییەکانی ئێمەدان و پێیان دەڵێین مامۆستای زانکۆ، توێژەر...هتد. بەڵام زۆربەی جار لەو جووڵە سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئایینی، تەنانەت فەرهەنگییانەی لە فەزای گشتی هەن، دەرناکەون یان بێدەنگن. خۆ ئەگەر لە ئاستە گلۆباڵەکەوە و لە ئێستای دونیای ئەکادیمییەوە، چاو ببڕینە ڕەوشی سۆسیۆمەعریفیی پسپۆڕانی بواری مرۆڤایەتی، دەبینین بڕێکی باشی ئەو هەژموون و دەسەڵاتە هزرییەی چەند سەدەیەکە هەیانبووە، لەدەستیان داوە. پێشڤەچوونی ڕەهای زانستە سروشتییەکان، ئەو متمانەیەی پێشووتر فەیلەسووف، مێژوونووس، ئاییناس، ئەدەبناس و زمانەوان، کولتوورناس...هتد، لە فەزای گشتیدا هەیبووە، کەم بووەتەوە. تەنانەت بە بەراورد لەگەڵ ئەکادیمیانی پسپۆڕ لە هێندێک کایەی زانستە کۆمەڵایەتییەکان (Kagan, 2009)

(سایکۆلۆژیا و چەند لقێکی سۆسیۆلۆژیا) کەمتر کاران. ئەم وەرچەرخانە و کەمبوونەوەی پێگە، لەو تێگە ڕووکەشییەوە دێت، کە چیدی فەیلەسووفان، مێژونووس و مرۆڤناس و هاوشێوەکانیان، ناتوانن لە ڕوونکردنەوەی ڕوانگەمان بۆ سروشتی مرۆڤ و ئالۆسکاوییەکانی کۆمەڵگەی مرۆیییەوە، بەشدار ببن. ئەمە تێگەیەکە، دەرئەنجامی هوروژمی ئەو شەپۆلانەیە، کە کایەی لێکۆڵینەوە مرۆڤایەتییەکانی خستە بەردەم قەیرانی مێتۆدی و هزریی خۆناساندنەوە؛ شەپۆلی فێمینیستی، پۆستکۆلۆنیاڵی و هاوشێوەکانیان. ئەمە سەرباری ئەو پێداچوونەوە هزرییانەی کۆی کایەی زانستی – ئەکادیمی گرتەوە، لە نیتشەوە بگرە تا فوکۆ و جێگرەوەکانیان. ئەوانەی حەقیقەتیان وەک سەنگی نێو کایەکان و چەمکی بنەڕەتی ئیشی پسپۆڕەکان، لەو سەنتەرێتییەی پێی درابووە خست و تیمەی ئەو حەکایەتە گەورانەی لەبارەیەوە دەگێڕدرانەوە، هەڵوەشاندەوە.

جیرۆمی کاگان3 (2009)، لە خوێندنەوەی بۆ ڕەوشی هەنووکەییانەی زانستە مرۆیییەکان، چوار

---

3 Jerome Kagan

فاکتەری دیاری کردووە، وەک هۆکاری بنەڕەتی لەوەی، ئەم کایە زانستییانە "متمانە" لەدەست بدەن. **یەکەمیان؛** کاڵبوونەوەی ئەو پێوەرانەی وا لە مرۆڤێک دەکات وەک ئەندامێکی نێو دامەزراوە ئەکادیمییەکان خۆی بنوێنێ. پێشووتر، کۆمەڵێک پێوەر، پێگەیەکی سۆسیۆکولتووریی باڵای بەم چەشنە کارەکتەرە بەخشیبوو، کە چیدی لە ئێستادا دانی پێدا نانرێت و نەیماوە. **دووەمیان؛** بچووکبوونەوەی جیهانبینی و کوشتنی خەیاڵ، دیارە مەبەستی بە فۆرمە کۆنە دەقگرتووەکەیەتی، لەسەر دەستی تەکنۆلۆژیاوە. کاگان نموونە بە ڤێرجینیا وۆڵف4 دەهێنێتەوە، کە لە ساڵی ١٩٢٢دا زۆر بە کەم لە سینەمای ڕوانیوە و وەک ژانرێکی لاوازیی هونەری چاوی لێ کردووە. کەچی ئەوەندەی خەڵکی تەماشای فیلمی "خاتوو دالاوای"5یان کرد، کە لە ڕۆمانەکەی ئەو بە هەمان ناو وەرگیرابوو، ئەوەندە ڕۆمانەکەیان نەخوێندۆتەوە. هەر ئەمەش بووە، وای لە دەزگایەکی گەورەی ئەکادیمی وەک هارڤەرد کرد، پرۆگرامێکی تایبەتی دکتۆرا، لە بواری

4 Virginia Woolf
5 Mrs Dalloway

"لێکۆڵینەوەی فیلم"، لە ساڵی ٢٠٠٨ەوە بکاتەوە. **سێیەمین** فاکتەریش لەدەستدانی سیحری پیشەگەربوونە لەم پسپۆڕییە ئەکادیمییانە. تا ئاستێک وای لێ هاتووە بڕێک لەوانەی سەر بە ڕەوتی هزریی پۆستمۆدێرنەن ڕایدەگەیەنن – بۆ نموونە –هەر مرۆڤێک بخوازێ، دەتوانێ مێژوو بنووسێتەوە. بەڵام هەمان ئەو مرۆڤە پێویستی بە خوێندن و ڕاهێنانی باشی زانستییە، بۆ ئەوەی لە بواری فیزیکدا کار بکات. **دوا خاڵیش**، بڕینی مەرزەکانی زانستە مرۆییەکانە لەلایەن پسپۆڕانی کایە زانستییەکانی دییەوە. بۆ نموونە، ئەو دەمەی زانایانی بواری زانستە سروشتییەکان، خۆیان خزاندە نێو بواری توێژینەوەی فەلسەفی و ئیشیان لەسەر هەمان بابەت و چەمک کرد، کە هی ئەم کایە بوون، پسپۆڕانی بوارەکەیان ناچار بەوە کردووە، لە لێکۆڵینەوە سروشتییەکان دوور بکەونەوە. بڕوانە؛ ئەگەر چەمکی 'سۆز' لەلای ئەرستۆ بریتی بووە لە درککردنی خوازراو و ئاگایانە، بە هەر گۆڕانێک لە هەستکردنی فیزیکی – جەستەییەوە، ئەوا لە کۆنتێکستی

زانستیی هاوچەرخدا، لای نیۆرۆلۆژیستێکی وەک ئەنتۆنیۆ داماسیۆ6، تەنیا حاڵەتێکە لە حاڵەتەکانی چالاکی مێشک.

لەدەستدانی پێگەیەی زانستە مرۆڤایەتییەکان، جیهانین. بەڵام شکستی لەناوبەر نین. بە پێچەوانەوە، وای لە تیۆریزەکارانی کردووە، هەر یەکەوە لە چوارچێوەی دیسپلینەکەی خۆیەوە، بەدوای ئاڕاستەی هزری و مێتۆدی نوێدا بن، بۆ خۆدۆزینەوە و خۆگونجان لەگەڵ ئێستادا؛ ئاوێتەکردنی دیسپلینەکان، لێکۆڵینەوەی کولتووری، مێژووی گلۆباڵ...هتد، برەویان سەندووە. بەڵام لەدەرەوەی ئەم وەهمە پێشینیانەی قۆرخکردنی حەقیقەت. ئەمەش لەوێ بوژانەوەیەکی بەم کایە زانستییانە داوە. لێرە هێشتا هیچ لە گۆڕێ نییە.

بە گەڕانەوە بۆ زەمینەی کوردی، تێبینی ئەوە دەکەین مێژووی مرۆڤی ئەکادیمی لەو زەمینەیەدا، مێژوویەکی ساکارە و ئاڵۆزییەکی ئەوتۆی تێدا نابینرێ کە ئەستەم بێ بتوانین تێیبگەین. **تەمەنی ئەکادیمیا لای ئێمە**

---

6 Antonio Damasio

**زۆر کورتە. لە بەشێکی زۆری ئەو تەمەنە کورتەشدا، ئەکادیمیا هی خۆمان نەبووە، بە مانای بەرجەستەکاری گرفتەکانی فەزای کوردی لەنێو دامەزراوەکەدا. بەڵکوو بەشێک بووە لە تێگەیشتنە کلاسیکییەکەی ڕۆژئاوا بۆ مرۆڤی ئەکادیمی، بەتایبەت پسپۆڕانی زانستە مرۆڤایەتییەکان**، وەک لەپێشدا ئاماژەمان بە هێندێک خەسڵەتی دا. ئەم تێگەیشتنە، لە پرۆسێسی بە دەزگاییکردنی دەوڵەتییانەی خوێندن و فێربوون لەو سیستەمە دەوڵەتییانەی کوردیان تێدا بووە، جێگەی کراوەتەوە. ئەمەش پرۆسێسێکی تەواو سەنتەرگیر و بە عەقڵییەتێکی تژی بە ئامرازی کۆنترۆڵکردن. کاتێکیش لە نەوەدەکانی سەدەی بیستەوە، ئەو دەزگایانە خۆماڵی دەکرێن و ژمارەیان زیاد دەکرێ – تاڕادەی گواستنەوەی لە دەزگایەکی پەیوەست بە شارەوە بۆ دەزگایەکی نزیک بە گوندەوە! – ئەستەم بووە بە ئاسانی لەو پاشخانەی لەسەری دامەزرابوو دەربازی ببێت؛ لەو سەنتەرگیریی و کۆنترۆڵکارییە دەربچێ و بتوانێ تەماهی لەگەڵ سیستەمە گلۆباڵەکەدا بکات. بۆیە کە بمانەوێ ئەو دەزگایانەی خۆمان بخوێنینەوە، هەرگیز ناتوانین، کەمترین بەراورد لەگەڵ

سیستەمە گلۆباڵەکەدا ساز بکەین، چونکە دەمێکە ئەو وێنەیەی دامەزراوەی ئەکادیمی ئێمە هەیەتی، لەوێدا نەماوە. بەڵام ئەگەر موکوڕ بین لەسەر دۆزینەوەی هاوشێوەی ئەم دەزگایانە، ئەوا دەشێ بگەڕێینەوە بۆ مێژوو، بۆ دەستپێکەکە: سەرەتاکانی ترادیسیۆنی ئەکادیمی، وەک چۆن لە سیستەمی خوێندنی ئەوروپاییدا دەرکەوتووە. بەتایبەت لەماوەی درێژی سەدەکانی ناوەڕاست بە قۆناغبەندییە ژاک لۆگۆفییەکەیەوە7، کە دەمی ڕێنیسانس تا دەستپێکی مۆدێرنەش لەخۆ دەگرێ. سەدەکانی ناوەڕاست؛ سەدەکانی زاڵبوونی مێنتاڵێتی باوەڕییانە و ناساندن و نواندنی کۆنترۆڵکاری وەک ئازادی و سەرخۆبوون.

## ٢

## پاشخانی مێژوویی دەزگای ئەکادیمی – نەریتی ئەوان و دۆگمای ئێمە

ئێمە دەزانین، کولتوورێکی مێژوویی کەڵەکەبوو هەیە لە کردەی پێداگۆگییانە، توێژینەوەسازی و بە

7 Jacques Le Goff

دەزگاییکردنی پرۆسێسی مەعریفەدا. ڕەنگە گەڕانەوە بۆ سەرەتاکانی سیستەمی زانکۆیی، لەوەدا سوودمان پێ بگەیەنێ، کە ئەو سەرەتایە بە ڕەگەزە بنەڕەتییەکانی بونیادی ئەو سیستەمەمان ئاشنا بکات. ئەمە لەلایەک، لەلایەکی ترەوە چەشنێک لە هاوشێوەیی لەنێوان ئەو سەرەتا مێژووییە و سیستەمە زانکۆییە کوردییەکەدا دەبینرێ، کە هێشتا لەنێو سەرەتای بووندا دەخولێتەوە و نەیتوانیوە لە نەریتەکانیدا، هاوئاستی سیستەمە زانکۆییە جیهانییەکە ببێتەوە. ئەوەشمان لە بیر نەچێ زۆر لە ئیشکالییەتەکانی مرۆڤی ئەمرۆ، ریشەکەی بۆ سەردەمی دەرکەوتنی زانکۆ و گەڵاڵەبوونی ناسنامەکەی دەگەڕێتەوە.

بە هەرحاڵ، وەک دەزانین، خەسڵەتی سەرەکی سەدەکانی ناوەڕاست لە ئەورووپا، لە ڕووی خوێندن و فێرکردندا، قۆرخکردنی ئەم کایانە بوو لەلایەن کڵێساوە. دەزگایەک، وەک ماکس ڤیبەر8 (١٩٩٠) دەمێکە وا وەسفی کردووە جەستەیەکی کەهەنوتی بووە، سەرمایەی ڕزگارکردنی مرۆڤی بۆ خۆی قۆرخ کردبوو. بە

8 Max Weber

دەستەواژەیەکی دی، توانیبووی ئەو باوەڕە لە زەینی مرۆڤەکان بسەپێنێ، ئیدی ڕێکخستنی ژیان و کاروبارەکانی تەنیا لە توانای ئەودایە. بۆیە هەر دەزگایەکی فێرکردن و بەرهەمهێنانی مەعریفە، ئەگەر هەبووە، ئەوا لەو ژینگەیەی بیرکردنەوەدا دروست دەبوو. مەحاڵیش بووە بتوانێ لە عەقڵییەتی دەزگا ئایینیەکە ڕزگاری ببێ (مینوا، ٢٠٠٥). ڕێک وەک ئەو ڕوانگەیەی لە زەمینەی ئێمەدا باوە و دەزگا بەرهەم و موڵکی عەقڵیەتی زاڵی دەسەڵاتێکە و لەوەوە ئاراستەی کارەکانی دیاری کراوە.

خۆ ئەو کات، سێ چەشنی دەزگای فێرکردن هەبووە: قوتابخانەی دێرەکان، قوتابخانەی شارەکان و زانکۆ. هەریەک لەمانە لە بەستێنێکی سۆسیۆلۆژی دیاریکراودا سەریان هەڵدابوو. دەرکەوتنی زانکۆ دوابەدوای ئەو شێوە ڕێنیسانسەوە بوو، کە ئەوروپای سەدەی دوانزە بەخۆیەوە بینی؛ کۆمەڵێک نەگۆڕی کۆمەڵایەتی و ئابووری جووڵان، کە وادەهاتنە بەرچاو لەسەرووی هەر گۆڕانێکەوە بن: شکانی شکۆی فیوداڵیزم لە هەمبەر بە سیستەمە پادشاییە گەنجەکان، لەدایکبوونی شار، کۆچکردنی

ژمارەیەکی زۆری نەداری گوند بۆ شار، شەڕی خاچییەکان، کرانەوە بەسەر زانست و زانینی ئیسلامی و سەرەتاکانی دەرکەوتنەوە و ئاشنابوونەوە بە مەعریفەی سەردەمانی کلاسیک (فەلسەفە، ئەندازە، یاسای ڕۆمانی، ماتماتیک...تادوایی). هەموو ئەمە شۆکێک بوو بۆ دەزگاکە؛ کڵێسای قۆرخکاری بەرهەمهێنی مەعریفە. قوتابخانە ئایینییەکان، نەیاندەتوانی کایە زانستییە نوێییەکان لەخۆ بگرن، تەنانەت ستراتیژییەتی کاری ئەوان لەبری داهێنان، چۆنیەتیی ڕەتکردنەوە و پوچەڵ کردنەوەی هەر زانستێکی ناخوداییانە بووە. زانستگەلێک دەشێ لە کۆنتێکستێکی ژیارییانەی جیاوازدا دەرکەوتبێ. لێرەوە دەگوترێ (Haskins, 1957)، کڵێسا وای بە باش زانیوە دەزگای دی زانستی بکاتەوە، کە زانکۆ بوو. ئەمەش نەک بۆ فراوانکردنی سنوورەکانی زانین، بەڵکوو بە مەبەستی داخستنی ئەم سنوورانە و تۆکمەکردنیان لەبەردەم هەر پێشڤەچوونێکی زانستییانە. واتا بە مەبەستی کۆنترۆڵکردنی زانستەکان و برەوپێدانی ئەم ستراتیژییەتە. کڵێسا دەیویست زانکۆ چوارچێوەیەکی تۆکمە بێ بۆ کۆنترۆڵکاری. ئیتر زۆرترین ئیمتیازی بە نزیکەی ئەو

هەشتا زانکۆیە داوە، کە لەو قۆناغەدا، لە بەشی زۆری ئەوروپادا دامەزرابوون.

ڕەنگە ئەو پرسیارە بکرێ، ئاخۆ دەبێ لە فەزایەکی ئاوادا مرۆڤەکانی نێو زانکۆ، ستافی ئەکادیمی، چەندە ئازاد بووبن لە کردار و بیرکردنەوە و دواجار بەرهەمهێنانی زانستیدا؟ چەندە توانیویانە ئاڕاستە بگۆڕن و کاراییيەک بنوێنن لەدەرەوەی هەر میکانیکایەکی پێداگۆگیی باودا بووبێ؟ کێشەی هەرە بنەڕەتی خوێندن، لە زانکۆی ئاوا کۆنترۆڵکراودا، لەوەدا بوو کە قەناعەتێکی گشتی هەبوو، زانستەکان چەسپاون و گەیشتوونەتە خاڵی کۆتایی. ئەستەمە مرۆڤەکان، چەندە تێگەیشتوو بن، بتوانن سنوورەکانیان ببەزێنین، ئەمەش لەوەوە دەهات هیچ باوەڕێک بە پێشکەوتنی زانستی، جیا لەوەی تیۆلۆژیا دیاری کردبوو، نەبوو. باوەڕی هەرە باڵا ئەوەبوو ئەقڵ دەبێ لە خزمەتی حەقیقەتی ئایینییەوە بێ. بۆیە ئیشی مامۆستا و فێرخوازیش جەختکردنەوە بوو لەسەر ئەم حەقیقەتە ڕەها پیرۆزکراوە. حەقیقەتێکی زانراو، کە ئەوەندە دەگوتراوە و دووبارە کرابووەوە، ببووە بەشێک لە سیستەمی

باوەڕداری. هەر هەوڵێک بۆ دەستکاری یان تێپەڕاندنی، چەشنێک بووە لە کوفر و جۆرێک بووە لە گومڕایی.

بەگوێرەی ئەم حەکایەتە بێ؛ لە فەزایەکی ئاوادا، بابەتی بیرلێنەکراوە زۆر زیاتر دەبێ لە بیرلێکراو. ئیدی ئاسایی بوو مرۆڤەکانی ئەوێ، تواناکانی خۆیان لەمانەدا چڕ بکەنەوە: سەلماندنی گوتراوەکان، شرۆڤەکردنی، جەختکردنەوە لەسەر گوتراو، ستایشکردنی بەردەوامی پێشین، بەتایبەت لە بواری تیۆلۆجیا و میتافیزیکەوە. خۆ کەمی سەرچاوە زانستییەکانیش یانیش یاساخبوونی بەشێکی ئەوانەی هەبوون، وێنایەکی بۆ مامۆستا دروست کردبوو، تا ئێستا لە یادەوەریی کولتووریینانەی ئێمەدا ماوەتەوە و لە ئاڕاستەکردنی پەیوەندیی نێوان مامۆستا و فێرخوازەوە، زوو زوو دەردەکەوێ. ئەویش بریتییە لەوەی حەقیقەت تەنیا لای ئەوی مامۆستایە و هەر ئەوە هەڵگری گوتارەکان و تاکە سەرچاوەیە بۆ هەر شتێک کە فێرخواز بیەوێ فێری ببێ. چاودێری هەر زانستێکی تر دەکرا کەسێک بیویستایە لە دەرەوەی زانکۆوە شتێکی لێ بزانێ. نەک هەر ئەمە، تەنانەت چاودێری جوڵە و بزاوتی

جەستەش دەکرا و دەبوا ڕێک لە سنوورە بەرزەفتکراوەدا بمێنێتەوە و بە موو لێی دەرنەچێت. یەکێک لە پیاوە ئایینییەکانی ئەوکات، کاتێک دێتە سەر باسی چاکەکانی زانکۆ و ڕایدەگەیەنێت ژیانی مرۆڤەکان لەو فەوزایەی تێیدایە بۆ جۆرێک لە دیسپلین و چەشنێک لە گوێڕایەڵی دەگوازێتەوە. زانکۆ وا لە تاکەکان دەکات پابەند بن (Haskins, 1957).

لەوێدا ئەوە دەگوترا، کە سەرەتای هەموو حیکمەتێک گوێڕایەڵییە بۆ کڵێسا و ئەو مامۆستایانەی فەلسەفە پێداگۆژییەکەی پەیڕەو دەکەن. هەرچی بابەتەکانی خوێندن و بیرکردنەوەن، ئەوە حیکمەتی پلە دوون.

لێرەوە دەگەڕێینەوە سەر کارەکتەری هەرە دیاری نێو دەزگای ئەکادیمی؛ مامۆستاکان. ئەوانەی سەرپەرشتی دەزگاکە دەکەن. ئەوانەی زانستکارن. هەر لە دەسپێکەوە، دەزگای کڵێسایی جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە، دەبێ پیاوەکانی ئەو لە زانکۆدا مامۆستا بن. ئەوانە باڵاترین پلەی

ئایینیان لەنێو کڵێسادا هەبووە؛ تۆمای ئەکوینی9 و ئەلبێرتی مەزن10 و سانت بۆناڤنتۆرا11، لەوانە بوون (مینوا، ٢٠٠٥). ئەوکاتە سەردەمی زێڕینی باڵادەستی و هەژموونی مامۆستا بووە، بەسەر زانکۆوە. زانکۆ کۆمەڵگەی مامۆستایان بوو و فێرخواز میوانێکی نەویستراو و نەخوازراو بووە؛ یان لە باشترین حاڵەتدا شاگردێک بووە بۆ هاوکاری و پاڵپشتیکردنی مامۆستاکانی. کاری مامۆستاش، تا ئەوکاتەی حەقیقەت ڕەهایە، شرۆڤەکردن بووە. گەورەترین و ناودارترین مامۆستای نێو دەزگای ئەکادیمی، گەورە شرۆڤەکارەکان بوون.

لەگەڵ ئەوەشدا، ئیشکردن لەسەر فیکر، ڕێگەی بەوە داوە کەسانێک دەربکەون، لە دەرەوەی نەریتە باوەکان بن. تەنانەت کڵێساش نەتوانێ کۆنترۆڵیان بکات. ئەوان لە دەرەوەی سنوورەکانی کڵێسا بیریان کردووەتەوە و پێیان وابووە مەعریفە لە دەرەوەی هەموو چەشنە قۆرخکردنێکە.

---

9 Thomas Aquinas. ST

10 Albertus Magnus

11 Saint Bonaventure

ڕەنگە بەناوبانگترین کەسێکیش پییێر ئەبیلاری**12** دامەزرێنەری زانکۆی پاریس بێت. ئەو کەسەی توانی فێرخواز لە خۆی کۆ بکاتەوە، نەک بیانکاتە مێگەلێکی گوێڕایەڵی کڵێسا. ڕوانگە گومانکارییانەکەی، تەنانەت لە هەندێ مەسەلەی تیۆلۆجییانەشدا، بەو ئاڕاستەیەی برد، کە پێی وابێت دەبێ عەقڵ لە پێش باوەڕهێنانەوە بێت. میتۆدی وانەگوتنەوە و گەیاندنی مەعریفەی لە تەلقینکارییەوە گۆڕی بۆ داڕشتنی پرسیار. دواجار ئەبیلار لە ناوچوو و ڕێبازی وانەوتنەوەی کڵێسایی بە ڕەوا زانرا.

هەر ئەمە وایکردووە، کە جۆرە چەقبەستنێک بە تەواوی هزری ئەوکاتەوە دیار بێ. باشترین مامۆستاکان، ئەوانە بن کە زۆرترین پابەندییان بە سنووورە داڕێژراوەکان هەبووە. ئەوە مەسەلەیەک بووە، بڕێک لە کەسانی ئەوکاتیش درکیان پێ کردووە. جۆنی سالسبری13 دوانزە ساڵ پاریسی جێهێشت. ئەگەر گەڕایەوە بینی هەمان ئەو

---

12 Pierre Abélard

13 John of Salisbury

گفتوگۆ و مشتومڕە زانستییانە لە ئارادابوون، کە بەر لە سەفەرکردنی هەبوون.

ئەو مێژووە لە زۆر لە جومگەکانیدا، بۆ هەر کەسێک ئەزموونێکی لەنێو دەزگای ئەکادیمیی خۆماندا هەبێ، نامۆ نییە و واتێدەگات باس لە ئێستای ئەو دەکەی لە سەرووی زەمەنەوە. ڕەنگە بۆ کارایەکی ئەکادیمیی ئەورووپایی خۆدۆزینەوەی لەنێو ئەم ئەزموونە مێژووییە ئەستەم بێ، تا بتوانێت ستراتیژییەتی ئیشکردنی نەبینراوی زانکۆ لەسەر داڕشتنی هزری خۆی ببینێتەوە. بەڵام بۆ ئێمەمانان بینینەوەی ئەم چەشنە کارە زۆر سانایە و کاتێکی زۆر ناخوازێ تا درکی پێ دەکەین. هەمان کۆنتڕۆڵکاری، کۆمەڵێک سنووری سیاسی و کۆمەڵایەتی بۆ ڕوانین و ئاراستەکردنی بیرکردنەوە، پیرۆزکردنی دەقە سواوەکان، خۆپیرۆزکردنی مامۆستا، بە میکانیک بوونی پرۆسێسی دروستکردنی مرۆڤی ئەکادیمی و شارەزا لە بوارە زانستییەکان و...تادوایی.

## ٣

## مرۆڤی ئەکادیمی و تەماهیکردن لەگەڵ وێنای ڕۆشنبیر

بۆ ئەوەی بزانین بۆچی لە زەمینەی ئێمەدا مرۆڤی ئەکادیمی هەمان ئەو خەسڵەتە مێژووکردانەی پاراستووە، لەوەش گرنگتر بۆ لەبەردەم ئێستای بە بابەتبوونماندا بە نەبینراوی دەمێنێتەوە. پێموایە وا پێویست دەکات لە سۆسیۆلۆژیای ڕۆشنبیری کورد و لەو شێوە گوتارە بگەین، کە لە پانتاییە مرۆیی – میدیاییەکەدا بەرهەمی هێناوە و وەک تاکە مۆدێلی باو و ویستراو سەپاندویەتی.

گوتاری باوی ڕۆشنبیریی ئێمە لەوە تێگەیشتووە، ئەو فۆرمەی بیرکردنەوە کە ڕووکەشییە و بڕیاردانی تێدایە (بەتایبەت بڕیاری پێشینە)، کاریگەریی زۆر زیاترە لە هەر بیرکردنەوەیەکی پەتی و سیستەماتیک و مێتۆدییانە، کە بابەتی قسە لەسەرکراو بە کراوەیی بەجێدەهێڵن. ڕۆشنبیرانی سەر بەم گوتارە – لەگەڵیشیاندا مرۆڤە ئەکادیمییە بێ ناسنامە زانستییەکان – لەو باوەڕەدان بیرکردنەوەی ڕووکەشی و بڕیاردەر، ڕێگەی ئەوەی پێدەدا

لە ناوەندی کۆمەڵایەتی و لە تێگەیشتنی کارپێکراوی نێو کایەی سیاسییدا (بێ جیاوازیی نێوان بکەرەکانی ئەم کایەیە)، وەک دەستەبژێری باوی ڕۆشنبیر خۆی بنوێنێ. چونکە ئەو پەرچەکردارەی لە "بڕیاردان"دا دێتە ئارا، هاوشێوەی ئەوەیان دەبێ کە لە زەمینەی کۆمەڵایەتی ناجێگیر و خودان ناسنامەی ناڕوونی سیاسی بوونی هەیە.

بۆ سەپاندنی فۆرمە پەیڕەوکراوەکەی بیرکردنەوە "ڕۆشنبیر – ئەکادیمی" بەردەوام گشتگیرانە دەدوێ؛ بۆ نموونە دیاردە لۆکاڵییەکان لە دوتوێی چەمک و دەستەواژەی گشتییەوە بخوێنێتەوە ( تەماشای سەرەدەرییەکانی بکە لەگەڵ دیموکراتیزەکردن، گەندەڵی، نەیار، دەسەڵات، هەرێم، حزبی کوردی، ئۆپۆزسیۆن، ژن، ئایین، ستەمکاری و...هتد). بەمەش ئەم تەرزەی ڕۆشنبیر، لەڕووی سۆسیۆلۆژییەوە، ناسنامەیەکی گرۆییانە دروست ناکات، ئەوەندە لەگەڵ هەنووکەی "بەردەنگ"ی گوتارەکەیدا خۆی دەگونجێنێ و بە گوێی دەکات. بەدەستەواژەیەکی تر تەماهی لەگەڵ ئەو تێگەیشتنەدا دەکات، کە لە ئاستە کۆمەڵایەتییەکەدا بوونی هەیە. ئەوە نەبێ، ئەو لەڕێگای

گەمەی زمانەوانی و شارەزابوون لە بە سیستەماتیک نیشاندانی بۆچوونەکان – بێگومان لەمەشدا گشتگیربوون هاوکاری زۆری دەکات – ئەم دیاردانە لەنێو گوتارەکەی خۆیدا بەرهەم دەهێنێتەوە و بە ئاسانی سنووری قەبوڵکردنی بڕیارەکانی لەبارەیانەوە فراوان دەکات.

مرۆڤی ئەکادیمیی ئێمە، بە پشت بەستن بە گشتگیرکردنەوەی دیاردەکان دەخوێنێتەوە و خۆی دوور خستووەتەوە لەوەی میتۆدییانە لێیان بدوێ و ئامانجی ئەوە نەبووە تیۆریزەیان بکات. چونکە بەمە ستانداردە ئەکادیمییە کلاسیکییەکان، کە کەسێتییە زانستییەکەی لەسەر بونیادنراوە، تێدەپەڕێنێت؛ میتۆدگەرایی، دیاریکردنی تێز و سەنتێز، گرفت و چارەسەر و ئەنجامگیری و...تادوایی. ڕێک ئەمەیە کاری ئەو و لەنێویدا میکانیکییانە کوڵاوە، با بەرهەمی ئەم کوڵینەش، کەمترین جێکەوتی هەبێ. کاتێکیش ئەنجامی نادات، ئیدی گوتاری ئەو لەمەڕ کێشە هەنووکەییەکان ئاوا دەردەکەوێ، کە لە ڕاگەیاندنەکاندا دەیبینین: "بەکاردەبردرێت" و نازناوی شارەزا و پسپۆڕ دەخرێتە پاڵ ناوەکەی. بەمەش لە تێگەیشتنی باودا مەرج

نابێ ئەم مرۆڤە وەک توێژەری زانستی بناسێنرێ، تەنانەت زۆر گرنگیش نابێ ئەوەی دەیڵێ پشت بە ریفرێنس ببەستێ و ستاتیک و شیکاری وردی داتاکان و دۆکیومێنتەکان و شرۆڤەکردنیان بێ. لەسەرووی هەموو ئەمانەشەوە مەرج نییە بیرکەرەوە بێ، تەنیا مەرجی قسەکەري گرنگە؛ ئەو شتانە بڵێت، کە باون و زانراون. ئەمە گوتارێکە گفتوگۆی عامی– میدیاییانە، چۆنیەتیی گەڵاڵەبوون ئاڕاستەکانی دیاری کردووە. ئەو وێنەیەک دەبێ بۆ چوارچێوەیەکی دیاریکراو؛ مرۆڤێکە لە ناوەڕۆک میدیایی و بە بەرگ ئەکادیمیست، ڕۆژنامەنووس، ستون نووس و ...تادوایی. تا وای لێهاتووە – لە فەزای گشتیدا – بەدەگمەن گوێگر و خوێنەری ئەم تەرزە مرۆڤە دەزانن پسپۆڕیی دروستیان لە چ بوارێکدا هەیە و کەمتریش کەسانێک دەبینی کاری "زانستی – ئەکادیمی"ی ئەوانی خوێندبێتەوە.

کاتێک مرۆڤی ئەکادیمی بەو وێنەیە ڕازی دەبێ کە بۆی دەکێشرێ، ڕاستەوخۆ دەست لە ناسنامەی هەڵدەگرێ و ئەو ناسنامەیە قەبوڵ دەکات کە لە پانتاییی ئێمەدا بۆ مۆدێلی "مرۆڤی ڕۆشنبیر" چێ کراوە. بەڵام لەوێدا ناتوانێ

ڕووبەڕووی ڕۆشنبیر ببێتەوە؛ کە ئەو خۆی ئەو فەزایەی بیرکردنەوە و خستنەڕووی بابەتی داڕشتووە و چەمک و دەستەواژەکانی – لە پەیوەندییەکی دیار و نادیار بە دەسەڵاتەوە – داهێناوە و بە جۆرێک کۆنترۆڵی کردوون، کە بە سانایی دەتوانێ هەر گەمەیەکیان پێ بکات خۆی و پەیوەندییەکە دەیخوازێ. بۆیە مرۆڤی ئەکادیمی ناسنامەیەکی شێواوی دەبێ و ناتوانێ بەقەد "مرۆڤی رۆشنبیر" بەردەوامی بە کارایی خۆی بدات و کارەکتەر بێت. تەنیا ئەو کاتە نەبێ، کە تا بۆی بکرێ، خۆی لە ئەکادیمیبوون دادەماڵێ و هەمان سیستەمی داڕشتن و گوزارە بەکار دەهێنێ و خۆی وەک مۆدێلی باوی رۆشنبیر، پێ قەبوڵ دەبێ.

مرۆڤی ئەکادیمی ئاوا دەکات، بۆ ئەوەی لەنێو فەزای کوردیدا وەک مرۆڤی کارا ببینرێ. ئاوا، نەک هەر گشتگیرانە دەدوێ، بەڵکوو خۆشی گشتگیر دەکاتەوە و ڕێگە بە هەموو کەسێک دەدات – بەبێ هیچ پێوەرێک و ئەتەکێتێکی ئەکادیمی و زانستی – بیر لە ئەکادیمیبوون بکەنەوە؛ وەک پایەیەکی کۆمەڵایەتی، وەک فۆرمێکی دەسەڵاتدارێتی، وەک

مۆدێلێکی ویستراوی کۆمەڵگەی سیاسی. ئیدی بکەرەکانی نێو ئەم کۆمەڵگەیە، تەواوی ئەندامانی حزبەکان، دەخوازن بەرگی ئەم جۆرەی مرۆڤ بپۆشن (بڕوانە ڕێژەی ئەو کەسایەتییە سیاسییانەی لە دوای ڕاپەڕین تا ئێستا هاتنە نێو دامەزراوە ئەکادیمییەکان و بوونەتە هەڵگری بڕوانامەی باڵا). مرۆڤە ئەکادێمییە ناسیاسییەکانیش، بە ئاسانی دەتوانن لە بازاڕی کاری سیاسیدا، پلەوپایەی باڵایان دەست بکەوێ (تەماشای هەڵگرانی بڕوانامەی ئەکادیمیی باڵا، لەنێو تەواوی لیستە پەرلەمانییەکانی ئەم چەند خولەی دواییی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان بکە). لەو پرۆسەیەشدا، مرۆڤی ئەکادیمی وەک توێژەرێک پێویست نییە و توانا زانستییەکانی هیچ دەرناکەوێ. ئەم توانایانە نە بۆ خۆی و نە بۆ بەکاربەرەکەشی بابەت نین. بەڵکوو وەک یەکەیەکی خۆنواندنی ڕەوتە سیاسییەکان دەمێنێتەوە، نەک هیچی دی. ژمارەیەک، ناوێکی بێ ناوەڕۆک لە لیژنەی ئەوتۆ دادەنرێ و کاری ئەوتۆی پێ دەسپێرن، کە پەیوەندی بە پسپۆڕییە زانستییەکەی ئاسمان و ڕێسمانە ( بۆ نموونە – هیوادارم نموونەکەم دروست ئاوا نەبێ و کەسێکی ئاوامان نەبووبێ– پسپۆڕ بێ لە ئەدەبی کلاسیکی کوردی و بکرێتە

ئەندامی لێژنەی چاودێریی یەکەکانی نیشتەجێکردن، یان نەوت و غاز)!!

## ٤

## بەربەستەکانی بەردەم دەربازبوون لە وەهم

دەبێ چ شتێک بێ مرۆڤی ئەکادیمی لە مرۆڤێکی تری قسەکەر لەناو کۆمەڵگەی ئێمە جیابکاتەوە؟ چ شتێک، لەو کارا کۆمەڵایەتییەی پێی دەگوترێ توێژی ڕۆشنبیرانی کورد جودای بکاتەوە؟ بەکورتی وەک کەسانی پسپۆڕیش گوتوویانە، جیاوازی مرۆڤی ئەکادێمی لەگەڵ ئەواني تر ئەوەیە: ئەوان سەرەدەری لەگەڵ جووڵە و بزاوتی ڕووکەشییانەی بابەت و دیاردەکان دەکەن. کەچی ئەو مێتۆدییانە– لەمیانەی خوێندنەوەی بزاوتی بونیادە قووڵەکانەوە- دەخوازێ حەقیقەتی ئەم بابەت و دیاردانە بدۆزێتەوە و شرۆڤەیان بکات. ئەمە ئەو ڕووەی مرۆڤی ئەکادێمییە لەزەمینەی ئێمەدا کە تاڕادەیەکی زۆر نەبینراوە. توێژینەوەی زانستی، وەک بەرهەمی پیشەکەی ئەم چەشنە

مرۆڤە، نە ڕاپۆرتە و نە وتار و نە ستوونێکی ڕۆژنامە. هەڵوێست وەرگرتن یان پێداهەڵدانیش نییە. خۆ پەیوەندیشی بە گەورەکردن و بچووکردنەوە و بە شانوباڵ هەڵداگوتن و بێبەهاکردنیش نییە، وەک لە بەستێنی گوتاری ڕۆشنبیریی ئێمەدا باوە. لە هەمووشی گرنگتر، بەرهەمی مرۆڤی ئەکادیمی، زمانی خۆی هەیە و پشت ڕاستە بە بنەما ئێتیکییەکانی ڤەکۆڵین.

توێژینەوەی زانستی، ئەگەر بخوازین لە سنووری پێناسەیەکی فەرهەنگییانە بمێنینەوە، بریتییە لە لێکۆڵینەوە و ئەزموونکاری بۆ گەیشتن بە کۆمەڵێک فاکتەوە، یان پێداچوونەوە بەوەی بە حەقیقەت زانراوە بە مەبەستی فراوانکردنی تێگە و دەوڵەمەندکردنی خەزێنەی مەعریفی (تیۆری و پراکتیکی) جڤاک لەبارەی بابەتی لێکۆڵراوەوە: دۆزینەوەی حەقیقەت! داهێنان و بیردۆز، تیۆریزەکردن، پێداچوونەوە بە تیۆری و یاسا و ڕێسا قەبوڵکراوەکان، بەپێی تێگەیشتنی نوێ و خوێندنەوەی ئەزموونی ئەم تیۆری و یاسایانە لە بواری کردەکی و دیاریکردنی خەوش و کەموکوڕییەکانی. کەواتە چالاکییەکی زانستی

سیستەماتیکە، شێوازێکی بیرکردنەوە و گەڕانی وردە و بەرنامەی بۆ داڕێژراوە. ئەمە پێناسەیەکی تابڵێی سادەی توێژینەوەی بەرهەمهاتووە لەسەر دەستی مرۆڤی ئەکادیمی. نامەوێ بچمە نێو ئەو بوارانەی دی پەیوەست بەم مەسەلەیە، وەک پێگەی عەقڵ لە توێژینەوە و مەبەست لە میتۆدی بابەتگەرایی و شێوازی زانستییانە خستنەڕووی بابەت و چیەتیی چەمکی حەقیقەت و...تادوایی. چونکە لە بابەتی بنەڕەتیمان دوور دەخاتەوە، کە بریتییە لە بینینەوەی سۆسیۆلۆگییانەی ئەو ڕەهەندەی کاری مرۆڤی ئەکادیمیی ئێمە، کە توێژینەوەیە.

ئەم کایەیە، لای ئێمە، سێ بەربەستی لەبەردەمە، یەکێکیان قەوارەی دامەزراوەی ئەکادیمی خۆی و تێگەیشتنیەتی بۆ بەرهەمی زانستی. ئەوەي تر: توانای مرۆڤی ئەکادیمی ئێمە بۆ توێژینەوە و ئاستی ئێپستمۆلۆژییانەی کارەکەی. سێیەمیش قەیرانی بەهاکانە لەم توێژینەوەسازییەدا.

## قەوارەی دامەزراوە

پێشتر، لە بەشی یەکەم ئەو بۆچوونەمان دەربڕی، کە دامەزراوەی ئەکادیمیی ئێمە هەر لە دەستپێکییەوە، توێژەری خستۆتە ژێر باری سیستەمی پەیوەندییەکانی خۆیەوە (توێژەر و دەزگا، توێژەر و وانەبێژی پسپۆڕ، توێژەر و سەرپەرشتیار، توێژەر و بنەما دۆگماکانی مێتۆدۆلۆژیای لێکۆڵینەوە). ئەو پەیوەندییانەش، لە سادەترین هەڵسەنگاندندا دەردەکەوێ، ڕێگە بە سەرهەڵدانی "تاکگەرایی ئەکادیمی" نادات. ئەگەر وا ئەو فۆرمەی تاکگەرایی بناسێنین، مەبەست لە دروستکردنی توێژەری ئەکادیمی، کاری تیۆریی و بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەیە لە چوارچێوەیەکی سیستەماتیکانەوە. ئەمە ئەوەیە بوار دەڕەخسێنێت ئەم توێژەرە، کەسێتیی زانستی سەربەخۆی هەبێت. چاوەڕێی ئەوەی لێبکرێت، جیاواز لە هاوپسپۆڕییەکانی، تەنانەت لەو دیسپلینەی لەنێویدایە، بدوێت و تیمە و سووژە و پرسیارەکانی دابڕێژێت. کەچی ئەوەی لەو دەزگایانەدا تێبینی دەکرێت، جەختکردنەوە بووە لەسەر **"هاوشێوەیی ئەکادیمی** – Academic

Conformity"ی توێژەران لە بوارە پسپۆڕییە هاوشێوەکاندا. لەم بەستێنە کارگێڕیی – ئەکادیمییە، سەرکەوتنی توێژەر لەوەدا نابینرێت چەندە لە بوارەکەی خۆیدا جیاوازیی مەعریفی زێدە دەکات یان پرسی نوێ دەوروژێنێت، بەڵکوو لە توانای ئەو بۆ نزیک بوونە لە مۆدێلە باوەکە و بەرجەستەکردنی ئەم مۆدێلە لە خۆیدا. بە تێپەڕبوونی کات لێکچوون خۆی دەبێتە ئاماژە بۆ ڕاستی و دروستی ئەکادیمیبوون، وەک ئەوەی بەهای زانستی کارێکتەرەکان لە توانای جودابوون و نوێبوونەوەدا نەبینرێت، ئەوەندەی لە پابەندبوون بێت بەو مەرزانەی پێشتر دەزگاکە دیاری کردوون.

ئەو مەیلی چوونیەکییە لە میکانیزمەکانی هەڵسەنگاندن و پێوەرەکانی دڵنیاییی جۆری و پایەکانی پلەبەرزبوونەوەدا ڕوونتر دەردەکەوێت؛ کردەی زانستی، زۆربەی جار، پشت بە پێوەری جێگیر و قالبی ئامادە و بەکارهێنراوی پێشین دەبەستێت، نەک گۆڕان لە سروشتی پرس و جودابوون لە ڕوانگەی مەعریفی. ئاواش پێوەرەکان، کە دەبایە ئامرازی بڕیاردان لەسەر بەهای مەعریفەوە بن،

دەبنە میکانیزمی بەرهەمهێنانەوەی هەمان ئاست لە مەعریفە. ئیدی ئەو توێژینەوەیەی پابەندی شێوە نەریتییەکان دەبێت، چەمک و واژە بەردەستەکان بەکار دەهێنێتەوە، لەچوارچێوەی ئەو پرسیارانە دەجووڵێت و دەخولێتەوە کە لەلای هەمووان قەبوڵن، پتر لەبارە بۆ وەدەستهێنانی دانپێدانانی دامەزراوەییانە لە توێژینەوەیەک هەوڵبدات چاوێک بە پرسە باوەکان بخشێنێتەوە و ئەو چوارچێوانەش بخاتە ژێر پرسیارەوە، کە لەنێویاندا گرفتەکانی توێژینەوە دارێژراون.

مەسەلەکە لێرە هەر تەنیا پەیوەست نییە بە مێتۆد و شێوازەوە، بەڵکوو بە سیستەمێکی قووڵتری پێگەیاندنی ئەکادیمی. پێگەیاندنێک کە وا دەکات توێژەر، لە یەکەمین هەنگاوەکانیەوە فێری ئەوە نەبێت چۆن مەعریفە بەرهەم بهێنێت، بەڵکوو لەسەر ئەوە ڕابهێنرێت ئەوەی بەرهەمی دەهێنێت چۆن لەنێو دەزگادا قەبوڵ بکرێت. بۆیە سەبر سەبر توێژەران فێری ئەوە دەبن سنوور بۆ ئەوە دابنێن کە دەیڵێن، ئەوە چییە کە دەشێ بیخەنەڕوو و ئەوەش کە نارازیین لەسەری و ئەوەش کە خۆیان لە گوتنی بپارێزن.

لەم پرۆسەیە، ڕەنگە دەزگا پێویستی بەوە نەبێت ڕاستەوخۆ سانسۆر بخاتە سەر هزرینەوە؛ بەڵکوو ئەوە بەرزەفتە دەرەکییەکەیە بەرەبەرە دەبێتە سانسۆرێکی نێوخۆیی، توێژەر خۆی لە بەرامبەر بە هزری خۆی پەیڕەوەی دەکات.

لێرەوە دەشێ وا لە هاوشێوەیی و لێکچوونی ئەکادیمی بگەیەن، کە دەرەنجامێکی سیستەمێک بنەمای ناوەکییە، بەرزەفتی پەیوەندییەکانی نێو کایەی ئەکادیمی کردووە. دۆزە بنچینەییەکە هەر ئەوە نابێت توێژەر عەقڵانی و ڕەخنەگر بێت لە پەیوەندی بە بابەت و دەوروبەرەکەی، بەڵکوو لەوەدا دەبێت پارێزی لە ڕێساکانی ئینتیماکردنی بۆ **"خێڵی ئەکادیمی"** بکات و لەنێو ئەو تۆڕە پەیوەندییەدا بمێنێتەوە، کە بەهۆیەوە دان بە پلەکەی دەنرێت و پێگە و ڕەوایەتی دەبێت. کاتێکیش ئاوا پاراستنی ئەم پەیوەندییانە گرنگتر دەبێت لە هەڵسەنگاندنی هزرییانە، ئەوا هزرین خۆی ئەرکێکی جیاواز بەجێ دەگەینێت؛ لە میکانیزمێکی سەربەخۆ بۆ دۆزینەوەی ئەوەی نەزانراوە، دەبێتە ئامرازێک بۆ ڕەوایەتیدان بەوەی هەیە و **جەختی لەسەر دەکاتەوە**. ئاواش یەکێک لە ڕەهەندە هەرە پارادۆکسییەکانی ئەوەی ناومان نا

**وەهمی مرۆڤی ئەکادیمی** دەردەکەوێت؛ ئەو دامەزراوەیەی پێشبینی دەکرێت عەقڵێکی ڕەخنەیی بونیاد بنێت، هاتووە عەقڵێکی هەستیار بەرامبەر گۆڕانی هزری بەرهەم هێناوە. چیدی توێژەر تەنیا پرسیاری ئەوە ناکات ئاخۆ ئەم دەرئەنجامەی پێیگەیشتووە ڕاستە یان نا؟ بەڵکوو لەگەڵیدا - بە هۆشیارییەوە بێت یان ناهۆشیارانە - دەپرسێت: ئایا دەشێ دەرئەنجامەکە، لەو بوارەی من سەر بەوێم، قەبوڵ بکرێت یان نا؟.

بێگومان کاتێک پرسیاری دووەم دەبێتە پێشمەرجێکی پرسیاری یەکەم، هزرین سەربەخۆیی مەعریفی خۆی لەدەست دەدات. بەمەش بیرکردنەوەی ئەکادیمی، زیاتر لەوەی پڕاکتیزەیەکی مەعریفی سەربەخۆ بێت، دەبێتە گەواهی و شایەدێک بۆ پابەندبوون بە دامەزراوەکەوە؛ واتە ئەرکی هزر و بیر لە سەلماندنی ئینتیمای خاوەنەکەی بۆ مۆدێلی باو چر دەبێتەوە، نەک لەباربوون یان نەبوونی ئەم مۆدێلە. ڕێک لەم خاڵەدا "هاوشێوەیی ئەکادیمی"، لە لێکچوونی بەرهەمەوە دەگۆڕێت بۆ لێکچوون لە شێوازی ڕوانین بۆ جیهان: لێکچوون لە

پرسیارەکان، چەمکەکان، لەوەی چی بە کێشە و چی بە وەڵامێکی قەبوڵکراو ئەژمار دەکرێت، تەنانەت لەو سنوورانەش کە نابێت ببەزێندرێن. دیاریشە کە گەورەترین ئاکامێکی ئەم وەهمسازییە نەمانی توانای خەیاڵکردنی ئەگەری جیاوازبوون دەبێت؛ کاتێک ئەوە دەزگایە دەستنیشانی پرسیاری ڕەوا و مێتۆدی قەبوڵکراو و دەرەنجامی خوازراو دەکات، توێژەر – ئەگەرچی وا زەن دەکات ئازادە لە بیرکردنەوە – بەڵکوو ئەوە خەریکە لەنێو ئەم سنوورانەوە هاتووچۆ دەکات؛ ئەو وا دەزانێ بیر دەکاتەوە و ئەوەی دەیکات بەشداربوونە لە کوشتنی هزر و بیری خۆی. لەم بەستێنە توێژینەوەی ئەکادیمی ئەوەندەی ئیدارەدانی زانیاری دەبێت، ئەوەندە بەرهەمهێنانی مەعریفە نییە؛ ڕەوایەتی خۆی لەو پرۆسانەی ئاماژەمان پێدا (پۆلێنبەندی، بەڵگەسازی و جێگیرکردنی ڕێساییانەی دراوەکان) دەبینێتەوە. توێژەر چەندە لەم پرۆسانەدا لێهاتوو بێت و لە خستنەڕووی بابەتەکان بەپێی مێتۆدە نەریتی و باوەکاندا مەعلان بێت، ئەوەندە زیاتر – لە دیدی دەزگای ئەکادیمی – زانستیترە. بەمەش مێتۆد، لە ئامرازێکی گەیشتن بە عریفەوە دەبێتە مەبەستێک لەخۆیدا، پابەندیش

بە ڕێسا و کارە شکڵییەکان بەڵگە دەبن لەسەر زانستیبوون، با ئەو پابەندیەش نەمانخاتە بەردەم پرسیاری نوێ یان شرۆڤەیەکی جیاواز و تێگەیشتنی فرەڕەهەندەوە.

لە تێگەیشتنێکی ئاوا بۆ مرۆڤی ئەکادیمی ئێمەمانان و ئەو پێناسە کۆنکرێتییە بۆ کارەکتەر و کارەکەی، سەیر نابێت ئەگەر دواجار ببینین بەرهەمی زانستیانەی، دواجار، چەشنێک لە کەڵەکەبوونی پێوە دیاربێت (چەندێتی). بێ ئەوەی ئەمە بەو مانایە بێت لەبەردەم کەڵەکەبوونێکی مەعریفیدابین، کە دەشێ تێگەیشتن یان بونیادنانەوەی چەمکەکانمان لەلادا قووڵتر بکاتەوە (چیەتی). لە ئاکامی ئەم پرۆسەیە، هەرکەسێک بێت توێژینەوەیەکی نێو ئەو گۆڤارانە بخوێنێتەوە کە زانکۆکانمان دەریدەکەن، بۆ ئەوەی کەس تووڕە نەبێت و بە خۆی تێنەگات وەرە – وەک نموونە – توێژینەوەیەکی ئێمە لە گۆڤاری ئاکادێمیای کوردی لەبارەی زانایانی کوردستان و هزری فەلسەفی لە سەردەمی کلاسیک (٢٠٢٤: ژ٥٨) وەرگرە، بەئاشکرا دەبینێت کرۆکی ڕەخنەییانەی بابەت لەژێر چینەکانی زانیاری پۆلێنکراودا ون بووە. دەشێ زانیارییەکان زۆر بن، ژێدەر لە ژمارە

نەیەن، ئاماژەدان و بەڵگەسازی زۆر ورد بێت و مێتۆدیش هەموو مەرجەکانی تێدا بەدی هاتبێت، بەڵام پرسە سەرەکییەکە هەر ئەوە دەبێت: ئەریَ چی لەو دیاردەیە تێگەیشتین کە پێشتر تێینەگەیشتبووین؟ ڕێک لێرە گرفتە و کێماسییەکە دەردەکەوێت؛ دەشێ توێژەر بەسەر کۆی ڕوخساری دەرەوەی بابەتەکەی ڕابگات، بەڵام نەکارێت بچێتە نێو مەنتیقە نێوخۆیییەکەیەوە. زۆری لەبارەوە بزانێت، بەڵام تێی نەگات. ئەمەش جیاوازییەکی بنەڕەتی لەنێوان **"ڕاگەیشتن بەسەر بابەت"** و **"تێگەیشتن لە بابەت"** ئاشکرا دەکات.. ڕاگەیشتن واتا کۆکردنەوەی ڕەگەزەکانی دیاردەیەک و ڕێکخستن و وەسفکردن و پۆلێنکردنیان. لە کاتێکدا **تێگەیشتنی ڕەخنەیی** پێویستی بە توانای دۆزینەوەی ئەو پەیوەندییانە هەیە کە ئەم ڕەگەزانە ڕێکدەخەن، هەروەها خستنەژێر پرسیاری ئەو چەمکانەی لە وەسفکردنیاندا بەکاریان دەهێنین، دیاریکردنی ئەو گریمانانەی پشتیان پێ دەبەستێت، تێگەیشتن لەو بەستێنەی بەرهەمی هێناون، ئاشکراکردنی ئەو دژیەکی و ئەگەرە شاراوانەی تێیدان. ئەمەی دواییان تەنیا دروستکردنی مۆدێلێک و تواناسازیی تەکنیکییانە نییە، لە ڕێگەی

پابەندبوون بە ڕێساکانی میتۆدۆلۆژیای نەریتییەوە بەدەست بێت، بەڵکوو پێویستی بە سەربەخۆییی هزری و توانای بونیادنانی کێشە/پرسیارە مەعریفییەکەیە خۆیەتی.

پارادیمەکە لەنێو ئەم بابەتەدایە؛ دەشێ توێژەر پابەندی ڕێساکانی میتۆدی زانستی بێت، بەڵام نەتوانێت بنگەیەک بۆ مەعریفەیەکی ڕەخنەیی دابڕێژێت. گرفتەکە لە سەرپێچیکردن لە میتۆد نییە، بەڵکوو لە سنوربەندکردنییەتی بە چەردێک کاروکردەوەی میکانیکانە، بەچەشنێک توێژەر سەرکەوتوو دەبێت لە جێبەجێکردنی هەنگاوەکانی توێژینەوەکەی، بێ ئەوەی توانای دروستکرد و دارشتنی هیچ پرسیارێکی قووڵی زانستی هەبێت؛ پرسەکانی بۆی دیاریکراون بخاتەژێر نەشتەرگەری و بەو چوارچێوە تیۆرییەی بۆی دەستنیشان کراوەدا بچێتەوە. هۆکاری ئەمەش زۆر بەسادەیی ئەوەیە دەزگاکەی و کارەکتەرە بڕیاربەدەستەکانی نێوی، لە پەیوەست بە بەهای زانستی توێژینەوەکەی، ئەمەیان لێ داوا نەکردووە. ڕەنگیشە لە قەلبیان گرانبێت ئەگەر توێژەر هاتبێت بیرکردنەوەی خۆی بردبێتە ئەم ئاستە؛ کۆکردنەوە و پۆلێنکردن و بەڵگەسازی

بەسن و لە **"پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی پلە و پایەی زانستی"** نیە بێت پرسیار لە مانا، گریمانە، مەرزەکان یان توانای هێرمێنۆتیکانە بکات. بنمیچی مەعریفی توێژەر، پێشوەختە بەپێی ئەوەی دامەزراوەکە بە "توێژینەوەی زانستیی وەرگیراو"ی دادەنێت، دیاریکراوە. نەک بەپێی ئەوەی عەقڵی ڕەخنەیی دەتوانێت پێی بگات.

**قەیرانی بیرکردنەوەی تیۆرییانە**

یەکێک لە گرفتە هەرە بنچینەیییەکانی دەزگای ئەکادیمیی ئێمە لەوەدایە، ئیش لەسەر پەروەردەکردنی ڕەهەندی تیۆریزەکارییانەی هزری کارەکتەرەکانی خۆی ناکات. تا ئێستا، سەرباری هەبوونی چەند پرۆگرامێکیش، بەڵام جێکەوتەی بەسەر کەسێتیی مرۆڤی ئەکادیمی بەهەند وەرنەگرتووە. خۆ دەزانین ئەم ڕەهەندە بەشێکی بنچینەییە لە پێکهاتنی توێژەر، بەڵام دەبینین پتر وەک زێدەباییەکی مەعریفی تەماشای دەکرێ، کە دەشێ دەستی لێ هەڵبگیرێت. چونکە دەزگای ئەکادیمی، لە یەکەم

هەنگاوەکانەوە تا خولی تایبەت بە بونیادنانی کەسێتی پێداگۆگییانە، توێژەرانی خۆی پتر بەرمەبنای زانیاریی دروست پەروەردە دەکات، نەک ڕاهێنانی لەسەر پرسیارکردن لە چیەتیی چەمکەکان. چونکە ئەمە بابەتە بنچینەکە نییە، ئەوەندەی توانای تێگەیشتن و دووبارەکردنەوەیان ئەسڵی ڕاهێنانەکە دەبێت. ئاواش دوور لە هزری تیۆریزەکاری و نزیک بە قالبی تیۆرییانەی چەقبەستوو دەبێت.

مەبەستمان لە هزری تیۆریزەکار، بەکارهێنانی تیۆری خۆی نییە. ئێمەی توێژەران تیۆریی حازربەدەست بۆ ڕاڤەی بابەتی خۆمان بەکار دەهێنین، بێ ئەوەی خۆمان توانای بیرکردنەوەی تیۆرییانەمان هەبێت. ئەم جۆرەی بیرکردنەوە هەر لە دیاریکردنی چوارچێوەی تیۆریدا چڕ نەبۆتەوە، بەڵکوو بەشێک دەبێت لە توانای توێژەر خۆشی؛ پەڕینەوە لە سەرەدەری لەگەڵ دیاردە (چەردێک ڕووداو و زانیاری) بۆ تێفکرین و هزرین لەو چەمک و واژە، پەیوەندی و گریمانانەی وا دەکەن دیاردەکە خۆی هەبێت. بەو مانایەی ئەم چەشنەی بیرکردنەوە، هەر ناپرسێت چی ڕوویداوە و

چ شتێک لەبارەی ئەو دیاردەیە دەزانین، بەڵکوو دەپرسێ: چۆن ئەوەی ڕوویداوە دەیزانین و دەیناسێنین؟ بۆ بەم شێوەیە تێیدەگەین؟ ئەوە کامە چەمک و دەستەواژەن، لە پێناو تێگەیشتنیدا، بەکاریان دەهێنین؟ کامە گریمانەن لەپشت ئەم چەمک و واژەنەدا هەن؟ دەشێ چ پەیوەندییەک لەنێوا ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی دیاردەکەدا هەبن؟ ئەو چوارچێوە تیۆرییەش کە بەکاری دەهێنین، لەکوێی ڕاڤەی بابەتەکەدا کورتی هێناوە؟...تادوایی.

ئەمە ئەو پرسیارانەن تا نها، بەدەگمەن نەبێت، لە کاری ئەکادیمیی ئێمەدا ناکرێن و لە توێژەری ئێمە داوا نەکراوە (سەری خۆی پێ بێشێنێت). ئەمە لەکاتێکدا، ئەگەر دەخوازین بابەتی زانستی وەک گرفت ببینین، دەبێ ئاوا لە کۆکردنەوەی زانینەوە بپەڕێینەوە بۆ بونیادنانی مەعریفییانەی گرفتەکە. گرفتی توێژینەوە شێوەی دروستی خۆی وەرناگرێت، ئەگەر توێژەر نەیەت پرسیار ئاشکرا نەکات و دژیەکیەک نەبینێت و پەیوەندییەک نەکەوێتە بەرچاوی، کە پێشتر بە تەروتەسەلی وەڵام نەدراونەتەوە و ڕاڤە نەکراون. واتا مرۆڤی ئەکادیمیی ئێمە پتر بەکاربەری

تیۆری و چەمکەکانە، نەک بەگەڕخستنی جیاواز، ڕەخنە و دروستکردنەوەیان. بەشی زۆریان ئەسیری یەک تیۆری و بەندی نێو یەک مێتۆدی باوی پسپۆڕییەکەیەتی، نەک بێت ئامرازە تیۆرییەکان بەپێی سروشتی ئەو گرفتەی لێی دەکۆڵێتەوە هەڵبژێرێت. هەربۆیە دەبینین ئەو مانایانەی بەدوایاندا دەگەڕێت، پەیوەندییەکان و بونیاد و هۆکار و گریمانە، کە بەهۆیانەوە زانیارییەکان پۆلێن دەکرێن، هاوشێوەن. هەر بەمەش دەشێ جیاکاری لەنێوان ئەو توێژەرەی دەزانێت، لەگەڵ ئەوەی دەهزرێت بکەین؛ توانای گۆڕینی زانیاری بۆ گرفتی مەعریفی. ئەوەمان بیر بێت کە پرسیارە گەورەکانی زانستە مرۆڤایەتییەکان لە زانیاریدا دەرناکەون، بەڵکوو لە توانای گۆڕینی دیدگاوە؛ تەماشاکردنی دیاردەی باو لە ڕوانگەیەکی ناباوەوە. ئا ئەمەیە هزری تیۆریزەکارانە، وا لە توێژەر دەکات بەئاگا بێت لە گریمانەسازی، نەک بێت بێئاگایانە لە کارەکەی خۆی ئەوەی پێشتر گریمانەکراوە بەکار بهێنێت. ئەمە خاڵێکی بنچینەییە لە زانستە مرۆڤایەتییەکاندا و پەیوەستە بەو دوورایییەی توێژەر لەنێوان خۆی و بابەتەکەی و ئەو زانینەی لەسەر ئەم بابەتە هەیە دروستی دەکات و لەوێوە

دێتەوە سەری، لە پرس و گریمانەوە بگرە تا بە چەمک و دەستەواژە دەگات.

بۆ دەزگاکانی ئێمە ئەمانە بەهەند وەناگیرێن و لە توێژەرانی داوا نەکراوە وابێت. پاداشتی توێژەربوونیش لە توانای داهێنانی ڕوانگەیەکی جیاوازی مەعریفی نابێت، ئەوەندەی لەسەر توانای بەرزەفتبوون و هەڵسوکەوت لەنێو قالبە حازربەدەستەکانەوە دەبێت. لێرەوە توێژەری نوێ ئەگەر پێدەگەیەنرێت، وەک گەنجینەیەکی زانیاری تەماشای دەکرێت، نەک عەقڵێکی ڕەخنەیی؛ عەقڵێکی پابەند بێت بەوەی هەیە، نەک سەرکێشێکی عەقڵانی دژ بە تێز و چەمکە دۆگماکان. ئەمەش گرفتێکی ڕاهێنانی پێداگۆگییانەیە، کە پەیوەستە بە گرفتی وێنای ئەمە بۆ چیەتیی مەعریفە لەخۆیدا. ئەگەر تۆ پرسیار لە پێگەی ئیپستمۆلۆژییانەی توێژەر، سەرەدەری لەگەڵ بابەت و گریمانەکانی، چەمک و واژەکانی ناکەیت، واتا بەدوای چۆنیەتیی هزریندا نیت، ئەوەندەی بەلاتەوە گرنگە خاوەنی مەعریفەیەکی نەریتییانە بێت.

لێرەوە میکانیزمەکانی بەرزەفتی سۆسیۆ – ئەکادیمی دەست پێ دەکات. ڕەنگە ئەم میکانیزمانە، ئەگەر بمانەوێ بەپێی سۆسیۆلۆژیای کارگێڕیدا ببینین، بەڕوونی دەرنەکەون و فەرمی نەبن (یاسا و ڕێنمایی نەبن). خۆ ئەو پەیکەرە کارگێڕیی هەژمونگەرانەی دەزگای ئاکادێمی هەیەتی، کە ئێمە چەند ساڵێک بەشێکی پەیکەرەکە بووینە، ئەوەندەی کاری تۆقین لە دەرچوون لە یاسا و ڕێساکانی خۆی دەکات، ئەوەندە گفتوگۆی ئەکادێمیانە ناکاتە بناخەی پەیوەندی لەگەڵ کارەکتەرەکانی نێوخۆی و بێت لە دروستکردنی ئەم یاسا و ڕێسایانە بەشداریان پێ بکات. لەکاتێکدا بەشداری و گفتوگۆ بەشێکی سروشتی دەزگای ئەکادیمی، وەک دامەزراوەیەکی مێژوویی بووە. ئەمە ئەوەیە پیتەر فلیمنگ (٢٠٢٦: ١٣، ٩١)، لە کتێبە بەناوبانگەکەی خۆی "ئەکادیمیای تاریک" بە وەرچەرخانی زانکۆ لە "هاوکار"ی کۆزانایانەوە بەرەو دەزگای وەبەرهێنانی خودان پەیکەرێکی قووچەکییانەی کارگێڕی چووە، کە تێیدا دەرچوون لەو ڕێسا و یاسایانە یانیش هەر گلە و گازاندەیەک، مەترسی زۆری هەیە. بیرۆکراسیەتی دەزگایی بەچەشنێکی لێهاتووە، کە جگە لە زەختی مایکرۆ

– کۆمەڵایەتییانە بۆسەر تاکەکانی خۆی، لەمیانەی ئەو پلەبەندییە کارگێڕیی – دەسەڵاتییانەی سەپاندویەتی، بواری پەرەپێدانی جۆرە پەیوەندیەکی دی نەماوەتەوە. ئیدی ئەو تەکنۆکراتە کارگێڕییەی هەیە، بەهۆی پاشەکشەی "چۆنیەتی لە بەرژەوەندی "چەندێتی"یەوە، کاری ئەکادێمیانەی بەتەواوی بەرزەفت کردووە. ئەوەی لەنێو ئەم هاوکێشەیەشدا بەرهەمدێت، درککردنی مرۆڤی ئەکادێمییە بە بێبەهابوون، لەبەردەم بەو یاسا و ڕێنماییانەی پایەی "ئەکادێمی"یانەی ئەویان لەسەر وەستاوە و ئەو ڕێسایانەی پێوەری دیجیتاڵییانەن و هەڵسەنگاندنی داتاییانەی بۆ دەکەن. خۆ سیستەمی دەزگای ئەکادیمی ئەوەندەی بەسە، بێت توێژەرێک بە ناباو و ئەستەم یان ناواقیعی و دەرچوو لە ڕەوتی باو ببینێت، یاخود لەوێدا گومان لە عەقڵ، ڕەفتار و ئینتیمای بۆ **"خێڵی ئەکادیمی"** بکرێت. ڕەنگیشە پەراوێزخستن کاریگەرتر بێت لە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ؛ لێیگەڕێ با لەنێو دەزگاکە بمێنێتەوە، بەڵام با ئەو جێکەوتەیەی نەبێت کە خوازیاریەتی. لەنێو ڕۆتینی کار و لێژنە و پلەبەندی کارگێڕیدا بیهێڵەوە، تا وای لێدێت

جودابوونە هزرییەکەی، لە هێزێکی بەرهەمهێنەوە دەبێتە پەراوێزخستنێکی بێدەنگانە.

دەزگا هەموو کات پێویستی بە بێدەنگکردنی پرسیار نییە، هەندێکجار ئەوەندەی بەسە ڕێگە لە پرسیارکار بگرێت، بتوانێت بگاتە فەزای کاریگەر. لەبەرامبەریدا، بەپێی ڕێسا و ڕێنماییەکانەوە، مۆدێلی "توێژەری دروست" بەرهەم دەهێنرێتەوە؛ ئەو مرۆڤە ئەکادیمییەی بەپێی ڕێکارەکان پلە بە پلە سەردەکەوێت و شوناسی ئەکادیمی بەدەست دەهێنێت، توێژینەوە و بڕوانامە و نازناوەکان کۆ دەکاتەوە، پابەندی ڕێسا و ڕێکارەکانە، لە زمانی دامەزراوەییدا بەئاگایە، تا لە کۆتاییدا دەبێتە "شارەزا" یاخود "پسپۆڕ"ێکی دانپێدانراو. لێرە، کێشەکە لە خودی پسپۆڕی یان پلەبەرزبوونەوەی زانستیدا نییە؛ چونکە ئەوانە لە پێداویستییەکانی کاری ئەکادیمین، بەڵکوو کێشەکە لەوەدایە کۆی ئەم پرۆسەیە بۆتە جێگرەوەی هزرین و بیرکردنەوە. لە دۆخێکی ئاواشدا، سەرکەوتنی ئەکادیمی هاوواتای ملکەچبوونی هزرییانە دەبێت، جیاوازی و لێهاتووییش دەبێتە هاوواتای زۆر و زەبەندی بڕی بەرهەمهێنان،

شارەزاییش دەبێتە هاوواتای ئەزموونی درێژخایەن. لەگەڵ هەموو ئەمانەش پرسیارە هەرە بنەڕەتییەکە پاشەکشە دەکات: ئەم توێژەرە چی نوێی بۆ شێوازی تێگەیشتنمان لە بابەتەکان زیاد کردووە؟

لەم سۆنگەوە، وەهمی مرۆڤی ئەکادیمی لە کێماسی مەعریفییەوە نابێت، بەڵکوو لە تێکەڵکردنی چڕیی مەعریفی و قووڵاییی هزرینەوە دەبێت، لە نێوان پابەندبوون بە پسپۆڕی و سەربەخۆییی هزری، لەنێوان بەدەستهێنانی دانپێدانانی دامەزراوەییانە و خاوەندارێتیی ڕەواییی مەعریفی. دەشێ مرۆڤێک، بە سیفەت و پلە و پایە ئەکادیمی بێت، بەڵام بەمانا مەعریفییەکەی هەر نەبۆتە ئەکادیمی؛ ببێتە ئەو کەسەی بتوانێت هەرچی دەیزانێت بخاتە ژێر پرسیارەوە و دان بە سنووردار‌بوونی ئەوەی دەیزانێت بنێت، پرسیارگەلێکیش بوروژێنێت دەزگای ئەکادیمی وەڵامی ئامادەی بۆ نەبن.

## گرفت لە سیستەمی بەهادا

سەبارەت بە قەیرانی سیستەمی بەهاکانیش، ئەوە بەگشتی قەیرانی توێژینەوەی زانستی لە بواری مرۆڤایەتی هەر گرفتی پاڵپشتی و لاوازی ژێرخانی ئەکادیمی یان تەنانەت سنووربەندی لە گەیشتن بە ژێدەر، زانیاری و داتاوە نییە، بەڵکوو ئەو سیستەمی بەهایەش دەگرێتەوە، کە چۆنیەتیی بەرهەمهێنانی مەعریفە و مامەڵەپێکردنی ئاڕاستە دەکات. توێژینەوەی ئەکادیمی، لەنێو ئەم سیستەمەدا، بە مانای پابەندبوون دێت بە بابەتگەراییی ڕێژەیی، دەسپاکی زانستی، سەربەخۆییی هزرین لەهەر زەختێکی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئایدۆلۆژی، ڕێزگرتن لە یاسا و ڕێسای بەڵگەسازی، ڕەخنە و پێداچوونەوەی زانستی. بەڵام ئەو سیستەمە دووچاری لەرزین دەبێت و بێبایەخ دەبێت، ئەگەر زۆرجار دەبینین توێژینەوە لە زەمینەی ئێمە، لە ئامرازی بەرهەمهێنانی مەعریفە و ڕەخنە لە تێز و بۆچوونە جێگیرەکانەوە، بۆتە هەڵوێست و بڕیاری پێشین یان خزمەتکردنی کۆناسنامە یاخود پابەندی بە ئەجێندای دیاریکراوی سیاسی و کولتوورییەوە.

ئەم دۆزە، لە بەستێنی کوردستانیدا شێوەی فرەجۆری وەرگرتووە، هەر لە بەسیاسیکردنی مەعریفەوە بگرە، تا کەسییانەکردنەوەی دەسەڵاتی ئەکادیمی، لاوازیی کولتووری ڕەخنە و پێداچوونەوە، مەرایی لە هەڵسەنگاندنی زانستی، گواستنەوەی زانیاری و وەرگرتنی بێ ڕەخنە، گۆڕینی هێندێک لە بابەتە مێژوویی و کولتوورییەکان بۆ بواری چەسپاندنی ناسنامە، نەک بواری لێکۆڵینەوەی ڕەخنەییانە. لە بەستێنی ئاوادا، دەرەنجام و ئاکامگیری لە خودی مێتۆد گرنگتر دەبێت، توێژینەوەش دەبێتە ئامرازی جەختکردنەوە لەسەر ئەوەی باوەڕمان پێیەتی، لەبری ئەوەی ئامرازی هەڵسەنگاندن و تاقیکردنەوەی بیروڕاکان بێت.

مەترسییەکانی ئەم قەیرانە وردتر لە زانستە مرۆڤایەتی و مێژووییەکاندا دەردەکەوێت. چونکە بابەتی لێکۆڵینەوە تێیاندا ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە یادەوەری، ناسنامە، ئایین، ناسیونالیزم و ململانێی سیاسی و کولتوورییەکانەوە. لێرە ئەگەر توێژەر دێت بچێتە نێو ڕابردوو، بەڵام خۆی هەڵگری بڕیاری پێشینەیە لەمەڕ

ئەوەی دەبێ ڕابردووەکە چۆن بێت و چۆن نەبێت، سانا دەبێت سەرچاوەگەلێک هەڵبژێرێت پاڵپشتی گێڕانەوەکەی دەکەن و ئەوانەش وەلا بنێت دژ بەم گێڕانەوەی ئەون. لە دوا وتاری ئەم کتێبە ئەو بابەتە ڕوونتر دەکەینەوە، لێرە تەنیا ئەوە دەڵێین کاری ئاوا وادەکات لێکۆڵینەوە لە مێژوو، کۆمەڵ، دەروون، پەروەردە ئایین... تادوایی ببێتە بەکارخستنی ئەم بوارانە و بەرهەمهێنانی ڕەوایەتی ڕەمزی. ئەمە بەو مانایە نایەت داوا لە مرۆڤی ئەکادیمی بکەین بە بێلایەنی ڕەها بگات، بەڵکوو بە مانای ئەوە دێت بەهای زانستی کارەکەی لەوەدا دەبێت توانای ئەوەی هەبێت گریمانەکان ئاشکرا بکات، ڕەخنە لە ژێدەر و سەرچاوەکان بگرێت، دان بە سنووورداری زانینی خۆشیدا بنێت، لەگەڵیشیدا بواری ڕاڤە و شرۆڤەی تری جیاواز بهێڵێتەوە.

هەربۆیە، قەیرانی بەهاکان لە توێژینەوەی ئەکادیمیدا تەنیا کێشەیەکی ڕەوشتییانەی تاکەکەسی نییە، کە پەیوەندی بە ڕەفتاری هێندێک لە توێژەرانەوە هەبێت. بەڵکوو گرفتێکی دامەزراوەیی و کولتووریشە، پەیوەستە بە سروشتی ئەو ژینگەیەی مەعریفەی تێدا بەرهەم دەهێنرێت؛

چەندە سەربەخۆییی دامەزراوەی ئەکادیمی، میکانیزمی هەڵسەنگاندن و پێداچوونەوە و ڕەخنە لاواز بن، مەعریفە زێدەتر دەکەوێتە بەر مەترسیی بەکارهێنانی سیاسی و ئایدیۆلۆژییەوە. لەبەرامبەردا، گەڕاندنەوەی متمانە بۆ توێژینەوەی زانستی پێویستی بە گەڕاندنەوەی بەهایە بۆ پرەنسیپە بنەڕەتییەکانی ئەرکی ئەکادیمی: دەستپاکی، سەربەخۆیی، ڕەخنە، ڕوونی، بەڵگەسازی، قەبوڵکردنی جیاوازبوون، دانپێدانان بە بێتوانایی لە پشتڕاستکردنەوەی هەموو شتێک، ئینجا جیاکردنەوەی نێوان ئەوەی سەرچاوەکان دەیڵێن لەگەڵ ئەوەی توێژەر دەیەوێت سەرچاوەکان بیڵێن.

وەهمی مرۆڤی ئەکادیمی بەو گریمانەیە بەندە؛ ئینتیما بۆ زانکۆ، هەبوونی بڕوانامە، بەکارهێنانی زمانی زانستی و بەشداری لە بەرهەمهێنانی توێژینەوەدا، میکانیکانە تاکی ئەکادیمی دەکاتە مرۆڤێک بەهاکانی مەعریفە، عەقڵ، ڕەخنە و دەستپاکی ڕێنموونی بکەن. بەڵام ڕەوشی ئەکادیمیا لەم هەرێمەی ئێمە ئەوە دەردەخات، کە ئەکادیمیبوون مەرج نییە بە مانای هەبوونی بەها باڵا و

هەمەکییەکانی کایەکە بێت. لێرە ڕەنگە ببینیت پسپۆڕیی زانستی لەگەڵ لایەنگریی ئایدیۆلۆژیدا کۆ بوونەتەوە، پلەی ئەکادیمی لەگەڵ دەمارگیریدا یەکیان گرتووە، نووسینی توێژینەوە لەگەڵ دەستچنکردنی ڕووداو و دیاردە، ئاخاوتن لەسەر بابەتیبوون لەگەڵ پەیڕەوکردنی ستراتیژیای کەنارخستن، بەکارهێنانی میتۆدی زانستی لەگەڵ گەڕان بەدوای ئەنجامێکدا، کە هەڵوێستە پێشوەختەکان پشتڕاست بکاتەوە.

لێرەوە قەیرانی بەهاکان دەبێتە یەکێک لە پێکهێنەرەکانی وەهم؛ وەهمی ئەوەی گوایە دامەزراوەی ئەکادیمی مرۆڤێک بەرهەم دەهێنێت عەقڵانیتر، ڕەخنەگرتر و سەربەخۆتر بێت لەوانی دیکە. بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کەسی ئەکادیمی بەبێ بەهاکانی کۆمەڵگە، پەیوەندییەکان، ناسنامەکان و بەرژەوەندییەکانی ناچێتە نێو دەزگای زانکۆییەوە؛ بەڵکوو ئەوانە لەگەڵ خۆیدا دەباتە هۆڵی وانەوتنەوە، بۆ ناو توێژینەوە، ناو لیژنەکانی پلەبەرزکردنەوە و هەڵسەنگاندنی توێژینەوە، هەروەها بۆ ناو پەیوەندییەکانی لەگەڵ هاوپیشە و فێرخوازەکانیدا. لەو

ژینگە ئەکادیمییانەی بەدەست لاوازیی نەریتی ڕەخنەگرتن و لێپرسینەوە دەناڵێنێت، ڕەنگە بەها ئەکادیمییەکان خۆیان ببنە دروشمێک، کە بۆ ڕەوایەتیدان بە ڕەفتار و کارانێک لەگەڵیاندا ناگونجێن بەکار دەهێنرێن.

بەو پێیەش بێت، پرسیارەکە بریتی نییە لەوەی ئاخۆ مرۆڤی ئەکادیمی لە کەسی تر زانستیترە یان نا؟ بەڵکوو بریتی دەبێت لەوەی: چەندە کایەی ئەکادیمیی ئێمە توانیویەتی مەعریفە بکاتە پەیڕەوێکی ئاکارییانە و ڕەخنەییانە؟ خۆ خاوەندارێتی مەعریفە لەخۆوە بەرەو دەسپاکیت نابات، هەروەک چۆن پسپۆڕی زانستیش لە لاگیریت دوور ناخاتەوە، نازناوی زانستیش هەرگیز پێوەر نەبووە بۆ سەربەخۆییی هزرییانەی هەڵگرەکەی. ئەمەش یەکێکی دیکەیە لەو پارادیمانەی بەهۆیەوە دەشێ وەهمی مرۆڤی ئەکادیمی ئاشکرا ببێت؛ ئاکادیمیا دەسەڵاتی مەعریفی بە مرۆڤێک دەدات، بەڵام هەرگیز زامنی ئاکاری مەعریفی ئەم مرۆڤە ناکات.

# مەرگی زانستە مرۆڤایەتییەکان

# و

# ژیانەوەیان لە بواری ئەکادیمیدا

# ١

## پرسە سەرەکییەکانی بەردەم زانستە مرۆڤایەتییەکان

هەر کەسەی بێت چاودێری ڕەوتی خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان، لەم چەند ساڵەی دوایی بکات، ناتوانێت ئەو وەرچەرخانە بەرچاوە پشتگوێ بخات، کە لە پەیوەندیی نێوان خوێندکار و زانستە مرۆڤایەتییەکان ڕوویداوە؛ ژمارەی ئەو دەرچووانەی ئامادەیی، کە لە فۆڕمی پێشکەشکردندا ناوی بەشەکانی وەک مێژوو، فەلسەفە، کۆمەڵناسی و زمانی کوردی و عەرەبی و لێکۆڵیەوەی ئایینی و...تادوایی دەنووسن بەرەبەرە کەم دەکات. مەسەلەکە هەر کەمکردنی ڕێژەی پێشکەشکاران نییە، بەڵکوو بەوە گەیشتووە هەندێک زانکۆ و بەش چەند ساڵێکە کەسیان بۆ نەچووە، وایلێهاتووە بەشەکان لە قۆناغەکانی یەک و دوودا خوێندکاریان نییە. ئەم دیاردەیە، ئەگەر لە رووکەشدا وا دەردەکەوێت تایبەت بێت بە سیستەمی قەبوڵی زانکۆیی و هەڵبژاردەی پیشەییانەی خوازیاران، بەڵام لە ڕووە ڕاستەکەیدا، ڕووبەڕووی پرسیارێکی قووڵترمان دەکاتەوە، کە سنووری سیستەمی زانکۆیی

کوردستان تێدەپەڕەنێت: ئەرێ زانستە مرۆڤایەتییەکان لەم سەردەمەمان چیان بەسەردێت، کە وادیارە جیهان کەمتر ئامادەیە وەربەهێنان لە مەعریفەیەکدا بکات، قازانجی تەکنیکی یاخود ئابووری ڕاستەوخۆی نەبێت؟

ناشێ ئەوەی لە کوردستاندا دەیبینین، لە قەیرانێکی بەرفرەتری داببڕین، کە زانستە مرۆڤایەتییەکان لە ئاستە جیهانییەکەی خوێندنی ئەکادیمیدا تێی کەوتووە. ئەوە بۆ چەند دەیەیەک دەچێت، زانستەکان کەوتوونەتە بەردەم چەردێک پرسیارەوە، لەمەڕ پێویستی و مەبەستی هەبوونیان و ئەرکیان لە جیهانێک، کە زانستە پراکتیکییەکان و تەکنۆلۆژییەکان و ئابووری دیجیتاڵی و بەم دواییانەش ژیریی دەسکرد حوکمی دەکەن، جیهانێک جۆری زانین، کار و پەیوەندی تێیدا زۆر بەخێرایی دەگۆڕێن. لە ڕۆشنایی ئەم وەرچەرخانەوە پرسە نەریتییەکە هەر ئەوە نابێت جۆن زانستە مرۆڤایتییەکان پێش بخەین؟ بەڵکوو پرسەکی ڕیشەییانەتر جێی دەگرێتەوە: ئەرێ چیدی ئەم زانستانە پێویستن؟ دەشێن چ شتێک پێشکەش بە مرۆڤ و

جڤاکەکانی سەدەی بیست و یەک بکەن، کە زانستە تەکنیکییەکان ناتوانن بیکەن؟

خێراییی زۆری مەعریفە و ئامرازەکانی بەرهەمهێنانی و جڤاک و پێداویستییەکانی، زانستە مرۆڤەیاتییەکانی خستە بەردەم پارادیمێکی زۆر تازەوە. لەلایەکەوە ئەم زانستانە پێویستی زیاتریان بەوەیە لە مرۆڤ، ناسنامە، یادەوەری، بەها، زمان، مانا و ئەو وەرچەرخانە سۆسیۆ – سیاسییانە بگەن کە هاوکات لەگەڵ شۆڕشە تەکنۆلۆژییەکە ڕوویاندا، بەڵام لەلایەکی دیکەوە بونیادە دەزگاییەکەی و میتۆد و شێوەی بەرهەمهێنانی مەعریفەی زۆر خاوترە لەو وەرچەرخانانەی دەشە شرۆڤەیان بکات. ئا لێرەوە ئەو بۆشاییە بەرفرەیە دروست بووە، کە لەنێوان خێراییەکەی جیهان و خێراییی زانستە مرۆڤایەتییەکان لە وەڵامدانەوەی پرس و دۆزەکانی ئەم جیهانە دروست بووە.

هەربۆیە کەمبوونەوەی پێشکەشکردن بۆ ئەم پسپۆڕییانە لە کوردستان، هەر تەنیا ئاماژەیەک نییە بۆ گۆڕان لە مەیل و ئارەزووی پێشکەشکاران، بەڵکوو دەشێ وەک نمایشێکی خۆجێیی بۆ قەیرانە قووڵەکەی پەیوەست

بە پێگەی زانستە مرۆڤایەتییەکان و ئەرک و ڕەوایەتییە مەعریفییەکەی چاوی لێ بکەین. خۆ هەر کەسێک، ئەگەر ئێستا لە بواری زانستە مرۆڤایەتییەکاندا پسپۆڕە و سەرقاڵی توێژینەوە و بەشدارە لە بەرهەمهێنانی گوتاری زانستی – ئەکادیمییانەی ئەم زانستانە، خۆی لەبەردەم چەندین پرسیاردا دەبینێتەوە، کە پەیوەستن بە چییەتی و ناسنامە و بەهاوە. ئەگەر پرسی هەبوون لە ئاستە جیهانییەکەدا زێدەتر و گەورەتر دەبێت، ئەوا لە ژینگەی ئەمە زاڵتر دەردەکەوێت: ائریّ کۆمەڵگەی ئێمە پێویستی بەم زانستانە نەما؟ یان ئەوە زانستەکانن ناتوانن ئەم کۆمەڵە نەریتییە بە پێویستیی هەبوونی خۆیان ڕازی بکەن؟ ئەریّ ئێمە، ئەهلی ئەم زانستانە، چیمان هەیە بۆ گوتن، کە لەم چەند ساڵەی کۆتاییی دەیەی سێیەمی سەدەی بیست و یەکە بۆ بیستن بشێت؟ سەرباری ئەو خۆماندووکردن و خۆهێنان و بردنەی هەمانە، کێ بەرهەمە زانستییەکانمان دەخوێنێتەوە یان بە گرنگیان دەزانێت و بەهایان بۆ دادەنێت؟ ئەسڵەن ئێمە کێین و لەکێی پێداویستیی ئەکادیمیداین؟ لە زەمەنێکدا کە، لە ئاستی جیهانی پێشکەتوودا کەمترین پاڵپشتیی داراییی زانستە

مرۆڤایەتییەکان دەکرێت، چ جای جیهانی ئێمە، کە چییەتی زانست و پێداویستبوونی هێشتا نەبوونەتە پرسی بنەڕەتی ئەو سیستەمە سیاسی – کۆمەڵایەتییەی لە چوارچێوەی داین. پرسی لەوە گرنگتر ئەوەیە ئایا لەبارین تا، وەک زانستە پەتییەکان، لە دووتوێی چەمکی "نوێبوون – innovation" بناسرێن؟

جگە لەمانە دەشێ هەریەک لە ئێمە چەندین پرسی دی ڕیز بکەین، هەموویان بەدەوری چیەتییەکە و بەها و جێکەوتەکانی زانستەکانەوە بخولێنەوە. بەدەوری ئەوەن، کە چیمان هەیە بۆ گوتن لە سەردەمی نەبیستندا. بێگومان ئەو پرسانە مانایان ئەوەیە زانستە مرۆڤایەتییەکان بەردەوام دەبێ لە هەوڵی ئەوەدابن بسەلمێنن، کە بوار و کایەکانیان گرنگن. ئەمەش چەشنێکە لە گەڕان بەدوای ڕەوایەتی هەبوون، لە چوارچێوەی ئەوەی دەشێ بە بینراو و نەبینراوی جێکەوتەی مەعریفەی جێبەجێکارییانە ناو بنرێت. تۆ تەماشا بکە، کە جێکەوتەی داهێنانێکی پزیشکی هەموو دونیا دەیبینێ، کەچی هی زانستە مرۆڤایەتییەکان، لەبەر دوورمەودایی، هێواشی و ڕەهەندی نادیارییەوە،

نەبینراون. ئەمەش گرفتێکی هەرە بنەڕەتییە، چونکە نەبینراو، لەزەمەن و شوێنێکدا کە بینین و جێکەوتەی بەرجەستە ئاڕاستەی بەها و پێگەبەخشین دەکەن، یەکسانە بە مەرگێکی هێواش.

لە زەمینەیەکی ئاوای خێرا و بێ پەروا، کێ دەڵێ ئێمە گرنگین؟ دێتە بیرم کاتی خۆی لە زانکۆی کۆیە کۆنفرانسێکی نێودەوڵەتی لەبارەی حاجی قادری کۆیی ساز کرا، لە زانکۆیەکی تر بەرپرسێکی هەرە باڵا، کە پسپۆڕییەکەی زانستە پەتییەکان بوو، هاتە دەنگ. ڕایگەیاند کۆنفرانسێکی ئاوا هیچ سوودێک بە کۆمەڵ ناگەیەنێ و باشتر وایە ئەو پارەیەی لە کۆنفرانسێکی ئاوا خەرج دەکرێت لە بواری ئەندازیاری، کە پسپۆڕی خۆی بوو، خەرج بکرێت؛ کۆمەڵگەمان پێویستی بە شیعر نییە بە ڕێگەوبانە! قسەکانی لە ڕووکەشدا ڕاست بوون، ڕەنگدانەوەی بینینی ئەو بوون، نەک بۆ حاجی قادر، بەڵکوو بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان و ئەو ڕۆڵەی کاراکانی نێوی لە زەمینەی ئێمەدا دەیگێڕن، کە ئەوەندەی سەرقاڵی بەهانەهێنانەوەن بۆ گرنگیی زانستە مرۆڤایەتییەکان،

بەوەی دەستەبژێرانە و تێگەیشتنیان سنووردارە. ئەوەندە بەلای ناساندن نین. ئیدی نەبوونی "خودئاگایی" سەبارەت بە ئەرکی کردەکییانەی ئەم زانستانە، وایکردووە ئاوا بۆ ئەوی پسپۆڕی بواری ئەندازیاری **گرنگییە دینامیکییەکەی** نەبینرێت. بۆیە ئەوەی باسی گرنگییەکانی ئەم کایە زانستییانە دەکات خۆمانین. ئەوانی تر، ئەگەر سۆز و ڕەحمیشیان هەبێت، دەڵێن میراتی سەردەمانی دێرینن. دەڵێن گشتین، دەڵێن شاعیرێک باشتر لە پسپۆڕێکی بواری ڕەخنەی ئەدەبی لە شیعرەکەی خۆی دەگات. دەڵێن سیاسییەک باشتر لە مێژوونووسێک ڕابردوو دەنووسێتەوە... تادوایی. لەوەش گرنگتر دەڵێن جا هەبن یان نەبن چ لە مەسەلە بنەڕەتییەکان دەگۆڕێت؟

بۆیە ترسی مردنیان لەسەرە. بەڵام بۆ ترس؟ چونکە زانستە مرۆڤایەتییەکان هێشتا کار لەسەر"کولتووری باڵا" و "یادەوەریی کولتووری" دەکەن: نالی، میرنشینە کوردییەکان، میدیا، ڕۆڵی گرنگی ژن...هتد. بەمەش هێشتا زانستی دەستەبژێرانەن. بۆیە بەڕێوبەرانی سیاسەتی کولتووری، جا هەر لایەن و کەس و دەزگایەک بێت، کە

هەنووکەییيانە دەڕوانن، ناتوانن و نایانەوێت ڕووە کردەکییەکەی ببینن. جگە لەمەش خۆ کولتووریی باڵا، تا باڵا بێت، کەمتر سەرنجی عەقڵیەتیی مادیگەرا و مەسرەفگەرا ڕادەکێشت، کەمتریش لەگەڵ پێداوسیتییە مەعریفییەکانی مرۆڤی **"سەردەمی بێبەهایی"** ڕێک دێتەوە.

## ٢

## زانستە مرۆڤایەتییەکان لە خزمەت دەسەڵاتدا

ڕەخنەی هەرە بنەڕەتی کە لە زانستە مرۆڤایەتییەکان دەگیرێت ئەوەیە، کە پتر گرێژەنەیەکن دەرگای دەسەڵاتی باو تۆکمەتر دادەخەن؛ ڕەوایەتی بە سیستەمی باوی کۆمەڵایەتی – سیاسی دەبەخشن. ئەمەش تاڕادەیەکی باش دروستە. لە ڕووی مێژووییيەوە، زۆربەی کات پسپۆڕییەکانی وەک مێژوو، فەلسەفە و ئەدەب بواری سەربەخۆ نەبوون، بەڵکوو چالاکانە لە دارشتن و پاساوهێنانەوە بۆ سیستەمی باوی حوکمڕانیدا بەشداربوونە. زانستە مرۆڤایەتییەکان، بە جەختکردنەوە

لەسەر بالآیی هەندێک گێڕانەوە بەسەر هەندێکی تردا، یارمەتیدەر بوونە لە بونیادنانی چوارچێوەیەکی کولتووری و هزرییانەی ئەوتۆ، کە دۆخی ئێستا، بە باش و خراپییەوە، بەرز ڕابگرێت. ئەوان هەندێک بەها، نەریت و ئایدۆلۆژیا بەسەر هی تردا سەردەخەن، لەپێناو سەپاندن و ڕەوایەتیدان بە سەروەریێتیی بالآی دەسەلآتە سیاسییە – کۆمەلآیەتییەکە. بەچەشنێک گوتاری زاڵ ئەوە دەبێت، کە ئەم دەسەلآتە سروشتی و حەتمی دەربکەوێت. بۆ نموونە دەشێ شکۆمەندکردنی گێڕانەوەی مێژوویی یان پڕوپاگەندەکردن بۆ بیرۆکەی فەلسەفی دیاریکراو، جیهانبینییەک بسەپێنێت کە لەگەڵ بەرژەوەندییە دەسەلآتییەکاندا ڕێک بێتەوە. بەمەش ئەگەری شرۆڤەی ڕەخنەگرانە یان هەبوونی دیدگای جیاواز کەم دەکاتەوە.

سەرباری ئەمانە، زۆرجار زانستە مرۆڤایەتییەکان بەشدارن لە بەرزکردنەوەی نائاساییانەی سیستەمێکی دیاریکراوی کۆمەلآیەتی-فەرهەنگی و نواندنی وەک سیستەمی بالآدەست و بێهاوتا بەراورد بە ئەوانی دیکە، کە ئەمەش چەشنێک لە هەستی بالآدەستیی کولتووری

پەروەردە دەکات. ئەمە لەچیدا زیاتر دەبینرێت؟ لە شێوازی پەرەپێدانی دامەزراوە پەرەوەردەییەکان و گێڕانەوە کولتوورییەکان بۆ دەسکەوتەکانی شارستانیەتێک یان ئایدۆلۆژیایەک و پەراوێزخستنی ئەوانی تر. لە ڕێگەی ئەدەب، هونەر، فەلسەفە و بوارە زانستییەکانی دیدا هەندێک کردار و بەهای کولتووری وا پیشان دەدرێن، کە پێوەری هەمەگیر بن بۆ پێشکەوتنی مرۆڤایەتی. ئەمەش بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ یان بە ڕوونی پێشنیاری ئەوە دەکات کە سیستەمەکانی دیکە بێبەهاتر و ئاست نزمترن. هەروەها، نەک هەر باڵادەستی سیستەمێکی کۆمەڵایەتی-فەرهەنگی دیاریکراو بەهێز دەکات، بەڵکوو جیهانبینییەکی پلەبەندیش دەسەپێنێت، کە سیستەمی هزری و شێوازی جیاوازتر بۆ ژیان بێ بەها دەنوێنێت، یان تەنانەت — بە بیانووی بێبەهایی - دەیسڕێتەوە. بەم پێیە زانستە مرۆڤایەتییەکان، وێڕای زەنگینکردنی تێگەیشتنمان لەبارەی جیهانەوە، هەندێک لە لێکەوتەکانی ڕۆڵێکی بەرچاو دەگێڕن لە پاراستن و ڕەوایەتیدان بەو داینامیکای دەسەڵاتەی، کە کۆمەڵگە مۆدێرنەکان بەڕێوە دەبەن.

## ٣

# زانستی گێڕانەوە گەورەکانن

گرفتێکی دی ئەوانەی لەبواری زانستە مرۆڤایەتییەکاندا پسپۆڕن ئەوەیە، کە وەک زانستی باڵا و بێهاوتا دەینوێنن. ئەمەش لەو باوەڕە دێت ئەمانە زانستی گێڕانەوە گەورەکانن، ئەو گێڕانەوانەی هەبوونی مرۆڤانەمان بۆ بەرجەستە دەکەن. ئەمە ڕەخنەیەکی هزرییە، کە دەمێکە لەم زانستانە دەگیرێت. بەتایبەت ئەگەر دێن جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە ئەوان "**زانستی گێڕانەوە گەورەکان**"ن؛ مەیلێکیان هەیە بۆ پێشخستن و جەختکردنەوە لەسەر چیرۆکە مەزن و سەراپاگیرەکان، لەسەر حیسابی جیاوازییە وردەکان و هەمەچەشنی دیدگاکانەوەیە. ئەمەش زۆرجار دەبێتە هۆی بنیاتنانەوە و بەردەوامیدان بە میتاگێڕانەوە؛ ئەوەی دیاردە کۆمەڵایەتی و کولتووری و مێژووییە ئاڵۆزەکان زۆر ئاسان و گشتگیرانە پیشان دەدات. لێرەوە ئەگەر بوارەکانی وەک مێژوو، ئەدەب، فەلسەفە و هونەر خۆیان لەنێو ئەم جۆرە گێڕانەوانە بەند دەکەن، ئەوا مەترسیی ئەوەیان هەیە، فرەدەنگی بسڕنەوە

و ئەزموونە جیاجیاکان، لە خوێندنەوەی واقیعی مرۆڤایەتی، پشتگوێ بخەن. خۆ زۆربەی کاتیش ئەم گێڕانەوە مەزنانە ڕەنگدانەوەی ئایدۆلۆژیای هەژمونگەرای سەردەمی خۆیانن. بۆیە هەمان ئەو ئەرکە دەسەڵاتییە ئەنجام دەدەن، کە باسمان کرد؛ پێکهاتەی دەسەڵاتی باو بەهێز دەکەن و ئەوانەش، کە لە نێو چیرۆکە مەزنەکان جێگەیان نابێتەوە پەراوێز دەخەن. ئەمەش پێمان دەڵێت، کە ڕەنگە زانستە مرۆڤایەتییەکان، بێئاگایانە، بەشداری لە سەپاندنی تێگەیشتنی تاکڕەهەندانەی ئەزموونی مرۆڤایەتی بکەن. ئەمەش تێگەیشتنێکە چاوپۆشی لە ئاڵۆزی و دژیەکییەکان دەکات، کە زۆر گرنگن بۆ دروستکردنی تێگەیشتنێکی گشتگیرانە. ئیدی زاڵبوونی خەمی گێڕانەوەی گەورە، توانای زانستە مرۆڤایەتییەکان لە پێشکەشکردنی خوێندنەوەی ڕەخنەگرانەی فرەڕەهەند سنووردار دەکات.

## ٤

## زانستی بێ بازاڕ

لەئێســـتای دونیای ئەکادیمیدا بەهانەی هەبوونی کایەی زانستی، پەیوەستە بە پرسی بازاڕی کارەوە.

ئەم بەبازاڕکردنەی دەزگا و کایە زانستییەکانی پتر، لە ناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە لەگەڵ پەرەسەندنی نیولیبڕالیزم، لەهەریەک لە بەریتانیا و ئەمریکا و چەند وڵاتێکی دی، برەوی سەند. عەقڵیەتی بازاڕ بەکاڵاکردنی زانینی لەگەڵ خۆی هێنا. لێرەوە زانکۆ وەک دەزگای قازانجبەخش چاوی لێ دەکرێت، هەربۆیە ئاسان نیە بۆ ئەم دەزگایانە دەست بە نەریتەکانی خۆیانەوە بگرن؛ مرۆڤی ئەکادیمی چیدی وەک هەڵگری پەیام جێگەی نابێتەوە، بەڵکو دەبە خزمەتی فێرکارانەی ئەوتۆ پێشکەش بکات، تا خوێندکارانی ڕابهێنێت، بەپێی ڕێسا بازاڕییەکان پێبگەن (فلمنغ، ٢٠٢٦). هەر ئەمەش وای کردووە، لە ئێستای دونیا، ئەگەر باسی ڕیفۆرم لە بواری زانکۆیدا بکرێت، بە ئاراستەی بەستنەوەی زیاتریەتی بە بازاڕ .ئەمە ڕێک گوتاری هەرە باوی خوێندنی باڵایە لە زەمینەی ئێمەدا؛ دەبێت زانکۆ خۆی لەگەڵ بونیادی نوێی بازاڕدا ڕێک بخات، نەک بەرەنگاری بێتەوە. لەڕاستیدا بەرەنگاربوونەوە لە ناوەندە کۆمەڵایەتییە دیارەکانی دونیا سانا نییە، چ جای زەمینەی ئێمە، کە سیستەمە بازاڕییەکە خۆی ناتەواوە و بونیادنانی مرۆڤە ئەکادیمییەکەش هێشتا

لە قۆناغی دەڵەمەیە یانیس دەشێ بێژین نەمەیوە. بۆیە ملکەچبوون بۆ لۆژیکە نوێییەکەی سەرمایەداری ئەکادیمی، بە باشترین ڕێگەچارەی خۆپارێزی دەزانرێت. سەپاندنی ئەم لۆژیکەی بازاڕ بەسەر دامەزراوەی ئەکادیمی بەسانایی پشتگوێخستن و پەراوێزخستنی زانستە مرۆڤایەتییەکانی لێ دەکەوێتەوە، چونکە جێگەیان لەنێو ئەم لۆژیکەدا لەرزۆکە و بە بچووک دەبینرێت و پتر وەک بەشێکی "پەرەپێدانی مرۆیی" دەبینرێت. ئەم زانستانە، بەو قەوارەی ئێستا لە زەمینەی ئێمەدا هەیانە، ناتوانن لەنێو بازاڕدا ببن. چەمکی زانستی نابازاڕییانە ڕووبەڕووی ئەو بیرۆکە باوە دەبێتەوە، کە بەهای بوارێکی زانستی لە بنەڕەتدا دەبەستێتەوە بە بەشدارییەکانی لە بازاڕی کاردا. بەتایبەت لە سیستەمێکی شێواوی بازاڕ، وەک ئەوەی لای ئەمە باوە. لەم سیستەمەدا زۆرجار بەهای مەعریفە بە توانای بەرهەمهێنانی تاکی کارای نێو بازاڕ دەپێورێت، کە بتوانێت ڕۆڵی ئابوورییانە بگێڕێت. ئەم ڕوانگەیە چاوپۆشی لە بەهای ناوەکی زانین دەکات و ڕۆڵی زانست لە پەروەردەکردنی هۆشیارییەکی قووڵتری جڤاکییانە فەرامۆش دەکات. لە بوارە زانستییەکانی پۆلێنکراو لە

چوارچێوەی زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، تەرکیز لەسەر بونیادنانی تاکی گونجاو لەگەڵ پێداوستییەکانی بازاڕ نییە، بەڵکوو – تەنانەت لە دەزگا زانستییە هەرە پێشکەوتووەکانیشدا – ئەرکی زۆیان زیاتر لە پەرەپێدانی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و لۆژیکی ئاکار و بەرهەمهێنانی تێگەیشتنێکی فراوانترن لەسەر هەبوونی مرۆڤ. ئەمەش جیاوازییەکی بنەڕەتییە لەگەڵ **"ئامانجە بازاڕییەکان"**، کە لە خەمی ئەوەدا نین گەشەی هزری تاک بخەنە پێش سوود و قازانجی ئابوورییەوە.

لەم ئاستەدا، زانستە نابازاڕییەکان لە دەرەوەی ئەو چوارچێوە نەریتییەن، کە تێیدا تاک بە چەشنێک دروست دەکرێت توانای گونجانی لەگەڵ ژینگەی بازاڕدا هەبێت. ئەمەش یەخانگیرە لە بەردەم بە چەمکی تاک، بەو فۆڕمەی لەلایەن هێزەکانی بازاڕەوە لە قاڵب دەدرێت. ئەو زانستانەی لەسەر زانیاری دامەزراون، توانای دەوڵەمەندکردن و ئاگادارکردنەوەی کۆمەڵگەیان هەیە. بەڵام لەنێو سیستەمێکی شێواوی بازاڕدا، زۆرجار دەبنە ئامرازێک بۆ لەقالبدانی تاکەکان، تا لەگەڵ خواستە ئابوورییە

دیاریکراوەکان بگونجێن. ئەم پرۆسەیەش سروشتی ڕاستەقینەی تاک دەشێوێنێت؛ لەبری ئەوەی وەک ئەندامێکی کارای کۆمەڵگە بیبینێت، دێت تەنیا لە وەزیفەیەکی بازاڕییانەدا چڕی دەکاتەوە.

ئەمە گرفتێکە زانستە مرۆڤایەتییەکانی خستۆتە نێو قەیرانێکی وجودییەوە. تۆ بگەڕێوە بۆ بابەتەکەی سەرەتا، تەماشای کەمبوونەوەی ڕێژەی ئەو فێرخوازانە بکە، کە ئێستا لەلای ئێمە بۆ بەشە مرۆڤایەتییەکان پێشکەش دەکەن. ئەوکات ئەوەت بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە ئەو چڕکردنەوەیەی ڕۆڵی تاک لە ڕۆڵە بازاڕییەکەی، چەندە جێکەوتەی بەسەر زەینی کۆمەڵایەتیی ئێمەدا هەبووە. ئەمە لەکاتێکدا، ئەگەر زانستە مرۆڤایەتییەکان خۆیان بگونجێنن و لەبار بن، دەتوانن بەرەنگاری ئەو تێگەیشتنە ببنەوە؛ بانگەشە بۆ تێگەیشتنێکی گشتگیرتر لە پەرەپێدانی مرۆیی بکەن، کە بتوانێت پێداوستییە ئابوورییەکان تێپەڕێنێت. ئەمەش پەیوەستە بە ئاگایی دەستەجەمعی و هەوڵی دەزگاییانە بۆ تێپەڕندنی سیستەمی شێواوی بازاڕ. لەم ئاستەدا بۆیە ئەهلی ئەم زانستانە نین، چونکە ڕۆڵ لە دروستکردنی تاکی

بازاڕییانە ناگێڕین، لەبەر شێواوی هەم چەمکی تاک، هەمیش چەمکی بازاڕ.

## ٥

## زانستەکان بۆ ئەوەی نەمرن... سوودی گشتی

ئەگەر مامۆستا لە نێو هۆڵی زانکۆ و دەزگا ئەکادیمییەکان دەبینێت بەهایەکی ئەوتۆ بە بەشەکانی ئەدەبیات، مێژوو و فەلسەفە نادرێت و بەبەراورد بە بواری ئای تی و ژیری دەستکرد بودجەی هەر بۆ دانانرێت، ئەوا ناتوانێت وەڵامێکی دروستی ئەو پرسیارە سادەش بداتەوە، ئەگەر خوێندکارێکی دەڵێ: ئەرێ بۆچی لەبنەڕەتدا ئەو بابەتە بخوێنین؟ ئەوکات دەبێ ئەو مامۆستایە خۆی ماندوو بکات و بگەڕێتەوە سەر ئەو کتێبگەلە زۆر و زەبەندەی لەم چەند ساڵەی دوایی لەبارەی قەیرانی زانستە مرۆڤایەتییەکان و پرسی هەبوون و نەبوونی ئەم زانستانە نووسراون، تا وەڵامێکی سەردەمییانەی ئەم پرسیارە بداتەوە. من خۆم، ئەگەر ڕووبەڕووی پرسی ئاوا بوومەوە، چووم کتێبەکەی

فریـدریـک لویس ئەڵـدامـا م بەدەســــتەوە گرت، کە ناوونیشــانەکەی هەر ئەو پرســـە خۆیەتی؛ بۆ زانســـتە مرۆڤـایەتییەکـان گرنگن؟ (2008). ئەڵـدامـا هەر بە داکۆکیکردنێکی حەماسیانەی باو نەوەستاوە، قسە لەبارەی "بەهـای ئەدەبیات" و ئیســـتاتیکای هونەری" و...تـادوایی بکـات، بەڵکوو هـاتووە جەربەزەتر بیری کردۆتەوە. پرســیارەکەی ئاڕاســتەی ئەم زانســتانە خۆیان کردووە: باشە ئێوە خۆتان، شایستەی ئەوەن داکۆکیتان لێ بکرێت؟ ئەم دووالیزمە هاودەمە، بەرگری و لێپرسینەوە، وایکردووە کتێبەکەی، سەرەڕای دابەشبوونی بەسەر چواردە بەشەوە، هەر لە خود، ناسنامە، مۆدێرنیتە تا بە وەرگێڕان، مۆسیقا، دادپەروەری و شـــیکردنەوەی ئەدەبی دەگـات، وەک سیستەمێکی یەکگرتووی هزرییانە دەربکەوێت. لەژێرەوەی ئەو فرەبـابەتیە بیرۆکەیەک ئـامـادەیە، ڕیتمێک هەیە: ئەوە مرۆڤە مانا دروست دەکات، تێگەیشتن لەو دروستکراوەش بە هیچ زانستێک، جگە لە زانستە مرۆڤایەتییەکان، ناکرێت.

با بچینەوە ئەو شوێنەی ئەڵداما لێیەوە دەست پێ دەکات: لە خودی مرۆڤەوە. مەیلێکی سەردەمیانە هەیە،

شەپۆلی زانستەکانی دەمار و ژیریی دەستکرد زێدەتریان کردووە، ئەویش گریمانکردنە ئەگەر لە مێشک (خانەکانی، تۆڕ و ئاماژە کارەباییەکانی) بگەین، ئەوا مانای ئەوەیە لە مرۆڤ گەیشتووین. ئەم کورتکردنەوە سەیرە، بەر لە هەموو شتێک، ڕەنگدانەوەی ئەو لۆژیکە نوێیەیە، کە ئەم زانستانە و زانستە پەتییەکانی سەردەمەکە کاری پێدەکەن. لەوەش زیاتر وەک ئەڵداما ئاماژەی پێداوە، مرۆڤ نە هاوکێشەیەکی بایۆلۆجییە و نە یەکەیەکی ئابوورییە، کە بەپێی قازانج و زیانەوە بپێورێت. بەڵکوو بوونەوەرێکە شتێکی سەیر و بێهاوتا دەکات: چیرۆک لەبارەی خۆی دەگێڕێتەوە، ڕەمز و هێماگەلێک دادەهێنێت کە مەرج نییە ئاماژە بۆ هەبوویەک و دیاردەیەکی بەرجەستە بکەن، کۆیاد دروست دەکات، خەون بە داهاتوویەکەوە دەبینێت کە هێشتا ڕووی نەداوە. ئەم کردەیە؛ دروستکردنی مانا، بابەتەی هەرە بنچینەییی زانستە مرۆڤایەتییەکانە. مێژوونووس ئەگەر دێت لە ڕووداوێک دەکۆڵێتەوە، ڕەخنەگر ئەگەر ڕۆمانێکمان بۆ دەخوێنێتەوە، یان موزیکزانێک ئەگەر ڕەهەندەکانی. پارچەیەکی موسیقامان بۆ شی دەکاتەوە، هەر نایەت – وەک ژیرییە دەستکردەکە – زانیاری کۆ

بکاتەوە و پۆلێنی بکات، بەڵکوو هەریەکەیان بەپێی پسپۆڕییەکەی خۆی هەوڵی ئەوەی داوە تێبگات مرۆڤەکان چۆن مانایان بە ئەزموونی خۆیان داوە. ئەمە ئەو پرسیارەیە نە زانستی دەمار و نە ئابووری بەتەنیا ناتوانن بە دروستی وەڵامی بدەنەوە. لەم خاڵەوە ئەڵداما تێبینییەکی گرنگی لەبارەی سروشتی کەتواری مرۆییانە خستۆتەڕوو؛ ئەم سروشتە چەند دوورگەیەکی لێک دابڕاو نییە، بەڵکوو بەیەکەوە لکێنراون؛ مێژوو دەڕژێتە نێو کولتوورەوە، کولتوور تێکەڵ بە سیاسەت دەبێت، زمان دێت بەرلەوەی هزر دایبڕێژێت خۆی شێوەی پێدەدات، موسیقا بەچەشنێک هەست دەبزوێنێت، کە لۆژیک بەتەنیا ناتوانێت ڕوونی بکاتەوە. سنووری نێوان ئەدەبیات، مێژوو و فەلسەفە لە خشتەی وانەکانی بەشە زانستییەکانی نێو زانکۆ، تەنیا سنووری کارگێڕییانەی کاربەڕێکەریانەن، نەک سنووری واقیعی بن. زانستە مرۆڤایەتییەکان بریتی نین لە چەند پسپۆڕییەکی هاوسێ، بەڵکوو چەند ڕێگا و ڕێبازێکن بۆ نزیکبوونەوە و تێگەیشتن لە هەمان بابەتی ئاڵۆز و ئاڵۆسکاوەوە: مرۆڤ لە جیهانە پێکبەستراوەکەی خۆیدا.

مانەوەی زانستە مرۆڤایەتییەکان، ئاسان نییە. پێویستی بەوەیە بەردەوام جەخت لەسەر بەشدارییەکانی لە چاکەی گشتیدا بکرێتەوە. بەتایبەتی لەڕێگەی پەروەردەکردنی ژینگەیەکی سیاسی و ئابووریی دادپەروەرانە و ڕوون. ئەوەمان بیربێت، کە بە پێچەوانەی **"زانستە بازاڕییەکان"**، زانستە مرۆڤایەتییەکان توانای ناوازەیان لە لێکۆڵینەوە و چارەسەرکردنی ڕەخنەگرانەی ئەو پرسە قووڵە کۆمەڵایەتییانە هەیە، کە پاڵپشتن بۆ کۆمەڵگەیەکی دروست و کارا. ئەم زانستانە، بە جەختکردنەوە لەسەر سوودی گشتی، دەتوانن لە داڕشتنی دیمەنێکی سیاسی و ئابووریی دادپەروەرانەتر ڕۆڵیان هەبێت. دیمەنێک، کە تێیدا دادپەروەری و شەفافیەت و لێپرسینەوە، لە پێشینەی هەر لاگیری و قازانجێکی ڕووتدا بێت. ئەم ڕێبازە بۆ بەرەنگاربوونەوەی کاریگەرییە نەرێنییەکانی بازاڕێکی قۆرخکراوی وەک ئەوەی زەمینەی ئێمە، کە زۆرجار دەستکەوتە ئابوورییەکان باڵاتر لە خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی دەبینێت، زۆر گرنگە. لە ڕێگەی شیکاری ڕەخنەگرانەوە، زانستە مرۆڤایەتییەکان دەتوانن ئەو ئامرازانە بۆ هاووڵاتی دابین بکەن، کە بۆ بەشداریکردن

لە گفتوگۆی بەئاگایانە و لێپرسینەوە لە دامەزراوەکان، پێویستن. ئەمەش دواجار ڕێگە بۆ سیاسەت و کارگێڕیی دادپەروەرانە خۆشتر دەکات.

ئەوەمان بیرنەچێت، کە ئەو ئاگاییەی دەشێ تاک، سەبارەت بە سوودی گشتی هەیبێت، فەزای دروستی سیاسی و ئابووریی دادپەروەرانە و شەفافی پێویستە. خۆ فەزای کۆمەڵایەتیی دروست، وابەستەی پێشخستنی سیستەمی یاسایی، مافە مەدەنی و مرۆییەکان و باڵادەستی دامەزراوە دیموکراسییەکانە. هەموو ئەمانەش چەقی ئەرکی زانستە مرۆڤایەتییەکانن. چونکە ئەم دیسیپلینانە ئەو چەمکانە بەرهەم دەهێنن و دەیانچەسپێنن، کە لە بنچینەدا بنەمای کۆمەڵگەیەکی دادپەروەر و دیموکراسین. چوارچێوەی تێگەیشتن و داکۆکیکردن لە کەرامەتی مرۆڤ و یەکسانی و دادپەروەری پێشکەش دەکەن.

زانستە مرۆڤایەتییەکان، لەم کۆنتێکستەدا، بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و لۆژیکی ڕەفتارییانە پەروەردە دەکەن، کە پێویستن بۆ بەردەوامبوونی دامەزراوە دیموکراسییەکان. دڵنیایی دەدەن لەوەی ئەمانە خزمەت بە

بەرژەوەندیی گشتی دەکەن، نەک لەلایەن هێزە قۆرخکارییەکانی بازاڕەوە دەستیان بەسەردا بگیرێت و مانای جیاوازیان پێ بدرێت. بەمەش ئەم زانستانە ڕۆڵێکی چارەنووسساز، لە پاراستنی ماناکانی حوکمڕانی دیموکراسی و تێگەیشتن لە چیەتیی پێشخستنی کۆمەڵگەیەک دەگێڕن، کە بەهای ماف و خۆشگوزەرانی هەموو ئەندامەکانی بدات. بازاڕی قۆرخکراو، کە تەرکیز لەسەر زۆرترین قازانج دەکات، ناتوانێت ئەم ڕۆڵە بەجێبهێنێت، هەربۆیە ئێستا زیندووکردنەوەی زانستە مرۆڤایەتییەکان کارێکی بنەڕەتییە، بۆ دروستیی سیستەمی سیاسی و کۆمەڵایەتیمان.

## ٦

## ئەگەر دەیانەوێت نەمرن!

مەرگی ئەو مۆدێلە ئەکادێمییە نەریتییەی هەیانە نەکەین. هەر ئەڵداما لە کتێبەکەی خۆی لەبارەی ئەو کارەکتەرەش دواوە، کە زانستەکان وەسفی کەسێتییە

ئەکادێمییەکەی دەکەن؛ بۆچی مرۆڤێک دێت و بڕیاردەدات ببێتە پرۆفیسۆری بواری ئەدەب یان مێژوو، لەکاتێکدا دەشێ ئەم هەڵبژاردنەی ئەو کەمترین جێکەوتەی بەسەر جیهانێکەوە هەبێت، کە تەکنۆلۆژیا و ئابووری هەژموونیان بەسەردا کردووە؟ ئەڵداما خۆی وەڵامێکی ڕۆمانسیانەی ئەم پرسیارەی نەداوەتەوە. بانگەشەی ئەوەش ناکات ئەم کارەکتەرە بە تەنیا دەتوانێت جڤاک بگۆڕێت وکاریگەرییەکانی بەقەد کاریگەری کەسێکی سیاسی بن، وەک هەندێک لە کارەکتەرەکانی ئێمە ئەم وەهمەیان بۆخۆیان دروستکردووە و لە دوو بەشی پێشوو کەمێک ئاماژەمان پێدان، بەڵکو بە ڕوونی لە مەترسییەکانی ئەو بانگەشەیەمان ئاگاداردەکاتەوە. کاری پرۆفیسۆر و مرۆڤانی ئەکادێمی دیارە، بەڵام کرۆکیانەیە: بەرهەمهێنانی زانین و گواستنەوەی و ڕاهێنانی نەوەی تازە لە پێڕەوکردنی ورد و بەرپرسانەی ئەم زانینە. لەم گۆشەیەوە، دەزگای ئەکادێمی چیدی دەزگای بەخشینی بڕوانامە نابێت، بەڵکو فەزایەک دەبێت بۆ کەڵەکەبوونی زانین و ڕەخنەگرتن لەم زانینە و دووبارە بەرهەمهێنانەوەی.

بەڵام خۆ ئەوەی ئەم نووسەرە گوتویەتی هەڵسەنگاندنی مۆدێلە ڕۆژئاواییەکەیە، کە تێیدا دەزگای بەرهەمهێنی مرۆڤی ئەکادێمی بەردەم خۆی نوێ دەکاتەوە و زانستەکانی لەگەڵ ئێستادا تەماهی دەکەن. بەڵام لێرە، لەوەدەچێ قەیرانەکە تەنیا لەو زانستانە نەبێت، کە چاوەڕێی ئەوەیان لێ دەکرێت ناسینی مرۆڤبوونمان بەرفرەتر دەکەن، بەڵکو پەیوەستە بەو ڕێبازەی، لە پانتاییە جیۆ – مرۆییەکەماندا، زانستەکانی تێدا بەدەزگایی کراون، ئەو مێتۆدانەی چوونەتە دۆخی بەستەڵەکەوە، لەگەڵ ئەو مەرزانەی پسپۆڕییەکان دایانڕشتووە، ئەمە سەرباری دەستەوەستانەی دەزگاکان لە پێناسەکردنەوەی پرسیارەکانی زانست وەک پسپۆڕی و ئەرکی جێبەجێکارانەیان لە جیهانە گۆڕاوەکەدا. لێرەوە ڕزگارکردنی زانستە مرۆڤایەتییەکان لەوەی تێیکەوتوون بەوە نابێت بێین وا داکۆکیان لێ بکەین، کە ئەمانە کولتوورێکی ئەکادێمین و دەبێ بیانپارێزین، بە دەستەواژەی نیتچە بە مۆنۆمێنتیان بکەین، بەڵکو لەمیانەی دووبارە بیرکردنەوە دەبێت لە هۆکاری هەبوونیان، دەبێ ئەم هەبوونەیان چۆن چۆنی بێت و بەچ پێودانگێکەوە

دەتوانین جارێکی دی بە مرۆڤ و جیهانی دەوروبەری گرێ بدەینەوە.

بۆ دڵنیابوون لە مانەوە و گرنگیی ئێستاییانەیان، دەبێت زانستە مرۆڤایەتییەکان گۆڕانکاریی بەرچاویان بەسەردا بێت، سەرەتا بە دەستکاریکردنی چوارچێوەی مەعریفی خۆیان. ئەمەش بریتییە لە وەرگرتنی ڕێبازێکی فراوانتر و دینامیکیتر و سەردەمییانە، کە ڕێگە بە خۆگونجان و وەڵامدانەوەی پرسە جیهانییە خێرا و گۆڕاوەکان دەدات. زانستە مرۆڤایەتییەکان، بە دوورکەوتنەوە لە هزری وشک و بەشبەندەوە، دەتوانن ڕەگەکانیان وەک دیسیپلینی ئاوێتە، زیندوو بکەنەوە. چونکە لە بنەڕەتدا ڕەگ و ڕیشەیان لەسەر یەکخستنی دید و میتۆدۆلۆژیای جۆراوجۆرەوە گەشە دەکەن. بۆ دەربازبوون لە سنوورە چەندێتییە بەرتەسکەکان و تایبەتمەندبوونەوە، دەبێت پارچەپارچەبوون تێپەڕێنن بۆ ئەوەی سەرنجیان لەسەر یەکخستنی ئامانج و گریمانە بێت. ئەم ڕێبازە گشتگیرە دەبێتە هۆی ئەوەی زانستەکان بتوانن قووڵتر و بە وردبوونەوەی زیاترەوە، چارەسەری پرسە

ئالۆزە کۆمەڵایەتییەکان بکەن. ئەمەش بواری ئەوەیان پێدەدات گرنگتر و کاریگەرتر بن، لە لەخۆگرتنی ئاستەنگەکانی جیهانییەکانی ئێستامان.

ئەمەی گوتمان، پەیوەستە بە تێگەیشتنمان لە چیەتیی تیۆر خۆیەوە؛ ڕوانگەی ئەکادیمییانەی باو، کە وەک قالبێکی جێگیر تەماشای دەکات، کە لەبری ئەوەی ئامرازی تێگەیشتن بێت هاتووە بەسەر بابەتدا دەیسەپێنێت. گرفتەکە لێرە تیۆری نییە، بەڵکوو ئەو پێشئەنجامگیرییەیە کە توێژەر پێیدەگات، پاشان دێت لەنێو دەق یان دیاردەکان، بەدوای ئەو ڕەگەزانەدا دەبێت، کە ئەو ئەنجامگیرییە پشتڕاست دەکەنەوە. ئەڵداما (2008) لە کتێبەکەی خۆی نموونە بە ڕۆمانی سەد ساڵ تەنیاییی گابرێل گارسیا مارکیز دەهێنێتەوە. خوێندنەوەی باو ئەوەیە ڕۆمانەکە وەک تاکە پەیامێکی سیاسی بنوێنرێت، پەیامێک دەخوازێت بەرجەستەی ئیمپریالیزم و هەژموونی داگیرکار بکات. ئەم خوێندنەوەیە ڕێک دەقەکە هەژار دەنوێنێت و هەر دەروازەیەک بەسەر خوێندنەوەی بەبڕستی هێرمینۆتیکانەوە دادەخات. ئەمە لەکاتێکدا خوێندنەوەی ورد

ئەوەیە دێت گوێ بۆ بونیادی گێڕانەوەیی، زەمەن، کارێکتەرەکان و دیدگای جیاوازیی هەریەکەیان دەگرێت. ئاواش دەرگا بەسەر پرسی ئاڵۆزتر و دەوڵەمەندتری نێو دەقکە دەکرێتەوە. خوێندنەوەکەش مەرزی ئەدەب دەبەزێنێت و دەمانخاتە بەردەم کۆی زانستە مرۆڤایەتییەکانەوە. کەوابێت ئەوە بابەتە دەبێت مێتۆدی نووسین ئاڕاستە بکات، نەک بابەتەکە بخرێتە ژێر ڕکێفی مێتۆدە حازربەدەستەکانەوە.

به گەڕانەوە بۆ کتێبەکەی ئەڵداما، تێبینی ئەوە دەکەین، کە ئەو هێڵەی زۆرتر کاری لەسەر کراوە، بریتییە لەوەی کەوا ناتوانین لەدەرەوەی زەمەن لە مرۆڤ خۆی بگەین. ئێمە لە بۆشاییەوە بۆ بۆشایی نین؛ لەنێو چەردێک پێشمەرجی کۆمەڵایەتی، ئابووری و کولتووریداین، کە قەوارەی ئەم "ئێمە"یەیان دروست کردووە. بەڵام ئەڵداما لەوە ئاگادارمان دەکاتەوە بێئاگابین و هەڵخلیسکێین و بکەوینە چاڵەکەی بەرامبەر بەمە؛ وێناکردنی مرۆڤ وەک قوربانی، قوربانی نەرێنییانەی ڕەوش و دۆخی خۆی. مرۆڤ لە دروستکردنی کەتوارەکەیدا بەشدارە، بەڵام هەر

ئەو کەتوارەیەتی دێت سەرلەنوێ دروستی دەکاتەوە، پرۆسەکەش لە ئەڵقەیەکی بەردەوامی کاریگەری و کارلێککردن دایە. بەدەستەواژەیەکی وردتر: مرۆڤ مێژوو دەئافرێنێت، ئەو خۆشی ئەفرێنراوی مێژووە. ئەم بیرۆکەیە دەرەنجامێکی کردەکیانەی زۆر گرنگی هەیە: ئەگەر دەوڵەت، ناسنامە، نەتەوە، دەزگا، دامەزراوە و تێگەیشتنمان بۆ ئەوەی سروشتی و ئاساییە حەقیقەتی ڕەها نین، بەڵکو بەرهەمی ڕەوت و ئاراستەی جوداجودای مێژووین، ئەوا ڤەکۆڵین لە مێژوو تەنیا چەشنێک نابێت لە زێدەبایی مەعریفی، بەڵکوو ئامرازێکی ڕزگاربوونە لەو قەید و پێوەندانەی مرۆڤ لەنێو مێژووەکەدا بۆ خۆی دروستی کردوون. ئەو دەمەی دەزانین چۆن شتێک سروشتی بۆتەوە و ئاسایی بۆتەوە، ئەوکات لەتوانامانداً دەبێت لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکەین، ڕەنگیشە بتوانین بیگۆڕین. ئا ئەمەیە، بە تەگەیشتنی ئەڵداما خۆی، ئەرکە ڕەخنەییە هەرە قووڵەکانی زانستە مرۆڤایەتییەکان: وادەکات ئێستا – بەهەموو ئەو ڕەگەزانەی وا خۆدەنوێنن جێگیر و نەگۆڕن و لەسەریان هاوڕاین – لەبارن بۆ ئەوەی سەرلەنوێ بیانپشکنینەوە و هەڵیانسەنگێنینەوە.

هەموو ئەمە بە مانای ئەوە دێت، دەبێت زانستەکان دەستکاری چوارچێوە مەعریفییەکەی بوارەکەیان بکەن، تا فراوانتر، گۆڕاو و هەنووکەییانە دەربکەون. بۆ نموونە لە بوارێکی وەک مێژوودا گرنگە پەیوەندی بە ڕابردوو، بۆ ئەوە بێت مێژوونووس ڕۆشنایی بخاتە سەر کێشە هاوچەرخەکان، بگەڕێتەوە بۆ ڕەهەندی کولتووری قەیرانەکانمان. مێژوونووسان بە جەختکردنەوە لەوەی، کە چۆن زەمینە مێژووییەکان و نەریتە کولتوورییەکان پرسەکانی ئێستا لە قاڵب دەدەن، دەتوانن تێڕوانینێکی قووڵ لەبارەی ڕیشەی ئالەنگارییەکان پێشکەش بکەن. لێرەوە ئەم بوارە، بە تێپەڕاندنی گێڕانەوە گەورەکان و مۆدێلە فێرکارییە ئاساییەکانی زانستی قوتابخانەیی، پێویستیان بە داڕشتنی چوارچێوەی نوێ هەیە، کە کۆیادی کۆمەڵایەتی بە واقیعەکانی ئەمڕۆوە ببەستێتەوە. ئەمەش نەک تەنها بە پێداچوونەوە دەبێت بە **"وانەکانی ڕابردوو"** بۆ ئێستا، کە پێناسەی باوی ئەرکی مێژووە لەلای ئێمەدا، بەڵکوو چەشنێک دەبێت لە جێبەجێکردنی داهێنەرانە، بەسەر بەستێنە هاوچەرخەکاندا (لێکۆڵینەوەی مێژوویی جێبەجێکارییانە). چونکە بەرفرەکردنی ڕەهەندی

جێبەجێکارییانەی بەرهەمی زانستەکان، دڵنیایی دەدات ئەوان ڕۆڵ دەگێڕەن و، بەتایبەت لە تێگەیشتن و تێپەڕاندنی ئاڵۆزییەکانی جیهانی ئەمڕۆمان، وەک هێزێکی زیندوو دەمێننەوە. ئەگەر وابکەن، ئەوا دەتوانن ڕۆڵی ڕەخنەگرانەی خۆیان لە دارشتنی کۆمەڵگەیەکی بەئاگا، کراوە و لەبار بۆ قەبوڵکردنی گۆڕانە ئەرێنییەکان، بگێڕن.

٧

## کاریگەری و کاری ئاوێتە دیسپلین!

بەبازارکردن پرۆسەی توێژینەوەسازی، وەک کاری هەرە بنچینەیی مرۆڤی ئاکادیمی، وەرچەرخاند. وای کرد ئەمەس بازاڕی ببێتەوە. تا بەوە گەیشتووە باشترین توێژەر ئەوەیان نییە لە بوارە زانستییەکەیدا زۆرترین پرسی وروژاندوە، ئەوەندەی زۆرترین توژینەوەی لەو گۆڤارانە بڵاو کردۆتەوە، کە بە لۆژیکی بەبازاڕیکردنی زانین، کاریگەرییان هەیە. ئیدی وای لێهاتووە ئەوەی لە سیستەمی زانکۆیی دونیادا پلە و پایەی پسپۆڕییەک

دیـاری دەکـات، توێژینەوە کـاریگەرییەکـانیەتی (Impact). لەم ناوەندەش کەمترین کاریگەری لە بەرهەمی زانســـتە مرۆڤـایەتییەکـان دەبینرێت. بەچەشـــنێک، لە بەســـتێنە ســـەراپـاگیرەکە، کـاریگەری پتر بریتییە لەو چـالاکییە زانســـتییـانەی مەرزەکـانی دەزگـای ئەکـادیمی دەبڕن و بەشـدار دەبن لە بونیادنانی ئاکامی کردەکییانە، کە سـوود بە جیهـانی کـار و خزمەت بە پەرەســـەندن و ڕۆڵ لە بوژانەوەی نیشـــتمـانیـدا دەگێڕن (فلمنغ، ٢٠٢٦). واتـا کاریگەرییەکان ڕاســتەوخۆ بە ســیســتەمی نوێی ئابوریی جیهـانییەوە پەیوەســـتن. نەک جێکەوتەیـان (کـاریگەری) بەسەر هەبوونی مرۆڤانەمانەوە، کە کرۆکی زۆربەی بوارە مرۆڤـایەتییەکـان پێـک دەهێنێـت. واتـا تـا ڕادەیەکی بـاش کاریگەری لەلایەن زانســـتە ســـروشـــتی، تەکنۆلۆژی و پراکتیکییەکـانەوە قۆرخ کراوە، بەچەشـــنێـک زمـانی هەڵســـەنگاندنی ئەکادیمی پتر لەوەدا چڕ کراوەتەوە، کە دەشـــێ جێکەوتەکانی لە ژیانی کردەکیدا بە ســـانایی بپێورێـت؛ ئـامـاژەدانی زانســـتی، ئیمپـاکـت فـاکتەر و بڵاوکردنەوە لە گۆڤـاری ئینـدێکس کراودا، مـافی داهێنـان

(پاتەنت)، داهێنان لەبواری تەکنۆلۆژیا، ئاکامی ئەوتۆی زانستی و ئابووری، لەبار بێت بۆ پێوانە و هەڵسەنگاندن.

ئەم پێوەرانە لەخۆیاندا گرفت نین و لەبارن بۆ هەڵسەنگاندنی هێندێک چەشنی بەرهەمی زانستی. بەڵام گرفتەکە ئەو دەمە دەردەکەوێت، ئەگەر پێوەرکان سنووری ئەم زانستانە دەبەزێنن و وەک پێوەری سەراپاگیرانەی بەهای ئەکادیمی دەسەپێنرێن. ئێ خۆ لێکۆڵینەوەی مێژوویی، ئەرگومێنتی فەلسەفی، خوێندنەوەی ڕەخنەییانەی هەندێک ڕەهەندی کولتوور و فەرهەنگ، ڤەکۆڵین لە کۆیاد و کۆخەیاڵ و...تادوایی، مەرج نییە ڕاستەوخۆ بەرکارهێنانێکی تەکنۆلۆژیانەی بەدوادابێت، یان ئاماژەپێدانی زۆری بەدوادابێت. چونکە گرنگی بابەتی ئاوا لە جێکەوتەی خێرا و کاریگەریی ڕاستەوخۆ نییە، هەر لە گۆڕینی تێگەیشتنی جڤاکێک بۆ ڕابردووی خۆی بگرە، تا خستنەژێرپرسیاری چەمکگەلێک، کە لەنێو سیستەمێکی دیاریکراوی باوەڕی و ئایدۆلۆژی و هزریدا چەسپیون، یان ئاشکراکردنی ئەو گریمانانەی لەپشت کردەی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا هەن. ئەستەمە ئەو بەشدارییە مەعریفییانە

بخرێنە ژێر هەمان ڕێسا و کۆدی پێوانە و هەڵسەنگاندنی پەیوەست بە توێژینەوە تاقیگەییەکانەوە. چونکە لێرە پرسیار ئەوە نیە ئاخۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان "کاریگەری"یان هەیە یان نا، بەڵکوو ئەوەیە ئاخۆ کایەی ئاکادیمی ئەم سەردەمەمان چەندە لەخەمی ئەوە دابووە ڕێبازی نوێ بۆخۆی بدۆزێتەوە، گونجاو بێت بۆ بەهەندوەرگرتنی جۆر و چەشنەکانی ئەو "کاریگەری"یانەی زانستە مرۆڤایەتییەکان هەیانە.

بەشێکی ئەمە پەیوەندی بە خودی ئەوانەوە هەیە، کە لە بواری زانستە مرۆڤایەتییەکان کار دەکەن. ئەوان، ئەگەر دەخوازن نەمرن، زۆر گرنگە ڕێبازێکی فرەدیسپلین بگرنەبەر، کە سنوورە نەریتییەکانی نێوان بوارە زانستییەکان تێپەڕێنێت. پەرە بە هاوکاری نێوان بوارە جیاوازەکانی خوێندندا بدات. لە جیهانێکدا، کە تادێت بەیەکەوە گرێدراو و ئاڵۆزتر دەبێت، ئەو بەربەستانەی ڕووبەڕوومان دەبنەوە، جا چ کۆمەڵایەتی، کولتووری، ئابووری، یان سیاسی، چیدی لەمیانەی دیدگای بەرتەسکی تاکەپسپۆڕیەوە، ڕیشەییانە چارەسەر ناکرێن. بە

بەشداریکردن لە کارە فرەپسپۆڕییەکانەوە، پسپۆڕانی زانستە مرۆڤایەتییەکان دەتوانن میتۆدۆلۆژیا، تیۆری و تێڕوانینە جۆراوجۆرەکان ئاوێتەی یەکدی بکەن. ئەمەش ڕێگە بە پێشکەشکردنی چارەسەری گشتگیرتر و داهێنەرانەتر بۆ کێشە هاوچەرخەکان خۆش دەکات. ئەمە بەمانای سڕینەوەی تایبەتمەندییەکان نییە، بەڵکوو دەوڵەمەندکردن و پێدانی فرەڕەهەندییە. ئەم ڕێبازە نەک هەر بوارە پسپۆڕییەکە دەوڵەمەند دەکات، بەڵکوو بەها زانستییەکەشی زێدەتر دەکات، لەمیانەی پێدانی توانای چارەسەرکردنی سروشتی فرەلایەنەی قەیرانە مۆدێرنەکان. هاوکاریکردن لەگەڵ بوارەکانی وەک زانستە سروشتییەکان، تەکنەلۆژیا و زانستە کۆمەڵایەتییەکان دەتوانێت ڕێگەی نوێ بۆ لێکۆڵینەوە و جێبەجێکردنی ئاکام و دەرەنجامەکان دروست بکات، ئەمەش دڵنیایی دەدات بەوەی، زانستە مرۆڤایەتییەکان بەردەوام ڕۆڵێکی گرنگ لە تێگەیشتن و داڕشتنەوەی جیهاندا بگێڕن.

سەرباری ئەمە، گرنگە پسپۆڕانی بواری زانستە مرۆڤایەتییەکان، چالاکانە چوارچێوەی کۆمەڵایەتی

فراوانتردا بەشدار بن. دڵنیابن لەوەی کە کارەکانیان لەگەڵ ئاستەنگەکانی ئێستا و پێداویستییە گشتییەکاندا هاوتەریبن. ئەمەش نەک هەر پەیوەستە بە بەرهەمی زانستیی تیۆرییەوە، بەڵکوو دڵنیابوون لەوەی کە کاریگەریی کردەکی هەیە و بەشداری لە چاکەی گشتیدا دەکات. ئەم پسپۆڕانە، بە بەستنەوەی توێژینەوەکانیان بە پرسە کۆمەڵایەتییە زەقەکانەوە، دەتوانن گرنگی بوارەکەیان لە چارەسەرکردنی کێشەکانی جیهانی ڕاستەقینەی ئێمەدا بەهێزتر بکەن. جگە لەوەش، دەکرێت بەم ڕۆڵەیان، لە داڕشتنی گوتاری گشتی بەشداربن؛ هاوکاربن لە گۆڕینی بیرۆکە ئاڵۆزەکان بۆ زانینی ئەوتۆ، کە دەستی هەموانی پێبگات. بەمەش بتوانێت بواری سیاسی و پەروەردە و تێگەیشتنی گشتی، بەئاگا بهێنێت.

هەر ئەڵداما، ئەگەر هاتۆتە سەر ئەم بابەتە و لە داهاتووی زانستە مرۆڤایەتییەکان لە زانکۆکانی سەردەمەکەمان دواوە، تێزێکی کردەکی خستۆتەڕوو. ئەویش بریتییە لەوەی ئەگەر کەتواری مرۆڤ خۆی لە سروشتیدا بەیەکەوە گرێدراوە، ئەوا تێکەڵبوون و

سنووربەزاندنی پسپۆڕییەکان نەک هەر خۆدەرخستن و لێهاتوویی و زێدەمسرەفییە، بەڵکوو تەواو بۆتە پێداویستییەکی مێتۆدییانە. ئەوە هەرگیز بەمانای ڕەتکردنەوەی پسپۆڕییەکان لە بەرژەوەندی ئاوێتە زانینێکی نارێک و بێ ڕەنگ و ڕوو نییە. زانین ئامراز و مێتۆدی ورد و پسپۆڕیانەی پێویستە، لەگەڵیشیدا دەبێت، بەپێی بابەتی لێکۆڵراوە، نەرمییەک هەبێت لە پەڕینەوە و گۆڕینی میکانیزمەکانی کارکردن، چونکە مەرج نییە یەک پسپۆڕی دەرەقەتی بابەتە ئاڵۆزەکان بێت. ئەڵداما خۆی لە شیکارییەکانی ئەدەب و زمانناسی و دەروونناسی و زانینناسی و مێژوو و زیندەزانی و کولتوورناسی ئاوێتەی یەک کردووە، بەمەش جەختی لەوە کردۆتەوە، کە دەبێت میکانیزمەکان بەپێی سروشتی پرسیارەکانەوە بەکاربهێنرێن، نەک وەک باوەڕی دۆگما، کە کوێرانە پابەندیان بین.

## دواجار!

زانستە مرۆڤایەتییەکان تەنیا نایەن لەوە بکۆڵنەوە کە هەیە، بەڵکوو ئەو ئامرازانەش بە مرۆڤ دەدەن تا بیر

لەوەش بکــاتەوە کە دەبێــت. بۆیە ئەگەر بێین ڕەوتی مێژووی چیەتیی ئەم زانســــتانە و مانای هەبوونیان، لە ڕســــتەیەکدا چڕ بکەینەوە، ئەوا دەشــــێ بڵێین مرۆڤە هەر تەنیا هەبوویەک نییە، درکی بەوە کردبێت کەوا دەبێت لە خۆی و جیهـانی دەوروبەری بگـات، بەڵکوو بوونەوەرێکە پێویستی بەوەیە تێبگات بۆچی لە جیهاندا دەژییێت. زانستە ســــروشــــتییەکان دەتوانن زۆر لە وردەکارییەکانی ئەو جیهانە ماددییەمان بۆ شــــی بکەنەوە، بەڵام ئەوە زانســــتە مرۆڤایەتییەکانن پرسیار لەو مرۆڤە دەکات، کە نیشتەجێی ئەم جیهانەیە؛ چۆن بیر دەکاتەوە؟ چۆن وەبیری دێتەوە؟ چۆن خۆی و دەوروبەری دەناســــێنێت؟ چۆن ڕابردووی دەگێڕێتەوە و خەیـاڵی داهــاتووی خۆی دەکـات؟ چۆن ئەزموونە سەرەتاییەکانی خۆی دەکاتە دەربڕینی زمانیانە، دەیـانکـاتە ئەدەب و هونەر و دامودەزگـا و بیروبـاوەڕ و هزری ئەوتۆ، کە پاش خۆشــــی گفتوگۆ و مشــــتومڕیان لەبارەوە دەکرێت.

ڕوونکردنەوەی هەموو ئەمە بەوە دەبێــت بێین، ئێمەیەک کە خۆمان بە پســــپۆڕی ئەم بوارە زانســــتییانە

دەزانین یـان ئەوەش نین، بەڵام کـارەکتەری بەئـاگـاین و دەخوازین زانســـتییـانە تێزەکـانمـان بخەینەڕوو، بەهـا بۆ مێتۆد و بەڵگـانـدن و ئەرگومێنـت بگەڕێنینەوە، بەســـەر فرەزانستییدا بکرێینەوە. لەوانەش گرنگتر بتوانین جیاکاری لەنێوان ئەوەی زانینە، لەگەڵ ئەوەی ئایدۆلۆژیاییە بکەین. لە بەشـــی کۆتاییی ئەم کتێبە، دێینەوە ســـەر ئەم بابەتە، لەچوارچێوەی هەڵسەنگاندنی ئاگاییمان بە مێژوو.

# ناسنامە و مێژوو لە سەردەمی دیجیتاڵیدا

# لە خۆنواندنەوە بۆ وەرچەرخان لە کۆیادی کوردەکان

# ١

## دەستپێک

ئەو پەیوەندییە مشتومڕئامێزەی دەمێکە لەبارەی ناسنامە و مێژوودا هەیە، لە فەزای دیجیتاڵیدا چۆتە ئاستێکی تر و بۆتە یەکێک لەو دۆزانەی هزر و بیری توێژەرانی بواری زانستە کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتییەکانی پێوە سەرقاڵ بووە. سەردەمی نوێ، ئەگەر مێژوونووسانە بدوێین، سەردەمی وەرچەخانە تیژتێپەڕ و خێراکانە، لە هەمووشیان دیارتر و هەستیارتر، گۆڕانە لە سروشتی ئاگاییی مێژوویی و ناسنامەی مرۆڤانە. ئێستا چیدی گێڕانەوە، شرۆڤەی مێژوو و نواندنی ڕابردوو، لەلایەن مێژوونووسان و دەزگا ئەکادیمییەکانەوە قۆرخ نەکراوە، بەڵکوو بۆتە بەشێکی فەزای هاوبەش و کراوە، ڕۆژانە بە ملیۆنان کەس، لەمیانەی کردەی زۆر سادەی وەک پۆستکردن، بەشداری و کۆمێنتەوە، هاوبەشن لە بەرهەمهێنانەوەیدا. هەرئەمەشە وایکردووە، دیاردەکە، وەک مۆدێلێکی نوێ بە توندی خۆی بەسەر بواری زانستە مرۆڤایەتییەکاندا بسەپێنێت، تا ئاستی ئەوەی هەندێک بە

بنەمای هەره سەرەکیی تێگەیشتن و شرۆڤەی ڕەوشی هەنووکەی کۆمەڵگە سەردەمییەکانی دەزانن (دورتییە، ٢٠٢٢). ئەمەش چونکە ئەم وەرچەرخانانە وایانکردووە تەکنۆلۆژیای دیجیتاڵی چیدی هەر نێوندێکی پەیوەندی نەبێت، بەڵکوو ببێتە بونیادێکی نوێی ئۆنتۆلۆژییانەی ئامادەییی مرۆڤ لە جیهاندا؛ پەیوەندیی نێوان خود و ڕابردوو و ئەوانی تر و ئەو مانایانەی بە ڕەهەندی زەمەنی دەدرێن، پێناسە بکاتەوە.

لە بەستێنی ئەم وەرچەرخانانەوە، چەندین قەیرانی ئاڵۆسکاو دەرکەوتوون، کە بە چۆنیەتیی کاریگەریی ژینگەی دیجیتاڵی بەسەر بونیادنانی یادەوەریی کۆمەڵایەتی و پاراستنی و گواستنەوەی بۆ نەوەی دواتر، گرێدراون. لە دۆخێکی ئاوادا چیدی دەزگا نەریتییەکان، قوتابخانە و زانکۆ و میدیای فەرمی، تاکە سەرچاوە و ژێدەری بنەڕەتیی بەرهەمهێنانی گێڕانەوە مێژووییەکان نەماون، بەڵکوو ئەوە تاک و کۆمەڵن خەریکن گوتاری سەربەخۆی خۆیان بونیاد دەنێن و لە ئاستێکی بەرفرەشدا پەخشی دەکەنەوە.

لێکۆڵینەوە لە ناسنامە و مێژوو لەسەردەمی دیجیتاڵی، نەک هەر تەنیا پەیوەست نابێت بە شرۆڤە و شیکردنەوەی ئامراز و پلاتفۆڕمەکانەوە، بەڵکوو واپێویست دەکات لە وەرچەرخانی بنگەییانەی هەبوونی مێژوویی خۆشیدا ڕابمێنین. خۆ تەکنیک هەر ڕووتەختی گواستنەوەی ناوەڕۆک نییە، بەڵکوو فۆرم و جۆرەکانی ئەرشیڤکردن یان نەکردنیش دیاری دەکات. خۆ ئێستا چیدی پرسی ناسنامە تەنیا پەیوەست نییە بە یادەوەرییەوە، بەڵکوو پرسیاریشە لەبارەی ئەو تەکنیکانەی یادەوەرییەکەی پێ دەپارێزرێت، ئەرشیڤ دەکرێت و دووبارە پەرش دەکرێتەوە. هەربۆیە پرسە بنەڕەتییەکە بریتی دەبێت لەوەی ئاخۆ تەکنۆلۆژیا چۆن ماناکانی یادەوەریی مێژوویی و ناسنامەی گۆڕیوە؟ ئەدی بیرهانین و گەڕانەوە بۆ ڕابردووی مێژوویی لەو سەردەمەماندا چ واتایەکی هەیە، کە تێیدا جیهان ناچار بەوەیە "لەبیرکردن" نەناسێت؟ ئەمە لەدەمێکدا، کە ناسنامەی هەنووکەییانە، لەنێو فەزای دیجیتاڵییانەدا شێوەگیر دەبێت و مەرزە جیۆ – سیاسییەکان بە سانایی تێدەپەڕێنێت و پەیوەندییەکانی نێوان خود، کۆمەڵ و مێژوو دووبارە و بەجۆرێکی دی دادەڕێژێتەوە. بۆ کوردەکە ئەم

وەرچەرخانە ڕەهەندێکی بوونگەرانەی تایبەت وەردەگرێت، چونکە لە ڕووی مێژووییەوە ناسنامەی نوێی کوردی، وەک نەتەوەیەکی بێدەوڵەت بەڵام ئامادەی سەر ڕووتەختی مێژوو، هەردەم لەنێوان هەبوون و نەبووندا مشتومڕی لەبارەوە کراوە.

وەرچەرخانی دیجیتاڵی، لە دوو دەیە و نیوی کۆتایی، هەرتەنها گۆڕینێکی کولتوورییانەی ئامرازەکانی پەیوەندی نەبووە، بەڵکوو گۆڕانی جۆری ئاگاییش بوو. مرۆڤی دیجیتاڵ لە فەزایەکدا دەژیێ، کە لە زەینیدا مەودای نێوان یادەوەری و هەنووکە، مانای نەماوە؛ ڕابردوو بە یەک کلیک ئێستایی دەبێتەوە و لە دووتوێی وێنە، هێما و گێڕانەوەی نوێوە شێوە وەردەگرێت. بەم پێودانگەش بێت، چیدی مێژوو کایەیەکی داخراوی پەیوەست بە سەردەمانی پێشین نییە، بەڵکوو بابەتێکی زیندووە و دەشێ چیرۆکەکانی لەهەر چرکەیەکی دیجیتاڵیدا دابڕێژێنەوە. ئەم "ڕژێنە زەمەنییە"، ناسنامەی خستۆتە بەردەم پرسیارێکی نوێوە: چۆن جڤاکێکی وەک جڤاکی کوردی، بەو هەموو دابەشبوونە جیۆ – کولتووری و جیۆ – سیاسییەی هەیەتی

و ناسنامەکەی بەدرێژاییی مێژوو لەنێو دۆخی بەرەنگاری و یەخانگیرییەوە ڕسکاوە و زارەکییانە یادی خۆی کردۆتەوە، بتوانێت خۆی لە فەزایەکدا پێناسە بکاتەوە، کە چیدی ڕوانگەی میتیگەرانە یان تەنانەت دیدگای ئەکادیمییانە بەرزەفتی گێڕانەوەکان ناکات، بەڵکوو کۆی پرۆسەکە لە بندەستی ئەلگۆریتمەکاندایە؟

ئەم کورتە وتارە لەو گریمانەیەوە دەست پێ دەکات، کە بواری دیجیتاڵی بوارێکی چالاک و بەشدارە لە پرۆسێسی بەرهەمهێنانەوەی کۆیاد و داڕشتنەوەی ناسنامەی کولتووری، بەتایبەت لە جڤاکێکدا کە لە بنەڕەتدا بەدەست گرفتەکانی بەردەم پاراستنی ڕابردووەکەی، لە چوارچێوەی دەزگا نەریتی و کلاسیکییەکانەوە، دەناڵێنێت. گرفتی هەر بنەڕەتیش، کە دەخوازین قسەی لەبارەوە بکەیەن، لە پرسێکدا چڕ دەبێتەوە، پەیوەستە بەوەی چۆن، لەسەرووی هیرارکییەتی قەدگرتووی پێشین و دەسەڵات و دەزگاوە، تەکنۆلۆژیای دیجیتاڵی لە شێوەگیرکردنی کۆیاد، پەیوەندی جڤاک بە ڕابردوو، چۆنیەتیی نواندنی و داڕشتنەوەی ڕەهەندەکانی ناسنامەی کولتووریی کوردەوە،

بەشدارە. ئەم پرسەش دەکرێ لە ئاستی جیاوازدا، چەندین لقە پرسیاری لێ ببێتەوە: لە ئاستە ئیپستمۆلۆژییەکەدا خۆمان لەبەردەم ئەوە دەبینیەوە، کە چۆن "ڕێژنە زانیاری"؛ کاریگەری و کارتێکردن و نەمانی سەنتەریێتی، جێکەوتەیان بەسەر ئەو زانینە مێژووییە هەبووە، کە لە پانتاییی کوردیدا بەرهەم دەهێنرێتەوە. لە ئاستی کۆمەڵایەتیش پرسەکە تایبەتە بە کارا تازە دەرکەوتووەکانەوە، ئەوانەی لە پرۆسێسی بەرهەمهێنانی گێڕانەوەی مێژوویی کوردیدا چالاکن. ئاستی سیاسیش پەیوەستە بە چۆنیەتیی کارتێکردنی گێڕانەوە دیجیتاڵییەکان و بەریەککەتنی لەگەڵ گێڕانەوەی فەرمیی هەژموونگەرەوە. خۆ ئەگەر بچینە ئاستە مێتۆدییەکە، ئەوا دەشێ باشتر لەو میکانیزمانە بگەین، کە توێژەر لەپێناو لێکۆڵینەوە لە یادەوەریی سەردەمییانە، لە ژینگەیەکی گۆڕاوی دیجیتاڵیدا، پێویستیەتی.

گرنگی لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی ئەم ئاستانە، ئەوکاتە دەردەکەوێت، ئەگەر توانیمان لە چوارچێوەیەکی هزری – ڕەخنەیی بگرین، تا بەهۆیەوە باشتر لە پەیوەندی

نێوان تۆڕی نوێی پەیوەندی و جڤاکی کوردی بگەین. بەمەش دەشێ بەشدار ببین لەو گفتوگۆو مشتومڕە جیهانییەی لەبارەی ئۆنتۆلۆژیای یادەوەری لەئارادایە؛ تێیدا گەڕانەوە بۆ ڕابردوو لە بابەتێکی پارێزراوی نێو ئەرشیڤەکانەوە، بۆتە پەیڕەوێکی بەردەوامی بەرهەمهێنانەوەی ماناکانی هەبوونی مێژوویی، لەمیانەی بەخشینی دەلالەتی جیاواز بەو ڕابردووەی هەیانبووە.

بەر لە چوونە نێو چوارچێوەی تیۆرییەوە، دەبێ ئەوە لەبەرچاو بگرین، کە لە سەردەمی دیجیتاڵیدا چیدی ناسنامە بناخەیەکی کۆنکرێتی و کرۆکێکی جێگیر نییە، بەڵکوو پرۆسەی شێوەگیربوونە، کە خەسڵەتی بەردەوامێتی هەیە. ئەمە بەڕوونی لە چۆنیەتیی ئامادەبوون و بەردەوامێتی و نواندنییەوە دەردەکەوێت. ناسنامە هەر ئەوە نییە لەدەرەوە بە مرۆڤ دەبەخشرێت، بەڵکوو ڕەهەندەکانی لەمیانەی کاریگەری و کارتێکردنەوە، لەنێو فەزای تۆڕییانەدا، بونیاد دەنرێنەوە. بەو مانایەی پرۆژەیەکی گێڕانەوەیییە، لە دۆخی ئەفراندنی بەردەوامدایە. لێرەوە، ناتوانین پرسی ناسنامە لە پرسی دیجیتاڵیزەبوون جودا

بکەینەوە، هەروەک چۆن ناتوانین مێژوو جیا لە میکانیزمەکانی پاراستن و خستنەڕوویەکی دیاریکراوی ڕابردوو داببڕین. ئەمەش چونکە هەر میکانیزمە و سروشتی ئەو ئاگاییەی بەرهەمی دەهێنێت دەگۆڕێت، هەر نێوەندگیرێکیش زەمەنی تایبەت بەخۆی دەئافرێنێت.

٢

## پاشخانی تیۆری؛ کۆیاد و کەتواری مێژوویی لە زەمەنی دیجیتاڵیدا

ئەگەر پێشان یادەوەری تاکگەرانە بوو و وەک بەرهەمێکی عەقڵی دەبینرا، ئێستا چیدی ئەو تێگەیشتنە، بە کاریگەری ئەو پەیوەندییە نوێیانەی تاک بە فەزای مەجازی دەبەستێتەوە، لەگەڵ کەتواری ئەم تاکە ڕێک نایەتەوە. ئەمەس چونکە چیدی ناسینەوە دەوروبەر پەیوەست نییە بەو تۆڕە پەیوەندییە نەریتییەی لەگەڵ ئەو دەوروبەرەی هەڵچنی بوو و لەنێویدا پرۆسەی بیرهاتن و لەبیرکردنی ئەنجام دەدا. بەڵکوو ئەوەی ئێستا هەیە مێمۆرییەکی

دەرەکییە، کە بەرهەمی کۆژیرییەکی نەناسراوە و ئەم تاکە بە سانایی شتی لێ وەردەگرێت (سکانلان، ٢٠١٧). ئەمە وامان لێدەکات بە چیەتیی یادەوەریی کۆمەڵایەتی، لە ئاستی تاک و کۆ، وەک گەنجینەی ئەو زانیاری و دراوانەی ناسنامەی لەسەر بونیاد دەنرێت دابچینەوە.

لە کۆمەڵناسیی هاوچەرخدا کۆیادی کۆمەڵایەتی، دوای بەرهەمەکانی مۆریس هالبڤاکس14 (1992)، وا دەناسرێت ئەو بونیادە زەینییە پێک دەهێنێت، بەهۆیەوە جڤاکێکی دیاریکراو وێنای خۆی لەنێو زەمەندا پێ دەپارێزێت. بەڵام خۆ ئێستا کۆڵەگە و ڕاگرەکانی ئەم بناغەیە، چیدی بەتەنیا گێڕانەوەی زارەکی، دەقی پیرۆز و سرووتی کۆمەڵایەتی نین. بەڵکوو لەبەر پێشاژۆوە دیجیتاڵییەکەوە، بە شێواز و چەشنی دی شێوەگیر بۆتەوە. ئەوەش پێماندەڵێت کە نەک هەر ناوەڕۆکی یادەوەری گۆڕانی بەسەردا هاتووە، بەڵکوو دەسکاری جۆر و چۆنیەتیی کارکردنی کردووە؛ لە هەڵگرتن و گەنجینەکردنی ماددییەوە گواستویەتیەوە بۆ هەورەگەنجینە؛ لە گێڕانەوەی

14 Maurice Halbwachs

چیرۆکی بەکۆمەڵەوە بۆ هاوبەشکردنی تاکەکەسیانە و خۆبەکۆزانین، لە گواستنەوەوە بۆ کارلێککردن.

پێشان لە زەمینەی ئێمە، کۆیاد لە میانەی **"گوتاری مانەوە"**دا، بەو جۆرەی بەختیار عەلی (٢٠٢١) لە دارِشتنی ئەو چەمکە تێگەیشتووە، قسەی لەبارەوە کراوە و لە بەستێنی ئەو بابەتەی ئێمە دەبێتە مانابەخشین بە هەبوونی ئێستاییانە، بەگەڕانەوە بۆ ڕابردوو. پاسەوان و پارێزەرانیشی بریتیبوونە لە: نوسەر، حەکایەتخوان، مێژوونووس و دامودەزگا کۆمەڵایەتی و فەرمییەکان. ئەوان دیاریان کردووە چی بگێڕدرێتەوە و چی لەبیر بکرێت، کام بەرهەم و نەریتێک میراتی کولتووریمانە و کامەش بەگرنگ نازانرێت و دەبێت فەرامۆش بکرێت. بەڵام ئەمڕۆ هەموو تاکێکی دیجیتاڵیزەکراو، بە پشتبەستن بە وێنە، ئەرشیڤ و ناوەڕۆکی پۆستەکانیەوە، بەشداری دەکات لە دروستکردنی گێڕانەوەی خۆی لەمەڕ کوردبوونەوە، تێگەیشتنی خۆی لەبارەی چۆنیەتی خۆهێشتنەوەی کوردانە لەنێو گێڕانەوە و چیەتیی ئەم گێڕانەوەیە، بڵاو دەکاتەوە.

لە ئاستی گشتیدا، ئەم ناسەنتەریتییە لە گێڕانەوە و ڕەهایەتی لە نواندنی ڕابردوو، کودەتایەکی مەعریفییە بەسەر پێواژۆی یادکردنەوەی ڕابردوو، لەگەڵیشیدا بەرهەمهێنانەوەی مێژوو؛ گێڕانەوە، نواندن، بەرجەستەکردن و نووسینەوەی مێژوو لە کردەیەکی دەزگاییانەی باڵاوە هاتۆتە ئاستێکی ترەوە، دامەزراوەیی لە گێڕانەوە گۆڕاوە بۆ چەشنێک لە هاوبەشێتی ئاسۆیی، کە لە بنچینەی جڤاک خۆیەوە سەرچاوەی گرتووە. نەک هەر ئەمە بەڵکوو وەک ژان بۆدریار15 (٢٠١٧) پێشبینی دەکات، دەشێ ڕووداو، مێژوو و تەنانەت کولتووریش، چیدی بەرهەمی ئەزموونی ڕاستەقینە نەبن، بەڵکوو لەسەر ڕەگەزەکانی کۆد و گەمە و تەنانەت ساختەکارییەوە دروست بکرێن و لەنێو واقیعە مەجازییەکەوە، کە لەسەر بنەمای تێکهەڵکەشانی کۆدەکانەوە بەرهەمهێنراوە، بنوێنرێن. ئەودەم دەشێ ئەمانە لەبری کەتوارە مێژووییەکە سەرەدەریان لەگەڵدا بکرێت، با لە بنەچەشدا کۆلکە ڕووداو و کۆلکە مێژوو و کۆلکە کولتوور بن.

15 Jean Baudrillard

ئەم وەرچەرخانە وای لە فەزا دیجیتاڵییەکە کردووە، نەک هەر بوارێک بێت بۆ ئاڵوگۆڕی تێگەیشتن و خەیاڵکردن و نواندنی زانینمان لەبارەی مێژووە کوردییەکە دەرکەوتنی لەنێو ڕابردوو، بەڵکوو وەک تاقیگەیەکیش بێت بۆ دووبارە داڕشتنەوەی کرۆکی یادەوەری. ڕابردوو وەک چۆن هەبووە کەمتر بابەتە، بەڵکوو ئەوەی هاتۆتە پێش، بونیادنانەوەیەتی لە بەستێنی هێرمینۆتیکانەی نوێدا. وێنەی دیجیتاڵی ڕابردوو، لەبەرگرتنەوەی کەتواری مێژوویی نییە، بەڵکوو هەڵبەستنێکی ڕەمزییانەیە، کە لێکدانەوەی پێشینی بۆ کراوە و کۆنتێکستی ئەوتۆی سیمانتیکانەی پێدراوە، بە سانایی چیەتیی ڕووداو خۆی تێدەپەڕێنێت. هەر ئەمەش قەیرانی نواندن لە فەزای دیجیتاڵی لەخۆدەگرێت: هەرچی لەبارەی ڕابردوو پیشان دەدرێت کردەی شرۆڤە و لێکدانەوەیە، نەک ئامادەکردنێکی بێلایەنانەی ئەم ڕابردووە لە هەنووکەی بەردەنگانیدا.

لەم بەستێنەشدا، ڕەهەندی سۆسیۆلۆژییانەی هاڵبڤاکس، بەو وردەکارییەی هەیبوو، دەرەقەتی خوێندنەوەی چۆنیەتیی نواندی یادەوەری نایەت. هەر بۆیە

بۆ تێگەیشتنی باشتری ڕەوشەکە دەبێ بگەڕێینەوە بۆ شیکارییە ئۆنتۆلۆژییەکەی هایدگەر و تێگەیشتنی بۆ چیەتیی تەکنۆلۆژیا. ئەمەش چونکە "**بەدیجیتاڵکردن**"، یادەوەری لە "**گەنجینەی ڕووداوەکانی ڕابردوو**"ەوە دەگۆڕێت بۆ فۆرمێکی "**بوون لەخۆیدا**"؛ تەکنۆلۆژیا ئەوە دیاری دەکات، کە لەبیر دەمێنێت و ئەوەش کە لەبیر دەکرێت. لەمیانەی خەواریزمییەکانیشی یادەوەرییەکی نوێ چێ دەکات، کە پەیڕەوی لە لۆژیکی خێراییی دەرکەوتن و زوو ونبوون لە زەمەنی پەیوەندییە تۆڕییەکاندا دەکات. ئیدی پرسیارەکە چیدی ئەوە نابێت چۆن کورد یادی ڕابردووی بکاتەوە؟ بەڵکوو بەچی و بە کامە میکانیزم کردەی یادهاتنەوە ساز دەبێت و کێ خودان ئەم چیەتییەیە و بەرزەفتی ئەم میکانیزمانەی کردووە؟

مارتن هایدگەر16 (١٩٩٨) درکی بەوە کردبوو تەکنۆلۆژیا، سەرباری سەندنەوەی ئازادی، پەیوەندیمان بە هەبوونی ڕاستەقینەی شتەکانیش دەپچڕێنێت و ئەزموونی ڕەسەنی ژیانکردن لە مانا بەتاڵ دەکاتەوە. ئەو درکی بەوە

---

16 Martin Heidegger

کردبوو، تەکنۆلۆژیای سەردەم بە چەشنێک لە جیهان دەڕوانێت، وەک ئەوەی شتگەلێک بێت و بۆ مەرامە زانستییەکان شرۆڤە بکرێت و شیاو بێت بۆ ئەوەی ماناکانی ئاوەژوو بکرێتەوە. ئەمەش بە تێگەیشتنی ئەو مەودایەکی بەرتەسکی هەیە و کەمتر کاراوە، لە لایەنە بنەڕەتییەکانی هەبوونی مرۆڤانەمان بگەیەنێت. هەربۆیە جەختی لەوە کردۆتەوە، کە دەبێ پەیوەندی لەگەڵ بوونی ڕاستەقینەی شتەکان ببەستینەوە و ژیان بە دروستی ئەزموون بکەینەوە.

ئەوەی ڕوویدا لە بواری تەکنۆلۆجیای زانیاریی هزریی کەسانێکی وەک هایدگەریش پەی بە ئاکامەکانی نەبرد و بەو ئێستایەی هەژموونی ئەم کایەیە بەسەر چیەتیی مرۆڤبوون گەیشتین. بۆیە، هەر بە پشتبەستن بە دیدگا هایدگەرییەکە، دەشێ بێژین تەکنۆلۆژیا نەک هەر بۆتە ئامرازێکی گەنجینەکردنی زانیارییەکان، بەڵکوو ئێستا مۆدێلی هەرە باوی بەرزەفتکارییە، بەتایبەت لە مانابەخشین و لە شێوەدان و دەرخستنی حەقیقەتدا. وای لێهاتووە تەکنۆلۆژیا ئەو چوارچێوەیەمان بۆ دەستنیشان دەکات، کە

لەنێویدا دوێنێ و ئەمڕۆی جیهان دەبینین و ناچار بەوەین بە ڕاستی بزانین. تەکنۆلۆژیای دیجیتاڵی، بەو توانایەی لە نواندن و گەنجینەکردن و بڵاوکردنەوەدا هەیەتی، خەریکە پەیوەندیی ئێمەی مرۆڤی، بە زەمەنی مێژوویی داڕشتۆتەوە. چونکە بەردەوام ڕابردوو دەکاتە ئێستا و ئێستاش خەریکە دەبێتە ئەرشیڤێکی بندەستییانە، کە بەردەوام لەبارە بۆ تێدا گەڕان و بەردەستخستن لەکاتی پێویستدا. بەو مانایەش بێت، مێژوو لە چاخی دیجیتاڵی کایەیێکی سەردانەپۆشراوی بێ کۆتایە؛ چیدی بەس لەنێو دەق و بەڵگەنامە کۆنینەکاندا ناخوێنرێتەوە، بەڵکوو لەسەر سکرینەکانیشدا دەبینرێت. ئیتر زۆر لە کۆئەندامی دەمار و هزرمان ناکەین، تا شتگەلێکمان بیر بێتەوە کە لە بەستێنی گێڕانەوەییدا پێویستمان دەبێت، بەڵکوو ئەوەی دەمانەوێت بە چەند چرکەیەک لە سێرڤەرە ئەلیکترۆنییەکانەوە وەردەگیرێتەوە.

کەواتە دیجیتاڵکراو هەر تەنیا میکانیزمی گواستنەوەی مێژوو نییە، بەڵکوو کایەیەکی مەعریفی دینامیکیشە، تێیدا هەریەک لە زەمەن و مانا، سیمانتیکانە، بەرهەم دەهێنرێنەوە. ئەم جۆرەی تەکنۆلۆژیا، بنەمایەکی

دەرەکی نییە زێدەبار بێت بەسەر ئاگاییی مرۆڤانەمان، بەڵکوو درێژکراوەیەتی و شێوەیەکی نوێی پیشاندانی یادەوەرییە لە جیهاندا. لەم ڕوانگەیەشەوە، فەزای دیجیتاڵ دەبێتە گۆڕەپانی کارتێکردنێکی دووانەییانە: یادەوەری لە قۆرخکاریی دەسەڵات ڕزگار دەکات، بەڵام لە هەمان کاتیشدا ڕێگە بەوە دەدات پارچەپارچە ببێت، چونکە ئەکتەرە جیاجیاکان، هەر کێ بن و لە چ ئاستێکی ئاگاییدا بن، ململانێی لەسەر دەکەن و مەرزی نێوان بەڵگەنامەی ئەرشیڤکراو و خەیاڵکراویش کاڵ بێتەوە. وای لێدێ هەر ئەو کارەکتەرانە شایەت دەبن بەسەر مێژوو و کەتوار و خەیاڵکراو بە ئەستەم لەیەکدی جودا دەکرێنەوە.

هەرچۆنێک بێت، بابەتی **"تەکنۆلۆژیا وەک پێشمەرجێکی بونیادنانی کەتواری مێژوویی"**، یەکێکە لە دۆزە هەرە دیارەکانی نێو هزری ئەم سەردەمەمان، کوردێک و هیندییەک و ئەڵمانێک تێیدا هاوخەم و هاوپرسن. چونکە لە ناساندنەوەی زانینی مێژوویی و ئەو میکانیزمانەی بۆ بەرهەمهێنان و ئەرشیڤکردن و بڵاوکردنەوەی بەکار دەهێنرێن دەلالەتی قووڵی هەمەکیان

هەیە، بەچەشنێک چیدی تەکنۆلۆژیا ئامرازی دەستی مێژوونووس و توێژەرانی سەرانسەری دونیا نییە، بۆ گەڕان بەدوای ئەوەی هەریەکە و بەپێی زەمینەی کۆمەڵایەتییانەی خۆی بۆ بەرهەمهێنانی زانین، ناویان ناوە حەقیقەت. بەڵکوو بۆتە بەشێکی بنەڕەتی بەرهەمهێنانەوەی خودی ئەوەی، لەوسەر بۆ ئەوسەر، ناونراوە حەقیقەتە مێژووییەکان. ئەمەش خەسڵەتێکی گرنگی ڕەوتی هزریی فەلسەفی و مێژوویی سەردەمەکەمانە. بە چەشنێک لە زۆر لەو توێژینەوە نوێیانەی لەبارەی چەمکگەلێکی وەک **"سەرچاوە"**، **"ڕاستگۆیی مێژووییانە"**، **"بەڵگەنامە"**، **"یادەوەری"** و **"ئەرشیڤ"** کراون، ڕەنگدانەوەی قووڵی هەیە. بەتایبەت ئەگەر دەبینین پشتبەستن بە تەکنۆلۆژیا هەڵبژاردەیەکی میتۆدییانە نییە و مەرج نییە لەقالبدانێکی تیۆرییانەی تیز و بۆچوونەکانیشی لەگەڵ بێت، بەڵکوو بۆتە مەرجێکی بوونگەرانەی پەیوەست بە چۆنیەتیی بەرهەمهێنانی گێڕانەوە و فۆڕمەکانی. ئیدی نێوەندگیر (تەکنیکی بێت یان زمان) بۆتە بەشێکی بناخەییانەی گوتاری مێژوویی و تەکنۆلۆژیا ماناکای ڕووداو، گێڕەرەوە و مێژوونووس و زەمەنیشی خستۆتە چوارچێوەی ئەو

لۆژیکەی خۆی کاری پێ دەکات (وولف، ٢٠٢١). تا وای لێهاتووە هەریەکەیان، ڕاستەوخۆ بە توانای سیستەمە تۆڕییەکە لە ڕێکخستن، چارەسەرکردن و پێڕستسازی، بەستراونەتەوە (عبد اللطیف، ٢٠١٢). ئەوهاش یادەوەری **"بەردەوامێتیی زەمەنییانە"** نانوێنێت، بەڵکوو دەبێتە پەیڕەوێکی هەم سیاسی و هەمیش مەعریفی، بەتایبەت ئەگەر دەبینین کۆمەڵە مرۆییەکان، کەمتر لە ڕێگەی دەزگا سۆسیۆ – سیاسییەکانیانەوە یاد دەکەنەوە، لەجیاتی ئەمە هاتوون پتر پشت بە میکانیزمە دیجیتاڵییەکان دەبەستن، بۆ بیرهانینی بەشێکی خوازراوی ڕابردووەکەیان و هەر ئەو بە بەڵگەنامە دەزانن، بۆ سەلماندنی ئەو تێگەیشتنەی بە ڕەهەندەکانی ڕابردووەکەی دەبەخشن.

بەمەش چیدی بەڵگەنامە، وەک کەرەسەی هەرە کلاسیک و جێی متمانەی دەستی مێژوونووسان، بە تۆکمەبوونی خۆی لە کەشفکردنی ڕاستییەکان نەنازێت، چونکە تۆماری دیجیتاڵی بناخەیەکی لەرزۆکی هەیە و جێگیر نییە و لە قەیراندایە. بۆیە وەک تۆنی ویلەر17

17 Toni Weller

(2013) ڕوونی کردۆتەوە، لەم بەستێنە میتۆدیە، لەبەردەم بە قەیرانێکداین، کە دەشێ ناوبنرێت قەیرانی نێوندگیری، نێوەندگیری لە نێوان دەق و سەرچاوە، بەتایبەت ئەگەر دەبینین ئەو مەودا ڕەخنەییەی لەنێوانیاندا هەیە بەرە بەرە بزر دەبێت. چونکە کاتێک نێوەندەکە خۆی دەبێتە ڕەگەزێکی دەق، لەگەڵیدا مێژووی گێڕدراوە، تەنیا شیکردنەوەی بابەتییانەی سەرچاوەکان نابێت، بەڵکوو دەبێتە کردەیەکی پەیوەندگەرانە. هەر ئەمەش ڕۆڵی هەبووە لەوەی فۆڕمی پەیوەندگەرانەی یادەوەریی باو بێت و زۆرترینی کارەکتەرەکان ئەو ڕووداوانەی پێشین بگێڕنەوە و بکەنە ترێند، کە پەیوەستن بە دۆز و گرفتە هەنووکەییاکانەوە.

ئەمە وایکردووە مێژوونووسی سەردەم هەر چاودێر نابێت بەسەر چۆنیەتیی بونیادنانەوەی ڕابردوو، بەڵکوو بەشدار دەبێت لەوەی دەیگێڕێتەوە؛ بەرجەستەی شرۆڤەیەکی دیرۆکەکە دەکات، نەک ئەوەی وەک چۆن ڕوویداوە بۆ ئێستای بگوازێتەوە. بەمەش هەواڵەکانی ڕابردوو وەک بابەتێکی بێ گیان نامێنێت، لەجێی ئەودا

گێڕانەوە، وەک چالاکییەکی هێرمینۆتیکانەی نوێ، دێتە پێش و خۆی بەسەر فەزای گشتی دەسەپێنێت.

## ٣

## یادەوەری و ناسنامە و فەزای گشتی

لە دوادواییەکانی سەدەی پێشین، یۆرگن هابرماس18، چوارچێوەیەکی تیۆریی کاریگەری داڕشت، بۆ تێگەیشتن لەو وەرچەرخانانەی لەگەڵ دیجیتالیزەکاریدا هاتنە پێش و جۆری پەیوەندیی سەردەمییانەیان گۆڕی. ئەمەشی لەمیانەی داڕشتنەوەی ماناکانی چەمکی "فەزای گشتی"یەوە ئەنجام دا؛ ئەو پانتاییەی ئاڵوگۆڕکاری، کە تێیدا کۆویست – بە گفتوگۆ و مشتومڕی ئەقڵانی و ڕەخنەییەوە - شێوە وەردەگرێت (نوار، ٢٠١٩). بەلای ئەو، فەزای گشتی تەنیا بوارێکی کۆمەڵایەتییانەی کاریگەری و کارلێک نییە، بەڵکوو بنگەیەکی پەیوەندگەرانەیە؛ تێیدا گفتوگۆ دەکرێت و تاکەکان بیروبۆچوون، دوور لە

18 Jürgen Habermas

هەژموونی دەسەڵاتی سیاسی و ئابوورییەوە، ئاڵوگۆڕ دەکەن.

لەگەڵ پەرەسەندنی ئامرازە دیجیتاڵییەکان، ئەم چەمکە ڕەهەندی دی بۆ زیاد بووە. دیجیتالیزەکردن، فەزاکەی لە قاوەخانە و سەر پەڕەکانی ڕۆژنامەوە گواستەوە نێو پلاتفۆڕمی ژمارەیییەوە، شێوازەکەشی گۆڕی لە گفتوگۆی پلە بە پلە و مشتومڕی هەڵکشاو بۆ کاریگەریی ڕاستەوخۆ، بەمەش فەزای دیجیتاڵی ئاڵۆزی خستە نێو چەمکە نەریتییەکەی هابرماس. لەم بەستێنەش، ئەگەر بێینەوە سەر یادهاتنەوەی ڕابردووی مێژوویی، دەبینین بۆتە پەیڕەوێکی پەیوەندگەرانەی کراوە، تێیدا ئەوە کارەکتەرە - گێڕەرەوە ئاسایی و جیاوازەکانن کار لە یەک دەکەن و یەکتر ئاڕاستە دەکەن. ئەمە هەرگیز بە مانای ئەوە نییە کرانەوە شێوە جیاجیاکانی هەژموونکاری، لە گێڕانەوە و یادکردنەوە و بەیانکردنی کرۆکی ناسنامە، وەلا نابێت. بەڵکوو هاتووە بە چەشنێکی دی شێوەی پێداونەتەوە. بەچەشنێک فەزای گشتی تەنیا لەمیانەی چاودێری

ڕاستەوخۆوە بەرزەفت ناکرێت، بەڵکوو لە ڕێگەی ئەو خەواریزمییانەی، دەستنیشانی بینراو و نەبینراو دەکەن.

هەر لێرەوە بۆ لێکۆڵینەوە لە ناسنامەی سەردەمی دیجیتاڵی وا دەخوازێت شرۆڤەی ئەو پەیوەندییە بکەین، کە لەنێوان ئازادیی ڕەمزییانەی بەکارهێنەران و ئەو بونیادە تەکنیکییەدا هەیە، کە بێئاگای بەکارهێنەرانەوە، هەڵوێست و هەڵسوکەوتەکانیان ئاڕاستە دەکات. ئەو فەزا گشتییە نوێیە، با لە ڕووکەشیشدا وا خۆی نیشاندات دیموکراتیزە کراوە، بەڵام لە کرۆکدا چینی جیاجیای هەژمونی ڕەمزییانەی بەرهەم هێناوە. ئیدی ئەوە پلاتفۆڕمەکانن مانا بە کردەی هەنووکەیی و ڕووداوی پێشین دەدەن و ڕوانگەکانی پشت گێڕانەوەی مێژوویی ئاراستە دەکەن.

سەرباری ئەم پارادیمە ئاڵۆزە دەبێت ئەوەمان لەبەرچاو بێت، کە فەزای گشتیی دیجیتاڵی توانای زۆری داوەتە دەست جڤاکە پەراوێزخراوەکان، لەوانەش جڤاکی کوردی، تا بتوانن گێڕانەوەی تایبەت بە خۆیان، دوور لە بەرزەفتکاریی دەسەڵاتی ناوەندگیر و دەزگا فەرمییەکانی، دابڕێژنەوە. لەم ئاستەشدا یادەوەری هەر بۆتە پەیڕەوێکی

پەیوەندگەرانە، بە میکانیزمی نوێی خۆ دەربڕین (دەق و وێنە، دەنگ و جووڵە) کاریگەریی ڕابردوو بەسەر ئێستا ڕوونتر دەنوێنێت. بێ ئەوەی پرسەکە لێرە ڕاستی و دروستی ناوەخنی گێڕدراوە بێت، ئەوەندەی بەدەنگخستنی بێدەنگکراوانە. بەمەش دیجیتاڵ پێناسەی مێژوو خۆی دەکاتەوە، نەک وەک کایەیەکی زانستی، بەڵکوو وەک گوتارێکی زیندووی کۆمەڵایەتی، کە لە زەمەنی ڕاستەقینەدا شێوەی خۆی دەگرێت. مانوێل کاستلز19 (2010)، لە تیۆرییەکەی خۆی لەبارەی **"جڤاکی تۆڕییانە"**، ئەو کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەی بەسەر گێڕانەوەی ڕابردوو شرۆڤە کردووە. بەوە گەیشتووە ئیتر بونیادی نوێی کۆمەڵایەتی لەسەر کۆڵەگە و پنتە دیارەکان ڕانەوەستاوە، بەڵکوو لەلای ڕێژگەی دیجیتاڵیەوە هەواری خۆی دادەبەستێ. کۆمەڵی دیجیتاڵی، لە تۆڕێکی جوڵاودا دەنوێندرێت، تێیدا زانیار و بیروبۆچوونەکان بێ مەرزە شوێنکاتییەکان دەگوازرێنەوە. لەگەڵیشیدا دەسەڵات دەزگاییانە نامێنێتەوە، بەڵکوو دەگوازرێتەوە نێو ئەو فۆڕمە

---

19 Manuel Castells

پەیوەندگەرییە فرەچەشنانەی هاتوونەتە ئارا.  هەر ئەمەش بواری بەوە داوە مێژوو سەدای جیاجیای لەو چۆمانەی دیجیتاڵ ئەفراندوونی هەبێت و چیدی تاکڕەهەندانە نەگێڕدرێتەوە.

لەم کۆمەڵە نوێیانەدا، ناسنامە دەرەنجامی کارلێککردنە، لەمیانەی بەشداریکردن لە تۆڕەکە مانا و شێوەی نوێی خۆی وەردەگرێت، نەک بەهۆی ئینتیمای جێگیر بۆ کۆمەڵ یان شوێنێکی دیاریکراوەوە بەرهەم بێت. بەمەش خود دەبێتە کارایەکی هێماییانە، کە لەدووتوێی ڕێژنە وێنە و زانیاری و پرۆسەی مانابەخشین و مانادانەوەدا دەڕسکێت، ئاگاییشی بەوانی تر لە ڕێگەی ئەوەدا دەبێت، کە لەگەڵ هەموان بەشداری پێ دەکات، نەک ئەوەی بە میرات بۆی ماوەتەوە. هەر ئەمەش وای کردووە ناسنامە لە جیهانی دیجیتاڵیدا بەردەوام بەکراوەیی بمێنێتەوە؛ دەشێ لە هەر چەرکەساتێکدا خود لەنێو تۆڕێک گوتاری ئاڵۆسکاو و تێکچڕژاوەوە خۆی بدۆزێتەوە. گرفتەکە ئەوکاتە قووڵتر دەبێتە، ئەگەر ناسنامەسازی لە

مێژووی خۆیدا بەباشی نەڕسکابێت و وەک هی کوردەکان قەیرانی بوونگەرانەی هەبووبێت.

هەرچۆنێک بێت، ئەم تێگەیشتنە بۆ تۆڕەکە، وەک بەرهەمهێنی ناسنامە و زانین، دەرگا بەسەر خوێندنەوەیەکی نوێی مێژوو، وەک پەیڕەوێکی کارلێککارانە، دەکاتەوە. ئەرشیڤ چیدی گەنجینەی هەڵگرتنی پاشماوەی ڕووداوەکان نییە، بەڵکوو وەک ژاک دێریدا[20] (٢٠٢٠) پێشبینی کردبوو، بۆتە تۆڕێک لە پەیوەندیی زیندوو؛ پەیوەندییەکی دەسەڵاتیانە، کە لەگەڵ هەر بەکارهێنانێکدا نوێ دەبێتەوە. لێرەوە، دەشێ بێژین ناسنامە و مێژوو لەنێو یەک بەستێندان: ناسنامە مێژووی خۆی لەدووتوێی بەشداریکردندا چێ دەکات و مێژووش لەمیانەی نواندنەوەی لەنێو تۆڕەکانی پەیوەندیدا پێناسە دەکاتەوە.

بێگومان ئەم خوێندنەوە سێ ئاڕاستەییە (ئۆنتۆلۆژیای هایدگەر، پەیوەندگەراییی هابرماس، تۆڕی

20 Jacques Derrida

پەیوەندیی کاستلز) بوار بەوە دەدات، لە ڕۆشناییی وەرچەرخانە دیجیتاڵییەکەوە، پێناسەی کۆیاد بکەینەوە. بەتایبەت ئەگەر دەبینین دیجیتالیزە تەنیا پێشڤەچوونێکی تەکنیکی نییە، بەڵکوو گۆڕانێکیشە بەسەر بونیادی هەبوونی مرۆڤانەدا هاتووە. مرۆڤ لە دۆخی "**یادەوەریی گەنجینەیی**" گواستۆتەوە بۆ "**یادەوەریی ئاڵوگۆڕییانە**"؛ لە زانینی "**ڕاستە**"وە بۆ زانینی "**ئاسۆیی**"، لە ئامادەیی لەنێو شوێندا بۆ ئامادەیی لەنێو تۆڕدا.

بەکورتی، دەشێ بێژین ئەم وەرچەرخانانە وای کردووە لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی یادەوەری و ناسنامە لە بەستێنی دیجیتاڵیدا پتر بوارێکی فەلسەفی بێت. ئێستا پرسیار ئەوە نییە چی لە بارەی ڕابردووەوە دەزانین، بەڵکوو لە میانەی ڕێبازی نوێی یادکردنەوەدا دەبین بە چی؟ واتا پرسی یادەوەری لێرە هەر تەنیا پرسی ناوەڕۆکەکەی نییە، بەڵکوو پرسە لەمەڕ کردەی بوون، بەهۆیەوە مرۆڤ پەیوەندیی خۆی بە زەمەن و بە ئەوانی تر بونیاد دەنێتەوە. هەر لەم ڕوانگەیەشەوە، دەشێ بێژین کەوا مێژوو لە سەردەمی دیجیتاڵیدا بەهای خۆی لەدەست نەداوە، بەڵکوو

ڕەهەندێکی دی بۆ زیاد بووە. ئەویش ئەو ڕەهەندە بوونگەرانەیەتی، کە وا لە بیرهانین دەکات چەشنێک لە حوزووری خودگەرانە بێت.

## ٤

## شێوەگیربوونەوەی یادەوەریی کوردی لە جڤاکی تۆڕییانەدا

لە دەسپێکی ئەم سەدەیە، فەزای دیجیتاڵی کوردی پتر شێوەی خۆی وەرگرت. فەزایەک دروست بوو، کە خەریکە چیدی درێژەپێدەرێکی سروشتی فەزای نەریتییانەی میدیای کوردی نەمێنێت، بەڵکوو وردە بوارێکی نوێی ڕەمزی پێکهێناوە، لە چوارچێوەیدا کۆیاد ئامادەیە و دەنووسرێتەوە و پەخش دەکرێت. ئەو سایت و ئەرشیڤە دیجیتاڵییانەی وێنەی کورد بەرجەستە دەکەن (ساتەکانی دەرکەوتنی کورد و کوردستان لەنێو مێژوو، وێنەی هەڵەبجە و هەڵمەتی ئەنفال و ساڵانی خەبات، پێشمەرگە و شەڕڤان و بەرەنگاربوونەوەی هێزی

تیرۆر...تادوایی.)، ڕاستەوخۆ سەرەدەری لەگەڵ یادەوەریدا دەکەن. سەرەدەریەک، کە مەرج نییە پابەندی گوتاری فەرمی بێت و ڕەنگدانەوەی تێزە بنەڕەتییەکانی نێوی بێت، بەتایبەت هی باشووری کوردستان، کە هێشتا گوتارێکی نەمەیوە و وەک لە توێژینەوەیەکی تر هەوڵمانداوە ڕوونی بکەینەوە (لەشکری و حوسێن، ٢٠٢٤) بە دەست پەرتەوازەیی و ناجێگیریی و ناڕوونیی ئاراستەکانی لە پرۆسەی دروستکرانی هاوبەندیی کۆمەڵایەتییەوە دەناڵێنێت.

ئەوکاتەی یادەوەریی جڤاکێکی وەک جڤاکی کوردی دەکرێتە داتا، مێژوو و گێڕانەوەکانی دەبنە فایل، کە زۆر بە سانایی دەتوانیت بیگوازیتەوە، دەسکاری بکەیت یان بەشداری پێبکەیت. ئەوکات دەشێ پرسیارێکی بوونگەرانەی نوێ سەرهەڵبدات: بیرهاتن لە جیهانێکی بێ دەر و دیوار، بۆ ڕەگەزێکی مرۆیی دەرەوەی ئەرشیڤی نەریتییانە، مانای چییە؟ لە دۆخی کوردیدا، دیجیتالیزەکردن وەک قۆناغێکی تەکنیکی نابێت، بەڵکوو گۆڕانێکە لە کەینونەتیشدا. ئەو جڤاکەی، بۆ ئەوەی هەبوونی مێژووییانەی خۆی لەنێو

یادەوەریدا بچەسپێنێت، زەمانی پێشان پشتی بە حەکایەتی زاردەڤیانە و بەیت و گۆرانی میللی و دەقی شیعری دەبەست، پاشان چەند مێژوونووسێکی تێدا دەرکەوت و درەنگتریش لەبواری ئەکادیمیدا کەم کەم دەستکرا بە نووسینەوەی مێژووەکەی، ئێستا لە فەزایەکدا خۆی بینیوەتەوە وێنە و خەواریزم و خێراییی بەرزەفتی یادهاتنەوە و گێڕانەوەی ڕابردووی کردووە.

هەر ئەمەش وا دەکات، لەم بەستێنە نوێیە، مێژوو بۆ کورد تەنیا هەوڵێک نەبێت بۆ دروستکردنەوەی ئەو "زنجیرە ڕاستە"ی ڕووداوەکانی پێ گرێ دراون و سەرەتای دیار و ئەلقەی جیاجیا بە ئێستای بەستۆتەوە. بەڵکوو ببێتە کایەیەکی نێو فەزا کراوەکە، تێیدا ئەزموونە دەستەجەمعییەکان، لە وازییەکی ئەژمارەییبیانەدا، سەرلەنوێ هەنووکە دەبنەوە. بە دەستەواژەیەکی دی مێژوو بۆ کوردەکان چیتر ئەو هێڵە زنجیرەیییەی ڕووداوەکان نەماوەتەوە، کە ببووە خەمی هەرەسەرەکی دەستەبژێرە ڕۆشنبیری و ئەکادیمییەکەی، بەڵکوو جارێکی دی و بەشێوازێکی تر ئەزموونەکانی ڕابردووی دەنوێنرێن،

هەر ئەمەش وا دەکات کورد، بێ ئەوەی لە قۆناغی ئەرشیڤییانەی کلاسیک تێر ببێت، تێیپەڕێنێت بۆ قۆناغی بەرجەستەکردن لەنێو خەواریزمییەکاندا. لەم پەڕینەوەیەش، بونیادی ئاگاییی خۆی گۆڕانی بەسەردا دێت، بەچەشنێک وێنەی هەر شەهیدێک، سەربوردەی هەر گوندێک، کارەساتێکی سەردەمانی پێشین، شکۆیەک کە لە بەستێنی ڕووداویانەدا هەڵدەهێنجرێت، ڕووداوێکی ئێرە و ئەوێ، جۆرێک دەبێت لە بانگەشەی بوونگەرانە. هەوڵێک دەبێت لەپێناو خۆسەلماندن لە جیهانێک، کە بۆ ئەو کوردە – پێشان و ئێستاش - ترسی نەبوون و لەبیرکردن بەسەریدا زاڵە.

لەم پانتاییەدا، ئەوە هەر تەنیا مێژوونووس و کەسانی پسپۆڕی بوارەکە نین ڕابردوو دەنووسنەوە، بەڵکوو هەموو چالاکڤانێک و بلۆگەرێک و وێنەگرێک و تیکتۆکەرێک کاران و بەشدارن لە نووسینەوە و تۆمارکردنی وێنەییانە، تا بە ئامراز و دروستکراوەکانی ژیریی دەسکرد دەگات. ئەمانە نەوەیەکەن؛ تۆڕی چنراوی گێڕەرەوان، کە کەمتر لە ئەرشیڤ و بەڵگەنامەوە دەست بە

گێڕانەوە دەکەن، بەڵکوو خۆیان وەک کارا، شایتحاڵ و سەرچاوەی ڕووداوەکانی پێشین و نها دەنوێنن. ئەمانە لە سکی یادەوەرییەکی پەیوەندگەراوە هاتوونەتەدەر، کە لە هەزاران هەزار دەنگی جیاواز دروست بووە و بە کۆی هەموویان ئەوە پێکدەهێنن، کە دەشێ ناوی بنێین **"کۆئاگاییی دیجیتاڵییانەی کورد"**.

بێگومان لەگەڵ ئەم وەرچەرخانە لە دەسەڵاتی گێڕانەوە، دەسەڵاتی دەزگاییانە، کە وەک پێشتریش گوتمان، لە پانتاییە کوردییەکەدا هێشتا بونیادەکەی تۆکمە نەبووە، پاشەکشە دەکات. لەگەڵیشیدا چیدی کاراکانی نێوی (توێژەرانی ئەکادیمی و مێژوونووسانی نەریتی) وەک قۆرخکاری گێڕانەوەی مێژوو نامێنن، کەمتریش – بە بەراورد بە کارا دیجیتاڵییەکان – بەردەنگیان دەبێت، چونکە ئەو دەسەڵاتە ڕەمزییەی هەریەک لە حوکمڕان، حزب و ئەکادیمیا هەیبووە، بەرە بەرە بەسەر تاکەکاندا دابەش دەبێت. ئەمە ئەوەیە کاستلز (2010) ناوی ناوە **"دەسەڵاتی پەیوەندگەرا"**، کە بریتییە لە توانای شێوەگیرکردنی مانا لەمیانەی تۆڕەکانی پەیوەندی، نەک دەزگای ناوەندییەوە.

ئەم فۆڕمە نوێیەی دەسەڵاتیش، لە ڕووتەختی کوردیدا، وەک کودەتایەک خۆی دەنوێنێت، بەچەشنێک وای لێهاتووە یادەوەریی هاوبەش لە خوارەوەڕا بەڕێوە دەبردرێت، لەلایەن خەڵکی ئاساییەوە، خەڵکانێک یادکردنەوەکە بە میراتی کەسییانە دەزانن و دێن ئەزموونی خۆیان وەردەگێڕن بۆ گێڕانەوەی هەمەگیر.

بەڵام خۆ ئەم کرانەوەیە بەمانای ڕزگاربوونی تەواوەتی لە هەژموونگەری نایەت. چونکە پانتاییی دیجیتاڵی خۆی بێبەش نییە لە لۆژیکی هێز و سەپاندنی گێڕانەوە. خۆ پانتاییەکە، لەئاستی گشتی، لەلایەن کۆمپانیا و پلاتفۆڕمە گەورەکانەوە بەرزەفت کراوە و ئەوان بەپێی سیاسەتی تایبەت بەخۆیانەوە ئاڕاستەی بینین و بیرهانین و لەبیرکردن دەکەن. ئیدی وەک ڤان دایک21 (2013) ئاماژەی پێداوە، ئامرازەکان کولتوورێکی ئەوتۆی پەیوەندگەرا بەرهەم دەهێنن، کە جارێکی دی پەیوەندییە دەسەڵاتییەکان - لەمیانەی ئەوەی دەریدەخەن و ئەوەش کە دەیشارنەوە – دادەڕێژنەوە. جگە لەمە، لە دۆخە

21José Van Dijck

کوردییەکە، مەسەلەکە چۆتە نێو ئەو ململانێیەشەوە، کە لەنێوان گێڕانەوەی پەیوەست بەدەرکەوتن و گێڕانەوەی وەلانان و پەردەپۆشکردنەوە هەیە؛ لەنێوان ئەوەی کۆزەین ڕێگەی پێداوە لەنێو تۆڕەکەدا گوزەر بکات، لەگەڵ ئەوەش لە نێو بێدەنگیی دیجیتاڵییانەدا لەگۆڕ دەنرێت.

## ٥

## یادەوەریی دەسەڵاتییانە

ئەم وەرچەرخانانەی ئاماژەمان پێدا، وایکردووە دیجیتاڵیزەکردن کایەیەکی سارد و سڕی بێلایەن نەبێت، بەڵکوو ببێتە ئەو چوارچێوە مەعریفییە نوێیەی تێیدا پەیوەندییەکانی نێوان یادەوەریی کوردی و فۆڕمی دەسەڵاتدارێتییەکەی و ناسنامەسازی شێوەگیر دەبێتەوە. ئەوکاتەی ئاوا دەزگا نەریتییەکان بێدەنگ خۆ دەنوێنن و ئەو ڕۆڵە مێژووییە ناگێڕن، کە دەبایە لە دیاریکردنی پێوەرەکانی داننان بە ڕابردووی مێژووی کوردییەوە هەیانبێت، فەزا دیجیتاڵییەکە دێت و دەبێتە جێنشینێکی

چاوەڕواننەکراو؛ هەژموونی خۆی لە میانەی چەردێک خەوارزمییەوە دەسەپێنێت، جیهانی گێڕانەوەییانەی کوردی بەچەشنێک دادەڕێژێتەوە، کە لەژێر ڕکێفی ئابووریی ئاگادارکردنەوەدا دەبێت نەک هزرین و لێکدانەوەی میتۆدییانە.

لە ئاستی گشتیدا، کاتێک دەنگەکان لە قۆرخکاریی دەزگا دەربازیان بوو، وا زەن کرا کایەی گشتی دیموکراتیتر و بەرفرەتر بووە. بەڵام ئەوەی ڕوویدا پێچەوانە بوو؛ خەوارزمیی پلاتفۆڕمەکان، جێگەی جیهانیی نەریتییانەی گرتەوە، هەر ئەوانیش دەستنیشانی ئەوە دەکەن چیمان لەبارەی کورد بیر بێتەوە و چیش وەلا بنێین، چ شتێک وەک دۆزێک سەرەدەری لەگەڵ دەکرێت و کامەش هیچ کاریگەری و جێکەوتەی نابێت. ئیدی کاریگەریی گوتار پەیوەست نییە بە قوڵبوونەکەی، بەڵکوو بەوەی کاریگەرییەکانی لەسەر کارلێککردن چەندە، لەسەر ماس وروژاندن، بەرهەمهێنانی توڕەیی یان سۆز، لەسەر سەرنجڕاکێشان لە زەریایەکی بێ بنی وێنەدا. ئا لێرەوە شتێک لەدایک بووە دەشێ ناوی بنێین پۆپۆلیزمی دیجیتاڵی؛

پۆپۆلیزمێک نا کە بە گوتاری حزبێک، ئایدۆلۆژیایەیک، سەرکردەیەک یان دەسەڵاتدارێک چێ دەبێت، بەڵکوو پۆپۆلیزمێک کە جەماوەر، بێ ئەوەی درک بە ڕەهەند و لێکەوتەکانی بکات، دروستی دەکات.

ئەو پۆپۆلیزمە دیجیتاڵییە، لە نێو فەزا کوردییەکە، بە چەندین میکانیزمەوە کاری خۆی لەبواری بیرهانین، لەبیرکردن، گێڕانەوە و نەگێڕانەوەدا دەکات. تەنانەت خەریکە ببێتە خودان یاسا و ڕێسای نەنووسراوی خۆی. سەبارەت بە گێڕانەوەسازی، سەرەتا لە **"داماڵینی بەستێن"**ەوە دەست پێ دەکات: ڕووداوێکی سادە لە مێژووی خۆی دادەبڕێنرێت و وەک هەڕەشەیەکی وجودی پێشکەش دەکرێت. قسەی کەسێکی سەر بە گرووپێکی جیاوازی ئیتنی یان ئایینی، دەبێتە ئاماژەیەک بۆ کەوتنی ڕەهەندە مێژووییەکەی ناسنامەی هەمەکی. وێنەیەکی ئاهەنگگێڕان وەک هێمای داگیرکاری کولتووری پیشان دەدرێت...تادوایی. دوای ئەمە میکانیزمی گۆڕینی ناو یاخود دروستکردنی ناو و ناتۆرە دەست پێ دەکات؛ پرۆسەیەکی سیمانتیکانە - ڕەمزییانەی مەترسیدار، کە وادەکات

گێڕانەوە ڕابردوویەکی جیاواز، پێش هەژموونی سیستەمی ئێستای کولتووری، دەبێتە سووکایەتی. بەهابەخشین بە ڕابردوویەکی نەگونجاو لەگەڵ ناسنامەسازی باو دەبێتە خیانەت، لێبووردەیی لە خوێندنەوەی مێژووی بەیەکەوە بوون، دەبێتە دەستهەڵگرتن لە بەها جێگیرەکان (لەشکری، ٢٠٢٥).

لەم چەشنە دەسکارییەی ڕابردوو زمان خۆی، سەرباری سادەبوونەوە و گونجاندنی لەگەڵ گوتارە دیجیتاڵییەکە، دەبێتە چەک؛ وشەکان چیتر کەتواری مێژوویی نانوێنن، بەڵکوو دروستی دەکەنەوە. بەو مانایەی گرووپێکی دیاریکراوی کوردی، بەتەنیا وەک پاسەوانی گەنجینەی یادەوەری نەماوەتەوە، بەڵکوو هەر گرووپە و بوونەتە ڕووتەختی شرۆڤە دژیەکەکانیش؛ گێڕانەوەی نەتەوەیی کە هەوڵی چەسپاندنی ناسنامەی قۆناغی مۆدێرنە دەدەن، گێڕانەوەی ئایینی، کە دەخوازن کوردبوون لەنێو مێژوو، لە ڕەهەندی باوڕدارییەوە ببینن و پەرشی بکەنەوە، کەمێکیش گێڕانەوەی مرۆڤدۆستانە کە سنووری کۆمەڵگە تێدەپەڕێنن بەرەو ئاسۆیەکی فراوانتر و گشتگیر. لەناو ئەم

پەرتەوازەیەشدا، ئاگایی کوردی بەچەشنێکی نوێ پێ دەگات، ئاگاییەک لەبەردەم بەوەدایە بزانێت یادەوەری هەڵگری حەقیقەتێکی تاکڕەهەند نییە، بەڵکوو دەشێ وەک تۆڕێکی ئاڵۆزی ئەگەرەکان خۆی بناسێتەوە

کاتێک ئاوا ناوی ڕووداوە مێژووییەکان گۆڕدرا، کۆکردنەوەی جەماوەرە دیجیتاڵییەکە سانا دەبێت: پۆستێکی توڕەیی، بەدوایدا دەیان و سەدان کۆمێنت دێت، پاشان بە شێوەیەکی بەرفرە شەیر و لە ئاکامیشدا گوتارەکە دەگۆڕێت بۆ تۆپێکی ئاگرین، کە بەنێو پوش و پەڵاشی پلاتفۆرمەکاندا دەخولێتەوە. خەواریزمییەکە- کە لە ڕواڵەتدا بێلایەنی دەپارێزێت- پاداشتی ئەم توڕەییە دەداتەوە، چونکە ئاستی بەشداریکردن بەرز دەکاتەوە، بەم شێوەیە کاریگەرییەکانی گەورەتر دەکات و باسەکە دەگۆڕێت بۆ باوەڕێکی بەکۆمەڵ؛ باوەڕبوون بەوەی **"ڕاستیی مێژوویی"** ئەوەیە، کە دووبارە دەکرێتەوە، نەک ئەوەی – مێتۆدییانە - پشتڕاست دەکرێتەوە.

لەم ساتەوە ئەگەر دامەزراوە فەرمییەکان بێنە نێو دیمەنەکە، ئەوا وەک کارەکتەری یەکەمین نایەن، بەڵکوو

وەک لایەنێک کە کەوتۆتە ژێر فشاری خەوارزمییەوە و لە هەوڵی بەرزەفتکردنی دایە. چیدی گوتار لەسەرەوەڕا چاودێری ناکرێت، بەڵکوو لە ژێرەوەڕا ئاڕاستەی دیاری دەکرێت. بۆیە زۆرجار دەبینین دەسەڵات هەوڵی دیاریکردنی چۆنیەتیی ئاراستەکردنەکە دەدات، نەک جێبەجێکردنی سیاسەتی کولتووریی خۆی. دەرەنجامی ئەمەش ئەوەیە فەزای دیجیتاڵی بنەما ئاکارییەکانی خۆی بەسەر ڕوانگەی دەسەڵات بۆ ڕابردوو و چۆنیەتیی بەرجەستەکردنی ئێستاییانەی دەکات؛ سڕینەوە، پۆزش، پاشەکشە، بوونەتە بەشێکی سەرەدەریی گشتی لەگەڵ گێڕانەوەی مێژوویی. تەنانەت چەندین کەسی ئاکادیمی و پسپۆڕیش کەوتوونەتە ژێر ئەم فشارە و بەشدارن لە بێدەنگکردن یان گۆڕینی هەڵوێست و دوورکەوتوونەتەوە لە خوێندنەوە مێتۆدییەکانیان بۆ ڕابردوو.

کاتێکیش ئەمە ڕوو دەدات، دەردەکەوێت، ئێمە لەبەردەم بە یادەوەرییەکی نوێی فۆڕمێکی جودای دەسەڵاتین؛ یادەوەرییەک دەوڵەت و دەزگا و کارەکتەرەکانی چوارچێوەی سیاسەتی کولتووری بەرهەمی

ناهێنن، بەڵکوو "**حەشامەت**"ی پشت سکرینەکان ئەم کارە دەکەن، چونکە ئەوەی ڕوو دەدات بەرهەمهێنانەوەی دەسەڵاتە بە فۆڕمێکی دی، ئەگەر دێت و ڕێگە بەم زۆرینەیە دەدات ئاوا مافی پێناسەکردنەوەی هێماکان و ڕووداوەکان، بەپێی ئەو هەست و سۆزانەی هەنووکە ئاڕاستەی دەکات، هەبێت. ئەمە وادێتەبەرچاو دەسەڵاتێکی نامەرکەزییە، بەڵام نادیموکراتیزەیە، چونکە بە ئاسانی ناسنامەی ئەوانەی کەم ئامادەییان هەیە وەلا دەنێت، ئەو ڕەهەندانەی گێڕانەوەی دیجیتاڵی، کە لەگەڵ "زەوقی گشتی" ڕێک نایەتەوە، فەرامۆش دەکات. ڕێگەش بە یەک بونیادی ڕەمزییانە دەدات، لەمیانەی ڕەوایەتیی کۆبوون و حەشامەتبوونەوە، ڕوانگەی خۆی بسەپێنێت.

ئەم پێکهاتە تاکڕەوییە نوێیە، لە فەزای دیجیتاڵی کوردیدا، بە ڕوونی دیارە. بەتایبەت ئەگەر دەبینین لە دابەشبوونە کۆمەڵایەتییەکان و جیاوازییە مێژووکردەکان ڕەنگ دەداتەوە و تەنانەت گەورەتریان دەکات. پلاتفۆرمەکان بێلایەن نین؛ ئەوان گرووپەکان پۆلێن دەکەنەوە بۆ "**چینەکانی کارلێککردن**"، کە زۆرینە دەنگێکی

بەرزیان پێ دەدرێت، لە کاتێکدا گێڕانەوەی کەمینەکان (بۆ نموونە: ئێزیدی، کاکەیی، جوو، یان گرۆ و کۆمەڵە پەراوێزخراوەکانی پانتاییی کوردی... تادوایی.) دەخرێنە پەراوێزەوە. لاپەڕە بەناوبانگەکان و ئەو ئەکاونتانەی بە بەرفرەیی بڵاو بوونەتەوە، بە چەشنێک لە "دەروازەپارێزی دیجیتاڵی"، ڕەوایەتی بە هەندێک گوتاری گێڕانەوەیی دەدەن و ئەوانی تریش سەرکوت دەکەن. بەم شێوەیە هێما مێژووییەکان دەگۆڕدرێن بۆ کاڵایەک، کە بەپێی لۆژیکی بازاڕ بازرگانی پێوە دەکرێت: بەهای هێما و سیمبولێک بە ژمارەی لایکەکان دەپێورێت، نەک بە مێژووەکەی یان گرنگییە کولتوورییەکەی.

لەم دیمەنەدا، وەک نموونە، دەشێ ئاماژە بەو ململانێ ئایدیۆلۆژیانە بکەین، کە زۆر بە ڕوونی لە کاتی گفتوگۆ لەبارەی چەند ڕەمزەکی گرنگی نێو شوناسی کوردیدا دەردەکەون، ئەوانیش جەژنی نەورۆز، سەلاحەدینی ئەیوبی و خۆری ئێزدیانە. هەریەکەیان، لە بۆنە و کاتی دیاریکراودا، لە چوارچێوەی فەزای دیجیتاڵیدا، دەبنە ترێند و لێکدانەوەکان لەبارەیانەوە بەریەکدەکەون؛ لە

ڕێگەی هەریەکەیان گێڕانەوەی دژیەک سەبارەت بە بەهای مێژووییان و ئەو مانایانەی دەشێ لەنێو ناسنامەی کوردیدا هەیانبێت، تەشەنە دەکەن. نەورۆز، کە لە یادەوەریی جەماوەریدا وەک فێستیڤاڵێکی بەهاری یان ئەفسانەی ڕاپەڕین لە دژی نادادپەروەری سەرچاوەی گرتووە، وەک نمایشێکی بەکۆمەڵ و نواندنێکی شوناس، لە ڕێگەی بینینەوە لە قاڵب دەردرێتەوە. نەورۆز چیتر تەنها ڕێوڕەسمێک نییە، کە دەبێت پراکتیزە بکرێت، بەڵکوو نمایشێک و ڕووتەختێکە بۆ خۆنواندنی ئایدۆلۆژیاکان. وێنەی ئاگرێک، کە لەسەر لوتکەی شاخێک لە ئاکرێ هەڵدەگیرسێت، هەزاران جار لە جیهانی دیجیتاڵیدا بەرهەم دەهێنرێتەوە، دەبێتە هێمایەک، کە نەک تەنها شوێنەکە بەڵکوو نوێنەرایەتیی خودی بیرۆکەی شوێنیش دەکات. ڕێوڕەسم و ئاهەنگەکە سنووورە جوگرافییەکان تێدەپەڕێنێت و چیدی بەرجەستەی ڕابردوویەکی ئەفسانەیی ناکات، بەڵکوو دەبێتە نەریتێکی نوێی تازە داهێنراو. دەبێتە ڕەمزێکی تر، کە هەم ڕەسەنێتی و هەمیش یەکێتیی کۆمەڵە ڕەگەزییەکە دووپات دەکاتەوە. ئەوە بەو مانایە نییە، لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، جگە لەو وێنانەی بە ڕەهایی و بێ

ئەژمار پۆست دەکرێنەوە، ئاگرێکی دی هەڵناگیرسێنێت؛ ئاگرێکی ئایدۆلۆژی نێوان ئەوانەی قەبوڵی هەبوونی یاد و جەژنەکە ناکەن، لەگەڵ ئەوانەش، کە سەرباری جیهانیبوونی یادەکە، پیرۆزیی ئیتنییانەی بەبەردا دەکەن.

ئەم نموونەیە ئەوەمان بۆ دەردەخات، کە وێنەی دیجیتاڵی نەورۆز دەگۆڕێت بۆ ڕووداوێکی جیهانی، نەک تەنها جەژنێکی ناوخۆیی، مشتومڕەکانیس دەگوازرێنەوە بۆ ئاستی شوناسی ئایینی کوردەکان لە پانتاییە هەمەکییە ئیسلامییەکە، نەک تەنیا یادی ڕووداوێک، کە ئەفسانە ڕەهەندەکانی دارِشتۆتەوە و لەهەر کەتوارێکی مێژوویی دابڕیوە، کە دەشێ هەیبووبێت. گێڕانەوەی دیجیتاڵیانە، یادەکە دەگۆڕێت بۆ نمایشکردنی ناسنامە، کە لە دووتوێی چەند سرووت و ڕێوڕەسمەوە پراکتیزە دەکرێت، نەک تەنها یادەوەرییەک کە وەبیر دەهێنرێتەوە.

نموونەی دووەم سەلاحەدینی ئەیوبییە؛ وێنەی ئەم کارەکتەرە – لە بەستێنی گێڕانەوەییدا – پەیوەست بووە بە چەردێک چەمک و واژەوە، وەک ڕەسەنێتی و نارەسەنێتی کردەی مێژوویی، دەسەڵاتدارێتیی کوردی و بێدەسەڵاتی،

نەتەوەگەرایی و ئیسلامگەرایی، خۆماڵیبوون و جیهانیبوون... تادوایی. ئەم کارەکتەرە ئەگەر هاتۆتە نێو خوێندنەوەی دیجیتاڵییانەی مێژوو، گرفتی زۆری بەدوادا هاتووە. گرفتی هەرە بنەڕەتیش پەیوەستە بەو نائاگایییە مێژووییەی لە بنەڕەتدا لە کولتووری گێڕانەوەییی ئێمەدا باو بووە و ئاوا لەنێو چەمک و واژەی جیاجیادا کارەکتەرەکەی پێ وێناکراوەتەوە. نەبوونی زەینی مێژووییانە وای کردووە ڕابردووی مێژوویی ئەو و دەوڵەتەکەی یان نەفرەتلێکراو بێت یانیش – بەدەستەواژەی نیتچە – بە مۆنۆمێنت بکرێت؛ سەلاحەدین یان موجاهیدە هەرە گەورەکەیە یانیش دوور بووە لە **"ڕاستەڕێیی مێژووی کوردایەتی" و** خاین بە خاک و نیشتیمان. یان سوارچاکە ناوازەکەی سەردەمەکەیەتی، یانیش پەڕگیرێکی دژە مەعریفە و فەلسەفە و کتێب. یان لە چەقی مێژوودا پارێزەری جیهانی ئیسلامی بووە لە **"کافر"** و **"خاچپەرستان"**، یانیش پەراوێزبوونی کوردانی تۆختر کردۆتەوە و ڕۆڵی هەبووە لە تورڕدانیان بۆ دەرەوەی مێژوو، ئەمەش لەبەر و هەوڵنەدانی بۆ دامەزراندنی قەوارەی سەربەخۆی سیاسی بۆ نەتەوەکەی... تادوایی.

هەردوو بۆچوونەکەش بینینی مێژووە لە پەنجەرەی ماڵە دیجیتاڵییەکەوە، نەک لە خۆیدا. تۆ گەر بتەوێت سەلاحەدین وەک خۆی ببینی دەبێت زەینی مێژوونووسانەت هەبێت، گەڕان بەدوای ماقوڵبوون لە بەستێنی کولتووری، سیاسی و کۆمەلایەتی دیاری کراوەوە، کە بەداخەوە لەبەر پێنەگەیشتن و قووڵنەبوونەوەی ڕەهەندەکانی زانینی مێژوویی، هێشتا ئەم وێنای ئەم زەینە بۆ ڕابردوو کرچ و کاڵە. هەر بەو کرچ و کاڵییەشی گوازراوەتەوە نێو فەزا دیجیتاڵییەکە. بە چەشنێک کوردەکە، ئەگەر پەرۆشی ناسنامەسازییە، ئەوا تەنیا ڕەهەندە کوردێنییەکەی ئەم کارەکتەرە مێژووییە دەبینێت. لەلای خۆشیەوە سوننەیەکی پەڕگیر گرتنەوەی قودسی لێ دەبینێت و مێژوونووسێکی شیعەش **"جاهیلێکی کورد"**، کە فاتمییەکانی بە هزر و کتێبەوە لەناو بردووە.

لەبەر ئەوەی ئەم مێژووە بەبێ بەستێن بڵاو دەبێتەوە، ئەوا لەگەڵ خۆیدا یادەوەرییەکی تاکڕەوانەی نوێ بەرهەم دەهێنێتەوە، یادەوەرییەک کە بە دووبارەبوونەوەی خێرا لە قاڵب دەدرێت نەک قووڵاییی ڕەخنەگرانە. وێنە

دیجیتاڵییەکە کارا مێژووییەکە دەخاتە ژێر لۆژیکی بازاڕی ڕەمزییەوە. ڕاستی مێژوویی کەمتر بەهێز دەکات لە "وێنەیەک کە سەرنجی خەڵک ڕادەکێشێت." بەم شێوەیە مێژوویەکی ئەلگۆریتمی بنیات دەنرێت. ڕووداوی جوێندان بە سەلاحەددینی ئەیوبی لەلایەن نوسەری دیاری میسری یوسف زێدان، ئەم وەرچەرخانە ڕوون دەکەنەوە. لێرە قسەکردنی نەرێنییانەی غەیرە کوردێک و بەو چەشنە لەسەر سەلاحەدین وەک مەترسییەک بۆ سەر ناسنامەی مێژوویی و **"کوردبوون وەک دەرکەوتەی چاکە لەنێو مێژوو"** بینرا، کوردەکە پێیوایە سەلاحەدین نموونەی ڕەوتی دروستی مێژووە؛ بە سەلاحەدین کورد لە پەراوێزی مێژووەوە چۆتە سەنتەر و وێنای کورد لە ڕێگرەوە بووە بە موجاهید. دووەمیش دەشێ بکرێتە ڕەمزێکی نێو جووڵەی سیاسیی ئیسلامییانە. بەڵام ئەوەی هەژموونی بەسەر جیهانە دیجیتاڵییەکە کرد داکۆکییە ئیتنۆ – ئایینییەکە بوو و جێگیرکردنی سەلاحەدین بوو وەک ڕەمزێکی ئەم تێگەیشتنە بۆ ناسنامە. دواجار ڕێگە نەدرا یوسف زێدان بێتە پێشانگای کتێب (وەک کردەیەکی دەسەلاتیانە و بەشێکی سیاسەتی کولتووری). ئاواش دەرکەوت چیدی

دەسەڵاتی گێڕانەوە بەدەست دەسەڵاتی سیاسییەوە نییە، بەڵکوو لە دەست ئەو جەماوەرە خوارزمییەدایە، کە توانای بەخشینی ڕەوایەتی بە گێڕانەوەکان بەدەست هێناوە و ئاوا ڕەوایەتیی یادکردنەوە دادەڕێژێتەوە.

گێڕانەوەی وێنەییی ڕابردوو، بە بەستێنگیری تەشەنە دەکات. لەگەڵ خۆشیدا یادەوەرییەکی دەسەڵاتییانە، سەرلەنوێ، بەرهەم دەهێنێتەوە. بەمەش یادەوەرییەکە، بۆ شێوەگیربوونی خۆی، پتر پشت بە دووبارەبوونەوە دەبەستێت، نەک قوڵاییی ڕەخنەییانە. وێنەی دیجیتاڵی ڕەمزی مێژوویی دەخاتە ژێر هەژموونی لۆژیکی بازاڕی هێماوە، بەمەش ڕاستیی مێژوویی هێزی کەمتر دەبێت لە گێڕانەوەیەکی سەرنجڕاکێش، با تەنانەت بە ژیریی دەستکردیش دروست کرابێت. ئاوا، ئەوەی ڕەواجی دەبێت مێژوویەکی ئەلگۆریتمییە، کە مەرج نییە پەیوەندی بە کەتوار و زەمینەی مێژووییەوە هەبێت، ئەوەندەی بە بڵاوبوونەوەی خێراوە گرێدراوە. ئەو دینامیکایەش لە گێڕانەوە دەریدەخات، کە پرسی مێژوو لە چوارچێوە کوردییەکەدا، چیدی ئەوە نییە دەنووسرێتەوە، بەڵکوو

ئەوەیە کە بڵاو دەبێتەوە. بەچەشنێک دەشێ پۆستێکی **"وەهمسازێکی مێتیگەرا"22** لە فەیسبوک، سەرتاپای چیەتیی ڕووداوێکی مێژوویی دابڕێژێتەوە، کورتە ڤیدیۆیەک

22 پێشتر ئەم چەمکەمان لە کتێبی هەبوو نەبوو (٢٠٢٤)، بەکارهێناوە. هەوڵمانداوە ئەم تەرزە کەسانەی پێ بناسێنین، کە خودان پێگەیشتنێکی مێتۆدیانە لە لەکۆڵینەوەی مێژوویی نین، بەڵام دێن وەک بوارێکی ئاشکرا لەبەردەم بە حیدس و لێکدانەوەی تایبەت بەخۆی سەرەدەری لەگەڵ ڕابردوو دەکات. خۆ دەشێ کەسەکە دەرچووی بەشی مێژژو بێت، بەڵام زەینی مێژوونوسانەی هەر ناکامڵ ماوەتەوە و وەک ناپسپۆڕەکە پێیانوایە دەتوانن "حەقیقەت"ە نەبینراوەکان بدۆزنەوە یان ئەو ڕەهەندە مێژووییە نەزانراوانە کەشف بکەن، کە "مێژوونوس"ی پسپۆڕ بەلایاندا نەچووە و نەکاراوە درکیان پێ بکات. زۆربەی جار ئەم وێناکردنەوە بە بەرهەمهێنانی گێڕانەوەی ئەفسانەییانەی ڕابردوو کۆتایی هاتووە، گێڕانەوەیەک کە زۆر بەتەواوی لەسەر هەڵبژاردنی ڕووداو، گەورەکردن و بچووکردنەوەی حەکایەتتەکان، دروستکردنی ڕەسەنی خەیاڵکراو، بەیەکەوە گرێدانی ڕووداو و کەسێتی ئەوتۆ کە بەڵگەی پێویستی مێژووییان لەسەر نیە. اینجا پێشکەشکردنی هەموو ئەم ڕەگەزانە وەک حەقیەقتی مێژووی تازە دۆزراوە، کە دەچێتە سەرووی سەلماندنی ڕەخنەییانەوە. لێرەوە، گرفتەکە لەوەدانیە کە ناپسپۆڕە لە بوارەکە یان خوێندویەتی بەڵام زەینی کوێرە، بەڵکو لەوەدایە کە پێنەگەیشتنی مێژووییانە دەکاتە زێدە متمانە بە حدسی خۆی، گۆڕینی ئەفسانە بە مەعریفە، نواندنی لێکدانەوەی کەسیانەی خۆی وەک حەقیقەتی مێژوویی.

سەرکردەیەکی کورد، ئەنفال، کیمیابارانی هەڵەبجە، قەڵای هەولێر، قشڵەی کۆیە، پاشماوەی تەلارسازی لە کفری، ئێزدی، نەورۆز...تادوایی، بهێنێتەوە سەر ڕووتەختی گێڕانەوەییەوە.

بەمەش مێژووی خوارزمییانەی کوردی بەوەڵەد دەبێت، مێژوویەک لەنێو ئەرشیڤەوە نانووسرێتەوە، بەڵکوو لە سکرینەکاندا دەبینرێت. ئاواش مێژوونووسێک نییە بەرزەفتی دیدگاکان بکان، بەڵکوو خوارزمییەکان وادەکەن، بەمەش چیدی ڕابردوو سنوورەکانی ڕووداوە مێژووییەکانمان بۆ دیاری ناکات، بەڵکوو ئەوە پێداویستییە هەنووکەییانەکانن ڕابردوو بە پێوەرەکانی خۆیان بەرهەم دەهێننەوە. لەبەستێنی ئاوادا ناسنامەی کوردی کرۆکێکی جێگیری نامێنێت، ئەوەندەی دەبێتە پرۆسەیەکی گێڕانەوەیی بەردەوام، ڕۆژانە لەمیانەوەی ئەوەی بڵاو دەکرێتەوە و کۆمێنتی لەسەر دەکرێت و شێر دەکرێت، دەنووسرێتەوە. یادەوەریش لە سوژەیەکی جێگیرەوە دەبێتە کایەیەکی جوڵاو، تێیدا کۆمەڵی کوردی هەبوونی خۆی، لەمیانەی خۆنواندنەوەوە، بەرجەستە دەکات، با

هەندێکجار ئەمە دژ بە مێژووی فەرمیش بێت، با مێژووش بخاتە نێو ناچارکاریی خۆیەوە یانیش سرووش لە مێژوو وەربگیرێت و خەیاڵدانی مێژوویی پێ بەگەڕ بخرێت.

٦

## ئامادەبوون لە هەنووکە و نەبوون لە مێژوودا

بێگومان وەرچەرخانی دیجیتاڵی، سەرەڕای فراوانییەکەی، بێ پارادۆکسی مەترسیدار نەبووە. ئەو تەکنەلۆژیایانەی بەڵێنی پاراستنی کۆیادیان داوە، هەڕەشە لە یادەوەریی خۆی دەکەن. ئەمە ئەوەیە هۆسکینز23(2018) ئاماژەی پێ دەدات سەبارەت بە لەرزۆکیی ئەم فۆڕمە نوێیەی یادگە، کە بناخەکەی گۆڕانی خێرای میدیاییە. لە جیهانێکدا لافاوێکی بەردەوام وێنە و ڤیدیۆ، کورتە نووسین و هاوبەشکردنەکان، بیرهانین ڕادەماڵێت، وادەکات ئێستا لە ڕابردوو زیاتر بڵاو ببێتەوە و نزیک بەوە بێت بەتەواوی هەڵی لوشێت. بەم شێوەیە

23 Andrew Hoskins

زەمەنی دیجیتاڵی پارادۆکسە گەورەکە پێناسە دەکاتەوە: کاتێک هەموو شتێک لەبار دەبێت بۆ گەنجینەکردن و هەڵگرتن، مانا خۆی مەترسی لەدەستدانی لەسەرە. پاراستن بە تەنیا بەس نییە؛ پێویستی بە توانای جیاکردنەوە و لێکدانەوە هەیە، ئەگەرنا ئەرشیڤی دیجیتاڵی دەبێتە فەزایەکی بێ ڕۆح. لەگەڵیشیدا بەهای گێڕانەوەی ڕابردوو، لەهەمبەر بە گێڕانەوەی هەنووکەیی تێژتێپەڕ، نابینرێت. مەترسیی ئەمەش پتر لەسەر پانتاییی ناسکی وەک پانتاییە کوردییەکەیە، کە وەک پێشتریش گوتمان، لە بنەڕەتدا گەنجینەکردن و بونیادنانی گێڕانەوەییانەی ڕابردووەکەی تۆکمە نەبووە و نییە، تا بە ئاسانی دەستی لێ هەڵنەگیرێت و فەرامۆشی نەبێتە ناوونیشانی مێژووەکەی.

لەهەمبەر بەم مەترسییانەدایە، وا دەخوازێت، ئاگاییی کوردەکان، ڕوو لە بونیادنانی ئەوەی دەشێ ناو بنرێت "یادەوەریی ڕەخنەییانە" بێت؛ یادەوەرییەک کە هەر ڕابردوو ناهێنێتەوە ئێستا، بەڵکوو کردەی بیرهانین، پاراستن و لەبیربردنەوە، بە ئاگاییەکی فەلسەفییانە، ئەنجام دەدات. خۆ لەبیربردنەوەی دادپەروەرانە – بە دەستەواژەی

پۆڵ ڕیکۆر24 (٢٠٠٩) – بە مانای سڕینەوەی ڕابردوو نییە، بەڵکوو سەرلەنوێ لە چوارچێوەدانیەتی و هەڵبژاردنی ئەوەیە کە دەبێ دووبارە بنوێنرێتەوە، لەگەڵ ئەوەی بخرێتە دەرەوەی بەستێنیی گێڕانەوەیییەوە. لەم چوارچێوەیەدا، کورد چیتر باری گرانی ڕابردوویەکی تاقەتپروکێن هەڵناگرن، بەڵکوو بەدواداچوون بۆ ڕێگەی نوێی لێکدانەوەی ئەم ڕابردووە تاقی دەکەنەوە، کە هاوسەنگی لەنێوان مێژووی مەینەتی و ئافراندن، ئازار و ماناکانی دروست دەکات. چاوەڕێی ئەوەین نیشانەکانی ئەم گۆڕانکارییە لەو بەرهەمە هونەری و سینەمایی و مۆسیقییانەی، نەوەی تازە بەرهەمیان دەهێنن دیاری بدات، کە هاتوون سرووش لە یادەوەرییەوە وەردەگرن؛ نەک وەک برینێکی کراوە، بەڵکوو وەک سەرچاوەیەکی ڕەمزی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئالەنگارییە کولتوورییە هەنووکەیییەکان. لەم بەستێنەدا، لەبری ئەوەی ڕابردوو وەک شۆکێک وابێت، دەبێتە بابەتێکی لێکدانەوە و بووژانەوە. بەم شێوەیە ئاگایی لە "**یادەوەریی بیمار**"ەوە دەگۆڕێت بۆ "**یادەوەریی داهێنەرانە**"،

24 Paul Ricœur

کە تێیدا ئامادەیی دیجیتاڵی خۆی دەبێتە جۆرێک لە بەرخۆدان لە دژی نێهیلیزم، نوێنەرایەتیی کولتووریش دەبێتە کردەوەیەکی بوونگەرانە، مافی خۆدەربڕینی کوردەکە لەنێو جیهاندا دووپات دەکاتەوە.

لە چوارچێوەی جووڵەیەکی ئاوادا، دەشێ شوناسی کوردی لە لێواری دژایەتییەکاندا بونیاد بنرێتەوە: لەنێوان بە ئەرشیڤکردن و لەبیرچوونەوە، لەنێوان سیاسی و ڕەمزی، لەنێوان کۆمەڵ و تاکەوە. بەڵام هێژ هەڵناوەشێتەوە، بەڵکوو لە دۆخێکی بەردەوامێتیدا دەمێنێتەوە، بەردەوامێتییەک کە هاوسەنگی دەخاتە نێوان ڕیشە و گەڕیدەبوونەوە، لەنێوان ئەو خاکەی سەقامگیری پێدەبەخشێت و ئەو فەزا تۆڕییەی مەودای پێدەدات. ئەگەر ئاوا بهزرین، بەوەدەگەین چیدی تەنیا لەنێو ڕابروودا بەدوای ناسنامە نەگەڕێین. چیدی لەنێو ڕووداوەکانی ئەوێدا نەیدۆزینەوە، بەڵکوو لەنێو ئێستادا دەنووسرێتەوە و سەردەمییانە دەگێڕدرێتەوە، گێڕانەوەیەک تەکنیکی جیاوازی هەیە و لەگەڵ هەموو کارلێک و وێنە و دەنگێکدا نوێ دەبێتەوە.

لێرەوە ئەگەر توێژەرانی کورد دەخوازن جێکەوتەیان ببێت، دەبێ پەرە بە لێهاتوویی ڕەخنەییانەی نوێ بدەن، بۆ ئەوەی تێبگەن چۆن ماناکانی ڕابردوو لە چوارچێوەی پێڤاژۆی بێکۆتایی داتادا بەرهەم دەهێنرێت. ئەگەر وانەکەن، ئەوا لە ئاستە کۆمەڵایەتییەکەدا، ئەوەی نەریتییانە دەیڵێن و کلاسیکییانە بەرهەمی دەهێنن، هیچ بەهایەکیان نابێت. خۆ لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا دیجیتاڵکردن ڕۆڵی ئەکتەرەکانی لە بنیاتنانی گێڕانەوەدا دابەش کردووەتەوە. وای لێهاتووە ئەکادیمییەکان تاکە وتەبێژ نین بە ناوی مێژوو؛ چالاکوانان، فۆتۆگرافەران، هونەرمەندان و ئەدیب و دروستکەرانی ناوەڕۆک قسەی خۆیان هەیە، با قسە و لێدوانیشیان ساکار و بەپێی ئەوەی ناونراوە **"مێتۆدی توێژینەوەی مێژوویی"** نەبێت و تەنانەت شێوانی ئەو چەمکە بنەڕەتییەش بێت، کە مێژوونووسەکە کەسێتیی پیشەگەرانە و هزرییانەی خۆی پێوە لکاندووە و وا دەریدەخات کە ناسنامەی سۆسیۆمەعریفیانەیەتی، ئەویش "ڕاستیی مێژوویی"یە. هەر ئەمەشە بووەتە هۆی دروستبوونی دیموکراسییەتە نوێیەکەی گێڕانەوە، کە ڕێگە بە تاکەکان دەدات بەپێی تێگەیشتنی خۆیانەوە چیرۆکەکانی

ڕابردوومان بۆ دابڕێژنەوە. بەڵام ئەم دۆخە، وەک بینیمان، گرژییەکی لەنێوان یادەوەری جەماوەری و دامەزراوەیی دروست کردووە، هەریەکەیان هەوڵی سەپاندنی گێڕانەوەی خۆیان دەدەن بەسەر ئەوی دیکەدا. لەو ماوانەی دوایی ئەمەمان لە چەندین بۆنەدا بینی، بەتایبەت لەو دیبەیتانەی، کە ئەکادیمیی کورد و نووسەری سەر بە ڕوانگەی میتیگەرانە لە بونیادنانی حەکایەتی کوردی هەیانبووە. جێکەوتە و کاریگەریشی بەسەر چۆنیەتیی سەرەدەری جەماوەرییانە لەگەڵ یادەوەریی کولتووری، لە یاد و بۆنەی دیاریکراوەوە، بە ڕوونی دەبینرێت.

دواجار، سەرباری هەموو ئەو تێبینییانەی خستمانەڕوو، یادەوەریی کوردی لە فەزای دیجیتاڵیدا هەر تەنیا ئەرشیڤێکی نوێ نییە، بەڵکوو دەشێ وەک پڕۆژەیەکی هزریش چاوی لێبکەین؛ دووبارە پێناسەکردنەوەی هەبوونی کورد لەنێو زەمەندا. ئەمە هەوڵێکی بەردەوامە بۆ گۆڕینی نەبوونی دەقیانەیان بۆ هەبوویەکی ڕەمزییانە، گۆڕینی تراژیدیاکانی نێو مێژوو، کە لە بنەڕەتدا سروشتی زانینی مێژووییمان تراژیدییانەیە، بۆ مانا.هەروەها گۆڕینی

ناڕێکی و ناجۆرییەکانی نێو ئەم مێژووەش بۆ گێڕانەوەی ڕێک و پێک. بەمەش فەزای دیجیتاڵی بۆ کوردان نەک هەر وێستگەیەکی تەکنیکی دەبێت، بەڵکوو ئاسۆیەکی نوێش دەبێت بەسەر هەبوونی مێژووییاندا کراوەتەوە، کە بەیەک جووڵە و یەک کلیک، سنووره جیۆ - سیاسییەکانی یادەوەری و ناسنامە دەبەزێنێت. دەبێ ئەوەمان بیر بێت، کە خۆپێناسەکردن لەم سەردەمەدا وەڵامێکی حازربەدەست نییە، بەڵکوو پرسیارێکی کراوەیە: دەمانەوێ یادی چی بکەینەوە ئەگەر هەوڵمان دا خۆبناسێنین؟ دەخوازین ببین بە چی؟

لە مەودای نێوان یادەوەری و ماناشەوە، لەنێوان ئەوەی ڕابرد و ئەوەش کە هەیە، کوردەکە خەریکە جارێکی دی خۆی دەگێڕێتەوە، لە هەبوو نەبووەوە دەستی پێ کردووەتەوە، ئەگەرچی هێشتا مەبەست لە گێڕانەوە بریتییە لە: خۆت بنووسەوە، چونکە هەبوون لەخۆیدا کردەی بەرەنگارییە.

# ٧

## کۆتایی

یادەوەریی کوردی، لە سەردەمی دیجیتاڵیدا، هەر ئەوەی نەگێڕاوەتەوە کە هەبووە، بەڵکوو ئەوەش بەرهەم دەهێنێت، کە دەبێت. ئەمە جۆرێکی یادەوەرییە، لە دووتوێی بەشدارییپێکردن ( شەیرکردن) و گۆڕینی هەست و سۆز (لەگەڵبوون، دژبوون، ویستن، نەویستن...تادوایی)، گوتاری مێژوویی دادەڕێژێت و تێیدا ڕابردوو دەکاتە پڕۆژەیەک بۆ ئازادبوون لە قەید و پێوەندەکانەوە. ئەمەش دەشێ تێزی "هەبوو نەبوو، کەس لە کورد گەورەتر نەبوو" شرۆڤە بکات: نەبوون بکاتە هەبوونێکی ڕەمزییانە، بوونیش بەرەنگاری لەبیرکردن ببێتەوە، نەک هەر تەنیا بە بەڵگەنامە، بەڵکوو بە کردەی کولتووری و ڕەمزییانە، کە پێگە بۆ کوردبوون لەنێو زەمەندا دەگێڕێتەوە.

ئەزموونی کوردی لە فەزای دیجیتاڵی دەریدەخات، کە چیدی کۆیادی کوردی هەر تەنیا بوارێک نەماوەتەوە بۆ تێڕامان و تێگەیشتن لەنێو سیستەمی کولتووریدا. بەڵکوو دەشێ کایەیەکیش بێت بۆ لێکۆڵینەوەی فرەدیسپلینانە، کە

پێویستی بە شرۆڤەی نوێباوە، تێیدا تێزەکانی هەریەک لە ئەنترۆپۆلۆژیا، مێژووی هزر و لێکۆڵینەوەی میدیایی و فەلسەفی یەکتر ببڕن. جڤاکی کوردی، وەک مۆدێلێک بۆ کۆمەڵێکی – لەڕووی جیۆ-سیاسییەوە – پارچەپارچە، بەڵام گرێدراو بە تۆڕێکی پەیوەندییەوە، مەیدانێکی بەبڕشتە بۆ تێگەیشتن لەو گۆڕان و وەرچەرخانانەی، لەم سەردەمە دیجیتاڵییە، بەسەر ناسنامەدا هاتووە.

پێم وایە لە قۆناغی دابێت، دەبێ لێکۆڵینەوە لە یادەوەریی دیجیتاڵییانەی کورد بە ئاڕاستە شیکردنەوەی بونیادی کارلێکردنی گوتاری دیجیتاڵی بچێت. واتا لێکۆڵینەوە لە چۆنیەتی شێوەگیربوونی مانا لەمیانەی کاریگەری و کارلێکردنی بەکارهێنەر، پلاتفۆڕم و ئەلگۆریتمییەکانەوە. بەتایبەت ئەگەر دەبینین چیدی ناوەڕۆک لە سنووری بەرهەمهانین و بەکاربەری نەماوەتەوە، بەڵکوو لە چوارچێوەی لۆژیکێکی بازنەییانەی پەیوەندییەوە، دروست دەکرێتەوە؛ لەگەڵیشیدا یادەوەری دەبێتە کردەیەکی هاوبەش؛ هەم نووسەر و هەمیش تاکگێڕانەوەیی تێدەپەڕێنێت. ئەمەش وادەخوازێت توێژەران،

ئەگەر دەیانەوێت باشتر لە پەیوەندیی نێوان بونیادی تەکنۆلۆژی و نواندنی کولتووری بگەن، میکانیزمی نوێ لە لێکۆڵینەوەدا بەکاربهێنن؛ هەر لە لێکدانەوەی سیمیائییانەوە بگرە تا بە تیۆریی ڕەخنەییی دیجیتاڵی دەگات.

هەروەها، بە وردبوونەوە لە بابەتی ئاوا دەردەکەوێت، کە چەندە گرنگە خودان ئەرشیڤێکی دیجیتاڵی ڕەخنەییش بین، تێیدا تایبەتمەندیی خۆجێیی لەبەرچاو گیرابێت و بابەتە کوردییەکان لە فەوتان، سڕانەوە و دەسکاری بپارێزرێن. دیجیتاڵکردن، هەرچەندە بەڵێنی پاراستن دەدات، بەڵام لەبەردەم بە هاڕینی زەمەن و پێشڤەچوونە تەکنۆلۆژییەکە، لەرزۆک دەردەکەوێت. هەر ئەمەشە وادەکات پێویستیمان بە یادەوەریی زیندوو، وەک پڕۆژەیەکی دەزگاییانە و ئەکادیمییانە، زیاتر ببێت.

خۆ ئەگەر بێین لە ڕوانگەی مێژووی هزرییەوە لەم بابەتە بڕوانین، دەبینین یادەوەریی دیجیتاڵیی کوردی، ئاسۆی نوێ بۆ **"لێکۆڵینەوەی یادەوەریی سنووربەزێن"**دا دەکاتەوە، پابەندبوون و هەڵگرتنی ناسنامە لە چوارچێوەیەکی دیاریکراوی شوێنییانەدا نامێنێتەوە، بەڵکوو

لە نێو فەزای ڕەمزییانەی هاوبەشدا پەرش دەبێتەوە، کە دەوڵەت و زمان تێدەپەڕێنێت. ئەم گۆڕانە پێویستی بەوەیە بە جۆرێکی تر بیر لە چەمکگەلی وەک **"جڤاکی خەیاڵکراو"** و **"ناسنامەی دانپێدانراو"**، لەچوارچێوەی دیجیتاڵی گۆڕاوەوە بکەینەوە، کە تەنانەت پێناسەی هەبوونی دەستەجەمعیش دەکاتەوە.

بۆیە، ئەگەر سیستەمی ئەکادیمیی ئێمە دەخوازێت لە بواری لێکۆڵینەوەی یادەوەریی دیجیتالیزەکراوی کوردیدا داهاتوویەکی هەبێت، پێویستی بەوەیە مۆدێلێکی نوێی مەعریفی دابڕێژێت؛ تێیدا شیکردنەوەی هزریی بۆ هەبوونی تەکنیکییانە و لێکۆڵینەوەی مەیدانی بۆ پانتاییی دیجیتاڵی کوردی بکرێت، تا باشتر لە چۆنیەتیی بەرهەمهێنانەوەی سیمانتیکانەی ماناکان بگەین. چونکە لەم بەستێنەدا ناسنامە وەک پاشماوەیەکی کولتووریی جێگیر و نەگۆڕ نابینرێت، بەڵکوو دەبێتە پەیڕەوێکی هزری و کولتووری بەردەوام، کە خود لە جیهانێکی گۆڕاودا بەرهەم دەهێنێتەوە. لێرەشەوە، یادەوەریی کوردی لە سەردەمی تۆڕەکاندا هەر تەنیا بابەتێک نابێت بۆ لێتوێژینەوە، بەڵکوو

داڕێژەری ڕێبازێکیش دەبێت بۆ تێگەیشتنی باشتری هەبوونیان لەنێو جیهانی نوێدا، کە مێژوو و تەکنۆلۆژیا، ڕەمز و بوون، ناسنامە و پەیوەندی، بە چەندین هێڵی دیار و نادیارەوە بەیەکەوە گرێدراون و بە سانایی سنوورەکانی یەکتر دەبڕن.

# بۆچی هەمووان دەیانەوێ ڕابردوو قۆرخ بکەن؟

# ئەو دەمەی مێژوو دەبێتە گوتار نەک زانین

# ١

## دەسپێک

با مێژووی هەموو دونیا بە کوردی ببینین. خۆ جگە لە خۆمان، کەسیتر لەنێو گێڕانەوەدا نییە و نەبووە...کورد لەوەتەی هەیە دەچەوسێنرێتەوە، لەوەتەی هەیە ئازا و بەجەرگە؛ کورد چەقی مێژووی گەردوونە و ئەوانی تر بەدەوریدا دەخولێنەوە... ئێمە هیچ نین و خۆمان بەمێژووی ئەوانیتر شۆڕ کردۆتەوە..خۆبەکەمزانین، بەڵام لە ئێمە گەورەتر بوونی نیە...زاناکانمان ئێمەیان بە دونیا ناساند، ئەوان ئێمەیان دواخست...با پەیکەر بۆ سەلاحەدین لە هەموو شارێک دروست بکەین، با دروستی بکەین، ئەو ڕمزی ئێمەیە لە جیهانی ئیسلامی...ئەو ناسۆری ئێمەیە لە دروستنەکەردنی دەوڵەت نەتەوە...با پەیکەری میر محەمەدی ڕواندز بڕوخێنین، کە جینۆسادی ئێزدیانی کردووە. با نەیڕوخێنین...با چ سوڵتانی عوسمانییە ڕیسوایکەین...با شانازیان پێوە بکەین...با خۆمان لە مێژووی ئێران و ئێرانچیێتی داببڕین، با وابکەین، با

وانەکەین...با مێژووی ئیســــلام بە هی خۆمان نەزانین، با نەیزانین یـان بیزانین... بـا یـادی نەورۆز بەرز ڕابگرین، کافرانەیە و با نەیکەینەوە...با ســـۆمەری بین، با ئومەوی بین و سوننیانە مێژووی خۆمان بنوسینەوە. خەباتی کورد واتا خەباتی ئێمە..دیبلۆماســیەتی کورد یانی ئەوەی باوکم و بـاپـیـرم کـردیـان...شــــاربـوون لەمـێـژوودا واتـا ســلێمانی...دێرینبوون واتا هەولێر...مێژوو ســەلماندویەتی کەرکوک بەس هی کوردانە... تادوایی.

ئەم ڕستە و دەستەواژانە، مشتێکن لە خەرواری هەریەک لە دەستەبژێری ڕۆشنبیری و سیاسیی کوردی، کە لە نێو گوتارەکانیاندا بەکاریان دەهێنن؛ چەشنێک لە نواندنی هەنووکەییانەی ڕابردوو و بەکارهێنانی ڕۆژانەی مێژوو، کە جێکەوتەی بەسەر خەیاڵدانی کۆمەڵایەتی و چۆنیەتیی تێگەیشتن لەم ڕابردووە و گێڕانەوەکەی بەڕوونی دیارە. ئەم دوو مۆدێلەی دەستەبژێری کورد، هەر کاتێک پێویستی بە پاساو بووبێت بۆ وەرگرتنی هەڵوێستێک، یان نەخشاندنی وێنایەک بۆ ئێستا یاخود خستنەرووی تێزێک لەمەڕ داهاتوو، هاتووە ئاوا بانگی

ڕابردووی کردووە. هەوڵیداوە بەهۆیەوە ئێستای شرۆڤە بکات و هەڵوێست و نەخشاندنەکەی پێ ڕەنگڕێژ دەکات. ئەمە لە بۆنەی نەتەوەیی، ئایینی، سیاسی و یاد و بەسەرهاتە دوور و نزیکەکان بەرچاوە؛ دەنگی ڕابردووگەرانەی سیاسەتمەدار، ڕۆشنبیر، کەسانی ئایینی و ڕۆژنامەنووس و چالاکوانانی نێو سۆشیاڵمیدیا بەرز دەبێتەوە. هەریەکەیان مێژوو دەهێنێتە نێو کۆنسێپتی گوتارییانەی خۆی. لەم بەستێنە مێژوو وادێتە بەرچاو داهات و سەرمایەیەکی ڕەمزییانەی بێ خودان بێت، کارا جیاجیاکان کێبڕکێی قۆرخکردنی دەکەن. تا وای لێهاتووە دووان لە ڕابردوو بۆتە یەکێک لەو ڕەگەزە هەرە ئامادە و کاریگەرانەی کارەکتەرەی کوردی پێ دەناسرێتەوە. نەک هەر لەنێو خۆدا، بەڵکوو ئەوانی تریش درکیان بەم پەیوەستبوونە بە ڕابردوو کردووە و خۆم بیستوومە چەند جارێک "سیاسەتمەدار"ی گەورە گەورەمان، لەلایەن ئەم "ئەوانی تر"ەوە ئاگادارکراونەتەوە، کە بەسە گێڕانەوەی مێژوو و بچۆ سەر ئەسڵی بابەت و دۆخی ئێستا!

تێبینیی ئێمە لێرە لەبارەی ئەم ئامادەییيە بەهێزەی مێژوو نییە لە فەزای گشتیدا، کە پێشتر ئێمە هەوڵێکی سەرەتاییمان داوە بۆ شرۆڤەکردنی (٢٠٢٤)، بەڵکوو لەبارەی سروشتی ئەم ئامادەییيەیە. چونکە، هەرچی لەم گوتارانە ورد ببێتەوە زوو بۆی دەردەکەوێت، کە هێنانی ڕابردوو بۆ ئێستا، لەچوارچێوەی لێکۆڵینەوەی مێژووییدا نییە، ئەوەی لەسەر بنەمای ڕەخنە، شیکردنەوە و پێداچوونەوەی بەردەوام دامەزرابێت، بەڵکوو وەک گەنجینەیەک تەماشای دەکرێ، گەنجینەی بەخشینی ڕەوایەتی: گەنجینەیەک خۆتی بەنێودا دەکەیت و ڕووداوگەلێک، کەسانێک و چەند بەسەرهاتێکی لێ هەڵدەبژێریت، تا ئەو هەڵوێستەی ئێستا هەتە، ئەو دیدگایەی ویستووتە بیسەپێنیت و ئەو ئەرگومێنتانەی ڕەهایانە داکۆکییان لێ دەکەیت، تۆکمەتر بنوێنیت. ئاواش بە سانایی مێژوو، بەرە بەرە، لە زانینی ڕابردووەوە دەگۆڕێت بۆ گوتارێکی ئایدۆلۆژیانە، لە بوارێک کە بەرهەمهێنی هزرین و پرسیارە لەبارەی قەوارەی مێژووکردمانەوە، دەپەڕێتەوە بۆ بواری بەرهەمهێنانی چوونیەکی و چەقگیری لە تێگەیشتنی خود. لە شیکاریەکی بەستێنە مێژووییە

ئالۆزەکانەوە، دەگۆڕێت بۆ گێڕانەوەی داخراو بەسەرخۆیدا، کە بانگەشەی موڵکداریێتی دوا ڕاستی و کۆتا دەرەنجامی ڕووداوەکان دەکات.

کەوابێ سەرچاوەی گرفتەکە تەنیا گرنگیدانی ئاسایی کارا کۆمەڵایەتییەکان نییە بە مێژوو، کە ئەمە لەنێو هەموو ئەو جڤاک و گرۆ مرۆییانەی عەودالّی گەڕانن بەدوای ڕیشە و ناسنامە، دۆخێکی سروشتییە. بەڵکوو لەو قۆرخکردنەی گێڕانەوەی ڕابردوودا بووە؛ پێشکەشکردنی لێکدانەوەی تاکڕەهەندانە بۆ ڕووداوە مێژوویییەکان و سەپاندنی وەک تاکە شرۆڤەی ڕابردوو. ئاکامی ئەمەش، مێژوو کەمتر کراوە دەبێت بەسەر فرەڕەهەندی لە خوێندنەوە و گریمانەکردن لە چۆنیەتیی بونیادنانەوەیدا، گێڕانەوەشی کەوتۆتە ژێر ڕکێفی مەنتیقە ئایدۆلۆژییەکە و ڕووداوە ئالۆزەکانی لە نێو کۆمەڵێک دووالیزمی تفت و توون چڕ بوونەتەوە: شکۆ و شکان، پاڵەوان و خائین، سەرکەوتن و داهێزران... تادوایی. ئاواش بەڕوونی دەبینی ڕابردوو بەچەشنێک ڕێکخراوەتەوە و تەلاری پێ ساز

کراوە، کە خزمەتی پێداویستییە هەنووکەییەکان بکات، نەک مەرجە مێژووییەکانی خۆی.

تێگەیشتن لەو دیاردەیە، هەر بەو تێبینییە سەرپێییانە و ئەم خوێندنەوە ساکارە نابێت، بەڵکوو پێویست بەوە دەکات بگەڕێینەوە سەر بەشدارییە تیۆرییەکانی ئەم دواییانەی بواری فەلسەفەی مێژوو، ئەوانەی ڕوانگەی فرەڕەهەندیان بۆ تێگەیشتنی ئامادەیی ڕابردوو لە هەنووکەی جڤاکە مرۆییەکان و چۆنیەتیی شێوەگیربوونی ئاگایی بە مێژوو هەبووە و ڕاڤەی ئەو پەیوەندییە جەدەلیەشیان کردووە، کە لە نێوان گێڕانەوەی ڕابردوو و جۆری ئاگایی هەیە. ئەمەش دەشێ چوارچێوەیەکی گرنگی شیکاری پێک بهێنێت، بۆ شرۆڤەکردنی چۆنیەتیی بونیادنانی گێڕانەوەی مێژوویی و جۆری ئەو ئاگاییەی کایەی ڕۆشنبیری، سیاسی و ئەکادیمی هەیانە و بەهۆیەوە گێڕانەوە لەنێو گوتار بەگەڕ دەخەن و تەنانەت قۆرخی دەکەن.

## ٢

## ئاگاییی مێژوویی و قەیرانی قۆرخکردنی ڕابردوو

ئێمە ناخوازین لەم کورتە وتارە بە مەسەلە تیۆرییەکاندا بچینەوە و بە تێروتەسەلی لە سروشتی مەعریفەی مێژوویی بکۆڵینەوە و بەنێو چەمکەکانی فەلسەفەی نوێی مێژوودا ڕۆبچین. ئەوەی زیاتر جەختی لەسەر دەکەینەوە چەمکی ئاگاییی مێژوویی ( Historical Consciousness)یە؛ پەیبردن و درککردنمان بە چۆنیەتیی گرێدانی ڕابردوو بە ئێستا و داهاتوو. ئەمەش لەوە تێدەپەڕێت تەنیا بێین ساڵ و ڕێکەوتەکان ئەزبەر بکەین و بیانڵێینەوە، بەڵکوو چۆنیەتیی بیرکردنەوەمانە لە گۆڕانی کردەوەی مرۆڤ و ئەزموونەکانی لەنێو زەمەندا، ئینجا تێگەیشتن لەوەی ئەم گۆڕانانە چۆن بەشداربوونە لە دروستبوونی ناسنامە و بەها ئاکارییەکان و هەڵبژاردە هەنووکەیییەکانمان.

ئەم چەمکە خۆی کۆنە، بەڵام بەم دواییە لەسەر دەستی مێژوونووسی ئەڵمان و فەیلەسووفی مێژوو یۆرن ڕۆیزن25، پێداچوونەوەی بۆ کراوە و پەرەسەندنی بەرچاوی بەخۆی بینیە. بەداخەوە ئەم کەسە و تێزەکانی، لە ئاستی ئەکادیمی و ڕۆشنبیریی کوردیدا، نەناسراون. ئەمە لەکاتێکدا تیۆرییەکەی لەبارەی ئەم فۆڕمەی ئاگایی، مێژووی کولتووری و جەدەلی دوێنێ – ئەمڕۆ، دەروازەیەکی گرنگن بۆ تێگەیشتنی باشتر لە پەیوەندییەکانی نێوان مێژوو، ناسنامە و گوتار. تیۆرەکەی لەبارەی ئاگایی، لە دیاریکردنی ئەرکی مێژوو دەست پێ دەکات، جەخت لەوە دەکاتەوە ئەم ئەرکە بریتی نییە لە پاراستنی زانینمان بە ڕابروو یان نمایشکردنەوەی ئێستاییانەی ڕووداوەکانی دێرزەمان، بەڵکوو لەوەدایە وا لە مرۆڤ بکات بەرپێ و پێگەی خۆی لەنێو زەمەن باشتر ببینێت. ئەمەش لەمیانەی دروستکردنی پەیوەندییەکی مانادار دەبێت لەنێوان ڕابردوو، ئێستا و داهاتوو. ئاواش مێژوو هەر تەنیا بریتی نابێت لە ناسینی ڕابردوو، بەڵکوو

25 Jörn Rüsen

کردەیەکی مەعریفی و کولتووری دەبێت؛ ڕۆڵی لە مانابەخشین بە دەوروبەر و شێوەگیرکردنی ناسنامە و ئاڕاستەکردنی کردەی هەنووکەییانەی مرۆڤ دەبێت.

یۆرن ڕۆیزن (٢٠٠٢) وایدەبینێ **ئاگایی بە مێژوو** تایبەتمەندییەکی ئەنترۆپۆلۆژییە و بەتەواوی پەیوەستە بە هەبوونی مرۆڤانەمانەوە؛ مرۆڤ ناتوانێت لەو کەتوارەی تێیدایە بگات یان ئاڕاستەی خۆی دیاری بکات، ئەگەر نەیەت شرۆڤەی ئەزموونی زەمەنیانەی خۆی نەکات، ئەمەش بریتییە لە هێنانەوەی ڕابردوو لە ئێستا و بەستنەوەی بەم ئێستایە و بەکارهێنانی بۆ بەرچاو ڕوونی زیاتر، لەهەمبەر بە داهاتووی خۆی. هەربۆیە، مێژوو هەر تەنیا وەک ئەرشیڤێکی ڕووداوەکان بەرکار نابێت، بەڵکوو وەک چوارچێوەیەکی هێرمینۆتیکانە دەبێت، کە ئەزموونی مرۆڤانەمان ڕێک دەخات و مانا و دەلالەتی پێ دەبەخشێت. لێرەوە، ئەم مێژوونووسە ئەڵمانە، ڕایدەگەیەنێت ئاگاییی مێژوویی کردەیەکی زەینییانەی هێرمینۆتیکانەیە، بەهۆیەوە مرۆڤ ئەزموونە زەمەنییەکەی لێک دەداتەوە؛ ڕابردوو دەبێتە ئەو چوارچێوەیەی بەهۆیەوە لە ئێستا دەگەین و

وێنایەکیشمان لەبارەی داهاتوو پێشکەش دەکات. لەمەشدا پشت بە یادەوەریی مێژوویی خۆی دەبەستێت، تا بەهۆیەوە توانای وێناکاری برەو پێبدات، خۆ ئەمەش هاوکاری دەبێت لە ئاڕاستەکردنی ژیانی کەسییانە و کۆمەڵایەتییانەیدا. بەم پێیە ئاگا بە مێژوو ئەو کردەیەیە، وادەکات لەمیانەی ئەزموونی مێژووییەوە باشتر لە کەتواری ئێستاییمان بگەین. ئەو توانایەش بە مرۆڤەکان دەدات، لە ڕۆشناییی زەمەندا، بڕیارەکانی خۆیان بدەن.

لە دیدی ڕۆیزن ئاگاییی مێژوویی بە سێ کردەوە گرێ دراوە. یەکەمیان پەیوەستە بە درککردنەوە؛ ڕاگەیشتن بەسەر ئەزموونی مێژوویی، کە ئەمەش بریتییە لە پەیبردن بەڕابروو وەک زەمەنێکی جودا لە ئێستا، هەروەها تێگەیشتن لە تایبەتمەندێتیی مێژووییانە، لەبری سەپاندنی پێوەرە هەنووکەییەکان بەسەریدا. دووەمیان خۆی لە ڕاڤەی مێژووییدا دەبینێتەوە؛ توانای گرێدانی ڕابردوو بە ئێستا و تەنانەت داهاتووش، لە چوارچێوەیەکی زەمەنیانەی مانادارەوە. بە چەشنێک کە کەتوارە مێژووییەکان دەبن بە ڕاڤە و هاوکار دەبن لە تێگەیشتنی ئەم ئێستایە و ئەوەش،

کە لە داهاتوو چاوەڕوان دەکرێت. کردەی سێیەم ئاڕاستەکردنی مێژووییە؛ توانای بەکارهێنانی مەعریفەی مێژوویی لە هەڵوێست و بڕیاردانی کردەکی، هەروەها گرێدانی ناسنامەی کەسی و دەستەجەمعی بە ئەزموونی مێژووییەوە. لێرەوە بەهای دروستی مێژوو لەو زانیارییە کەڵەکەبووانە نییە، کە پێشکەش بە ئێمەی دەکات. بەڵکوو پەیوەستە بەو ڕێبازەوە، کە بەهۆیەوە لەم زانیارییانە دەگەین و لە شرۆڤەی کەتوار و ئاڕاستەی کرداردا پشتی پێ دەبەستین.

ڕۆیزن جەخت لەوە دەکاتەوە ئاگاییی مێژوویی، لە چوارچێوەی چەند کەتوارێکی پەتییانەی مێژووییەوە کار ناکات. بەڵکوو لەمیانەی ئەو گێڕانەوە مێژووییانەی ئەزموونی زەمەنیانە، لە فۆڕمی چیرۆک و حەکایەتی تۆکمە داڕێژراو، ڕێک دەخەنەوە. خۆ گێڕانەوەگەری هەر تەنیا میکانیزمێک نییە بۆ نمایشکردنی ڕابردوو، بەڵکوو ئەو بونیادەشە وادەکات ڕابردووەکە لەبار بێت بۆ تێگەیشتن و شیاو بێت بۆ بەکارهێنانی ئێستاییانە. ئەوە لە دووتوێی ڕابردووەکەیە، وێنەی جڤاک بۆ خۆی و وێنای بۆ ئەوانی

تر، شێوە وەردەگرن. لێرەوە پرسە بنەڕەتییەکە ئەوە نابێت، ئاخۆ گێڕانەوە هەیە یان نا، چونکە لەبنەڕەتدا هەموو جۆرەکانی ئاگاییی مێژوویی پشت بە گێڕانەوە دەبەستن. بەڵکوو پرسەکە لەبارەی سروشتی ئەم گێڕانەوەیە و کرانەوەیەتی بەسەر خوێندنەوەی جیاوازەوە.

لەم بەستێنەدا رۆیزن چوار جۆری ئاگاییی مێژوویی دەستنیشان کردووە، کە جیاوازیی بنەڕەتییان پەیوەستە بە چۆنیەتیی هەڵسەنگاندنی سروشتی ئەو پەیوەندییەی لەنێوان ڕابردوو، ئێستا و دەهاتوودا هەیە. جۆری یەکەم **چەشنە نەریتییەکەی ئاگاییی مێژووییە؛** باوەڕبوون بە بەردەوامێتیی ڕابردوو لە ئێستاماندا. لەم بەستێنە، وا لێک دەدرێتەوە، نەریت و پاشماوە کولتوورییەکان سەرچاوەی هەموو چەشنە ڕەوایەتییەک و هەر جۆرە ناسنامەیەکن. ڕووداوە مێژووییەکان بۆ ئەوە بە بیر دەهێنرێنەوە، تا ڕاستی و دروستی بەها و نەریتە میراتییەکانی زەمانی دێرین بسەلمێنن. لێرەوە وەک ژێدەرێک چاو لە ڕابردوو دەکرێت، کە دەبێ بپارێزرێت. بەپێی ئەم جۆرەی ئاگایی، ناسنامە درێژکراوەی

ڕاستەوخۆی هزر و هەڵوێست و تێگەیشتنی پێشینانە، ئاکاریش بەردەوامبوونی نەریتە مێژووییەکانە، بێ ئەوەی بخرێتە ژێر پرسیار و گومانەوە. ئەم چەشنەی ئاگایی، دواتریش دەبینین، پتر لەنێو گوتاری ناسیونالیستی و ئایینیدا باوە، کە – وەک پاساوێک بۆ هەبوونی ئێستاییانە – هانا دەباتە بەر **"شکۆی مێژوویی"** یاخود **"ڕەسەنی پیرۆز"**.

جۆری دووەمی ئاگایی، کە لەم جۆرە نزیکە، **ئاگاییی نموونەیی** یان **پەندئامێزانەیە**؛ لێرە مامەڵە لەگەڵ ڕابردوو سنووری ئەوە تێدەپەڕێنێت، کە هەر چاولێکردنی ناوەڕۆکەکەی بێت و دەبێ هەموو لایەک بیپارێزرێن، بەڵکوو وەک گەنجینەی وانە و ڕێسای گشتی دەبینرێت. ڕووداوی مێژوویی لێرە دەبێتە نموونە و گێڕانەوەی بۆ پەندوەرگرتنە، ئاخۆ دەبێ پەیڕەوی بکەین یان لێی دوورکەوینەوە. ئاواش مێژوو دەبێتە مامۆستای ژیان (Historia Magistra Vitae)؛ لەبری جەختکردنەوە لەسەر تایبەتمەندێتی هەر ڕووداوێک، دێت بەدوای ئەو ڕێسا ئاکاری یان سیاسیانەدا دەگەڕێت، کە دەشێ لە زەمینەی جیاجیاوە پراکتیزە بکرێن. مێژوو دەبێتە بەهانە

چاکەی گشتی. ئەگەر زیندوو دەکرێتەوە یان دەگێڕدرێتەوە، ئەوا بۆ تۆکمەبوونی ئەم چاکەیەیە لەنێو چەمکەکانیدا، وەک دادپەروەری یان ئازایەتی یاخود حوکمڕانی باش.

جۆری سێیەم، **ئاگایی ڕەخنەییە بە مێژوو**، ئەمەش پەڕینەوەیە لە قەبوڵکردنی گێڕانەوەی مێژوویی، بۆ ڕەخنەگرتن و هەڵوەشاندنەوەی چۆنیەتی هەڵبەستنی حەکایەتەکانی. ئامانج لێرە بریتی نیە لە پەند و وانەدان و فێربوون لەوەی ڕوویداوە، بەڵکوو تاقیکردنەوەی ڕاستی و ناڕاستی گێڕانەوە باوەکان و ئاشکراکردنی لاگیری، هەبوونی ڕەگەزی ئایدۆلۆژی و ئەفسانەییە. لێرە ئەوەی دەشێ ئەم ئاگاییەی هەبێت مێژوونوسە؛ ئەو کارەکتەرەی دێت بەپێی بەڵگە و سەرچاوە گێڕانەوە دێرینەکان، کە میراتی پێشینانن، هەڵدەسەنگێنێتەوە. لەم پرۆسەیەشدا، نە شکۆ دەبینێت و نەپیرۆز، نە بەدوای پەنوەرگتنە و نە ئامۆژگاری، تەنانەت دەشێ بەوە بگات ڕەتیانبکاتەوە و ڕایبگەیەنێت سوودێکی ئەوتۆیان بۆ ڕاڤەکردنی ئێستا نییە. ئەم چەشنەی ئاگایی مێژوویی ڕۆڵێکی گرنگ لە ڕزگارکردنی کۆی ئاگایی لە هەژموونی گێڕانەوەی داخراو

دەگێڕێت، چونکە بۆ بەردەنگان ڕوونی دەکاتەوە، کە زۆر لە چەمک و واژە مێژووییەکان، هەڵگری ڕاستی ڕەها نین، بەڵکوو بەرهەمی ڕەوشی سۆسیۆ – کولتووریی سەردەمانی خۆیانن.

دوا جۆریشیان **ئاگایی مێژوویی پێکهاتەیی** یاخود جێنەتیکانەیە؛ جۆری هەرە پێشکەوتووی ئاگایی، کە نەک بەوە ناوەستێت ڕابردوو بپارێزێت یان پەندی لێ وەرگرێت یاخود بیداتە بەر ڕەخنە، بەڵکوو وا لە مێژوو دەڕوانێت، کردەی پەرەسەندن و وەرچەرخانی بەردەوامە؛ جڤاک و بەها و ناسنامەکان، لەگەڵ زەمەندا دەگۆڕێن. بۆیە، ئەگەر دەمانەوێت لە ڕابردوو بگەین، ئەوا دەبێت لە بەستێنی پەرەسەندنیەوە بیخوێنینەوە، نەک وەک مۆدێلێکی جێگیر، کە دەشێ بیهێنینە ئێستا یان لەبیر خۆمانی ببەینەوە و بەتەواوەتی ڕەتی بکەینەوە. بەپێی ئەم جۆرەی ئاگایی، گۆڕان و وەرچەرخان سەرچاوەی ماناکانی مێژوون، ناسنامەش وەک کردەی بەردەوامی پەرەسەندن و نوێبوونەوە دەبینرێت، بەها ئاکارییەکانیش دەشێ، لە چوارچێوەی گۆڕانی بارودۆخی مێژووییەوە شرۆڤە

بکرێن، نەک ئەوەی لەنێو زەمەندا چەقیان بەستبێت. هەربۆیە، ئەم ئاگاییە پێکهاتەییە، ڕێگە بەوە دەدات ئالۆسکاوییەکانی نێو مێژوو (فرەیی، جودابوون، کارابوون، ناکارابوون... تادوایی) وەک پێکهاتەی سروشتی مێژوو خۆی سەرەدەریان لەگەڵدا بکرێت. هەر ئەم ئاگاییەشە نها بۆتە بنگەیەکی گرنگی هزری مێژوویی ئەکادیمییانەی سەردەمەکەمان.

لە خوێندنەوەی ڕۆیزن بۆ ئاگایی مێژوویی تا بە تێزەکانی لەبارەی چەمکی **لینکی ڕابردوو - ئێستا** دەگات، تێدەگەین کە ئەو ئەم جۆرانەی ئاگایی، وەک قۆناغی زەمەنی یەک لەدوای یەک نەبینیە. بەڵکوو بەلای ئەو جۆری جیاوازی بونیادنانی پەیوەندین بە ڕابردووەوە، کە دەشێ هەر چوار جۆرەکە – هاوزەمەنیانە - لەنێو هەمان پانتایی کۆمەڵایەتیدا هەبن، تەنانەت لەنێو هزری یەک مرۆڤیشدا. ئەم جۆرانە، لە ئالۆزیدا هاوئاست نین، بەڵکوو قۆناغەکانی فراژووبوونی هزری مێژوویی دەنوێنن؛ لە نەریتییەوە بۆ نموونەیی، لە ڕەخنەییەوە بۆ پێکهاتەیی – جێنەتیکی. هەریەک لەم قۆناغانەش لەسەر داروپەردووی قۆناغی

پێشوو بونیاد دەنرێت و ئاستێکی ئاڵۆزتر بۆ تێگەیشتن لە زەمەن، ناسنامە و پەیوەندی نێوان ڕابردوو و ئێستا و داهاتوو زێدە دەکات. ئاگایی مێژوویی لای ئەم زانا ئەڵمانە، بەمانای خاوەنداریێتی هەرچی زانیارییە لەبارەی ڕابردوو نایەت، بەڵکوو خاوەنداریێتییە لە پێگەیشتووترین ڕێباز و مێتۆد، کە دەشێ بۆ تێگەیشتن لەم ڕابردووە و بەکارهێنانەکانی هاوکارمان بن. ئیدی پێوەری ئاگایی بە مێژوو، چەندێتیی مەعریفەی مێژوویی نییە، بەڵکوو چۆنیەتیی بونیادنانی دەلالەتەکانی ڕابردوو و ڕاڤەی ئێستا و دارِشتنی وێنای داهاتووە.

## ٣

## ئاگاییی نەریتییانە و ڕابردووی پەندئامێز یان بەئایدۆلۆژیکردنی مێژوو

بەپێی ئەم چوارچێوە تیۆریە بێت، دەکرێت گوتاری ڕۆشنبیری و سیاسی لە هەرێمی کوردستان وەک مەیدانێک ببینین، کە تێیدا دوو جۆری بنەڕەتی ئاگاییی مێژوویی لە

کێبڕکێدان. خۆ ئەگەر گەڕانەوە بۆ ڕابردوو لەخۆیدا جێگەی ئاریشە نەبێت و ئاریشەکە لە چۆنیەتیی بونیادنانەوەی ئاگایی بێت بەم ڕابردووە لەنێو گوتارە هەمەکییەکەدا؛ ئەوا زۆربەی جار ڕووداوەکانی لە دووتوێی گێڕانەوەی نەتەوەیی، ئاینی یاخود سیاسیی داخراودا پێشکەش دەکرێن، کە چەشنێک لە یەکێتیی بابەت و هارمۆنیا بە نواندنی ڕابردوو دەبەخشێت، نەک ئاڵۆزییە مێژووییەکەی دەربخات. جێگەی سەرنجە، ئەم بەکارهێنانەی مێژوو لەنێو گوتاری سیاسی، لە پانتاییە کوردییەکە پەڕیوەتەوە نێو گوتارە ڕۆشنبیرییەکەشەوە (ڕەنگیشە پێچەوانە بێت، ئێستا ئەو مەسەلەیەم بۆ یەکلا نەبۆتەوە). بە چەشنێک بە دەگمەن دەبینی لەنێو ئەم گوتارەدا مێژوو بە هەمان پرۆسێسی هەڵاوێرکردنی ڕووداوەکان و لە قالبدان و جێگیرکردنی هەندێک ڕووداو لەنێو یادەوەری و لەبیربردنەوەی هەندێکی دی، تێنەپەڕێت. واتا ڕۆشنبیر، ئەگەر دێت قسە لە ڕابردوو دەکات، لێکدانەوەیەکی ئەم ڕابردووە دەکاتە حەقیقەتێکی کۆتایی و ئێستای پێ شرۆڤە دەکات. ئاواش ئاگایی بە مێژوو (کە لە بنەڕەتدا ئامرازێکی تێگەیشتنی ڕەخنەییانە و ڕاڤەی فرەلایەنە) دەبێتە ئامرازێکی بەرهەمهێنانی گوتار، کە

دەست بەسەر ڕابردوودا دەگرێت و تواناکانی بیرکردنەوەی مێژوویی سنووردار دەکات.

پێم وایە ئەم ڕوانگە تیۆرییەی سەرەوە بواری ئەوەمان پێدەدات باشتر قەوارەی قەیرانی قۆرخکردنی ڕابردوو، لە زەمینەی ئێمە دابڕێژین. خۆ گرفتەکە لە هانابردنی جڤاکی کوردی و گرۆ مرۆییەکانی نێوی نییە بۆ بونیادنانی گێڕانەوەی مێژوویی، چونکە وەک ئاماژەمان پێدا گێڕانەوە خۆی ئەو میکانیزمە سروشتییەیە، کە لەمیانەیدا ئاگایی مێژوویی کاری خۆی دەکات. بەڵکوو لەوەدایە ئاوا یەک لەم گێڕانەوانە بکرێتە تاکە سەربوردەی ڕابردوو و لەگەڵ خۆشیدا هەر سەربوردەیەکی تر یان شرۆڤە و ڕاڤەیەک بۆ ئەم تاکەیان وەلا بنێت. بەم چەشنەش، قۆرخکردنی ڕابردوو، هەروەها باش یان خراپ بەکارهێنانی لەنێو گوتاردا، گوزارە لە هەژموونی جۆرێک یان چەند جۆرێکی ئاگایی مێژوویی دەکات.

یان مارینوس ویریسما26 (2009)، لە وتارێکی تایبەت بە باش و خراپ بەکارهێنانی مێژوو لە گوتاری سیاسی، بۆی دەرکەوتووە مێژوو ئەو دەمە دەبێتە گرفت، ئەگەر بووە ئامرازێکی ئەم گوتارە. سیاسەتمەداران نەک هەر ڕابردوو و ڕووداوەکانی وەک پەند و ئامۆژگاری دێرزەمان دەهێننە ئێرە، بەڵکوو ئەو ڕووداوانە هەڵدەبژێرن و تەئویلیان دەکەن، کە دەشێ خزمەت بە ئامانجە سیاسییە هەنووکەییەکانیشیان بکات، هەر لە بەخشینی ڕەوایەتی بە هەبوونی دەسەڵاتیانەی خۆیانەوە بگرە تا بە داماڵینی ڕەوایەتی لە نەیارانیان دەگات. لەم بەستێنەدا ویریسما جەخت لەوە دەکاتەوە، کە ڕووداوە مێژووییەکان لە خۆیاندا بێ زمانن، بەڵام لە نێو پرۆسەی ڕاڤەکاری و شرۆڤەکاریی سیاسیدا مانا وەردەگرن و دەکەونە قسە. هەر ئەمەشە وادەکات بەگەڕخستنی سیاسییانەی مێژوو هەمەکیانە نەبێت و ڕووداوی تایبەت، بەمەبەست دیاری بکرێت و لایەنگرانە بگێڕدرێتەوە. لێرە هاتووە بەراوردی نێوان کاری مێژوونووس و کاری سیاسەتمەداری کردووە؛

---

26 Jan Marinus Wiersma

مێژوونووس هەرچەندە دەزانێت ئەستەمە بتوانێت بە بابەتگەرایی ڕەها بگات، بەڵام لە خستنەڕووی مێژوودا، هەر پابەندە بە میکانیزمەکانی توێژینەوەی زانستی و ڕەخنەی میتۆدییانە. ئەمە لەکاتێکدا سیاسییەکە لەو ڕەهایەتییەوە دەست پێ دەکات و مێژوو لە چوارچێوەی بەکارهێناندا دەهێڵێتەوە و بە نواندنی وەک کۆیادیش دەیخاتە چەقی ململانێ و مشتومڕەکانی خۆیەوە، نەخاسمە ململانێ لەسەر دەسەڵات و پیشەسازیی دروستکردنی ڕەوایەتی.

هەرچۆنێک بێت، بە گەڕانەوە بۆ پرسی ئاگایی، ئەوەی جێگەی سەرنجە لە گوتاری ڕۆشنبیری و سیاسی، بەتایبەت لە فەزای کولتووریی کوردیدا، دوو جۆری یەکەمی ئاگاییی مێژوویی هەژموونیان هەیە؛ ئاگاییی نەریتییانە و ئاگاییی ئایدیالانەی پەندئامێز. هەر کاتێک لەنێو گوتاردا قسە هاتۆتە سەر ڕابردوو، بە پلەی یەک وەک سەرچاوەیەکی جێگیری ڕەوایەتی و ناسنامە بووە؛ کە تێیدا هەبوونی مێژووییانە – هەندێکجار سەروو مێژووییانە – ی جڤاک و بەردەوامێتییەکەی پێ سەلمێنراوە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئامادەیی بەهێزی ئاگاییە نەریتییەکە. هاوکات،

ئەگەر گلەیی کراوە، هانی خەڵک دراوە یان پرۆسەی خستنەسەرپێی جڤاک ئەنجام دراوە، مێژوو وەک گەنجینەی پەند و ئامۆژگاری بەکار هێنراوە، تێیدا ڕووداوگەلێک و کەسانێک دەخرێنە بەرباس و دەبرێنە چەقی گێڕانەوە. ئەمەش بۆ جەختکردنەوە لە پرەنسیپێکی دیاریکراو یان هەڵوێستێکی سیاسی و کولتووریی سەردەمییانەیە، یاخود بۆ ئاگادارکردنەوەی جەماوەر لە دووبارەکردنەوە ئەزموونەکان ڕابردوو، ئاواش لەگەڵ خەسڵەتەکانی ئاگاییی ئایدیالانە یەکانگیر دەبنەوە.

ڕەواج و هەژموونی ئەم دوو جۆرەی ئاگایی لەوەدایە گێڕانەوەی ئەوتۆ دەخاتە بەردەست، کە بۆ جەماوەری بەردەنگ هەم سانایە تێیبگات هەمیش لەتوانایدایە لەنێوخۆدا بیگوازێتەوە. هاوکاتیش ئەمانە کەرەستەیەکی ڕەمزی کاریگەر دەدەنە گوتارە سیاسی و ڕۆشنبیرییەکە، هاوکاریان دەبێت لە کۆکردنەوەی زۆرترینی خەڵک و دروستکردنی چەشنێک لە هاوبەندی بە دەوری دۆزی پەیوەست بە ناسنامە و ئینتیماوە. هەروەها ساکاریی گێڕانەوەکان و ڕوونی لە دەربڕین، ڕێگەی بەوە

داوە باشتر ئایدۆلۆژیانە بخرێنەگەڕ. خۆ دەرەنجامێکی سەپاندنی ئەم ڕوانگەیە بۆ ڕابردوو ئەوەیە کە زۆرجار وەک ژێدەرێکی جێگیر، کە دەسەڵاتێکی ڕەمزییانەی هەیە و نابێت دەسکاری بکرێت، دەنوێنرێت. ئاواش ڕەنگە مێژوو خۆی بۆ داخستنی هەر گفتوگۆیەکی ڕەخنەیی و وەلانانی خوێندنەوەی جیاواز بۆ دیاردە هەنووکەیییەکان بەکار بهێنرێت. واتا مێژوو ئەرکێکی پێش ڕەخنەییانە و پێش مۆدێرنانەی پێ دەسپێردرێت و ڕابردووش بوارێکی کراوە نابێت بۆ شیکردنەوە و دروستکردنی پرسیار، بەڵکوو دەبێتە قالبێکی ئامادە، کە پارێزبەندی بە بەرهەمهێنی گوتار دەبەخشێت و ڕۆڵە پاساوگەرییەکەی بە ئاشکرا دەردەکەوێت.

ئیدی، لەبری ئەوەی ئاگایی بە مێژوو هاوکارمان بێت لە تێگەیشتنی ئاڵۆزییەکانی پەیوەندیی نێوان ڕابردوو و ئێستا، دەبێتە ئامرازی لە چوارچێوەدانی ئەم ئێستایە. ئێستا لەنێو وێنەی ئایدیاڵانە یاخود جارڕداریانەی ئەوتۆ پێشان دەدرێت، کە سەرچاوەکەی ڕابردوو خۆیەتی. ئاواش مێژوو لە بازنەی ڕەوایەتیدانی ئایدۆلۆژی دەمێنێتەوە.

پێشتر گوتمان هەموو جڤاکێک، لەپێناو تێگەیشتنی ئەسڵ و فەسڵ و وەرچەرخانە مێژووییەکانی خۆی، پێویستی بە گێڕانەوەی مێژوویییە. بەڵام خۆ ئەو پێداویستییە پاساو نییە بۆ قۆرخکردنی شرۆڤەی ڕابردوو یان کردنی بە ئامرازی وەلانانی شرۆڤەی تر. لێرەوە جیاوازییە بنەڕەتییەکە لەوەدا نییە، کە کێ مێژوو بەکار دەهێنێت و کێ بەکاری ناهێنێت. بەڵکوو لەوەدایە، ئەوە کێیە وەک زانینێکی کراوە بەسەر پێداچوونەوە و دووبارە هەڵسەنگاندنەوە، سەرەدەری لەگەڵدا دەکات؟ کێشە وەک حەقیقەتی ڕەها، کە هیچ گفتوگۆیەک هەڵنەگرێت، دەینوێنێت؟ ئەمەش کرۆکی پرۆسەی بەئایدۆلۆژیکردنی مێژووە.

گرفتی بەئایدۆلۆژیکردنی گێڕانەوە، هەر لە گریمانەکردنی هەبوونی یەک مانایە بۆ ڕابردوو. لەبەرامبەردا بەتوندی کار بۆ وەلانانی فرەگریمانەیی دەکات، نەبادا بەهای ئەو ڕەوایەتییەی دەیخوازێت کەم ببێتەوە. مەنتقێکی ئاوا، کە ڕۆژانە لە بەکارهێنانەکانی مێژوو لە پانتاییە کوردییەکەدا دەیبینین، مەیلی بەلای مەحوکردنی فرەگێڕانەوەیییە، کە لەبنەڕەتدا مێژووەکە – لەبەر

نەنووسرانەوەی خۆماڵییانە – بەدەست نەبوونیەوە دەناڵێنێت. ئەم مەحوکردنەوە، نەک لەبەر ئەوەیە کە دەشێ هەریەک لە گێڕانەوەکان گفتوگۆ هەڵبگرن، بەڵکوو هزری پشت بەستێنی گوتاریانە وا دەینوێنێت مەترسین بەسەر ناسنامە یان بەرژەوەندیی نیشتمانی یاخود حەقیقەت لەخۆیدا. خۆ چەندینجار و لەبۆنەی جیاواز بینیمان "خیلافی زانستی" بۆتە ململانێ لەنێوان گێڕانەوەی کراوە و داخراوەوە، کە لەگەڵ ئەوەی دووەمدا پرۆسەی نووسینەوەی مێژووی کورد، ئەرکە ڕەخنەیییەکەی لەدەست داوە؛ بۆتە ئەو ئامرازەی سنووری نێوان **"گێڕانەوەی دروست"** و **"گێڕانەوەی بێ بنەما"**ی دیاری کردووە. ئەمەش هەر کایەی مێژووی نەگرتۆتەوە، بەڵکوو لەگەڵیدا ئەگەری گفتوگۆی مێژوویییانە لاواز بووە، چونکە چیدی بەڵگەسازی و گۆڕینەوەی ئەرگومێنت گرنگ نەماوەتەوە، ئەوەندەی سەپاندنە ئایدۆلۆژییانەکە بابەت بووە.

## گوتاری ئایدۆلۆژی و حەتمیەتی مێژوویی

یەکێک لە خەسڵەت و بیچمە هەرە دیارەکانی گوتاری ئایدۆلۆژی، بریتییە لە دارِشتنی گریمانەی مێژوویی لە شێوەی یەقین و بڕوابوون بە حەتمیبوونی ئەوەی ڕوویداوە. مەعریفەی مێژوویی، بەو سروشتەی بابەتەکەی هەیەتی و ئەو ڕەهەندە زەمەنییەی بەرزەفتی کردووە، توانای گەڕاندنەوەی ڕابردووی لە هەمەکیبوونیدا نییە؛ ناتوانێت بەستێنەکەی - ڕێک وەک ئەوەی هەبووە – دابڕێژێتەوە. هەربۆیە ئاکامگیری لەنێو ئەم مەعریفەیەدا، کە بە پلەی جودا جودا گریمانەی تێدایە، لەبارە بۆ پێداچوونەوەی دواتر، ئەگەر بەڵگە و سەرچاوەی نوێ هاتنەدەست یان مێتۆدی نوێ دەرکەوتن، کە توانای بونیادنانی خوێندنەوەی جیاوازیان هەبێت. ئەمە بەو مانایە نایەت مێژوونووس دەستەوەستانە لە گەیشتن بە مەعریفەیەکی مێژوویی پڕ بەها، بەڵکوو مانای ئەوەیە خودی مەعریفەکە دەشێ زیاد لە شرۆڤەیەک هەڵبگرێت. لەبەرامبەردا گوتارە ئایدۆلۆژییەکە ئەم سروشتەی مەعریفەکە نابینێت ڕەنگیشە بەپێویستی نەزانێت و خۆی لێ

نەبان بکات. هەربۆیە دێت گومان و گریمانە پشتگوێ دەخات و لێکدانەوەی مێژوویی بە حەقیقەتی تەواو و داخراو دەبینێت، بە چەشنێک وای دەنوێنێت هەر پاشگەزبوونەوەیەک لەم حەقیقەتە یان چاوخشانەوەیەک بە دراوەکان جۆرێک دەبێت لە شێواندنی زەینی کۆمەڵایەتی. ئەگەر ئەمەش ڕوو دەدات، ئەوا لەگەڵیدا مێژوو دەبێتە باوەڕێکی مێژووییانە و گێڕانەوەی خوازراو و تەنانەت ڕێگەپێدراویش ئەوەیانە، کە لەگەڵ وێنا ئایدۆلۆژییەکە ڕێک بێتەوە. هەرچیش بانگەشەی هەبوونی ڕەهەندێکی جودای ڕابردووەکە بکات، وەک ئەوە دەبێت گومان بخاتە سەر ناسنامەی هەمەکی جڤاکی کوردی، سیستەمی بەها و کۆیادەوە. ئاواش مەرزی نێوان مێژوو و یادەوەری کاڵ دەبێتەوە و ئایدۆلۆژیاکە دەخزێتە ئەو بەینە و بەرەبەرە دەبێتە چوارچێوەی ڕاڤەکردن و هەوڵ دەدات کار و ئەرکێکی ئێستاییانەی بەردەوام بۆ ڕابردوو بدۆزێتەوە.

ئاکامی هەرە بنەڕەتی ئەو مۆدێلەی سەرەدەری لەگەڵ ڕابردوو، سەرباری پشتگوێخستنی ئاڵۆزی و دژیەکییەکانی نێو مێژوو و بازدان بەسەر ئەو

پێشمەرجانەی لە بەستێنی مێژووییدا هەن و ڕۆڵیان لە شێوەگیربوونی ڕووداودا هەبووە، بونیادنانەوە ڕابردووە بۆ خزمەتکردنی خود، کە خودی کوردییە. لێرە ڕابردوو لە خۆیدا مانای نابێت، بەڵکوو لەو پێگەیەی لەنێو گێڕانەوەدا پێیدراوە، تا وا ئێستا بنوێنێت، وەک ئاکامێکی سروشتی و حەتمیانەی ڕەوتی مێژووییانەی ڕەگەزە مرۆییەکە دەربکەوێت؛ ئەوەی ڕوویداوە هەر بەو ئێستایەی دەگەیاندین و هیچ ڕێگەچارەیەکی دی نەبووە. ئەم حەتمیەتە مێژووییە، کە بەرهەمی ئاگاییە نەریتییەکەیە، ڕابردوو لە دوا خاڵییەوە دەخوێنێتەوە، ڕووداوەکانی پێشین لە ڕۆشنایی دوایین دەرەنجامەوە مانایان وەرگرتووە و لە چرکەساتی ڕووداندا هیچ ئاڕاستە و ئەگەرێکی دی لەبەردەم بە کارا مێژووییەکاندا نەبووە. ئەوە نییە زوو زوو گوێمان لەوە دەبێت، ئەزموونی هەرێمی کوردستان ، بەرهەمی خەباتی چەندین ساڵەی پێش ئەزموونەکەیە، کێشە و گرفتەکانیش ئەوانەن کە لەنێو ئەو مێژووە پێشینە بۆی دروست کراون... تادوایی.

وەنەبێ ئەم مەیلە بەلای حەتمیەت، لە هەندێک مۆدێلی هزری مێژوویی لە پانتاییی کوردیدا، نوێ بێت و دەرەنجامێکی هزری سیاسیی ئەم چەند دەیەی دوایی بێت. بەڵکوو ئاکامی چەند فاکتەرێکە، کە لە سەدەی بیستدا ڕۆڵیان لە شێوەگیربوونی مۆدێلەکانی گێڕانەوەی مێژووی کورددا هەبووە. ڕەنگە فاکتەری هەرە گرنگ خەمی چارەنووس و ترسی فەوتان و لەناوچوون بووبێت؛ گۆڕانە سیاسییە گەورەکانی سەدەی بیست (دابەشکردن، شکستی سیاسی... تادوایی) و وەرچەرخانی بونیادی کۆمەڵایەتی و شوناسی بێدەوڵەتی، پرسیاری چارەنووسی کردۆتە سووژەی هەرە بنچینەیی نێو ئاگاییی سیاسی و کولتووریمان. هەر ئەمەش وای کردووە گەڕانەوە بۆ مێژوو، نەک هەر لەپێناو تێگەیشتنی ڕابردوو بووبێت، بەڵکوو بۆ شەرحی حاڵ (سەلماندنی بەردەوامێتی و ڕەوایەتی هەبوون و شرۆڤەکردنی پێگەی ناجۆری لە ئێستادا) بووە. لێرەوە مەیلی خۆدۆزینەوە لەنێو مێژوو و ڕێکخستنەوەی ڕەوتی کەتواری پێشین و نواندی لەنێو گوتار وەک یەک زنجیرەی تۆکمە، کە حەتمیانە بە پێگەی ئێستای گەیاندوون، بەرە بەرە گەڵاڵەبووە و چەسپیوە.

ئاواش گێڕانەوە وەک پێویستییەکی مێژوویی لێهاتووە، تا بەهۆیەوە خۆنواندنی **"هەبووە ئێستاییەکە"** و کردەوەکانی بە ڕەوا بزانێت.

جگە لەو خەم و ترسە، کە لەنێو تێگەیشتنی گوتارە سیاسییەکە، بەتایبەت گوتاری ناسیونالیستی، مانای هەرمێنانەیان پێدراوە، ئەو ڕەوتە ئایدۆلۆژیانەی هاتوونەتە پاڵ هزری ناسیونالیستیش ڕۆڵیان لە برەودان بە بیرۆکەی حەتمیەتی مێژوویی لە پانتاییی هزریی کوردیدا هەبووە. جا هەر لە هزری مارکسی لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەوە بگرە، تا بە هزری ئیسلامی کۆتاییەکانی سەدەکە و دەسپێکی ئەم سەدەیە دەگات. ئێمە لە وتاری یەکەمدا بینیمان چۆن دەستەی یەکەمی ئەکادیمیان، کە ڕۆڵیان لە جێگیرکردنی ئاگایی بە مێژوودا هەبووە، لە قوتابخانە مارکسییە – لینینییەکەی سۆڤیەتەوە بەسەر کوردناسی ڕاگەیشتوون. هەر ئەوان و ڕەوتە سیاسییە کوردییەکان، ڕۆڵیان لە تەشەنەکردنی لێکدانەوەی مارکسییانە بۆ مێژوو، لەنێویشیدا مێژووە کوردییەکە هەبوو. لێکدانەوەیەک کە جەخت لە سەنتەرێتی ململانێ (چینایەتی) و دژیەکییەکان و

بزاوتی دیالێکتیکانە دەکاتەوە. تەنانەت لە هەندێک دەرکەوتەی دۆگماشیدا، ئەم چەمک و دەستەواژانە، وەک ئامرازی شیکاری بەکار نەهێنراون، بەڵکوو بوونەتە سیستەمێکی هەمەگیرانەی ڕاڤەکردن، گریمانەی ئەوەیان سەپاندووە جووڵەی مێژووی کوردی لە میانەی چەند جۆرێکی دیاریکراوی ململانێدا بەرەو پێش دەچێت. بۆیە، لە دۆخە کوردییەکە کە پتر خوێندنەوەی مێژووی نوێ و هاوچەرخی بوو، جەخت لەسەر ئەو دژیەکە کراوەتەوە کە لەنێوان ئەمان و "ئەوانی تر"دا هەبووە و بە هێزی بنەڕەتی بەرهەمهێنی وەرچەرخانی مێژوویی بینراوە. کاتێکیش ئاوا مێژوو لەم مۆدێلە چڕ دەکرێتەوە، ململانێ نابێتە تاکە هۆکاری کاریگەر لە دروستکردنی مێژوو، بەڵکوو دەبێتە بنەمایەکی هەمەکییانە و دێت کۆی ڕووداوەکانی ڕابردوو، ئێستا و تەنانەت داهاتووشی پێ دەخوێنرێتەوە. ئەمە بواری ئەوەی ڕەخساند تێگەیشتن لە مێژووی کوردی، لە شێوەی ڕەوتێکی پێویست دابێت، کە کۆمەڵێک یاسای بەرزەفتیان کردووە و مەبەستی پێشین لەپشت هەرچی بەسەریاندا هاتووە هەبووە.

درەنگتر، لاوازبوونی ئەم ڕەوتە هزرییە لەنێو دەستەبژێری کوردی و کەمبوونەوەی جێکەوتەکانی بەسەر هزری سیاسی، نەبۆتە هۆی پاشەکشەکردنی تێگەیشتنەکەی بۆ مێژوو و تێکشکانی ئەو چوارچێوەیەی مەعریفەکەی تێدا بەرهەم دەهێنرا، بەڵکوو هەمان تێگەیشتن، لە چوارچێوەی تری هزرییانەی جیاوازەوە خۆی ڕێکخستەوە، کە ئێمە لێرە بواری ئەوەمان نابێت بچینە سەر وردەکارییەکانی. تەنیا ئاماژە بەوە دەدەین، حەتمیەتی مێژوویی، لەزۆر شێوەی گوتارە کوردییەکان، لەنێویشیدا گوتاری ئیسلامی خۆی نواند. بەتایبەت ئەو بەشەی گوتارەکە، کە وێنایەکی مەبەستگەرانەی بۆ مێژوو هەیە؛ بونیادنانەی مۆدێلی دەوڵەتی ئیسلامی وەک دوائەنجامی ڕەوتی مێژوویی و ئایینی. لێرە وا گوتار داڕێژرا کوردەکە، ئەگەر مێژوویەکی درەوشاوەی هەبێت، ئەوا حەتمەن مێژووی ئیسلامییانەیەتی؛ بێبەهاکردنی مێژووی پێش ئیسلامییانە و هێرشکردنە سەر مێژووی دوای بەرکەوتن بە مۆدێرنەوە، بابەتی هەرە باوی نێو لێکدانەوەی ئیسلامین بۆ مێژووی ئەم ڕەگەزە مرۆییە. خۆ وەک نموونە دەشێ ئاماژە بە سەردەری ئەم ماوەی دوایی ئەوان لەگەڵ مۆدێلە

سوڵتانییە سەلاحەدینییەکە بکەین: جێگیرکردنی وەک ژێدەری مێژوویی گوتارسازی و ڕەمزی سیاسی هەبوونی دەسەلاتیانەی کورد و لەبار بۆ بەگەڕخستنی ئێستاییانەی ئەزموونەکەی کاری لەسەر کراوە. بەم وێنایە، مۆدێلەکەوەک ئەگەری مێژوویی یان هەڵبژاردەیەکی ئەوتۆی سیاسی تەماشا نەکراوە، کە دەشێ گفتوگۆی لەبارەوە بکرێت، بەڵکوو وەک ئاکامێکی حەتمییانەی هەبوونی دروستی کورد لەنێو مێژووە ئیسلامییەکە نوێندراوە. ئاواش شرۆڤەی جووڵەی ڕابردووی کورد بەپێی دووالیزمی "هەق" و "ناهەق" دەکرێت، کە سەرکەوتنی یەکێکیان دەبێتە بەشێکی مەنتقی مێژوو، گریمانەی ئەوەشی لێ دەکرێت حەتمیانە دووبارە ببێتەوە.

لێرەوە، بەدەر لە پاشخانی ڕەوتە ئایدۆلۆژییەکانی پانتاییە کوردییەکە، چەشنێک لە لێکچوون دەبینرێت لە مامەڵەکردن لەگەڵ ڕابردووی کوردی؛ بونیادێکی هاوبەش هەیە خۆی لە گۆڕینی مێژوو بۆ گێڕانەوەی داخراو دەبینێتەوە. هەر یەک لە هزرە ئایدۆلۆژییەکان، ئەگەر هاتووە بەپێی سیستەمی پێوانەی خۆیەوە ئاگایی بە مێژوو

نواندووە و سەرەدەری لەگەڵ ڕابردوودا کردووە، مەیلی بەلای هەڵاوێری کەتوارەکان و ڕێکخستنەوە و لێکدانەوەیان هەبووە. بەچەشنێک وابکات مێژوو لەگەڵ دەروازەی هزریی ئەوان و جۆری ئاگاییەکەیان بگونجێت. ئاواش ڕابرووی کوردی، لای هەریەک لەوان و لای ڕۆشنبیرانیان، دەبێتە حەکایەت؛ سەربووردەی ئەوتۆ کە خودان پلۆت و گرێی تۆکمەیە و مەبەستێکی دیاریکراو لەپشت هەڵبەستنی هەریەک لە حەکایەتەکان هەیە (ئاگاییی ئامۆژگارییانە)؛ لەنێویدا ڕۆڵە ئاکاری و سیاسییەکان، دووالیزمانە دابەشکراون: ئەو پاڵەوان و کەس و هزرانە نوێنەرایەتی چاکە و ڕەوایەتی و جوامێری و پاکێتیی کوردانە دەکەن، لەگەڵ ئەو نەیارانەی دژەئاکار و دژە کردەی سیاسیی ئەم بەهایانەن. لێرە سەنگی کەس و ڕووداو بە ئاڵۆزییەکانی و توانای بەرەنگاربوونەوەی بۆ پۆلێنکاری حەتمییانە نییە، بەڵکوو لە گونجان یان نەگونجانیەتی لەگەڵ گەڕانەوە قالبگرتووەکاندا. خۆ ئەگەر بێین مەترسی مەعریفییانەی پشت ئەم چەشنەی گێڕانەوە پوخت بکەینەوە، ئەوا لە سڕینەوەی مێژوویبوونی ڕابردوو خۆیەتی؛ واتا

سڕینەوەی ئەگەر و جێگرەوە و ململانێ و دژیەکییەکان، کە لەبەردەم بە کارای مێژووییدا هەبوونە.

## جێکەوتەی سیاسییانەی حەتمیەتی مێژوویی

مەترسی بەکارهێنانی ئایدۆلۆژیانەی مێژوو، هەر لە دروستکردنەوەی ڕابردوو، بەپێی گێڕانەوەی حەتمیانەوە نیە، بەڵکوو - ئەگەر ڕابردوو دەخزێنرێتە نێو سیاسەتی کولتووری و پەروەردەیی - دەگاتە ئاستێکی ئاڵۆزەوە. چونکە لەنێو ئەم دوو سیستەمەدا، بە ئاشکرا وەک سەرچاوەیەک بۆ بەهانە و پاساو دەردەکەوێت. ئەمەش هەرگیز کاری دەزگای پەرەوەردەیی و فێرکاری، لەگەڵ دامودەزگا ڕۆشنبیری و کولتوورییەکان نییە. ئەمانە، واچاوەڕوان دەکرێت، ئەرکێکی تاڕادەیەک سەربەخۆیان، لە دەورکردنەوە و بەیانکردنی مەعریفە و گواستنەوە و پێداچوونەوەی ڕەخنەییانە بە بنەما دۆگماکانی، هەبێت. بەڵام ئەو کاتانەی ئەم دەزگایانە دەکەونە نێو چوارچێوەیەکی کۆنکرێتییانەی بەرهەمهێنانی مەعریفەوە، کە ئاگایی باوی سیاسی دروستی کردووە، چیدی وەک

دەزگای گواستنەوەی مەعریفە نامێنن، بەڵکوو هەموو کاری خۆیان لە ڕەوایەتیدان و بەرهەمهێنانەوەی ڕەگەزەکانی ئەو سیستەمە کولتوورییە چڕ دەکەنەوە، کە لە نێو ئەم چوارچێوەیەدا هەیە و مامەڵەی پێ دەکرێت. لەدۆخێکی ئاواش مێژوو هەر بریتی نابێت لە بابەتێکی مەعریفی یان بوارێک بۆ تێگەیشتنی باشتری ئەزموونی دێرینی کورد، بەڵکوو بە سانایی دەبێتە بەهانە بۆ هەڵوێست و کار و کردەوە دەسەڵاتییەکان. بۆیە باوەڕبوون بە حەتمیەتی ڕووداوەکانیش تۆختر دەنوێنرێت و زیاتر جەخت لە هێڵە پێکهێنەرەکانی دەکرێتەوە؛ دوێنێی کورد تا ڕەوشی ئەمڕۆی، بەم ئاگاییە نەریتییە، بە فێرخوازان و بینەرانی کۆتەڵ و پەیکەرەکانی سەرشەقام، دەور دەکرێتەوە.

ئێمە پێشتر (٢٠٢٤) ڕوونمان کردووەتەوە، کە ئەم وەرچەرخاندنەی ئەرکی گێڕانەوە، هەر گۆڕان نەبووە لە ناوەڕۆکی گێڕانەوەی مێژوویی، بەڵکوو پێناسەکردنەوەی کارای مێژوویی بووە، لەگەڵ دیاریکردنی ئەوەی مافی نوێنەرایەتیکردنی ڕابردووی هەیە. وێنەیەکی هەرە دیاری وەرچەرخانەکە گۆڕینی نواندنی ڕابردوو بووە، لەوەی

مانایەکی فراوانی هەبێت کە "**ڕابردووی کورد**"یە، بۆ فۆڕمێکی زۆر بەرتەسک، کە – ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ – جێکردنەوەی ماناکانی نەتەوە و ڕابردووەکەیەتی لەنێو "**ڕابردووی حزب**"دا. ئاواش ئاگایی بە مێژوو، ئەگەر خزێنرایە نێو گوتار، بە ئاقارێکی جیاوازدا ڕۆیشت؛ ئامادەیی ئەو ڕەمزانەی ڕابردوو، کە دەکرا ئەرکی کۆکردنەوە و هەمەکیانەی ئەوتۆ ببینین سنووری دابەشبوونە سیاسییەکان تێپەڕێنێت، پاشەکشەی کرد. لەبەرامبەردا ئەم ئاگاییە نەریتییانەتر بۆوە؛ ڕەمزیەتی خودی حزبی، سەرکردە و یاد و بۆنە و شەهید و شوێنەکانی، لەنێو گێڕانەوەی فەرمی تۆختر کرانەوە. ئەمەش چەشنێک بوو لە نیشتەجێکردنی مێژووی گشتی لەنێو مێژووی پارچە و دابەشکردنەوەی خاوەندارێتییە ڕەمزییەکەی. بەچەشنێک ئێستا وای لێهاتووە پرسیارە مێژووییە گەورەکان، کە ئاگایی بەرهەمی دەهێنان، بوونەتە پرسیارگەلێک لەبارەی ئەوەی کێ خاوەنی ڕووداوە و کێ مافی ئەوەی هەیە بۆ خۆی قۆرخ بکات، بەتایبەت ئەو ڕووداوانەی لەنێو یادەوەریی پەیوەندگەرانەدا دەهێنرانە پێشەوە: کێ ڕێبەرێتی ڕاپەڕینی کردووە؟ کێ شەڕی

کۆڕێی کردووە؟ کێ دەسپێشخەری شەڕی ناوخۆ بووە؟ کێ زۆرترین شەهیدی داوە؟ خۆ دەشێ ئەم پرسیارانە لەخۆیاندا و لەو بەستێنە مێژووییەی تێیدان ڕەوایەتی خۆیان هەبێت، بەڵام دەبنە قەیران ئەگەر لە میکانیزمەکانی تێگەیشتن لە مێژووەوە بکرێنە بەشێکی میکانیزمی دابەشکردنی ڕەوایەتی و بەڕەمزکردن لەنێوان پارت و لایەنە سیاسییەکاندا. ئەو دەمەی تێکچڕژانی سیاسەت و مێژوو بەم پلەیە دەگات، گرفتەکە هەر لە چوارچێوەی ناوەڕۆکی گێڕانەوەی مێژووییدا نامێنێتەوە. بەڵکوو پرسی سەربەخۆیی مێژوو، وەک کایەیەکی مەعریفی، دێتەپێش.

بەپێی ئەوەی گوتمان دەردەکەوێت سێ ئاڕاستەی سەرەکی دەستنیشانی کرۆکی ئاگاییی مێژووی کوردەکەیان کردووە: بەرتەسکبوونەوەی بواری یادەوەری، قۆرخکردنی بەڕەمزکردن و نیشتەجێکردنی مێژووی گشتی لەنێو گێڕانەوەکانی گرۆیەکی دیاریکراوی سیاسیدا. ناتوانین بێژین ئەم ئاڕاستانە کۆی پرۆسەکە پێک دەهێنن، بەڵام ئەو میکانیزمە قووڵە ئاشکرا دەکەن، کە بریتی بووە لە بونیادنانی سنووری ڕەمزیانە بۆ دابڕینی یادەوەری

حزبی و بواری سۆسیۆ – مێژوویی فراونتر، ئەمەش دۆخی دابڕانە سیاسییە هەنووکەییەکانی تۆختر کردۆتەوە، دابڕان لەسەر بنەمای پاوانخوازیی دەسەڵاتییانەوە بۆ مۆڵکداریێتیی ڕابردوو خۆی.

## ئاگا بە مێژوو و بێئاگا لە بەستێن

قەیرانی بنچینەییی ئەم فۆڕمانەی ئاگایی بە مێژوو لە زەمینەی کوردی، بێئاگاییە لە سروشتی گێڕانەوەی زانستییانەی مێژوو. سروشتێک، کە پەیوەستە بە بەستێنی مێژووییەوە. ئەو بابەتەی نە گوتارە سیاسی و نە ڕۆشنبیرییەکە و نە لەنێو دەقی تێکستی قوتابخانەیی، لای بەلادا کراوەتەوە و نە لەو هەژموونە پۆپۆلیستییەی دەیانبێت توانیویانە بە دروستی بینوێنن.

وەک دەزانین یەک لە دۆزە هەرە دیارەکانی نێو زانستە مرۆڤایەتییەکان، بریتییە لە چۆنیەتیی بونیادنانەوەی **بەستێنی مێژوویی** وەک خۆی، کە لە کەتواردا هەبووە. هەروەها چۆنە لەنێو گوتار بونیاد دەنرێتەوە و

دەنوێنرێتەوە. بەستێن (Context) یەکێکە لە چەمکە بنچینەییەکانی لێکۆڵینەوە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان. ئەمە خۆی سیستەمێکە لە دۆخ، ژینگە و ئەو پەیوەندییانەی دەوری ڕووداوێک یان دەقێک یاخود ڕەفتارێکیان داوە و بەشدارن لە پێدانی مانای سیمانتیکانە. بنەمایەکی سادەیە؛ ناتوانین تێگەیشتنێکی زانستیمان هەبێت، بۆ هەر دەقێک، بیرۆکەیەک، ڕووداوێک یان دیاردەیەک، بەبێ تێگەیشتن لەو بارودۆخەی تێیدا بەوەڵەد بووە یان دەوری داوە. ئەوە بەستێنە مەرجەکانی تێگەیشتن و ڕاڤەکردنمان دەخاتە بەردەست، جا چ بەستێنێکی زمانی بێت و پەیوەندی بەو واژە و مانای سیمانتیکییەوە هەبێت، کە دەوری ژینگەی دەستەواژە یاخود دەقەکانیان داوە. یانیش کۆمەڵایەتییانە بێت و پەیوەندی بە هەڵوێست، سروشتی پەیوەندییەکان و کاریگەری و کارلێککردنەوە هەبێت. یاخود کولتووری و مێژوویی بێت، ئەو ئاسۆیانە دیاری بکات، کە لەنێویاندا هزرین، گەلاڵەبوونی بیروبۆچوون، پەیڕەو و مانا مرۆییەکان، شێوە وەردەگرن.

هەرچۆنێک بێت، ئەوەی ئێمە بینیمانە و چاودێریمان کردووە، لە سەرەدەری لەگەڵ مێژوودا، بۆشاییەک کەوتۆتە نێوان ئەم بەستێنە وەک بنگەیەکی ئاڵۆزی مێژووییانە، لەگەڵ ئەو تێگەیشتنەی بۆ بەستێنەکە لەنێو گوتارە سیاسی، ڕۆشنبیری و میدیاییەکەدا پێشکەش بە بەردەنگان دەکرێت. لەکاتێکدا وا چاوەڕوان دەکرێت لە کایەی ئەکادیمی هەوڵ بۆ بونیدنانەوەی بەستێن، لەمیانەی ڕەخنەی مێژوویی و فرەژێدەری و گرێدانەوەی ڕووداو بە بونیادە سۆسیۆ – سیاسی و سۆسیۆ – کولتوورییەکانەوە بێت، گوتارە پۆپۆلیستییەکە مەیلی بەلای ئەوەیە ئەم هەموو ئاڵۆزییە لە گێڕانەوەی سادە و دووانەییانە کورت بکاتەوە. ئەم گرفتە ئەوکاتە تۆختر دەبێتەوە، ئەگەر دەبینین بەستێن خۆی دەبێتە بابەتێک بۆ ململانێ؛ مشتومڕەکان هەر تەنیا لەبارەی چۆنیەتیی لێکدانەوەی ڕووداو و شرۆڤەکردنی نابن، بەڵکوو بە ئاڕاستەی ئەو ڕەگەزانەش پەل دەکێشن، کە دەبێ لەنێو بەستێندا هەبن یاخود وەلابنرێن. گوتاری سیاسی زۆربەی جار، لە ڕێگەی هەلاوێرکردن و هەڵبژاردنی ڕووداوەوە، بەستێنەکان دادەڕێژێتەوە و کەتوار بەچەشنێک دەنوێنێت، کە خزمەتی ئامانجە

ئایدۆلۆژی و بەرژەوەندییە هەنووکەییەکانی بکات. هەربۆیە دێت هەندێک پاڵنەر و هۆکاری پشت ڕووداوەکان گەورە دەکات و هەندێکیشیان بچووک دەکاتەوە. ئاواش مێژوو دەکاتە زنجیرەیەک شوێنەوار و مۆنیۆمێنت، کە پشتگیری گێڕانەوەیەکی پێشین دەکەن.

لەم چوارچێوەیەدا پۆپۆلیزم، کە هەر بە کایەی سیاسی نەوەستاوە، بەڵکوو لە نێو گوتاری ڕۆشنبیریشدا دیارە و لە وتاری پێشتر هەندێک قسەمان لەبارەوە کرد، ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوە لە نواندنەوەی بەستێنی مێژوویی دەگێڕێت. چونکە لە سروشتی خۆیدا هەرچی هەیە ساکاری دەکاتەوە. بۆیە دێت هەمان شت لەگەڵ پەیوەندییە مێژووییە ئاڵۆزەکان ئەنجام دەدات؛ لەنێو گێڕانەوەی ئاکارییانەیان چڕ دەکاتەوە، کە لەسەر بنەمای **"گەلی کورد"** لەبەرامبەر بە **"ئەوی تری غەیرە"**، یان **"قوربانییەکانمان"** لە بەرامبەر بە **"دوژمن و نەیارانمان"**، **"سەردەمی زێڕینی مێژووی کورد"** لەبەرامبەر بە **"قۆناغی داڕمان"**، دامەزراوە. ئاکامی ئەمە بەستێنیش هەڵاوێریانە بونیاد دەنرێت؛ لە جیاوازی و دژیەکی و ئەگەرەکان بەتاڵ دەکرێتەوە. لەبری

ئەمانە گوتارێکی یەقینیانە برەوی پێدەدرێت، کە وا لە جەماوەر (زۆرینەی کورد) دەکات هەست بکەن پێگەیان لەنێو مێژوو ڕوونە و گومان لە کاراییان نییە و ناسنامەیان سازە. هەموو ئەمانەش بە تێگەیشتنەی گوتارە سیاسییەکە فەراهەمی کردووە، نەک ئاگاییی ڕەخنەیی و لێکدانەوەی شیکارییانە بۆ مێژوو. ئەم هەژموونەی **"پۆپۆلیزمی گێڕانەوەیی"**؛ بەگەڕخستنی ڕابردوو لەپێناو بەردەستخستنی گێڕانەوەیەکی مێژوویی ساکار، ئینجا پێشکەشکردنی ئەم گێڕانەوەیە وەک دەنگی ڕاستەقینەی کوردان و حەقیقەتی مێژووییان. گوتارەکەی بە گەڕانەوە بۆ ڕووداوی وەهمی و ڕەمزی مێژووییەوە کۆیادێک بەیان دەکرێت، کە لەگەڵ تێگەیشتنی مێژووکردانەی ئەم دەستەبژێرە بۆ ناسنامە ڕێک دێتەوە. ڕەوایەتیی ئەم چەشنەی گێڕانەوە لە ڕەخنەی مێتۆدییانەی ژێدەر نییە، بەڵکوو لەوە قەبوڵکردنی میللییانەیەتی. لەم پرۆسەیەدا هاتوون بەستێنی مێژووی کوردیان، لە ئامرازی ڕاڤەککردنی هەبوونی مێژووییانەیانەوە گۆڕیوە بۆ ئامرازی ڕەوایەتیدانەکە. ڕابردووشیان کردۆتە سەرچاوەیەکی ڕەمزی بۆ خۆسەلمێنی و خۆگەورەنواندن.

بەمەش ئالەنگارییە هەرە دروستەکە وەدەرنانی مێژوو نابێت لە کایەی گشتی، بەڵکوو بریتی دەبێت لە فەراهەمکردنی ڕۆشنبیرییەکی ئەوتۆی مێتۆدی – ڕەخنەیی، کە جیاکاری لەنێوان توژینەوەی زانستی و بەکارهێنانی ئایدۆلۆژیانە بکات، پارێزگاریش بکات لەوەی ڕەخنە لە کوێی گێڕانەوەکان بگیرێت، بێ ئەوەی هیچ کامێکیان قۆرخی شرۆڤەی ڕابردوو بکەن یاخود بانگەشەی ئەوە بکەن هەرخۆیان خودانی حەقیقەتی ڕەهان، وەک لە گێڕانەوە ئایدۆلۆژییە کوردییەکاندا بە ڕوونی ئەمەمان پێ دەگوترێت. لێرەوە دەشێ ڕۆڵی هەرە گرنگی کارەکتەرێکی دی دەست پێ بکات، ئەویش مێژوونووس و توێژەرانی ئەکادیمین، کە چاوەڕێی ئەوەیان لێ دەکرێت، بەو ئاگاییە مێژووییە ڕەخنەیییەی هەیانە، بەستێن لە هەژموونی پۆپۆلیزم ڕزگار بکەن. چونکە هەر ئەوانن کە دەکارێن پێمان بڵێن، کە بەستێنی مێژوویی چوارچێوەیەکی کۆنکرێتی نییە بتوانین ئاشکرای بکەین، بەڵکوو بونیادێکی مەعریفییە و بە پێوەری زانستی دیاریکراوەوە دروست دەکرێت. هەر ئەمەشە دەبێ نووسینەوەی مێژووی ئەکادیمییانە، لە

گوتارە سیاسی و ڕۆشنبیرییەکە، جودا بکاتەوە. جا دەبێ وایان کردبێ؟

## ٤

## مێژووی ئاکادیمی؛ هەبووە نائامادەکە

ئەگەر هایدن وایت27(٢٠١٧) جەختی لەوە کردبووەوە مێژوو بەهۆی بونیادە گێڕانەوەییەکان بەرهەم دەهێنرێت و شێوەی خۆی وەردەگرێت، یۆرن رۆزنیش گوتبووی ئەوە ئەم گێڕانەوانەن سروشتی ئاگایی بە مێژوو، لەنێو جڤاک دیاری دەکەن، ئەوا لەم پێکهاتە تیۆرییەوە هەژموونی گێڕانەوەی ئایدۆلۆژی بەسەر هەردوو بواری ڕۆشنبیری و سیاسیی کوردی ڕوونتر دەرکەوت. نەک بە مانای جودابوون لە لێکدانەوەی ڕابردوو و مشتومڕ لەبارەی چۆنیەتیی شرۆڤەکردنی، بەڵکوو وەک میکانیزمێکی بونیادیانە لە بەرهەمهێنانی یەک تێگەیشتن و یەک چەشنی ئاگایی بە مێژوو، کە وەک بینیمان بنەماکەی باوەڕبوون

---

27 Hayden White

بوو بە حەتمیەتەوە. ئەمەش زۆرجار لەگەڵ خۆیدا ئاڵۆزییەکانی ئەزموونی مێژووی کورد و فرەجۆری چینەکانی شاردۆتەوە...ئاواش هەر ئەگەرێک بۆ خوێندنەوەی ڕەخنەییانەی ئەم مێژووە، پێداچوونەوە لە دیدگای فرەڕەهەندەوە، لەئارادا نامێنێت. ئەم تێگەیشتنانەی سەرەوە بۆ مێژوو و تەکەز لەسەر بەکارهێنانەوەی مەبەستگەرانەی، بەربەست بووە لە هەر گومانێکی مێتۆدییانەی خوێندنەوەی مێژووەکە، چونکە هەبوونی گومانی ئاوا وەک بەربەست و ڕێگر لە گەیشتنی ڕووداوەکانی ڕابردووی کوردی بە ئێستا بینراوە. لەکاتێکدا ئەمە دەشیا ڕێگە لەو سادەگۆییە بگرێت، کە دەبینین سروشتی ڕووداوی مێژوویی پێ دەنوێنرێت.

باشە ئەگەر وایە، ئەدی بۆ ئەو کارەکتەرەی خۆی وادەنوێنێت مێتۆدیانە سەرەدەری لەگەڵ مێژوودا دەکات ونە؟ مێژوونووسی ئەکادیمی لە کوێی ئەو مەعمەعەدایە، کە لە زەمینەی کوردی لەبارەی مێژوو و نواندنی ڕابردووەوە دەگوزەرێت؟ کوا ڕۆڵی ئەوان لە هزرین و داڕشتنی ئەرگومێنت لەبارەی ئەو پرسانەی ئاوا، لەنێو

گوتارە سیاسی و ڕۆشنبیرییەکەدا، دەگێڕدرێنەوە نێو ڕابردوو و لەوێوە وەڵامی حازربەدەستیان بۆ دروست دەکرێت؟ لە کوێدا توانیویانە بەستێنمان پێ بناسێنن و لە نووسیندا بەرجەستەی بکەن؟

بەر لەهەموو شت، دەبێ ئەوە بزانین ئەرکی مێژوونووسانی ئەکادیمی بەرهەمهێنانی گێڕانەوەی هاوتەریب و پاڕەڵێڵ لەبەرامبەر بە گێڕانەوە باوەکان نییە. هەروەها کاری ئەوان بەرەنگاربوونەوەی بەردەوامی گێڕانەوە بەئایدۆلۆژیکراوەکانیش نییە، یاخود بێت ئەو هەموو بەرجەستەکردنە ناجۆرانەی ڕابردوو مەحوو بکاتەوە، کە لەنێو گوتارە باوەکان ڕەواجیان پێ دراوە. بەڵکوو کاری ئەو بریتییە لە هەڵوەشاندنەوەی میکانیزمەکانی شێوەگیربوونی گێڕانەوەکان لەخۆیاندا، ئاڕاستەکردنی ڕەخنەی توندی مێتۆدییانە و ئاشکراکردنی پاشخانی مێژووی هزر و ڕووداوەکان، بەچەشنێک کە بتوانێت ئاگاییەکی کراوەتر بەڵام ئاڵۆزتر بونیاد بنێت. لەم دەستنیشانکردن و وەسفکردنەوەی ئەرکی مێژوونووس تێدەگەین، وەک توێژەرێکیش بۆی چووە ( Wiersma,

2009)، دژیەکییەکی ئیپستمۆلۆژیانە لەنێوان ئەو مەنتیقەدا هەیە، کە سیاسی کاری پێ دەکات، لەگەڵ ئەوەی مێژوونووس لە بەرهەمهێنانی مەعریفەی مێژووییدا پابەندیەتی. خۆ گوتمان گوتاری سیاسی و تاڕادەیەکی باش ڕۆشنبیریش، لە بەشە هەرە بنەڕەتییەکەی، لەسەر بنەمای هارمۆنیا و دروستکردنی یەکڕاییە لەبارەی ئەو گێڕانەوانەیەی دەشێ لە بواری گشتیدا ئاڵوگۆڕ بکرێت، ئەمە لەکاتێکدا توێژینەوەی مێژوویی بەدوای ئاشکراکردنی ئاڵۆزییەکانە، لەگەڵ ڕەخساندنی بواری گفتوگۆی زێدەتر و زێدەکردنی ئاگایی ڕەخنەییانە لەبارەی گێڕانەوە سەپێنراوەکان.

## بونیادنانەوەی بەستێن

ئەو تێگەیشتنەی سەرەوە بۆ بەستێنی مێژوویی، لە لێکۆڵینەوەی سەردەمییانەی مێژوو بەڕوونی دەبینرێت، بەتایبەت ئەگەر دەبینین چەمکەکە برەوی سەندووە و لە وەسفێکی وشکی بارودۆخەوە پەڕیوەتەوە بۆ ئامرازێکی

شیکردنەوە، کە چۆنیەتیی بەرهەمهێنانی هزر و گوتاریش شرۆڤە دەکات. قوتابخانەگەلی وەک ئەناڵ لەبواری لێکۆڵینەوەی مێژووی کۆمەڵایەتی - ئابووری و کامبریج لە بواری مێژووی هزری سیاسی، ڕوونیان کردۆتەوە کە ناتوانین وەک قەوارەی سەربەخۆ لە دەق و هزرەکان بگەین، بەڵکوو بەوەی کە وەڵامدانەوەی دۆز و مشتومڕی دیاریکراوی نێو بەستێنە مێژووییەکانی خۆیانن (فرو، ٢٠١٣). بەستێن لێرە نە گەڕانە بەدوای ڕاستیی مێژوویی (چیەتیی ڕووداو) و نە چوارچێوەی زەمەنییانەی ڕووداوەکە (کرۆنۆلۆژیا)، بەڵکوو لێتوێژینەوەی چۆنیەتییە؛ بارودۆخە، ڕەوشە، چوارچێوەی هزرینی سەردەمەکەیە، کۆنسێپتی بەرهەمهاتنی دەق و سەرچاوەیە، تێگەیشتنی کەسەکانە لە تێز و هزر و ڕووداوەکانی سەردەمەکەیان. لەدوای کاریگەریی ئەم دوو قوتابخانە، بەتایبەت ئەناڵ و ڕەوتەکانی دواتر کە گرنگییان بە مێژووی کۆمەڵایەتی و کولتووری و هزری داوە، لە لێکۆڵینەوەی مێژووییدا پتر جەخت لەسەر بەستێن دەکرێتەوە لەبری ڕاستییە دابڕاوەکان. ئەمانە ڕوونیان کردۆتەوە ڕاستییەکان، لەڕووی مێژووییەوە، تەنیا ئەو کاتانە مانایان دەبێت، ئەگەر

دەخرێنەوە نێو کۆنسێپت و زەمینەی خۆیانەوە. ڕێککەوتێکی دیاریکراو یان ڕووداوێک لەخۆیاندا تەنیا وەسفکردنی ئەوەن کە بووە، بەڵام ئەوە بەستێنسازییە دەیانگۆڕێت بۆ شیکردنەوە و ڕوونکردنەوەی مێژوویی، بەوەی ڕێککەوتەکە یان ڕووداوەکە بەو پێکهاتە، پرۆسە و کارێکتەرانە دەبەستێتەوە، کە کاریگەرییان لەسەر داڕشتن و گەڵاڵەبوونی هەبووە.

هەرچۆنێک بێت، بۆ ئەهلی مێژوو، بەتایبەت ئەوانەی هەوڵ دەدەن ئەکادیمییانە دیراسەی بکەن، کردەی بونیادنانەوەی بەستێنی مێژوویی، گرنگترین ئەرکێکی مێتۆدییانەیە. کارەکەی هەر لە کۆکردنەوەی داتا و ڕێکخستنی زەمەنییانەی ڕووداو چڕ نابێتەوە، بەڵکوو لەوەدا بتوانێت ئەو چوارچێوە مێژووییە بونیاد بنێتەوە، کە ڕووداوەکان تێیدا مانای خۆیان وەرگرتووە. ڕووداوی مێژوویی لەخۆیدا دەلالەت نابەخشێت، بەڵکوو مانا لەو تۆڕە ئاڵۆزە وەردەگرێت، کە لە پەیوەندییە سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، کولتووری و هزرییەکانی دەوروبەری (بە مانا مەسعوود محەمەدییەکەی) چنراوە. هەربۆیە بونیادنانی

بەستێن، پەڕینەوەیە لە وەسفی گێڕانەوەیییەوە بۆ شرۆڤەی شیکارییانە. ئەمەش واتا پابەندبوون بە ئاگاییيە ڕەخنەییيەکە، هەم سەرچاوەکان (هەر جۆرێک بن) ورد هەڵدەسەنگێنێت، هەمیش ڕەچاوی فرەئاستی زەمەنی مێژوویی دەکات. ئیدی ڕووداوێکی سیاسی، کە تا ئێستا جۆری هەرە دڵخوازی ڕووداوە لە نووسینەوەی مێژووی ئێمەدا، بەدەر لە بونیادە کۆمەڵایەتییەکان، وەرچەرخانە ئابوورییەکان یان ئەو چوارچێوە کولتوورییانەی ڕۆڵیان لە شێوەگیربوونی هەبووە، ڕاڤە ناکات. هەروەها نایەت دەقی مێژوویی لە ڕەوشی دروستبوون و ئەو جەماوەرەی بەردەنگی ڕاستەوخۆی بووە دابېڕێت، بەڵکوو بەدوای مەبەستەکانی دوای نووسین دەبێت. ئاواش بەستێن بونیادێکی ڕاڤەکارانە دەبێت، ڕووداو تێکەڵ بە ژینگەکەی خۆی دەکاتەوە، نەک بێت لە دەوروبەرەکەی دابېڕێت و سەربەخۆیانە چاوی لێبکات.

ئەم پرۆسەی بونیادنانی بەستێنە، بە مانای کۆکردنەوەی زانیاریی تایبەت بە ژینگە و دەوروبەری ڕووداو نایەت، بەڵکوو پرۆسەیەکی مەعریفییانەیە،

بەهۆیەوە مێژوونووس بەدوای ئەو ڕەگەزانەدا دەبێت، کە دەتوانن باشتر و ڕوونتر لە دیاردە مێژووییەکەی بگەیەنن. ئینجا دێت هەموو ڕەگەزەکان، بەپێی پرسیار و گرفتی توێژینەوەکەی، بەیەکەوە گرێ دەداتەوە. هەر ئەمەش وادەکات لەبەردەم بە شیانی جیاوازی لەنێوان دوو بەستێندا بین، کە دوو مێژوونووس بۆ هەمان ڕووداوی بونیاد دەنێنەوە. چونکە هەریەک لەوان پرسیاری تیۆرییانە تایبەت بەخۆی و مێتۆدی جیاوازی پەیڕەو کردووە، ئەوەی هاوبەش دەبێت لەنێوانیاندا پابەندبوونیانە بە ڕێساکانی ڕەخنەی مێژوویی و بەڵگەسازیی ژێدەرییانەوە.

ئاڕاستە نوێیەکانی مێژوونووسین جەخت لەوە دەکەنەوە، بونیادنانی بەستێن ئامرازی هەرە سەرەکییە بۆ بەرگرتن بە هەر چەشنە ئێستاگەراییەک (Presentism)، کە ڕاڤەی ڕابردووی مێژوویی بەپێی بەها و چەمکە سەردەمییەکان دەکات(Walsham, 2017). مێژوونووس هەوڵی ئەوە دەدات لە چوارچێوەی ئاسۆی مەعریفی و کولتوورییەوە لە کارای مێژوویی بگات، نەک بەپێی ئاسۆکانی خۆی وەک توێژەر. لێرەوە بونیادنانی بەستێن

کردەیەکی میتۆدییانەیە، هەوڵی دروستکردنەوەی ئەو جیهانە دەدات کە کارای مێژوویی تێدابووە، بە چەشنێک کە ڕێگە بەوە بدات کردەوە و هەڵبژاردە و بڕیار و تێگەیشتنیان بەپێی مەرجە مێژووییەکان، کە بەردەستیان بووە، شرۆڤە بکات. ئاواش بونیادنانی بەستێن هەر قۆناغی دەسپێک نییە لە توێژینەوەدا، بەڵکوو کرۆکی پرۆسە مێژووییەکەیە، چونکە ئەو میکانیزمە دەبێت، بەهۆیەوە ماددەی ژێدەرییانەی پەرشوبڵاو دەگۆڕێت بۆ لێکدانەوەیەکی تۆکمەی مێژوویی. لە چوارچێوەی تۆڕی باوی پەیوەندییەوەش، مانای ئەوتۆ بە کەتوارەکان دەدات، کە لە زەمینەی پێگەیشتنیاندا هەبووە و لەمیانەیاندا بە پرۆسەی کارلێککاریدا تێپەڕیون.

لە کۆی ئەم پرۆسەیەدا مێژوونووسی ئەکادیمی، وەک سیاسەتمەداران و ڕۆشنبیران و کەسانی وەهمساز، بەنگەشەی ئەوە ناکات خاوەنی حەقیقەتی ڕەهای مێژوویی بێت، بەڵکوو بەم پرۆسەیە جەخت لەوە دەکاتەوە **مێژوو مەعریفەیەکی گریمانەییە**؛ لەمیانەی لێتوێژینەوەی ڕەخنەییەوە بونیاد دەنرێت، نەک خەیاڵکاری و بڕیاری

پێشینە و دۆخی هەنووکەییانە. مێژووی ئەکادیمی چەند بنەمایەکی میتۆدییانەی هەیە، یەکەمیان داننانە بە فرەڕاڤەیی. ئەو فرەیییەش لە خوێندنەوەی مێژوو، هەرگیز مانای لاوازیی مەعریفەی مێژوویی ناگەیەنێت، بەڵکوو دەرەنجامێکی سروشتی ئاڵۆزییەکانی دیاردە مێژووییەکان و فرەجۆری ئاستی شیکردنەوەیانە. دووەمیان ڕەخنەی توند لە ژێدەر و سەرچاوە؛ واتا سەرچاوەناسی، بەپێی ڕەسەنێتی و متمانە و بەستێنی بەرهەمهێنان و مەبەستی نووسەرانیان. ئەمە پێشمەرجێکی هەرە سەرەکییە لە بەرهەمهێنانی مەعریفەی مێژوویی، هەر ئەمەش ئەو بەرهەمە لە هی کارەکتەری سادەگۆ و گەڕیدەی دوای دێڕێک لێرە و دەقێک لەوێ جودا دەکاتەوە. سێیەم خاڵ داننانە بە نایەقین و گومان لەوەی گوتراوە و نووسراوە، چونکە هەرگیز ڕابردوو وەک خۆی بەرجەستە نابێتەوە و سەرچاوە و ژێدەرەکان زۆربەی کات بەدەست کێماسی، دیدگای تاکڕەهەندانە، لاگیری و دژیەکییەوە دەناڵێنن. هەربۆیە دەشێ دەرەنجامی مێژوویی، لە ڕۆشنایی بەڵگەی نوێوە، پێداچوونەوەی بەردەوامی بۆ بکرێت. چوارەم و دواین خاڵ؛ جوداکردنەوەی کەتوارە مێژووییەکانە لە

شرۆڤەکاری و هەر کردەیەکی هێرمینۆتیکانە. دەبێ ئەوە بزانین  کەتوار خۆی لە خۆی نادوێت، بەڵکوو لەمیانەی شرۆڤە و ڕاڤەی مێژوونووسانەوە مانا وەردەگرێت. بۆیە ئەم شرۆڤە و ڕاڤانە بەردەوام لەژێر ڕەخنە و پرۆسەی پێداچوونەوە دادەبن، نەک وەک حەقیقەتی ڕەها بە بەردەنگانی مەعریفە مێژووییەکە بفرۆشرێن.

**لاوازی ئاگایی ڕەخنەیی لە گێڕانەوەی ئەکادیمییانەدا**

ئەوەی تا ئێرە گوتمان ئەو چوارچێوە ئایدیاڵەیە، کە چاوەڕێ دەکرێت تێیدا مێژوونووسان بەگشتی ڕۆڵ بگێڕێن لە بەیانکردنی ڕەهەندەکانی ڕابردوو و بەرهەمهێنانی تێگەیشتنێکی دروست بۆ مێژوو. بەڵام مخابن لە پانتایی ئێمە ئەم کارە هێشتە گرفتی زۆری لەبەردەمدایە و بەدەست قەیرانی بونیادیانەوە دەناڵێنێت، کە ئێمە پێشتر لە چەند شوێنێکی ئەم کتێبە هەوڵمان دا چەند ڕەهەندێکی ئەم گرفت و قەیرانانە دەستنیشان بکەین.

لاوازی گێڕانەوەی ئەکادیمییانەی مێژوو، یەکێکە لەو گرفتانەی ڕووبەڕووی بەرهەمهێنانی زانینی مێژوویی لە پانتاییی کورد بۆتەوە. دامەزراوە زانکۆیییەکانی ئێرە تا ئێستا توانای بەرهەمهێنانی گێڕانەوەی ڕەخنەییانەی ئەوتۆی مێژووییان نییە، بتوانێت بەرەنگاری گێڕانەوە سیاسی، میدیای و پۆپۆلیستییەکان ببێتەوە. حێستا لای ئێمە مێژوونووسی ئەکادیمی، بەرهەمهێنی سەرەکیی مەعریفەی مێژوویی نییە، بەپێچەوانەوە دەبینین زۆربەی کات ئەو گێڕانەوە مێژووییانەی لەدەرەوەی فەزای ئەکادیمی هەن، هەژموونیان بەسەر ئامادەیی ڕابردوودا کردووە. چونکە، وەک بینیمان، کارا غەیرە ئەکادیمییەکان بە مەنتقی حەماسەتهێنی و خستنەسەرپێی زۆرینە، بە وروووژاندنی پرسە هەستیارەکانی ناسنامە، ئاڕاستە دەکرێن. ئەمەش وایکردووە ئاگاییی ڕەخنەییانە و پابەندبوون بە مێتۆدی مێژوویی و ڕێساکانی گرنگییەکی لەم ئامادەییە نەبێت. لە ئاکامدا گێڕانەوەی ئەکادیمیی بەردەوام سەرکز دەردەکەوێت و جێ پەنجەی بەسەر فەزای گشتی نادیارە. ئاواش، بە بەراورد بە گەڕانەوەی ئەوانی تر کە توانای تەشەنەکردن و بڵاوبوونەوە و کاریگەریی سۆزدارانەیان

پترە، کەمترین جێکەوتەی بەسەر جۆری باوی ئاگاییی مێژووییەوە دەبێت.

هۆکار زۆرن بۆ ئەو نائامادەییە. بەشێکیان، وەک لە وتارەکانی پێشوودا بینیمان، بونیادییانەن و گرفتی ئەزەلین. لێرە تەنیا بوار بەخۆمان دەدەین ئاماژە بەوە بکەین، بەشێکی ئەم لاوازییە پەیوەستە بە سنوورداری بەرهەمی مێژوویی ڕەخنەییانە لەنێو دامەزراوە ئەکادیمییەکان خۆیاندا، چ جای ئەوەی بتوانن هەژموون بەسەر فەزا گشتییەکەدا بکەن. زۆربەی لێکۆڵینەوەکانمان تا نها بە دەوری خستنەڕووی کەتوارەکان، پوختەکردنەوەی ژێدەر و سەرچاوە نەریتییەکان، لەبەریەکدانانی زانیارییە کۆنەکان و گێڕانەوەی زنجیرەیی دەسووڕێنەوە. دەگمەن نەبێت پرسی شیکاریانەی نوێباو ناوروژێنن و لە مێتۆدە سەردەمییەکانی بواری مێژووی کۆمەڵایەتی، کولتووری، مێژووی هزر و یادەوەریی کۆمەڵایەتی بەدوورن. ئەمە جگە لە گرنگی نەدان بە سەرچاوەناسی، قەیرانەکانی نوێنەرایەتیکردنی مێژوویی، شیکردنەوەی بەراوردکارییانە... تادوایی.

هەموو ئەمانە وای کردووە نووسینە ئەکادیمییەکانمان، لە پێش هەموویان ئەوانەی بەندە، ئەوەندەی وەسفی ڕابردوو دەکەن، ئەوەندە نەکاراون زانینێکی مێژوویی شرۆڤەییانە بهێننە بەرهەم، کە بتوانێت ڕابردوو بەو ئاڵۆزی و دەوڵەمەندییەی هەبووە، بونیاد بنێتەوە. ئەمە سەرباری بەردەوامبوونی هەژموونی نووسینی نیشتمانی و نەتەوەیی بەسەر بەشی هەرە زۆری لێکۆڵینەوەی مێژووییمان، بە چەشنێک کە بۆ زۆر لە کارەکتەرانی بواری ئەکادیمیش ئاگایی لەوەدا چڕ بۆتەوە چۆن نووسینەوەی مێژوو جەخت لەسەر کۆناسنامە بکاتەوە و ڕەوایەتی بە گێڕانەوە سیاسی و ڕۆشنبیرییە باوەکان بدات، نەک بێت بیانخاتە ژێر پشکنینێکی ڕەخنەییانەی تۆکمەوە.

گرفتی بونیادنانی بەستێنی مێژوویی، یەکێکە لە گرفتە هەرە ئاڵۆزەکانی مێژوونووسیی ئەکادیمیی کوردی، نەک لەبەر سنوورداربوونی مەتریاڵی مێژوویی، بەڵکوو بەهۆی سروشتی ئەو پەیوەندییە ناهاوسەنگەی لەنێوان دەقی مێژوویی، بەرهەمهێنەرانی و ئەو کارایانەی دەق

ڕێگەی داوە لەنێو گێڕانەوەی مێژووییدا دەربکەون. توێژەری کورد، ئەگەر دێت مێژووی پانتاییە ڕەگەزییەکەی خۆی بنووسێتەوە، زۆربەی جار بۆی دەردەکەوێت خەڵکەکەی ئەوەندە دەقی مێژووییانەیان بەجێ نەهێشتووە، هاوکاری بێت و بتوانێت لەڕێگەیانەوە بەستێنێکی تۆکمە بونیاد بنێتەوە، توێژەری ئێمە سەرەدەری لەگەڵ مێژووییەکدا دەکات، بەشە هەرە زۆرەکەی لە دەرەوەی پانتاییە کوردییەکە بەرهەم هێنراوە. یان با بێژین گێڕانەوەکان لە چوارچێوەی سیاسی و کولتووری ئەوتۆ بەرجەستەبوونە، کە بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیان هەبووە لە پێناسەکردنی ڕووداوەکان و دیاریکردنی گرنگی و دەستنیشانکردنی کاراکانی نێویان. لێرەوە گێڕانەوەی مێژوویی هەر بە کۆکردنەوەی دەقەکانی ئەوانی تر و ڕێکخستنەوەی ڕووداوەکان نابێت، بەڵکوو کردەیەکی ڕەخنەیی دەبێت، کە پێویستی بە پرسیاری زیاترە لەمەڕ مەرجەکانی بەرهەمهاتنی دەقەکان خۆیان، لەگەڵ دیاریکردنی ئەو دەسەڵاتەی مافی نووسینی هەبووە، ئەمە سەرباری لێکۆڵینەوەی سیمانتیکانەی ئەو دەربڕینانەش کە

پێی داڕێژراوە، لەگەڵ ئەو ڕێبازەش بەهۆیەوە کارایی کوردی لەنێو ئەم دەقانەدا نوێنراوە.

یەکێک لە گرفتەکانی بەردەم توێژەرانی کورد، کە کەمتر توانیویانە بەسەریدا زاڵ ببن، ئەم پرسی بەرهەمهاتنی دەقە لەدەرەوەی پانتاییە سۆسیۆ – سیاسییە کوردییەکەدا. دەقە عەرەبی، سریانی، ئەرمەنی، فارسی و عوسمانییەکان، نوێنەرایەتی دەنگی کوردی لەنێو مێژوودا ناکات. بەڵکوو وەک لە وتاری یەکەمی ئەم کتێبەش ئاماژەیەکمان بۆ کرد، ڕەنگدانەوەی پێگەی ئەوانی ترە لە ڕوانینیان بۆ ڕەگەزە مرۆییەکە؛ دەسەڵاتی سیاسی، دەزگای ئایینی، مێژوونووسی فەرمی، جوگرافیناس، گەڕیدە و تەنانەت مێژوونووسی خۆجێیی، کە لە چوارچێوەی سیستەمێکی هەمەکیانەتری مەعریفیدا نووسیویەتی، بێلایەنانە ڕووداوەکانیان نەگواستۆتەوە، بەڵکوو ئەوەیان هەڵبژاردووە کە بە گونجاویان زانیوە تۆمار بکرێت. ناوی ئەو گرووپانەیان هێناوە، کە خۆیان سەروکاریان لەگەڵدا هەبوونە. ڕووداوەکانیشیان بەپێی ئەو چەمکانە ڕیزکردوون، کە لە بەستێنە هەمەکییەکەدا مانایان پێدراوە. لێرەوە ناشێ

نادیاری کورد لەنێو هەندێک دەقی گرنگی سەردەمە جیاجیاکان، بە نائامادەیی مێژووییان لێک بدرێتەوە. وەک چۆن دیاربوونی دەقیانەیان مانای ئەوە نییە ئەو وێنەیەی بۆیان کێشراوە، ڕەنگدانەوەی کەتواری کۆمەڵایەتی و سیاسییان بووە.

لێرەوە دەبێ جیاکاری لەنێوان نائامادەیی کارا لەنێو دەق و نادیاری لەنێو مێژوودا بکەین. چونکە دەشێ کارای کورد لەنێو ڕووداودا هەبووبێت، بەڵام لەنێو دەقی تۆمارکراودا نادیار بێت و خرابێتە کەنارەوە. ڕەنگە بە ناو و نازناوی دی دەرکەوتبێت، یان لە نێو ئینتیما خەڵکییەکەی یان جوگرافییەکەی یاخود ئایینییەکەیدا کورت کرابێتەوە یانیش وەک پاشکۆیەک بۆ هێزێکی سیاسی گەورەتر گێڕدرابێتەوە. هەربۆیە ئەرکی توێژەری کورد – بە مانا ڕۆمانسییەکەی - هەر بە گێڕانەوەی دەنگ بۆ کوردەکە ناوەستێت، بەڵکوو کارەکە وادەخوازێت دەق هەڵبوەشێنرێتەوە، تا لەو پەیوەندی هێزە بگەین، کە ئەم چەشنەی نواندنی کوردی دروست کردووە، ئینجا کاراییی

مێژووییان، بەپێی بەڵگەنامە و ئاماژەکانی بەردەست، بونیاد بنێینەوە.

بەو مانایەش بێت، قەیرانی دەق لە مێژوونووسیی کوردیدا هەر تەنیا پرسی کەمی سەرچاوە و ژێدەر و بەڵگەنامە و نەبوونی ئەرشیڤی نێوخۆیی نییە، بەڵکوو گرفتێکی پەیوەستە بە بونیادی دەقەکانی بەردەست؛ کە نووسیویەتی، بۆ نووسراون؟ بۆ کێ نووسراون؟ ئەوە کێش بووە بە شایستەی زانیوە هەڵبگیرێت و بپارێزرێت؟ کێشە ڕووداوی کوردی بە شایستەی ئەوە نەزانییە تۆمار بکرێت؟ ئەمە بەو مانایە نایەت ئەو دەقانە بێ کەڵکن و بەهای مێژووییان نییە، بەڵکوو بە مانای ئەوە دێت، لە بەکارهێنانیاندا، پێویستمان بە ئاگاییەکی ڕەخنەیی زێدەتر لەبارەی سروستی بەرهەمهێنان و ئەرک و بەستێنیاندا هەیە. ئەمەش کاری مێژوونووسانی نێوخۆی قورستر کردووە و بەو چوارچێوە مێتۆدی و لاوازییەی تیۆرییەی لەنێو دەزگاکانماندا دەیبینین، ئەستەم دەبێت بەرهەمەکان لە چاوەڕانی بەردەنگی زانستیدا بن.

ئەمانە گرفتی بونیادیانەن لە دارشتنی گێڕانەوەی مێژووی کوردیدا. بۆیە ئەگەر مێژوونووسی کورد دەیەوێت ئەم پەراوێزخستنە، بە گێڕانەوەی کارایی کوردی، چارەسەر بکات ڕەنگە بەڕێگایەکدا بڕوات بە ئاکامی پێچەوانەی بگەیەنێت؛ لەبری ئەوەی کوردەکان، وەک کارای مێژوویی، لەنێو گێڕانەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و هزریی گشتی کە تێیدا ژیاون جێگیر بکات، دێت لەنێو گێڕانەوەیەکی کوردانەی سەربەخۆدا زێتر کەنارگیریان دەکات. ئەمەش پارادیمێکی مێتۆدییانەیە؛ ئەو مێژوونووسەی ویستوویەتی پرۆسەی پوختەکردنەوەی ئەزموونی کوردی و پەراوێزخستنیان لەنێو نووسینی مێژووییدا ڕاست و دروست بکاتەوە، خۆی لەبەر پشتبەستنی بە ئاگایی مێژوویی نەریتییانە، کوردی خستۆتە سەنتەری هەر ڕووداوێک پەیوەندییەکیان پێوە هەبووبێت. تەنانەت ئەو دەمانەش بەستێنی مێژوویی ڕێگەی بەو سەنتەرێتییە نەداوە ئەو هەر وای کردووە. ئاواش کردەی گێڕانەوەی کارایی، لە ڕەخنە لە بێدەنگکردن و پەراوێزخستنەوە بۆتە بەرهەمهێنانەوەی سەنتەرێتییەکی بەرابەریانە. بەڵام خۆ کارایی مێژوویی بە مانای ئەوە نییە

کارا خۆی هەردەم لە سەنتەری ڕووداودا بێت، بەڵکوو – لەمیانەی تۆڕێکی فرەکاراوە – دێت توانای خۆی لە دروستکردنی کاریگەری بەسەر ڕووداو دەنوێنێت. بۆیە ناکرێ تەنیا پرسیار لەوەدا چڕ ببێتەوە ئاخۆ کوردەکە لە کوێی ئەم یان ئەو ڕووداوەدا بووە. بەڵکوو واباشترە بپرسین: ئەم کوردە چۆن لەم ڕووداوە بەشدار بووە؟ سنووری کاریگەرییان کامانەیە؟ کاراکانی تر کێ بوونە؟ ئەدی سروشتی پەیوەندیی نێوانیان چۆن چۆنی بووە؟

دانانی کورد لە سەنتەری هەر ڕووداوێکی مێژوویی، خزمەت بە زانینی مێژووی کوردی ناکات، بەڵکوو دەشێ ببێتە هۆکارێک بۆ شێواندنی بونیادی ڕووداوەکە، شێوانێک کە بەقەد وەلانانیان لە نێو ڕووداو جێکەوتەی نەرێنی هەیە. چونکە لە هەردوو باردا بەستێنی مێژوویی، وەک پانتاییەکی ئاوێتە نامێنێتەوە، کە لەنێویدا هێزە جیاجیاکان کار لەیەک دەکەن، بەڵکوو دەبێتە چوارچێوەیەک، بۆ خزمەتکردنی ناسنامەیەکی پێشین، دادەڕێژرێتەوە. ئاواش توێژەر لە ڕەخنەگرتن لە "**سەنتەرێتی مێژوویی ئەوی تر**"ەوە، بەرەو بەرهەمهێنانی

سەنتەریێتییەکی نەتەوەییانە دەچێت. ئەمەش نەک هەر بەرهەمهێنانی ئاگایی ڕەخنەییانە نابێت بە مێژووی کورد، بەڵکوو شێوانی مێژووەکەشە لە خۆیدا.

ئەم گرفتە دەمانباتە سەر قەیرانێکی تری ئاگایی مێژوونووسی ئەکادیمی، ئەویش بونیادنانی مێژووە کوردییەکەیە، لە ڕێگەی بڕینەوەی بەستێنی گشتیی مێژووییەوە. دیارە مەبەستمان دەرهێنانی ڕووداوی کوردییە لە بەستێنە سیاسی، هەرێمایەتی و ئمپراتۆریانە و کۆمەڵایەتییانەی بەرفرەتر لە مێژووی خۆجێی، ئینجا داڕشتنەوەی وەک ئەڵقەی دابڕاوی مێژوویەکی کوردیی زنجیرەبەندەوە. ئەم شێوازە **بەستێنێکی دابڕاوی کوردی** دروست دەکات، کە لە ڕووکەشدا تۆکمە دیارە، بەڵام لەڕاستیدا بەرهەمی ڕێکخستنەوەیەکی هەڵاوێریانەی ڕووداوگەلێکە، کە لە بەستێنی بەرفرەتر و ڕێکخراوترەوە ڕوویانداوە. دەرکەوتنی میرنشینێکی کوردی وەک بابان، ڕۆڵی کەسایەتییەکی سیاسی وەک تۆفیق وەهبی لەنێو دەزگایەکی سیاسی، زانایەکی وەک ئیبراهیمی گۆرانی وەک پێکبەستێکی نێوان کایە عیرفانی و ئەقڵانییەکان و

شرۆڤەکاری پرسەفەلسەفی یان عیرفانیانەکانی سەردەمەکەی، دەرکەوتنی کورد لە شەڕی چالّدێران یان ململانێیە نێوەدەوڵەتییە سەردەمییەکاندا، بە مانای ئەوە نایەت ئەم دیاردانە بەشێکی پڕۆژەی سەربەخۆی مێژووی کورد بێت، بەو تێگەیشتنەی مێژوونووسەکەی ئێستا پێی دەبەخشێت.

ڕەهەندێکی تری لاوازیی گێڕانەوەی ئەکادیمی لەلای ئێمە، پەیوەستە بە سۆسیۆلۆژیای مێژووناسییەوە؛ ونبوونی گفتوگۆی مێتۆدییانە لەنێو دامەزراوە زانکۆییەکانمان، لەمەڕ فەلسەفەی مێژوو، تیۆرییەکانی پەیوەست بە سروشتی زانینی مێژوویی. زۆربەی پرۆگرامە ئەکادیمییەکانی ئێمە ئەوەندەی جەخت لەسەر ناوەڕۆکی مێژووییی بابەتەکان دەکاتەوە، ئەوەندە گرنگی بە چیەتی و سروشتی زانینە مێژووییەکە نادەن. بەشێکی لاوازیی گێڕانەوەی ئەکادیمی پەیوەستە بە نەبوونی گفتوگۆی مێتۆدییانەیە لەنێو زانکۆکانمان، لەبارەی فەلسەفەی مێژوو، تیۆرییەکانی ئیپستمۆلۆژیای مێژوویی و لێکۆڵینەوەی فرەدیسپلینانە. لە پڕۆگرامی بەشەکانی مێژوو، کە کەمترین

جیاوازی لەنێوان زانکۆیەک و ئەوەی تر دەبینرێت، ئەوەی گرنگی پێ دراوە ناوەڕۆکە پتر لە گرنگیدان بە سروشتی زانینی مێژوویی خۆی و چۆنیەتیی بونیادنانی گێڕانەوە و مەرزەکانی بابەتیبوون و پەیوەندیی نێوان ڕووداوەکان و پرۆسەی ڕاڤە و لێکدانەوە، هەروەها ڕۆڵی زمان و گوتار لە شێوەگیربوونی مێژووی نووسراو بەتەواوی فەرامۆش کراوە. ئەم کێماسییە بۆتە هۆی ئەوەی دەرچووانمان زۆرترین زانیاریی مێژوویان هەبێت، بەڵام کەمترین ئامرازی تیۆرییان بەردەست بێت، کە بتوانن بەهۆیەوە ڕەخنە لە گێڕانەوە باوەکان بگرن یان تێگەیشتنی جیاواز بۆ سەربووردە مێژووییەکان بخەنەڕوو.

هۆکارێکی دیش، کە لە وتارەکانی پێشتریش جار جارە ئاماژەمان پێداوە، لاوازیی پەیوەندییە لەنێوان زانکۆ و بواری گشتی ڕۆشنبیرییەوە. زۆربەی جار بەرهەمی دەزگا ئەکادیمییەکانمان، بە خراپ و باشەکەی، لە دووتوێی تێز و نامە و توێژینەوەی نێو گۆڤارە پسپۆڕییەکاندا ماونەتەوە، کە بڵاوبوونەوە و خوێندنەوەیان زۆر سنووردار و پسپۆڕییانەیە. بە هەمان شێوە دەبینین

مێژوونوسانی ئەکادیمی بەپێی پێویست لە گفتوگۆ گشتییەکاندا بەشدار نین یان لە بەرهەمهێنانی نێوەڕۆکی مەعریفی ئەوتۆدا ڕۆڵیان نییە، کە ئاڕاستەی بەردەنگی گشتی و گەلی خوێنەران کرابێت. ئەم دابڕانە بۆشاییی نێوان مەعریفەی مێژوویی ئەکادیمی و ئاگاییی جڤاک بە مێژووی زێدەتر کردووە، بە چەشنێک بواری بەوە داوە ئەو ڕووتەختە گشتییەی قەبوڵی گێڕانەوەی سادە، ئەوانەی دەزگای میدیایی، کارای سیاسی و وەهمسازی میتیگەرا بەرهەمیان دەهێنن، بەرفراوانتر بێت.

## بەرەو بونیادنانەوەی بەستێن

ئاگایی بە بەستێنی مێژوویی، هەر ئاگایی نییە بە زنجیرەیەک ڕووداو، کە دەشێ تۆ بێیت دایانببڕیت و بەپێی ئینتیمای کارای نەتەوەیییەوە بەیەکیان گرێ بدەیتەوە. بەڵکوو ئاگاییەکە، ئەگەر دەتەوێ ڕەخنەییانە بێت، دەبێت لەوە دەست پێ بکات، کە بەستێنی کوردی وەک تۆڕێک لە پەیوەندیی سانکرۆنیانەی نێوان بکەرە مێژووییەکان و

دەزگا و بەرژەوەندی و بیروبۆچوون و پانتاییی جیاوازی جوگرافییەوە ببینێت. بۆیە دەشێ دابڕینی ڕووداوی کوردی لە بەستێنە گشتییەکەی و جێکردنەوەی لەنێو بەستێنی ڕەگەزییانەی خەیاڵکراوەوە، مێژوو لە بوارێک بۆ شیکردنەوە و ڕاڤە بگوازێتەوە بۆ بوارێکی سەلماندنی بەردەوامێتیی نێوزەمەنییانە. خۆ ئەم دابڕینە هەر لە ئاستی ڕووداوەوە نابێت، بەڵکوو دەشێ لە ئاستی زەمەنیشدا بێت؛ سەردەمانێک، قۆناغێکی مێژووی کورد هەڵدەبژێردرێت و لەنێو گێڕانەوەدا زەق دەکرێتەوە، کەچی سەردەم و قۆناغێکی تری مێژووی هەمان ڕەگەزە مرۆییەکە پشتگوێ دەخرێت. ئینجا ڕووداوە هەڵبژێردراوەکان بەیەکەوە دەبەسترێنەوە تا گێڕانەوەیەک بەرهەم بهێنرێت وەک ئەوەی ڕەوتێکی بەردەوامی نێو مێژوو بنوێنێت (بۆ نموونە: دەسەڵاتدارێتیی کوردی لە ئەشکەوتی شانەدەرەوە بۆ پەرلەمانی کوردستان!). ئاواش بەردەوامێتیی دەرەنجامێکی کردەی گێڕانەوە دەبێت، نەک خەسڵەتێکی بابەتیانەی ڕابردوو خۆی.

چارەکردنی ئەم قەیرانە میتۆدییانە، پێویستی بە تێپەڕاندی دووالیزمی **ئەو مێژووەی ئەوی تر نووسیویەتییەوە** لەگەڵ ئەو **مێژووەی ئێمە دەینووسینەوە** هەیە؛ چونکە گۆڕینی نووسەر و مێژوونووس بەتەنیا بەس نییە بۆ گۆڕینی میتۆد. خۆ گرفتە سەرەکییەکە تەنیا لەوەدا نییە، ناسنامەی ئەوەی مێژوو دەنووسێتەوە چییە، بەڵکوو لە ڕێبازی بونیادنانی بەستێندایە. لەو چەمکانەدایە مێژوونووس بەهۆیانەوە کارا، پەیوەندی، سنووری زەمەنی و جوگرافیی ڕووداوەکانی پەیوەست بەم ڕەگەزە مرۆیییە دیاری دەکات. لێرەوە دەشێ بونیادنانەوەی بەستێنی مێژوویی کورد، بە سێ ئاستی بەیەکەوە گرێدراوەوە بێت: **ڕەخنە لە دەق، دەستنیشانکردنەوەی کارایی، دروستکردنەوەی بەستێن**. لە ئاستی یەکەمدا دەبێ وا سەرەدەری لەگەڵ ژێدەردا بکرێت، کە بەرهەمی مێژوویین، مەرج و بەستێنی تایبەت بە خۆیان هەیە، نەک ئاوێنەیەکی ڕوونی ڕابردووی کوردی بن، بەتایبەت ئەگەر دەبینین زۆرینەی لە دیدێکی ناکوردانەوە هاتوونەتە بەرهەم. لە ئاستی دووەمدا؛ گەڕاندنەوەی کاراییی کوردییە، بێ ئەوەی بیکەینە تاکە سەنتەری ڕووداو. لە ئاستی سێیەمیشدا

گێڕانەوەی کارا کوردەکان، بۆ نێو ئەو بەستێنە مێژووییەی تێیدا جووڵەیان کردووە، بەستێنێک زلهێز، دەوڵەت، شار، تۆڕی بازرگانی و ئایینی و زانستی و سەربازی و کۆمەڵایەتیی خۆی هەبووە.

ئێمە لەو باوەڕەداین مێژووی کورد پێویستی بەوە نییە لەدەرەوەی مێژووی هەمەکییەوە بونیادبنرێت، بەڵکوو پێویستی بەوەیە وەک بەشێکی کارای نێو ئەم هەمەکییە ببینرێت. گرفتە مێتۆدییەکە لەوەدانییە کورد لە چەقی مێژوودا نەبوونە، یان هەردەم لەپەراوێزدا بوونە، بەڵکوو لەوەدایە گێڕانەوەی مێژوویی زۆربەی جار، وەک پێگەی جێگیر سەرەدەری لەگەڵ سەنتەرێتی و کەنارگیریدا کردووە. شیکردنەوەی مێژوویی، لەم ناوەندەدا، گریمانەی ئەوە دەکات سەنتەر و پەراوێز هەردووکیان بەرهەمی پەیوەندیی گۆڕاوی مێژوویین، کاراکانیش دەشێ لە بەستێنێکدا لە چەقی ڕووداودا بن و لە یەکێکی تردا لە کەنار بن.

ئاواش تێدەگەین، کە ئامانج لە نووسینەوەی مێژووی کورد سەلماندنی هەبوونی مێژووییانەیان لە

چەقی هەر ڕووداوێک نییە، یان گەڕاندنەوەی مێژووی نادیدەکراویان، کە جودا لە هی بەستێنی گشتی بێت نییە، بەڵکوو ئاشکراکردنی چۆنیەتیی بەشدارییانە لە دروستکردنی مێژوو، لە فرەبەستێندا. هەروەها ڕاگەیشتنە بەسەر سنوورە دروستەکانی ئەم بەشدارییە، ئینجا پەیوەندییان بە کارایی ئەوانی ترەوە. ئەم بازدانە لە "سەنتەرێتی ناسنامە" بۆ "شیکردنەوەی کارایی لەنێو بەستێن"، لە کرۆکیدا پەڕینەوەیە لە ئاگاییی مێژوویی نەریتییانە بۆ نووسینەوەیەکی ئەوتۆی مێژووەکە، کە ڕەخنەگرانەترە و لە پێکهاتەدا تۆکمەترە.

## لە دەرەوەی کایەی زانستی؛ هەبوونی ئەکادیمییانە

لێرەوە دەبێ ئاگاداری ئەو پەیوەندییە ناجۆرەش ببین، کە دەشێ لەنێوان مێژوونووس و تێگەیشتن بۆ پێگە و هەژموونی دەسەڵات هەیە. تێکەڵبوونی نوسینەوەی مێژوو بە چۆنیەتیی پیادەکردنی دەسەڵاتی سیاسی، پەیوەندییەک دروست دەکات کە لەبارە بۆ تێکچوون.

بەتایبەت ئەو دەمانەی دەسەڵاتی سیاسی هانا بۆ مێژوونووسانی پسپۆڕ دەبات، تا ڕەوایەتی بە گێڕانەوەکانی بدەن. خۆ ڕەنگە هاوکاری نێوان مێژوونووس و دەزگای سیاسی دیاردەیەکی بەسوود بێت بۆ هەردوولا، بەڵام مەترسیی گەورە سەبارەت بە سەربەخۆییی مەعریفەی مێژوویی لەخۆ دەگرێت. ئەمە دەشێ، وەک دەگوترێت **"هاوڕێیەتییەکی بکوژ"** بێت؛ مێژوونووس لە میانەیەوە ئامادەییی گشتی دەبێت و لە ئاستە سیاسییەکە دانی پێدا دەنرێت، بەڵام ئەمە لەسەر حیسابی سەربەخۆییی ڕەخنەگرانە و توانای داڕشتنی پرسیار لەبارەی چیەتیی دەسەڵاتی سیاسیی خۆی دەبێت.

هەربۆیە سەربەخۆییی توێژینەوەی مێژوویی، لەو ئەجێندا سیاسییەی دەسەڵات پەیڕەوی دەکات، نەک هەر مەرجێکی تەواو ئەکادیمییانەیە، بەڵکوو پێشمەرجە بۆ پاراستنی بەهای مەعریفەی مێژوو لە پانتاییە گشتییەکەدا. چونکە ئەگەر مێژوونووس دەبێتە بەشێکی کردەی بەرهەمهێنانی گێڕانەوەی سیاسی، بەرە بەرە مێژوو لەخۆیدا ئەو ڕۆڵە ڕەخنەییەی هەیەتی لەدەستی دەدا و

دەبێتە بەشێکی گەڕان بەدوای بەردەوامێتی؛ بەهانەیەک بۆ دەسەڵاتی سیاسی و بەخشینی ڕەوایەتی هەبوون و بەردەوامێتی. لەبەرامبەردا ئەگەر مێژوونووس پارێزگاری لە مەودای ڕەخنەییيانەی نێوان خۆی و دەسەڵات کرد، ئەوا ئەرکە هەرە قووڵەکەی کاری خۆی بەجێ گەیاندووە، ئەویش گومانکردن لە تاک گێڕانەوەکەی ڕابردوو و پرسیارکردن لە ڕەوایەتی گێڕانەوە و بەرگرتن بەوەی ئەم گێڕانەوە باوە بکرێتە حەقیقەتێکی سیاسیی داخراو بەسەر خۆیەوە (Wiersma, 2009: 17). بە دەستەواژەیەکی دی، ئەگەر مێژوونووس دەبێتە یەکێک لە داڕێژەرانی گوتاری دەسەڵات، ئەوا هەرچی سەربەخۆیی زانستییە لەبەین دەچێت، چونکە ئەو خۆی دەبێتە ئامراز؛ ڕابردوومان بەچەشنێک بۆ دروست دەکاتەوە، کە تەواو خزمەتی گوتاری باو بکات. ئەگەر مێژوونووس نەکارێت گوتاری دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆنەکانی بخاتە ژێر چاودێری توند و شیکردنەوەی فرەڕەهەندەوە، ئەوا هەرچی بیکات و بیڵێت دەبێتە پاساو بۆ ئەو گێڕانەوانەی ئەمان لە هەوڵدان تا لەنێو گوتاردا بیسەپێنن.

٥

## دواجار!

پانتاییی کولتووریی ئێمە گرفتی زۆری قسە و باسی مێژوویی نییە نا، بەڵکوو گرفتەکە لە کەمی هزری مێژووییدایە. تا ئەوکاتەی ڕابردوو بکرێتە ئامێرێک بۆ سەپاندنی هەڵوێستێکی دیاریکراو، تا ئەوکاتەی لەلایەن ئایدۆلۆژیاکانەوە قۆرخ بکرێت، توانای جڤاک لە ڕەخنەگرتن لە خودی خۆی پاشەکشە دەکات. بۆیە ئەوی ئەمڕۆ پێویستە هێنانی زێتری ڕابردوو نییە بۆ ئێستا، بەڵکوو بونیادنانی ڕۆشنبیرییەکی مێژوویی ڕەخنەییە، گوێ لە دەنگە جیاوازەکان بگرێت، بەرجەستەکردنی هەنووکەییانەی یادەوەری و لێکۆڵینەوەی زانستی لەیەک جودا بکاتەوە، ناسنامەسازی و زانستخوازی لەیەکدی داببڕێت. ئەو جڤاکانەی ڕەخنەییانە بە دوێنێی خۆیاندا دەچنەوە، توانای بزاوت جووڵەی هەنووکەییانە و بیرکردنەوە لە بەیانی باشتر دەبێت لەو جڤاکانەی، ئەوە ئەوەی خۆمان، کە بەدوای پیرۆزکردن و بەگەڕخستنی ئەو ڕابردوویەتی.

کەوابێ مەسەلە ئەوە نییە بێین بیر لەوە بکەینەوە چۆن مێژوو لە فەزای گشتی وەدەرنێین، بەڵکوو بریتی دەبێت لە گەڕانەوەی بەها بۆ مێژوونووسین. ئەمەش بە گۆڕینی ئەو مانایانە دەبێت، کە لە بەستێنە کوردییەکە بە چەمکی مێژوونووس دراوە؛ بەرهەمهێنانەوەی ناسنامەی کورد لەنێو مێژوو؛ داکۆکی لە هەبوونی نەتەوەییبیانەی کورد لە قۆناغە جیاجیاکانی مێژوو پاساو بێت بۆ ڕەوتی دەسەڵاتییانەیان... تادوایی.

لە سەرەوە ڕوونمان کردەوە، کە ئەرکی بنچینەییی مێژوونووسی ئەکادیمی لە بەرهەمهێنانی ڕەخنەییبیانەی زانینی مێژووییە، بە پشتبەستن بەو ژێدەر و سەرچاوانەی لەبەردەستین (ماددی و غەیرە ماددی، نووسراو و زارەکی... تادوایی)، لەگەڵ خستنەژێرپرسیاری گێڕانەوەکان. ئینجا بونیادنانەوەی ڕابردوو بەپێی ڕێساکانی مێتۆدی زانستی، نەک ناسنامەسازی (کێیەتیبوون و چییەتیبوون) و سەپاندن و تۆکمەنواندنی ڕەهەندەکانی. ناسنامە، چەندە لەڕووی کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە گرنگ بێت، هەر وەک بابەتێک بۆ لێکۆڵینەوەی مێژوویی

دەمێنێتەوە، نەک وەک دوا مەبەستی لێکۆڵینەوەکان چاوی لێ بکەین. ئەو دەمەی مێژوونووس ببێتە وەستای دروستکردنی ناسنامە، ئەوکات مێژوو خۆی بووەتە چەکوش و بزماری بەرهەمهێنانەوەی ئینتیمای دەستەجەمعی، ئەو کاتەش مێژوونووس توانای ئەوەی تێگەیشتنە دەقگرتووەکان بخاتە ژێر پرسیارەوە لەدەست دەدات و ناتوانێت لە ئاڵۆزی و ئاڵۆسکاوییەکانی ئەزموونی کوردەکە بگات. ئاواش ئەویش دەچێتە ڕیزی دەستەبژێرە سیاسی و ڕۆشنبیری و چالاکوانە سۆشیالمیدیاییەکان. ئەویش ڕابردوو لە یەک گێڕانەوەدا قەتیس دەکات و دۆگمایانە ڕاڤەی هەنووکەمان دەکات.

کاری مێژوونووس نابێ بەهیچ جۆرێک قۆرخکردنی گێڕانەوە و بانگەشەی موڵکداریێتی ڕابردوو بێت. گوتاری ئەو نە داکۆکییە لە نەتەوە و نە سەپاندنی باڵایی و بێهاوتابوونی مێژووییانەی ئەم و ئەوە. چونکە توێژینەوەی مێژوویی لەسەر بنەمای بەهانە و پاساو، بەرزکردنەوە و نزمکردنەوە، گەورەکردن و بچووککردن، دانەمەزراوە، بەڵکوو مەنتیقە نێوخۆییەکەی – بەدرێژایی

ئەم کتێبە چەندین جار گوتمان – بریتییە لە پشکنین، ڕەخنە و لێکدانەوە. ئەمەش چونکە مێژووی ئەکادیمی لە گریمانەی بێخەوشی جڤاک و ڕاست و دروستیی بەردەوامی کار و کردەوەکان، یان پێچەوانەکەی، دەست پێ ناکات. بەڵکوو دێت لە دەسکەوت و شکستەکان، چرکەساتی هێز و لاوازییەکان، لە بەستێنە مێژووییییەکانی دەکۆڵێتەوە. ئاواش بەهای مێژوونووس بەوە ناپێورێت چەندە دڵسۆزە بۆ گێڕانەوە نەتەوەیییەکان، بەڵکوو بە توانای لە بەرهەمهێنانی شرۆڤەی زانستی، با دەرەنجامی کارەکەشی ببێتە هۆی گومانکردن و پێداچوونەوە بە وێنا دۆگماکان یان ڕەخنە بێت لە چۆنیەتیی نواندنی کۆیاد یاخود هەڵوەشانەوەی ئەو گێڕانەوانە بێت، گوایە ناسنامەی فراژوویانەی جڤاکی لەسەر وەستاوە.

لێرەوە ئەرکی بنچینەیی مێژوونووس نابێ ئەوەندە بە گەورە ببینرێت و لەوە دەربچێت مەعریفەیەکی ڕەخنەیی لەبارەی ڕابردوو بەرهەم بهێنێت؛ فرە ڕاڤە، جیاکاری نێوان کەتوار و لێکدانەوەکانی، ئاشکراکردنی میکانیزمی شێوەگریبوونی گێڕانەوەی مێژوویی نەک تەنیا دووبارە

بەرجەستەکردنەوەی بە زمان و چەمکی سەردەمییانە. ئەمەیە ئەرکی مێژوونووسانە، ئاواش کەسێتیی زانستییانەی خۆی لەوە دەپارێزێت قۆرخکاری حەقیقەت بێت. ئەوەندەی بەسە خۆی وەک کەسێک بنوێنێت، ڕەخنە لە گێڕانەوە و سەرچاوەکان دەگرێت، ڕووداوەکان بە بەستێنەکانیان گرێ دەداتەوە. بەهاش بۆ ئەو ڕووداو و گێڕانانەوە دەگێڕێتەوە، کە ئایدۆلۆژیانە فەرامۆش کراون، لە یاد نەهێڵراون یان نەرێنیانە نوێنراون. ئاواش، ئەو مێژووە ئەکادیمییە، نە هاتووە دوا گێڕانەوەی ڕابردوو پێشکەش بکات و بیسەپێنێت، نە دەروازەش بەسەر پێداچوونەوەی بەردەوامی مەعریفەی مێژوویی دابخات.

خۆ ئەگەر ئەم تەرزەی مەعریفەش ئەکادیمییانە تۆکمە دەبێت و لەگەڵیشیدا کولتووری ڕەخنەی مێژوویی پتەو دەبێت، ئەوا بە مانای ئەوە نایەت گێڕانەوە سیاسی و نەتەوەیی و ئایینییەکان لە فەزای گشتی کوردیدا ون دەبن، چونکە ئەمانە ئەرکی کۆمەڵایەتی و ناسنامەییانەی ئەوتۆیان هەڵگرتووە، کە مەعریفەی زانستی تێدەپەڕێنن. بەڵام هەر هیچ نەبێت خۆ توانای قۆرخکردنی ڕاستی یان

بانگەشەی ئەوەی ئەوان خودان تاکە ڕاڤەی دروستی ڕابردوون، لەدەست دەدەن. هەبوونی مێژوویەکی ئەکادیمییانەی بەهێز فرەگێڕانەوە نەفی ناکات، تەنانەت بەوانەشەوە کە وەهمسازان بەرهەمی دەهێنن، بەڵکوو هەر هەموویان دەخاتە نێو فەزا ڕەخنەییەکەی خۆی و ڕووبەڕووی پرسیاری قووڵیان دەکاتەوە. ئاواش ئەوەی پێی دەگوترێ حەقیقەتی مێژوویی، لە یەقینێکی ئایدۆلۆژییەوە دەبێتە مەعریفەیەک، کە سەری هەڵدرابێتەوە و هەردەم خۆی لەبەردەم بە ئەگەری پێداچوونەوە و گفتوگۆی نەپچڕاوە ببینێتەوە.

# هەندێک لەو سەرچاوانەی بەکارهێنراون

## کوردی

**ئەمین زەکی، محەمەد. (٢٠٢١)**

- خولاصەیەکی تاریخی کورد و کوردستان، پێداچوونەوەی: حوسامەدین نەقشبەندی و ئەوانیتر، سلێمانی: بنکەی ژین و دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان.

**بۆدریار، ژان. (٢٠١٧)**

- کولتووری ماس میدیاکان، لە کتێبی: واقیعی مەجازی، وەرگێڕانی: وەلید عومەر، سلێمانی: دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان.

**عەلی، بەختیار. (٢٠٢١)**

- گووتاری مانەوە، سلێمانی: ناوەندی ڕۆشنبیری ڕەهەند.

**لەشکری، حەیدەر و حوسێن، سامان. (٢٠٢٤)**

- هەبوو نەبوو کەس لە ئێمە گەورەتر نەبوو؛ سیاسەتی یادەوەری و قەیرانی گێڕانەوەی مێژوویی، سلێمانی: کتێبخانەی ڕۆمان.

**لەشکری، حەیدەر. (٢٠٢٥)**

- هەژموونی پۆپۆلیزم و بێبەهاکردنی بەیەکەوەبوون؛ دۆزی ئەو ماوەی کورد – ئێزیدی، سایتی ژنەفتن، ڕۆژی بڵاوکردنەوە: 14ی ئەیلول، 2025؛ /https://jineftin.krd/2025/09/14

**عەرەبی**

**أركون، محمد (٢٠٠٤)**

- قضايا في نقد العقل الديني: كيف نفهم الإسلام اليوم؟، ترجمة: هاشم صالح، بيروت: دار الطليعة.

**ثابت، نوار (٢٠١٩).**

- الفضاء العام عند هابرماس: في المفهوم و التحولات التاريخية. مجلة جامعة النجاح للأبحاث: العلوم الإنسانية، مج. ٣٣، ع. ٣، ص ص ٤٠٧-٤٣٢.

**دريدا، جاك (٢٠٢٢).**

- الأرشيف، الأثر، الفن، ترجمة: ابراهيم محمود، اللاذقية: دار الحوار.

**دريكمان، دونالد (٢٠٢٢).**

- لماذا نحتاج الى العلوم الإنسانية، ترجمة: زينة المعلوف، دمشق: الهيئة العامة للكتاب.

**ريكور، بوول (٢٠٠٩).**

- الذاكرة، التاريخ، النسيان، ترجمة: جورج زيناتي، بيروت: دار الكتاب الجديد المتحدة.

**سكانلان، جون (٢٠١٧).**

- الذاكرة: لقاءات الغريب والمألوف، ترجمة: طارق عليان، ابو ظبي: مشروع كلمة.

**عبد اللطيف، كمال (٢٠١٢).**

- المعرفي، الأيدولوجي، الشبكي؛ تقاطعات ورهانات، بيروت: المركز العربي للأبحاث.

**فرو، قيس ماضي (٢٠١٣)**

- المعرفة التاريخية في الغرب؛ مقاربات فلسفية وعلمية وأدبية، الدوحة: المركز العربي للأبحاث ودراسة السياسات.

**فيبر، ماكس (١٩٩٠).**

- الأخلاق البروتستانتية وروح الرأسمالية، ترجمة: محمد علي مقلد، بيروت: مركز الانماء القومي.

**كاستورياديس، كورنيليوس (٢٠٠٣).**

- تأسيس المجتمع تخيليا، ترجمة: ماهر الشريف، دمشق : دار المدى للثقافة والنشر.

**كيغان، جيروم (٢٠١٤).**

- الثقافات الثلاث – العلوم الطبيعية والاجتماعية والانسانيات في القرن الحادي والعشرين، ترجمة: صديق محمد جوهر، الكوت: المجلس الوطني للثقافة.

**لشكري، حيدر (٢٠١٨).**

- الكرد في المعرفة التاريخية الإسـلامية، دمشـق: دار الزمان و مكتبة نودم.

**مينوا، جورج (٢٠٠٥).**

- الكنيسة والعلم – تاريخ الصراع بين العقل الديني و العقل العلمي، ترجمة: موريس جلال، دمشق: المؤسسة العربية للتحديث الفكري.

**هيدجر، مارتن (١٩٩٨).**

- الفلسفة في مواجهة العلم والتقنية، ترجمة: فاطمة الجيوشي، دمشق: وزارة الثقافة.

**وايت، هايدن (٢٠١٧).**

- محتوى الشكل؛ الخطاب السردي والتمثيل التاريخي، ترجمة: نايف الياسين، المنامة: هيئة البحرين.

**وولف، دانيال (٢٠٢١).**

- تاريخ موجز للتاريخ؛ تدوين التاريخ كونيا منذ العصور القديمة وحتى اليوم، ترجمة: حيدر عبد الواحد راشد، بغداد: دار الرافدين.

## ئینگلیزی

**Alshaar, Nuha & La Sala, Urlike (2022).**

- The Humanities in the 21th Century, Berlin: Von Forum Transregionale Studien.

**Castells, Manuel (2010).**

- The Rise of the Network Society. Oxford: Wiley-Blackwell.

**Halbwachs, Maurice (1992).**

- On Collective Memory. Chicago: University of Chicago Press.

**Haskins, Charles Homer (1957).**

- The Rise of Universities, Cornell University Press

**Hoskins, Andrew (Ed.) (2018).**

- *Digital Memory Studies: Media Pasts in Transition*. London: Routledge.

**Rüsen, Jörn (2002).**

- Historical Consciousness: Narrative Structure, Moral Function, and Ontogenetic Development." In Western Historical Thinking: An Intercultural Debate, edited by: Jörn Rüsen, 63–85. New York: Berghahn Books.

**Van Dijck, José (2013).**

- The Culture of Connectivity. Oxford: Oxford University Press.

**Walsham, A. (2017).**

- *Past and … Presentism*. https://doi.org/10.17863/CAM.31796

**Weller, Toni (Ed.) (2013).**

- History in the Digital Age. London: Routledge.

